http://back.to/kurd

# شارستانیه تی کۆنی کورد

## پیشـه کی.

زۆر لـه مێژه مێژووی گـەلی کورد، پڕ لـه بـەسـەر هاتی نـەهاتی و تالّیـه. زۆر لـه مێژه خـەوی گـەلی کورد، لـه خـەونی خۆشی و شادی خالّیـه. زۆر لەمێژه دوژمنانی کورد بـه هێز و توان بۆ داگیر کردنی کوردستان، کۆششی بێ ئـەمان دەکەن و هـەموو شیـوه و تاکتیکێکیان بۆ سـەرکوت و وێرانکاری و درێژه بـه زولّم و زۆرداری، دژ به کورد بـەکار هێناوه. چۆنی توانیبیان دلّ رەقی و بێ بـەزەییان ئەنجام داوه. سـەروەتو سامانی گـەلی کورد و گـەلانی تری خۆشیان، کردۆتـه خـەرجی کرینی چـەکو چۆلّی سامناکێ و کوشنده، بۆ کوشتن و سـەر بڕین و تالّانکردن و سووتاندن و ئاواره کردن و چـەوساندنـەوەی بێ ڕوحمانـەی ئەو گـەله. داگیر کـەران به دژی کوردان ڕاوەستاون و لـه هیچ چـەشنـه جینایـەت و خـەیانـەت و وەحشی گـەرییـەکێ دریغی نا کـەن. بێجگـه لـەوەش بۆ ئـەوەی خۆمان و ڕەسەنمان لـەبـەر چاومان سووکێ و بچووکێ بکـەن، بـه درێو وکێوی و ترۆریست و دژی ئینقیلابمان نیـو دەبەن. بـەچاوی بێ ڕێزیمان تـەماشا دەکەن و پێیان وایه: ئیمه بێ مێژووی سەرکەوتوو و بێ ڕەسەنی هەلّکەوتوو و بێ خاوەن دەسەلّاتی پێشووی خاوەن پێشکەوتوو بووینه.

لـه باری یـەکسانیش ئیمـەیان لـه گـەلانی خۆیان هـەلّ ئاواردوه و فـەڕق و جیاوازیمان لـه بـەین دا دەکەن. هـەر وا خۆیان لـەسـەر نیشتمانی هـەزاران سالّـەی باب و باپیرانمان، بـه خاوەن ماف دادەنێن و پێیان وایه: ئیمه لەسەر نیشتمانی وان دەژین.. ئەگەر باسی ئازادیش بکـەین، ئەوه گوناحـه و دەبێ سـزا بدرێین. ئـەودەم کوشتنمان بۆیان حـەلّالّـه و مالّمان بۆیان تالّانـه. جا ئەگەر ئیمه دژ بەو ئەوهەموو گوشار و زەختی سەختی ژێردەستی ـ ویستی و ڕەگەز پـەرستی و خۆ به خاوەن  ماف و ڕەسەنتر زانی داگیرکەرانی کوردستان، ڕانەوەستین و یا مێژووی پێشووی ڕەسەنو ڕەگەزی خۆمان نەزانین و خۆمان و ڕەسەنمان نەناسین و بۆ ئەو مەبەسته تێنەکۆشین و هیچ نەکەین و هیچ نەنووسین، دەتوێینەوه و له نێو دەچیین و لەبیر دەبرێینەوه. ئەمجار بۆ قەرەبووی ئەو هەموو شکان و زیان و لەدەستدانی فەرهەنگێ و سەروەت و سامانی گەلی پەککتەوتووی ژێرکەوتووی زمان بەستێندراوی قەلّەم وەستێندراوی کورد، خەباتی باشتر و خۆماندوو کردنی پتر وخۆناسین و خۆناساندنی زیاتر، پێویسته. دیاره خۆناسی و نیشتمان و ڕەسەن ناسی، کاریگەریەکی زۆریان هەیه لەسەر خەباتی ڕزگاریخوازی و دەبنه پێناسی ڕەواناسی و هۆی باوەڕ بەخۆیی و سوور بوون لەسەر داواوای مافی ڕەوای گەل. ئەمنیش هەر لەسەر ئەو هەسته و بۆ ئەو مەبەسەته دەستم کرد به نووسینی ئەو پەرتووکه کورتۆکه، به هیوای ئەوەی: دەستەچیلەیەکم خستبێته سەر ئاگری خەبات و برێکم تین زیاتر کردبێت و گڕێکم، خۆشتر کردبێت و هێندێکم مەیدان له دوژمنان تەنگێ کردبێت. ئەگەر مەیدانیش بۆ دوژمنان چۆلکرێ لێدەر و پێکەر و خاوەن هونەر، هەر ئەوان دەبن و بەس نه منو نەهیچ کەس. ئەگەرچی دوژمنان هەتا ئێستا تاقه سوارەی مەیدان و هەمەکارەی خاوەن فەرمانیش بوونه و هەرچی ویستویانه کردویانه و هەرچی پێیان خۆشبووه گوتویانه و بۆ وره بەردان و لەڕێ لادانی کوردان و داگیرکردنی نیشتمان زۆریان حەولداوه، بەلّام گـەلی کورد بۆ  وەدی

هێنانی مافی ڕەوای، خـەباتی هەرکردوە و هـەر دەکات و هەر خۆی لـەسەر نیشتمانی خۆی، بـە ڕەسەنتر و خاوەن مافتر دەزانیت و بـەس.

بابو باپیرانی گـەلی کورد هـەزاران ساڵ پێش هاتنی داگیر کەران، لـەسەر ئەو نیشتمانەی ئێستای خۆیان ژیاون. لـەسەر ئەو نیشتمانە بـەوەلەد بوونە و لـەسەر ئەو خاکە فرچک دراون. ئـەو نیشتمانـە نیشتمانی کوردانـە، نـە نیشتمانی داگیر کەرانە. بابو باپیرانی ڕابردووی گـەلی کورد نـەک هـەر لەسەر ئـەو نیشتمانـە ژیاون و بـەس، بەڵکوو مێژوویـەکی جوان و درەخشانیان هـەبووە و پێشـەبەری ئینسانیـەت و پێشـەوەری دەسەڵات و شارستانیـەتیش بوونە. کاتێک داپیران و باپیرانی کوردان لە مەیدانی شارستانیـەت و ئاوەدانیـەت خۆیان نیشان داوە، باب و باپیرانی داگیرکەرانی کوردستان، لـە شارستانیـەت و ئاوەدانیـەت بێ ئاگا و بێخـەبەر بوونە.

ڕسـەنی ئێمـەی کورد زۆر ڕەسەن و کۆن و بەتەمـەنە و دەچێتـەوە سـەر ئـەو هۆزانـەی دێرین و بـە ناوی جیهان: گۆتی ، لولو ، سوومڕ ، هاتی ، کاسیت ، خـەلدی و میتان، کـە ڕابوردووی خاوەن پێشکـەوتوو و سـەرکـەوتوو و هـەڵکـەوتوو و دەرەخشان و بێ هاوشانیان هـەبووە. ئـەو هۆزانە، سـەرقافڵـەی پێشکـەوتوویی و شارستانیـەت و ڕیشـەی داری ئینسانیـەت بوونـە و زۆربـەی گـەلانی تری جیهان چ لـە باری ڕەگەز و نەژاد چ لـە باری نووسین و زمان، لکو پۆی ئـەو دارە بوونـە و بـە سـەر جیهاندا بڵاو بوونـەتـەوە. ژیانی بـە برایـەتی و حکومـەتی بـە شیـوەی کۆنفیدڕاسیش لـە هـەزاران ساڵ لەوەپێش، لـە وانـەوە سـەرچاوەی گرتوە. کە لـە دەورانی شارستانیـەتی ئێستاش: سەدەی بیستەم ئـەو مافـەی ئـەوان بـە کەمایەتییـەکانی کـەم دەسەڵاتیان ڕەوا دیبو، داگیر کـەرانی کوردستان، بـە گـەلی کوردی ڕەوا نابینن.

بـەکورتی: کوردان ڕەگەز و ڕەچەڵـەکی ڕەسەنی خۆیان هـەبووە. خاوەن دەسەڵاتیان لـەسـەر وڵاتیان هـەبووە. پالـەوانی قارەمانی وەک ڕۆستـەمی زاڵیان هـەبووە. شای بە هێز و ڕێبەری دادپەروەر و بە ڕێزیان هەبووە. زۆر زانا و ژیری خاوەن بیریان، هـەبووە. زۆر ئازا و نـەترسی ـ نـەبـەزیان هـەبووە. زۆر پـێشکەوتوو و هەڵکەوتووی خاوەن پلەی بەرزیان لە سەر نیشتمان و ئەرزیان هەبووە.

کـە وابوو دەکرێ بکوترێ کورد خاوەن ڕەسەنی ڕەسەنن. نـە کێـوین و نـە ترۆریستن و نـە ناحـەز و نـە تووک لێکراوی پێغـەمبـەرن. مافیان هـەیە ڕزگار بن و بۆ ڕزگاریش داواکار بن.

هیـوا دارم ئـەو نووسراوەیە، خزمەت بە مێژووی گەلەکەمان بکات و دوودڵی لە دڵمان لاببات و مێژووی لـەمێژینـە و بەسـەرهاتی پێشینـەشمان بێنێتـەوە بیر، بۆ ئەوەی: باوەڕ بـە خۆییمان بـەرز بکاتەوە و لـە یـەکیـەتی و یـەکگری و نـەکردنی دژایـەتی یـەکتری، نزیکمان بکاتـەوە. بـەجۆرێک بتوانین بۆ ڕزگاری هاوکاری بکـەین و ژیانمان لـە گرەوی ڕزگاری نیشتمانماندا دابنێن و بـە پێی توانمان بـە قـەڵـەم ، بـە زمانمان ، بـە هـەستمان ، بـە دەستمان ، بـە گیانمان، دژی ڕەگەز پـەرستان: داگیر کـەرانی کوردستان، ڕابوەستین. ورە وەبەرخۆمان بێنین. خەبات بکەین هـەتا مافی خۆمان دەستێنین. ئـەو هیـوایـە ئـەو داوایە بۆ پارێزگارییە بۆ مانە بۆ ژیانی بە ئاسودەییمان لـەسەر نیشتمانە. نە بۆ

شـەڕە. نـە بۆ دژایەتی ئینسانە، بـەڵام داگیرانن شـەڕ بـە کورد دەفرۆشن. نیشتمانی داگیر دەکەن. لـە هـەموو مافی ئینسانی بێ بـەش دەکەن و بـە ناچاری دەبێ پاریزگاری لـە خۆی بکات، هـەتا ڕەسەنـەکـەی نـە بڕێتـەوە و گـەلـەکـەی لـە ژێر پێی داگیرکەراندا نـە تلێتـەوە و لـە نێـو ئـەو دوژمنـە بێ بـەزەیانە دا، نـە توێتـەوە.

گـەلی کورد دەیەوێ نەچەوسێتەوە و چیدی بە ژێردەستی نەمێنێتەوە و وەکو باقی گـەلانی تری جیهان، مافی ژیانی، لـەسـەر نیشتمانی هـەبێت و بۆ خۆی مافی سەربەخۆیی وچارەنووسی خۆی خۆیا بکات.

ئەوە ئاشکرایـە: هەستی کوردایـەتی و داوای ڕزگاری لـە ژێردەستایـەتی، دژایـەتی لـە گـەڵ مافی مرۆڤ نییـە و ویستی ئازادی و بـەرهـەلستی زوڵم و بێدادی، مافی ڕەوای گـەلی کورد و هـەمووگـەلانی تری جیهانـە و ترۆریستی نییـە.

## بێدەنگی لـە ئاست داگیرکەرانی نیشتمان نەنگییـە

بـەڕاستی بێ غیرەتییـە نا ئازایەتییە، کوردی ڕزگاری خواز بـە دەستی داگیرکەری شـەڕ خواز بگیرێت و زیندانی کرێت. بگوژرێت یا سەری ببڕێت و یا بە گوناحی داوای مافی ڕەوای: ژیان لەسەر نیشتگە و جێگای، لەبەین ببرێت. یا هـەزاران جێ و دێی جوتیاری هـەژاری کوردستان، بـە دەستی داگیرکەرانی نیشتمان، بسوتێندرێن و وێران کرێن. بـە میلیـۆنان خـەڵکی بێگۆناح ئاوارە بکرێن. یا بـە بۆمبی شیمیایی و چـەکی سامناکێ بێ فـەرق و جیایی کوشتاری بـە تێکڕاییان لێبکرێت، ئیمـەش تـەماشا چی و بێ تـەفاوەت بین و لـە بـەرابـەر ئـەو کردەوە دزێو و بێ بـەزەیانـەی داگیرکـەران، دژ کردەوەمان نـەبێت.

ئەو کاتـەی ئـەو وتارەی سـەبارەت بـە زوڵمو زۆرداری داگیر کـەرانی کوردستان دەنووسم! کـە ٢ ی ژوئیـەی ساڵی ١٩٩٦ ی زاینییـە، بـەرا بـەرە لەگەڵ ساڵ ڕۆژی ئیعدامی بـە کۆمـەڵی ٥٩ کـەس لـە لاوانی بێ تاوانی شاری مهاباد لـە ١٢ ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٢ هەتاوی. کە زۆربەی هەرە زۆریان ، کـەم تەمەن و خوێندەواری خوێندنگا بوون. عـەلی مـەزنـەی کوریشم یـەکێک لـەو ٥٩ شـەهیدە بوو، کـە لـە تەمەنی ١٦ ساڵیدا گیرا و دوای ٨ مانگ زیندان و شکنجـەی بێ بـەزەیانـە، لـە گەڵ باقی ئـەو ٥٩ کـەسە، لـە ١٢ ی جۆزەردانی ساڵی١٣٦٢ هەتاوی - ١٩٨٣ ی زاینی لـە زیندانی ورمێ ئیعدام کرا. بـەڵام چۆنیـەتی ئیعدامی وان، ئێستاش نادیارە: کـەسەکانیان جـەنازەکانیان نە دراونـەتـەوە و ئێستاش ئاە هـەڵ دەکێشن! دەبێ لـە کوێ و بـە چ شیـوەیەکی بێ بەزەیانـە بە کۆمەڵ زیندەبـەگۆڕ کرابن و

تـەرمەکانیشیان بێشوێن کرابن. ئـەو ٥٩ کـەسـە ئێستاش بێ شوێنن ، هـەر وەکـ ئـەو ٨ هـەزار کوردەی باشوری کوردستان، کەبـە هۆی ڕێژیمی عێراق گیران و بێ شوێن کران.

قـەتلی عام و کۆمـەڵکوژی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نە تەنها لە شاری مـهاباد کراوە و بەس، بەڵکوو لە زۆر جێگای تریش کراوە. هەر وەکـ لـە قارنێ، قەلاتان، حـەڵبێ، کۆیکان، یـونسلیان، خـەلیفـەلیان، ئیندرقاش، قـەرەگۆل، سووری، سـەرچنار، چـەقـەڵ مستەفا، گۆرخانـە، هـەلـەقووش، گیچی و شاری سنـە و دەیان دێ و جێی تر.

بـە کورتی کوێ هەیە گوڵی دڵی کوردی لێ پـەرپـەر نەکرابێت. کوێ هـەیە لـەشی کوردی لێ ئـەنجن ئـەنجن نـەکرابێت. کوێ هـەیە خوێنی کوردی لێ نـە ڕژابێت. کێ هـەیە ئاخی لـەدەست چوانی هـەڵ نـەکێشابێت. کێ هـەیە داغی دوژمنانی لێ نـەدرابێت. ئـەگـەر باسی بـەشێکی کـەمیش لـە مێر کوژی و زۆر کوژی داگیر کـەرانی کوردستان بکـەین، ئـەگـەر هـەموو نووسراوەکەش، بۆ ئـەو کارە تـەرخان بکـەین، لێرەدا جێی نابێت و قـەترەبـەدەریایـە و دوایی نایـە. داگیرکـەران، گـەلێکی ٤٠ میلوینی ئینکار دەکەن و پێیان وایـە داوای مافی ئینسانی، دژی یاسایـە و جـەزا و تۆڵـەشی شکنجـەیـە، زینداـنە، زوڵمی بێ ئـەمانـە، ئیعدام و نـەمانە.

## هۆی نووسینی ئەو پـەڕتووکـە .

بـە هۆی ئـەو پـەرتووکـە کورتۆکە، ڕەسەن و زمان و چۆنیـەتی باب و باپیرانی کۆنی کورد، جوانتر، ڕوون و خۆیا دەبێت و باشتر ئاشکرا دەبێت. شایەد زانیاری سەبارەت بـە زۆر لەو پرسانـەی دەو پـەڕتووکـەدا نووسراون، سـەرەڕای خۆناسی و کوردناسی، ببێتـە هۆی مرۆڤ ناسی و ڕەسەن ناسی و زمان ناسی و سـەرکەوتن و پێشکـەوتنیش. هـەر وا دەکرێ ببێتـە پێناسی ڕەواناسی، مافی یەکـتریش.

بۆ خۆیا کردنی ئـەو مەبەستانەی لەو پەڕتووکە کورتۆکە دا دێن، کەڵکـ لە بـەڵگە و وتـەی زۆر لێکۆڵـەران وەردەگرم و کۆشش دەکەم زۆر لە چۆنیـەت و بەسەر هاتەکانی گرنگـ، کە پـەیـوەندیان هـەبێ بـە چۆنیـەتی مرۆڤ، بـە تایبـەت بە زمان و نەژاد و ڕەگەز و بەسەر هاتی کوردان، دەو پەڕتووکەدا بگونجێنم. ئـەگـەرچی لەو ڕێگایـە دژواری زۆریش لە ئارا دایە، بـەلام هیـوام وایـە بـەسەر دژواریـیەکاندا زاڵ بم و گومان و دوودڵی لە ڕێگای خۆ ناسی و کورد ناسی لابەم. دیارە بێ خۆ ناسی، مرۆڤ ناتوانی بـەسـەر دژوارییـەکانیدا بـە تایبـەت بـەسـەر دژواری ڕێگای ڕزگاریدا، زاڵ بێت و لـە تیشووی مێژووی پێشووی گـەلی خۆی، کـەڵکـ وەرگرێت.

## گرنگی مرۆڤ ناسی و ڕەسەن ناسی.

ئەوە زۆر گرنگە: بزانین ئێمەی مرۆڤ چۆن بووینە و چۆن هاتووینەتە دی. یا لە کوێ و لە کێ پەیدا بووینە و ڕەسەنەکەمان چۆن بووە و چۆن دەتوانین ڕەسەنی فامیلی خۆمان بناسینەوە؟. هەروا گرنگە بزانین فەرقی مرۆڤ و گیاندەبەرانی تر چییە و چۆن و بۆ لە مێشکی مرۆڤ دا کۆد و فرێکانسی هۆش و دەرک، ئەو جیاوازییەی لە گەڵ گیاندەبەرانی تر پەیدا کردوە و لە کایە لە نێو هەزاران و میلیۆنان فرێکانسی ژینەکانی مێشکی گیاندەبەراندا، تەنها مرۆڤ بەختی سەرکەوتی بردۆتەوە و گیاندەبەرانی تر نە گەیشتوونەتە پلەی مرۆڤ و کەوتوونەتە دواوە؟ زانینی جوابی ئەو پرسانە و زۆر پرسی تریش گرنگن و لێرەدا باسیان لێ دەکرێت.

ئەگەرچی مرۆڤەکانی جیهان لە گۆڕەپانی خەبات بۆ ژیان و کێ بەرکێ بۆ مان، شانسیان بردۆتەوە و تییری خۆیان پێکاوە، بەڵام بە داخەوە نە گەیشتونەتە ئەو پلەی پێشکەوتوویی وا: کە بتوانن بەتەواوی پێکەوە بحاوێنەوە و بەئاخافتن، ناکۆکییەکانیان ببڕێننەوە و پیویست نە بێ، باسی شەڕ و زوڵم و زۆر داری بکرێت و لاپەرانی مێژووی گەلان بە باسی جەنگ و لێکدان، پڕ بکرێنەوە.

لەکاتێکدا زۆربەی مێژوویی گەلان بە شەڕ و لێکدان پڕ بوونەتەوە، ناکرێ باس لە دیرۆک و بەسەرهاتیش نەکرێت و خۆی لێ لابدرێت. بەو هۆیە کورتە مێژوێکیش لەسەر شەڕ و بەسەر هاتی هێندێک لە فەرمان ڕەوایانی گرنگی میزوپۆتامی و ئێران و ئەو قەومە قەدیمیانەی لەو دوو وڵاتەدا ژیاون، دەنووسم.

میسوپۆتامیا(Mesopotamia ) (میزوپۆتامیا): زەمینێک کە لە بەینی دوو چۆمدا بێت : بەینی دوو چۆم (بین النهرین): بەینی دجلە و فرات.

## زمان و ئاخافتن

لە بارەی زمانیش ئەوەی دیومە و زانیومە، بە پێی توان، نووسیومە. بۆ نموونە: وەک ئەوەی: چۆن ڕیشە و سەرچاوەی زۆربەی زمانەکان دەگەڕێنەوە سەر دوو زمانی سمیتی و غەیرەسمیتی. کە زمانی سمیتی (ئاکادی) : زمانی ئاسۆری و عیبری و عەرەبی گرتۆتەوە و زمانی نە سمیتیش ئەو زمانە بووە کە داپیران و باپیرانی دێرینی ئێمە:هاتی و سومری و قەومەکانی تری دەورو بەری کێوەکانی زاگرۆس و ئێرانی ئێستا و غەیرە ئەکادییەکانی میزوبۆتامی ئاخافتنیان پێکردوە و پێشیان نووسیوتەوە. کە هێندێک لێکۆڵەر پێیان وایە ئەو زمانە نە سمیتییە ڕیشەی زمانی ئیندو ئورووپییە، کە زۆربەی خەڵکی دونیا ئاخافتنی پێدەکەن.

## داوای بەخشین.

هیوا دارم خوێنەرانی ئازیز لە نارێکی و نالێکی و جیاوازی بیروبروا و باش نەزانین و نەڕوانین و نەتوانینی تەتەڵەی هەڵە و پەڵەی زۆر و دووپاتی بیکاتی وتەکان، بم بورن.

# بــه شی یــه کـه م

## هـاتنـه دی مرۆڤ

سەبارەت بەوەی: هەوەڵین مرۆڤ چۆن و لە کوێ پێی دەژیان ناوە و هاتووتـەدی؟ هـەر ئینسانێک بیرو باوەڕێک یا داستانێکی هەیە.

لەزۆر جێیان بیرو باوڕ نەسل بەنەسل و زمان بـەزمان لە یەکتر وەرگیراوە و لە نەسلێک ڕا بـە نەسلی دواتر دراوە. لـە ڕۆژ هـەڵاتی ئەفریقا نەژادی ماسانی پێیان وایـە هەوەڵ کـەسی وان خودا بە هۆی ئاگرپژێنێک, لە ئـەفریقای داناوە. کریستییـەکان پێیان وایە: هەوەڵین باب و دایکی ئینسان، ئادەمو حـەوا بوونـە و نافەرمانی خودایان کردوە و لـە بـەهـەشت دەر کراون و لە ئـەدەن لـە میزوپۆتامی داندراون. ئیسلامیش نزیک لەو بیر و باوەڕەن و دەڵێن: ئادەمو حەوا لـە بەهەشت بوونە و سـەرپێچیان لـە فەرمانی خودا کردوە و لەوێ دەرکراون و هێندراونەتە سەر ئەرز و نەسلی ئینسان لە زەو و زووی وانن. بـە پێی ئەو بیر و باوەڕانە یەکەم دایکو بابی مرۆڤ: ئادەمو حـەوا، خودا دورستی کردوون و بەتەواو بوویی و تەکامل بوویی هاتوونەتە دونیا. هێندێک زانایان پێیان وایە مرۆڤ لەمەیموون یا لەئینسانی مەیموونی[1] پـەیدا بووە. ئـەرەستو تێلیس (Aristoteles) فـەلسـەفـەزانی یـونانی لە پەرتووکی جانەور ناسیدا لە ساڵی ٣٣٠ ی پێش زاین، ئینسانی مەیموونی لە نێوان ئینسان و مەیموون داناوە و بەجوورێکی جیا لە مەیموونی زانیـوە و گوتویەتی: ژیان وەک دارێکە زۆر گیاندەبەری لەسەر بێ و مرۆڤیش لەسەرەوەی هەموان بیت. هـەراکلیس(Heraclites) لـە ٥٠٠ ساڵ پێش زاین گوتویـەتی گیاندەبەران دەکرێ بگوڕین. ئاناکسیماندر(Anaximander) لـە میلـەتـە (Milete) لـە ٥٧٠ ساڵ پێش زاین، پێی وابووە: ئینسان لـە جانەوەرێکی تر پـەیدا بووە. پێشی وا بووە تـەکامل هـەیە. چارلس داروین پێی وابوو: ئینسان و مەیموون لەیـەک ڕیشە و لە یـەک خوینن. هـەروا پێی وابووە لە هەوەڵەوە لەئـە فریقا پەیدا بوونە. چونکە لە وێ گوریلا زۆرە (گوێلا جۆرەمەیموونێکی گەورەیە وە ئینسان دەچێت). زۆر زانای دیکە هـەن کە پێیان وایە یەکەم مرۆڤ لە دەوروبەری کێـوەکانی زاگرۆس ڕا هـەتا چۆمی کاروون، پەیدا بوونە. زانایان و دێرین ناسان سەبارەت بـە پەیدابوونی گیاندەبەران زۆر شتیان گوتوە و شتیان نووسیـوەتەوە و بیرو ڕای خۆیان لەوبارەوە دەربڕیـوە. دێرین

[1]١ جووره ئینسانێک بوه وه مه یموون چوه

ناسان بە هۆی سەنگوارە: لەشی بووە بە بەردی گیاندەبەران، چۆنیـەت و کۆنیـەتی وان دەزانن. دێرین ناسان ( paleo-antropoloog ) بۆ زانینی دێرین ناسی لە زۆر میتۆدی جیاجیا کەڵک وەردەگرن. بۆ نموونە: سەنگوارەکان بەرابەر بکرێن لەگەل ئەو ناسراوانـەی هەر لەو جێیە دیتراونەتەوە و ناسراون. یا بەهۆیی میتۆدی k00lstof-14 و kaliumargon و بە هۆی بـەرق ودەستگای تری زانیاری.

بۆ ئاگاداری زۆرتر لـەسـەر چۆنیـەتی وەدی هاتنی گیاندەبەران و کۆنیـەتی وان، سرنجی خوێنـەرانی بـەڕێز بۆ ئـەو بـەشـەی دوایە، ڕا دەکێشم.

## جیهان و ئۆرگانیسمی ژیـان.

کێشان و بۆ لای خۆ، ڕاکێشانی ئـەرز لـەو کاتـەوە دەستی پێکردوە، کـە لە ٤ میلیارد و ٦٠٠ میلیۆن ساڵ پێش لە ئێستا، پێی دە هەستی ناوە،. سـەنگوارە[2][٢]کان ئەوە نیشان دەدەن: کـە تـەواوی ئۆرگانیسمەکانی ژیان لە٣/٥ میلیارد ساڵ پێش ئێستا پێکەوە تێکـەڵ بوونە. لـە ٣ میلیارد ساڵ پێش ئێستا، ئۆرگانیسمی بچووکی ژیان پەیدابوونە. فۆڕمی ژیان بەبەدەنێکی گەورە دە دەریادا، لە ٧٠٠ میلیـون ساڵ پێش ئێستا دەستی پێکردوە. ماسیەکان ٥٠٠ میلیۆون ساڵ پێش ئێستا پەیدا بوونە.

ئەو جانەوەرانـەی لەدەریا و ئیشکانی دا ژیاون، لە٣٨٠ میلیـون ساڵ پێش ئێستا پەیدا بوونە. لە ٣٠٠ میلیـۆن ساڵ پێش ئێستا، جانەوەری مژندە پەیدا بوونـە. ئـەو جانەوەرانەی مژندە وەک مشک چووک بوونـە. لەماوەی ١٣٥ هەتا ٦٥ میلیۆن ساڵ پێش ئێستا، دینۆساورس پەیدابوونە.

لە ٦٥ میلیـۆن ساڵ پێش ئێستا، دینۆساورس و زۆربـەی ئـەو جانەوەرانەی گـەۆرەی لەسـەر زەمین یا دە دەریا دا بوونە، لەبەین چوونە و دووبارە پەیدابوونەتەوە.

گرنگترین بەسەرهات ئـەو کاتـە بووە: کە لـە ٢٣ میلیۆن ساڵ لەوەپێش، ئـەفریقا و ئاسیا وێک کـەوتوونـەتـەوە و لـە ئاسیا و ئۆرووپاڕا هێندێک جانـەوەر چوونـەتـە ئـەفریقا و هێندێکیش لە ئـەفریقاڕا چوونەتە ئـەو وڵاتانـەی تر.

ئـەو گیاندەبەرانـەی ددانەکانی دوو شەوێلکـەی سەرەوە و بەرەوەیان لەسەر یـەک داناوە، لە٦٧ میلیۆون ساڵ لەوەپێش پەیدا بوونە. هـەر لەو دەورانەدا گیاندەبەری نیـوە مەیموونی پەیدابوونە. ئەو گیاندەبەرانە لە ٣٦ میلیـۆن ساڵ بەر لە ئێستا، تەکامولیان کردوە.

[2][2] سە نگوارە: شتێک بێیتە بەرد

ئەو گیاندەبەرانـەی زاون و لە یەکتر بەوەلەد بوونە لە ٦٥ میلیـۆن ساڵ لەوەپێش پەیدا بوونە. نـەسلی ئینسان لـە کەمتر لـە ٤ میلیـۆن ساڵ پێش ئێستا هاتۆتـەدی.

## مرۆڤی هابیلی

دوو میلیـۆن ساڵ لەوەپێش، مرۆڤی هابیلی لە ئەفریقا پەیدابوونە. ئەوانە وەکۆ ئینسانی مەیموونی (ئینسانی وەک مەیموون) بە کۆمـەڵ گەراون. شوێنەواریان لە ئەفریقا لە ئولدوفای ـ کلۆف، دیتراوەتەوە. ئـەوانە چووکتر و کـەم هێز تر بوونە لە مرۆڤی ئێستا. وێدەچێ میانجی وەزنی وان هـەتا ٤٠ کیلۆ و درێژاییشیان ٢٠/ ١ میتر بووبێت. لەساڵی ١٩٨٦ ئیسکیلێت دیتراوەتەوە کە٨/ ١ میلیۆن[3] ساڵ بووە.

مێشکی ئینسانەکانی زۆر کۆن لەقەدەر قەد و قـەڵافەتیان لە ئینسانی ئێستا چووکتر بووە.

### مرۆڤـەکانی شانیدارێ.

لـە شانی دارێ لای کێـوەکانی زاگرۆس ئیسکیلێت و شوێنەواری کۆمەڵە مردوێکی لەمێژینە دیتراونەتەوە، کە هێندێکیان بەزیندوویی بریندار بوونە. وا وێدەچێت: مرۆڤی دیکـە خەریکی چارە و دەرمانیان بووبن. واش وێدەچێت: ئینسانەکانیان لەنێـو توکدا ناشتبن و گولیشیان هاویشتبنە سەریان. شوێنەواری ئەو مردوانـەی شانی دارێ، مێژووی ٦٠ هـەزار ساڵ پێش ئێستا نیشان دەدەن.

لـە ساڵی ١٩٥٩ ماری ـ لیکی ( Mary- Leakey ) لە رۆژ هـەڵاتی ئەفریقا جێگایـەکی گرنگی دیتەوە، کە کـەللەسـەری تێدا بووە. ئەو کـەللەسەرانە مودێرن بوونە و بەپێی ئازمایشی رادیـو مێتر ١/٨ میلیـۆن ساڵ کۆن بوونە.

## نیندر تـالرس.

نیندرتاڵریش ئینسانی قەدیم بوونـە کە ٧٠ هەزار ساڵ لەوەوبەر، لە فەرانسە و ئەلجـەزایر پەیدا بوونە و لە ٣٠ هەزار ساڵ لەوەپێش ون بوونە. شایەد چوبنە وڵاتەکانی تر و زوو پێگەیشتبن و یا مردبن. بـەڵام لە ساڵی ١٩٧٨ کۆڵەران بەپێی دەستکری بەردی شتبری، وایان تەخمین کردوە: کـە لە ٢٠٠ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا هاتوونتە ئوروپا.

وا بەراورد دەکرا: کە نیندرتاڵرییەکان هەوەڵین دایکوبابی ئوروپاییان بووبن، بەڵام بەرهەمی دوایی‌ترین توێژینەوەی چوار ساڵەی دوو توێژەری ئاڵمانی وئەمریکایی لە سەر ئیسکلێتی ئەو نیندرتاڵرییەی کە لە ساڵی ١٨٥٦ ی زاینی لە

[3] یەک میلیۆن و ٨٠٠٠٠ هەزارساڵ.

دۆسلدۆرف دیتبوویانەوە، ئەوەی ڕەد کردەوە کە نیندرتاڵرییەکان یەکەم دایکو بابی ئورپاپی بووبن. چوونکە DNA ی وان لەگەڵ DNA ی ینسانی مودیرنی ئیستا بە تەواوی یەکێ ناگریتەوە. هەروا لێکۆڵینەوەکە ئەوە دەنوێنیت، کە دایکو بابی مرۆفی ئیستا و نیندرتاڵرییەکان لە ٦٠٠ هەزار ساڵ لەوەپیش لێک جیا بوونەتەوە.

دوای نیندرتاڵرەکان کرومەگنون( Cromagnon ) هاتوونەتە ئورۆپا. ئەوانە لەباری سەرو ڕوو تەواو تر بوونە. شایەد هەر ئەو کرومەگنونانە نەخۆشیان لەگەڵ خۆیان هینابیت بۆ ئوروپا و نیندردالرەکان بەو هۆیە نەخۆش بووبن و مردبن و یا هەر ئەو کرومگنۆنانە ئەوانیان کوشتبن.

## تویژینەوە لەسەر DNA ی ڕەسەنەکان.

لە سالەکانی ٨٠ دیرین ناس و ئینسان ناس و ڕەسەن ناسان سرنجی زۆریان دایە سەر نیژادەکانی ئەفریقا، بۆ ئەوەی بزانن جیاوازی بەینی نەژادەکان چۆنە و چەندە.

سرنجی زۆری هێندیک لیکۆلەرەکان درایە سەر میتۆچووندریا (Mitochondria): هەوەڵێن ساختی بچووک کە لەنێو زۆر جوورە سلولاندا هەیە. میتۆچووندریا شتی خاوەن نیرو و پیویست بۆ لەش بەکاریگەری شیمیای، وا لیدەکات: کە سلولەکان بە ئاسانی بکریَ بەکار بیندرین. میتۆچۆندریای مرۆڤ، تەنها لە دایکرا دەدریتە نەسلەکانیتر و زۆریش درنگێ دەگۆڕیت. میتۆچووندریا زۆر گرنگن، لەبەر ئەوەی: فۆرمی DNA دیننە دی.

ئەو ژینانەی لەدایکو بابەکان ڕا بۆ پاشەوارەکان بە میرات دەچن، دەDNA دا هەن. گرنگترین ژینەکان کە فۆرمی ناوەندی سلولەکان پیکێ دینن، پییان دەڵین NDNA: یا (NucleusDNA) ئەو NDNA یانە لەکاتی دورست بووندا، هەم ئی دایکو هەم ئی باب پیکەوە تیکەڵ دەبن و پاشەبەرەکانیش تیکەڵ دەکەن. بەجووریک چۆنیەتیەکی وەکێ یەکی ژینی لە هەموو بە دوادا هاتووەکان پەیدا دەکەن. جاری واش هەیە دەگۆڕین و ژینیکی دیکە پەیدا دەکەن. بەلام MTDNA یەکان لە هەردوو: دایکو بابڕا، بە میرات ناچن و تەنها لە دایکەوە بۆ نەسلی دواتر دەڕۆن و زۆر درەنگیش دەگۆڕین. ئەو MTDNA یەیە، کە ڕەسەن ناسان زۆری لێکۆلینەوە لەسەر دەکەن. لە ساڵەکانی ٨٠ بەهۆی ئالان ویلسۆن، مارکێ ستۆنە کینکێ و ڕیبیکاکان لە دانشگای کالیفۆرنیا، MTDNA ی ئینسانەکانی زۆر هەریمان و زۆر نیژادی لیک جیایان، ئازمایش کرد. ویستی وان ئەوە بوو: بزانن ئینسانەکانی لیکجیای جیهان لەگەل یەکتر چ جیاوازییەکیان هەیە. هەروا بۆ ئەوەی بزانن کام لە نەژادەکان لیک دوورن و کامیان لیک نزیکن و ئەو جیاوازییە، لە فامیلدا چەندە. بیرو ڕا لەسەر ئەوە یێ بوو، کە گواڕن لە پلەیەکی بە نەزم و ڕیکو پیکێ، پیکێ هاتووە. بە پیی ئەو بیرو ڕایە، مرۆف دەتوانیت بژمێریت، چەندە لەمێژە MTDNA یەکانی دوو نەژاد، لیکێ جیا بونەتەوە و گۆڕاون و چۆنیەتی دایکێ و بابەکانی لەمێژینەیان لەدەست داوە و چۆنیەتیکی نوییان پیکێ هیناوە.

ئەگەر دوو ڕەسەنی MTDNA لێکجیا لەگەڵ یەکتر بەرابەر بکەی بە گومانی ئەوەی هەردووکیان لەدایک و بابێک بوونە، جیایی ئەو دوو نیژادە لەMTDNA، ئەوە ڕاست دەکاتەوە: کە ئەو دوو نەژادە لە ٥ میلیۆن ساڵ پێشتر لێک جیا بوونەتەوە. چونکە گۆڕانی MtdNA بە لەسەرەخۆیی ئەنجام دەگرێت و بەکەمی، ٥ میلیۆن ساڵی کات دەوێت، هەتا بگۆڕێت.

لێکۆڵینەوە لەسەر نەژادەکانی ئەفریقا ئەوە نیشان دەدات، کە زۆرترین ئاڵوگۆڕی MTDNA لەوێ پەیدا بووە. ئەوەش ئەوە دەنوێنێ: کە مرۆفەکانی مودێرن زۆر لە مێژە لەوێ ژیاون و کاتی ئەوەشیان هەبووە: کە MTDNA یەکەیان بگۆڕێت. بەو هۆیە دەکرێت دایکە حەوواش هەر لەوێ هاتبێتە دی و نەژادەکانی تریش لەوێ پەیدا بووبن. دەشکرێت هێندێک لەو نەژادانە لە جێی دیکەڕا پەڕیوەی وێ بووبن و لە حەووای تر پەیدا بووبن.

## کۆچ کردنی قەدیمییەکان

بە ڕای هێندێک لێکۆلەر ئەو خەڵکەی لە جنووبی ئاسیا دەژین، شایەد لە مرۆڤەکانی جاوا بووبن. ئەوانەی لە باکووری ڕۆژ هەڵاتی ئاسیان، لە ئینسانەکانی پیکینگ بووبن. ئورپایی مودێرنیش لە قەومێکی تێکەڵ لە نیندرداڵری و قەومێکی دی پەیدا بوونە، کە بەڕوونی دەبێ لە نزیکی ڕۆژ هەڵاتی ئاسیا(میزوپۆتامی و دەوروبەری کێوەکانی زاگرۆس) ڕا هاتبن: واتە لەوێوە کۆچیان کردبێت بۆ ئورووپا.

وێدەچێت ئەمریکایەکان لە چەند مەوجی کۆچبەری لە ٦٠ هەتا ١٥ هەزار ساڵ پش ئێستا چووبنە ئەمریکا. ئەفریقایەکان قەدیمی بوونە، بەڵام پێشکەوتووتر لە خەڵکەکانی تر نەبوونە. ئیسکلێت و سەنگوارەی لەشی مرۆفی کەونارا، ئەوە نیشان دەدەن: کەخەڵکی ئاسیا ئاڵوگۆڕێکی گرنگیان لە کۆنیرا بەرەو تەکامول لێ پێک هاتووە. هەروا شوێنەواری ئاڵوگۆڕی گرنگی بەرەو پێشکەوتوویەتیشیان هەیە، کە ئەو پێشکەوتوویەتییەش بەهۆی ئەوەی نە بووە: لە دەرەوەڕا بۆ وانیان هێنابێت. یەکەم پێشکەووتویەتیش لە ئەفریقایەکانڕا سەرچاوەی نەگرتوە، بەڵکوو ئەوان دوواتر شارستانیەتیان پەیدا کردوە و لەو جێیەڕا کە ئێستا پێی دەڵێن کوردستان شارستانیەت بەرەو ئەفریقا ڕۆیشتوە.[4]٤

دوو وڵاتی زۆر گەورە ئاخیرین خەڵک بوونە کە شارستانیەت و پێشکەوتوویەتیان پەیدا کردوە.

١ ئوسترالیا. کە ئەو خەڵکەی قەدیم لەوێ بوونە، لە ٥٠ هەزار ساڵ پێش ئێستا، لەجنووبی ئاسیاڕا چوونەتە وێ. کەللەسەرەکانی ئوستڕالیایی ٢٥ هەزار ساڵ لەوەپێش، لەگەڵ کەللە سەری ئوستڕالیایەکانی ئێستا زۆریان فەرق هەیە.

2 ئەمریکا. ئەو خەڵکەی قەدیم لە ئەمریکا بوونە، لەدەورانی سەهۆڵی لە شەرقی ئاسیاڕا چوونەتە شیمالی وێ.

---

4[4] وەرگیراو لە کتێبی: De dorpen en steden van de klie.

## چونیـه‌تی ددانی نه‌ژاده‌كان

هـه‌موو كـه‌س ددانی یـه‌ك فۆڕم نیه‌. له‌و ئیسكلێتانـه‌ی دیتراونه‌تـه‌وه لێكۆلینه‌وه، ئه‌وه‌ی نیشان داوه: كـه ددانه‌كانیان فه‌رقیان هه‌یه. ددان وه‌ك به‌ده‌ن نییه زوو ئالوگۆڕی به‌سه‌ر دا بێت. به‌ڵكوو زۆریشی كات پێـویسته هه‌تا بگۆڕێت.

ددانی ئاسیاییه‌كان و ئـه‌مریكاییه‌كان، دوو فۆڕم پێك دێنن: یـه‌كیان فۆڕمی : De sundadont ه . ئه‌وانـه‌ی ئه‌وفۆڕمه ددانه‌یان هه‌یه له جنووبی رۆژهـه‌ڵاتی ئاسیا، ئیندونیزیا و له پۆلۆنیارا هاتوون. دووهـه‌م فۆڕم، ( De sinodont ) ه كـه شیمالی رۆژهـه‌ڵاتی ئاسیا و شیمالی ئه‌مریكاش ده‌گرێته‌وه. كوردیش ئـه‌و فۆرمه ددانه‌یان هه‌یه. ئـه‌و دوو جۆره ددانانه هه‌ر یه‌كـه‌ی چۆنیه‌تێكی تایبـه‌ت به‌خۆی هه‌یه. سینۆدۆنتییه‌كان ریشـه‌ی زیادیان هه‌یه.

ددانی شیمال رۆژهه‌ڵاتی ئاسیاییه‌كان هه‌تا ٣ ریشه‌یان هه‌یه. ئـه‌وه‌ش، ئه‌وه نیشان دده‌دات: كه هه‌موو ئه‌وانـه‌ی له شیمالی ئه‌مریكان، خه‌ڵكێك بوونه، كه له شیمالی رۆژهـه‌ڵاتی ئاسیارا رۆیشتون. كـه كوردستانیش ده‌گرێتـه‌وه. ددانه‌كانی باقی ماوه له ئیسكیلێتی ئینسانه‌كان ئه‌وه نیشان ده‌ده‌ن، كه‌فۆڕمی ددانی سینۆدۆنت: لـه ٢٥ هه‌زار ساڵ له‌وه‌پێش له شیمال شه‌رقی ئاسیا ته‌كامولیان په‌یدا كردوه. هێندێك له خه‌ڵكی ئـه‌فریقاش ئه‌و فۆڕمه‌یان هه‌یه.

## خوێنی مرۆڤـه‌كان.

لـه به‌رابه‌ر كردنی خوێن، نزیكـه‌ی هه‌موو كـه‌س لێك جیان. ئینسانه‌كان نزیكـه‌ی ١ له هه‌زاریان له DNA دا وه‌ك یه‌كن. بـه‌ڵام ئه‌گه‌ر به‌ته‌واوی وه‌ك یـه‌ك بن، شایـه‌د ئه‌وه یـه‌ك له میلیارد بێت.

## ژینی مرۆڤـه‌كان

ژین له مرۆڤدا ئه‌و فامیلانه نیشان ده‌دات، كه له خوێندا تێكـه‌ڵاویان هه‌بێت. بۆ وێنه دایكێك كه داوای ئه‌وه‌ی ده‌كات: كه‌منداڵێكی كێشـه له سه‌ر ئی وییه، به‌هۆی ئازمایش له سه‌ر ژینیان ده‌كرێت ڕاستی وتـه‌ی دایك بزاندرێت.

بـه هۆی توێژینەوە لە سەر DNA دکرێ فامیلێک منداڵە دزراوەکـەی ببینێتەوە. چونکە ئەو ئازمایشە ڕەسەنی منداڵەکە نیشان دەدات. وەک لە ساڵەکانی ٧٠ هەتا ٨٠ زۆر لە منداڵە ون بووەکانی ئارژانتینی کە بە هۆی دیکتاتۆری ئەو وڵاتە دایکیان کوژرابوون و خانەوادەی سەربازەکان منداڵەکانیان کردبوونە ئیخۆیان، دوای داوا کردنی فامیلەکانیان بە هۆی توێژینەوە لەسەر DNA ی ئەو مندالانە و بەرابەر کردنیان لەگەڵ DNA ی نەنکیان و یا لەگەڵ فامیلە ماوەکانیان، توانیان زۆر لەو منداڵە دزراوانە بگێرنەوە بۆ فامیلەکانیان. بـەو ڕێیە ٥٠ لەسـەدی ئـەو منداڵانـە، ناسرانەوە.

هـەر بەو میتۆدە دەکرێ ئەو مندالانـەی گۆڕاو و یا گۆڕدراوەوەش بناسرێنەوە.

## مرۆڤ لە کێ پەیدا بوونە ؟

زۆر توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لەسەر مرۆڤ کراون، بۆ ئەوەی بزاندرێ لە کێرا پەیدابوونـە و لە کوێرا هاتوون. لەو بارەوە زۆر بیرو رای لێک جیا هـەن. هێندێک پێیان وایە **فرێگی** یا فرایگیری ( frygish fryigiers ) کە قـەدیم لە تورکییـەی ئێستا ژیاون، هەوەڵین مرۆڤ بوونە. دیارە تورکییـەی ئێستاش کوردستانی قـەدیم بووە! واتـە نەژادەکانی کۆنی کورد لـەوێ ژیاون. بەڵام نە بە نێوی کورد. زۆر لێکۆڵەر و زانایانیش پێیان وایە هەوەڵین مرۆڤ لە دەورو بەری کێـوەکانی زاگرۆس ڕا هەتا نزیکی چۆمی کارون هاتوونەتەدی..

مێژوی ڕابوردوی پێشین ترین ئینسان، ئاشکرا نیە. شوێنەواری جانەوەری وەک ئینسانی مەیموونی ویا وەک ئینسان و مەیمون، ئی ٦٠ میلیـۆن ساڵ لەوەپێش لە سەنگوارەکان دیتراونەتەوە. لەئەلجەزایریش سەنگوارەی مەیموون یا ئی ئینسانی وەک مـەیموون کـە ئی ٥٠ میلیـۆن ساڵ لەوەپێش بووە، دیتراوەتەوە. کەئەو جانەوەرەی لەوێ دیتراوەتـەوە، گـەورەتر نەبووە لە مشکێک. هـەروا لە گینیا ( غانا ) پاشماوەی ئیسکلێتی بووە بە بەردی لەشی ئینسان یا ئینسانی مەیموونی، دیتراوەتەوە کـە ئی ١٠ میلیـۆن ساڵ پێش ئێستا بووە. لـە ١٥ میلیـۆن ساڵ پێش، ئینسانی مەیمونی یا لەبەینی مـەیموون و ئینسانی وەک ئێمە، هـەبوونە کە قـەڵافەتیان لە منداڵێکی ٧ ساڵە، گەورەتر نەبووە. ئـەوانە لە ئاسیاو ئـەفریقا بڵاو بوونەتەوە.

وا وێدەچێ ئینسانی مودێرن لەبەینی ٣ هەتا ٤ میلیـۆن ساڵ لەوەپێش هاتبێتە دی. چەقۆبەردینەی دەستکردی شت پێ برین، کە ئی ٢ میلیـۆن ساڵ پێش ئێستا بووە، لە ئینسانی مودێرن لە گینیا دیتراوەتەوە.

## جوورەکانی مرۆڤ

زۆربـەی توێژەران سەبارەت بە ئینسان لەسەر ئەو باوەڕەن، کـە ٣ هەتا ٤ جۆرە ئینسان هـەبوونە. کارمان بەوەی نییە ئەو جۆرانە لە هەوڵەوە لە یـەک جوور پەیدا بووبن و گۆڕابن ویا هەر لە بنەڕەتڕا جیا هاتبنە دونیا.

هەوەڵین جوور لە ئینسان، ئینسانەکانی **هۆمۆ هابیلی** بوونە کە شیـوەی ئینسانیان داوە. ئەوانە لە ٢ میلیۆن ساڵ لەوەپێش هەبوونە.

دووهـەمین جوور **هۆمۆ ئەریکتوە**(erectus) کـە کەمێک تازەتر بوونە. سێ یەمینیان **ئینسانی مودێڕنە:** هۆمۆ **ساپین**، کـە لە نیـو میلیـۆن ساڵ لەوەپێش پـەیدا بوونە.

هۆمۆ هابیلی بوونەتـە دوو بـەشی لێک جیا و دوو جۆرەن. کـە شیـوە و قـەڵافـەت و چـەنەگە لە هەر دووکیاندا وەک یـەک نەبووە. کەپۆ و ڕوویان لە هیندێکیان زۆر درێژ و لەپێش نەبووە وەک ئـەو جۆرەکەی دی. باسک و شەوێلکە شیان وەک یـەک نەبووە.

هۆمۆ ئـەریکتویی لە ئەفریقادا هەبوونە. ئەوانە شەوێلکەیان شیـوەی شەوێلکـەی بەبری داوە. ئەوانە لە قەوقاز و گورجستانڕا بڵاو بوونەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و چین و ئوروپا.

ئینسانی مودێڕن: هۆمۆساپین کە کەمێک شیـوەی هۆمۆ ئەریکتویان داوە، لە ٤٠٠ هـەزار ساڵ لەوەپێش، لە ئەفریقا وەدەر کەوتون.

## بیروڕای داروین

داروین سەبارەت بە پەیدابوونی ئینسان، پێی وا بوو: ئینسان لە دەورانی دوورو درێژی جیهان، بە لەسەرەخۆیی تەکامولی پەیدا کردوە و گەیشتۆتە ئەو زەمانەی ئێستای پێگەیشتویی و تێگەیشتویی.

زۆر کـەس لەگەڵ بیرو باوەڕی داروین دژن و پێیان وایە ئینسان، یـەک پلە هاتووتە سەر دونیا. بەپێی ئەو بیروباوەڕە ـ مەزهـەبییەی دوایە، ئادەم و حـەوا هەوەڵین ئینسانی تەواو بوونە و یـەزدان ئـەوانی هێناونەتە سەر ئـەرز و هـەر لەوانەوە نەسلی دواتری ئینسان پێی دە دەورانی بوون و ژیان ناوە و هاتووتە جیهان.

ئیسکێلێتەکان ئـەوەنیشان دەدەن کـە ئینسان زیاتر لەگەڵ ئینسانی شکڵ مەیموونی هاو خوێن بووبێت لەوەی لەگەڵ مەیموون.

## جیاوازی ئینسان و مـە یموون

مەیموون و ئینسان جیاوازیان لەگەڵ یەکتر زۆرە. نیوەی مەیموونەکان چەپەن: کەلَک لە دەستی چەپیان وەردەگرن. نیوەشیان ڕاستەن. بەڵام زۆربەی ئینسانەکان ڕاستەن: کەلَک لە دەستی ڕاست وەردەگرن.

هەروا سیستمی مێشکی ئینسان لەگەڵ مەیموون فەرقی هەیە. مێشکی ئینسان بۆ فەرمانی توانینی قسەکردن ئامادە کراوە. بەڵام مێشکی مەیموون ئەو توانایەی نییە. هەروا زۆر جیاوازی دیکەشیان هەیە : هێندێک نێرە مەیموونەکان کوێرەڕەنگن : ڕەنگی سوورو سەوز هەر بە ڕەشو سپی دەبینن.

چیمپان ( chimpaans ) گروهی خوێنیان A و O یە. بەڵام گوریلا گروهی خوێنیان B یە. لە ئینسان دا دوو کرومۆسۆم تاوونەتەوە! واتە لە هەر سلولێکی ئینسانندا ٤٦ کرۆمۆسۆم هەن. بەڵام لە هەر سلولێکی چیمپان و گوریلا دا ٤٨ کرۆمۆزۆم هەن. لە کرۆمۆزۆمی ئینسانندا، نزیکەی هەزار خەتی ڕەنگێ لێک جیا دەبیندرێن. بەڵام لە چیمپاندا خەتەکان وەک ئی ئینسان نین و فەرقیان هەیە. کرۆمۆزۆم: زنجیرە ژێنێکن، کە لە نێو سلولدا دێنەدی. هەر کرۆمۆزۆمێک دەتوانێت هەزار ژێن بەڵکو زیاتریش هەڵگرێت. ژێنەکان چۆنیەتی دایکو بابەکان دەدەنەپاشەبەرەکان. ئەو ژێنانە پێیان دەگوترێ:DNA ئەو DNA یانە دەبنە کلیلی چۆنیەتی گیاندەبەران.

گیاندەبەرانی غەیری ئینسان مێشکیان لە قەدەر قەڵافەتیان چووکترە لە مێشکی مرۆڤ. مرۆڤ بە هۆش و دەرک و توانینی ئاخافتن، لە گیاندەرانیتر، جیا دەبێتەوە. ئەو توانایە بە هۆی تەوایەتی مێشک و هێندێک ژێن کەخاوەن چۆنیەتیکی تایبەتین و لە باقی گیاندەبەرانی تر دانین، پەیدا دەبێت. ئەو تایبەتمەندیە بۆ توانینی ئاخافتن، لەماوەیەکی زۆر دوور و درێژی ڕابردووی قەدیمی باب و باپیرانمان هاتۆتە دی. کە بە هوی ئەو توانە، توانیویانە ئەوەی دە دڵیاندا بووە بەزمان بە هاو نەسلانی خۆیان بڵێن.

هەر جوورێک بووبێت توانایی قسەکردن و بیرکردنەوە و دەرک و زانست، بۆ ئێمەی مرۆڤ هاتۆتەدی و ئێمەی لە گیاندەبەرانی دیکەجیا کردۆتەوە. ئەو تەوانایە ئێمەی گیاندۆتە پلەی بەرزی زمان زانی و بیرو ڕای جوراو جور و قسە کردن. کە هەر بەهۆی ئەو پێشکەوتوویەتییەیە، ئێمە بەهێز و توان سەرکەوتوانە لەجیهان ژیان دەبەینەسەر.

ئەگەر چی چیمپان ( مەیموونی وەک ئینسان ) لە زۆر DNA دا وەک ئینسانن، بەڵام مێشکی وان وەک مێشکی ئینسان تەکامولی پەیدا نەکردوە و بە پلەی پێگەیشتن و تێگەیشتن نەگەیشتوە و ناتوانن سەرکەوتوانە بژین و خۆشبەختانە قسەبکەن. ئەگەرچی ئەوانیش جوورە حاڵی کردنێکی یەکتریان وەک سونبولی تێگەیاندن هەیە.

هەر چۆنێک بیت بێجگە لە مرۆڤ باقی گیاندەبەرانی تر نا توانن قسە بکەن جا چ بە هۆی نا تەواوی میوبیولۆژی ژێنەکانیان بێت و یا بە هۆی نەبوونی ئەو تایبەتمەندیانە بێت، کە بۆ قسە کردن، پێویستن لە ژێنەکاندا هەبن. بەڵام ئینسان هەموو ئەو تایبەتمەندیانەی بۆ قسەکردن پێویستن، هەیەتی و لەو بارەوە خانە و خاوەن توانە. ئەو دەسەڵات و توانە بۆ ئاخافتن کەنگێ؟ و چۆن و یا بۆ هەر لە مرۆڤدا هاتووتەدی؟ ئەوە جێی پرسیارە.

## دەستکردن بە ئاخافتن.

دیارە زمان گرێدراوی ئینسانی تەواو و پێشکەوتوە. دەکرێ هەر ئەوکاتـەی ئینسان پێگەیشتوە و تێگەیشتوە، ئەو دەمیش قسـەی کردبێت. دەشکرێ ئەو کاتـەی مرۆڤ لە هاورواڵەتەکانی جیا بووبێتەوە، دەستی بە قسەکردن کردبێت. بـەڵام لەشە بووەبە بەردەکان، دەورانی ئاخافتن و لێک جیا بوونەوەی مرۆڤ یـەقین ناکـەن.

لەشە بووە بە بەردەکانی دێرین ئـەوە دەنوێنن: ئـەوانـەی وەک بافیان ( bavian ) (جۆرەمەیموونێکە) دەچن، لە ۳۰ هەتا ۲۵ میلیـۆن ساڵ لەوەپێش لێک جیا بوونەتەوە. ئـەوانـەی وەک ئورانگ ئوتانس( Orang- oetans ) دەچن، لە١٦ هەتا ۱۲ میلیـۆن ساڵ لەوەپێش لێک جیا بوونەتەوە. سـەنگوارەکان لێک جیا بوونەوەی مرۆڤ و چیمپان و گوریلاش نیشان نادەن. بـەڵام یـەکگرتنەوەی ژینەکان ئەوە دەنوێنێت: کە دەکرێ لە ۸ هەتا ٦ میلیۆن ساڵ پێش ئێستا ڕواڵـەتی گوریلا لە ئینسان و چیمپان جیا بووبێتەوە. واش وێدەچێت، دوایی ترین هاوکاری دایک و بابی کۆنی چیمپان و ئینسان، لە۳٥٠ هەزار ساڵ لەوەپێش بووبێت و لەو کاتیەوە لێک جیا بووبنەوە و ئینسان لەو کاتیەوە وەک ڕەسەنێکی جیا ژیابێت.

دیارە ڕیشەو بنەڕەتی پەیدا بوون و دەست کردن بە ژیانی هەرە هەوەڵی زۆر کۆن و لەمێژە، کە لە نزیکـەی ۳ میلیارد ساڵ لەوەپێش، دەستی پێکردوە و مرۆڤ دەورانێکی زۆر دوور و درێژی پێـواوە، هەتا ئەوەی هەنگاوی بەرەو تەوایـەت و سەرکەوتن و پێشکەوتن هەڵێناوە.

ئـەوە جێگای سرنج و بیر لێکردنەوەیە: بۆچی ئینسان وەک ئینسانێکی ئێستا مودێرن هاتۆتەدی و زیاد لە هەموو گیاندەبەرانی تر، هاوکاری بەتینی لەگەڵ چینی خۆی هەیە و بە پلەی تێگەیشتن و توانایی قسـە کردن گـەیشتوە؟ لـەو بارەوە زۆر بیرو ڕای لێک جیا هـەن:

## گـەیشتنی مرۆڤ بـە پلـەی سـەرکـەوتن.

وەک لە پێشدا گوترا، ***هێندێک خاوەن باوەڕی ئایینی دەڵێن خودا ئینسانی بە پلـەی ئاوا سەرکەوتی بێ هاوتا گەیاندوە. هـەتا ئـەوەی هێندێک ئایینی پێیان وایـە: جیهان لـەبەر ئینسان دورست کراوە.***

***ئـەنیشتەین گوتویـەتی خودا مۆرەیەکە بۆ کایە کردنی ژینەکان. هێندێک کـەسی تر دەڵێن خودا کایە بەژین دەکات بۆ گەیشتن بە ژیان. هێندێکیش پێیان وایە ئینسان لە دەورانی دوورو درێژی ژیان، بە پێی سروشت ڕوشتی کردوە و هەڵیداوە و بە هەڵکەوت بە پلـەی سەرکەوت گەیشتوە. هێندێکیش دەڵێن زمان بە هەڵکەوت مرۆڤی گەیاندۆتە پلـەی پێشکەوتوویی و دەستکەوتی، سەرکەتی بەدەست هێناوە.***

جـا ئـەگەر سەرکەوتنی ئینسان بەپێی ڕوشتی سروشتی بێت، ئـەو شتانـەی ڕوشت دەکەن و خۆ پێدەگەیەنن چن و چۆن خۆ پێدەگەیەنن؟ دیارە لە مەیدانی ژیان و خۆ پێگـەیاندنی هەموو گیاندەبەرێکدا، ژین ڕۆڵێکی سەرەکی و بنەڕەتی دەگێرێت. ژینەکان بە هەڵکەوت ئـەرکی ڤۆرمی ژین و تەکامولیان خستۆتە سەر ئەستۆی خۆیان و هەرچی بۆ فۆڕمی ژیان و خۆپێگەیاندن پێـویست بێت، ئەنجامی دەدەن.

## کۆپی ژین

لەدونیا دا بە هەڵکەوت ڕەسەن و ڕەگەز یـەکێ بەدوای یـەکێ دا دەڕۆن. ژینـەکانیش بە هەڵکـەوت کۆپی لە یـەکتر هەڵدەگرن. ژینەکانی ئێمـەش بەو جۆرە ڕەسەن بەڕەسەن هاتوون و دێن و دەڕۆن. هەر کەسێک ژینی دایکو بابی خۆی وەرگرتوە و خودی ئەو ژینە یا کۆپی وی، داوە بە نەسلی داهاتووی، بێ ئەوەی ئەو ژینانە لەبەین بچن. ئـەو وەرگرتن و دانەوەیە لە ژینەکاندا، بەهـەڵکەوت بێ پسانەوە، درێژەیان هەیـە. ئەوە نـەک هەر لە نەسلی ئینساندا، بەڵکوو لە نەسلی گیان دەبـەری تریش دا وەک یاسایەکی بەهەڵکەوت، هەلکەوتوە و پەیدا بووە و دێتەدی. ئـەو بۆ چوونە لە تێئۆری تۆماس مالتوس و داروین، لەسەر باوەری بەربەرەکانی بۆمان (موبارەزە بۆ بەقا) سـەرچاوە دەگرێت.

لەسەر ئەو بیر و ڕایەی بەربەرەکانی بۆ مان، وەک لە پێشدا گوترا: ئەو ژینانە بە هەڵکەوت نەسل بەنەسل دەڕۆن. جاری واش هـەیە دەگۆڕێن. هێندێک لەو ژینانە سەرکەوتوانە دەورانی ژیانی پڕ لە ئازار و خەتەریان دەپێـون و نەسل بەنەسل و فامیل بە فامیل بە پلـەی خۆ پێگەیاندندا دەچنە خوار. هەر منداڵێک لە دایک و بابەکەی، ژینەکەی وەرگرتووە. بەڵام هێندێک لەو ژینانە زۆر ژیان ناکـەن و لەبەین دەچن. وەک ژینی ژن و پیاوی وجاخ کوێر: کە منداڵیان نابێ. یا وەک ئـەو فامیلانـەی بە هەڵکەوت لەبەین دەچن. بـەڵام بە گۆڕانی نێـو و شۆڕەت، ژین ناگۆڕێت.

شایـەد لە نێـو فامیلێکی درێژی پشتاوپشتیدا، گروهی خوێن بگۆڕێن. بـەڵام ئەو گۆرانە دەکرێ لە پسانەوەی یـەکێ لە بەرەبابەکان و تێکـەڵاوی لەگەڵ یـەکی تری گروەخوێنی جییاواز و نە دیار بێت.

بەرە بابی وا هـەن زۆر زو، زۆر دەبن و منداڵیان زۆرتر لەپاش بـەجێ دەمێنێت. ئـەو گۆڕانانە گۆڕانی بەهەڵکەوتن و بەهەڵکەوتیش ژینەکان دەگۆڕێن یا زیاد دەبن.

لـەو بەرە بابانـەی منداڵ زۆر، فرێکانسی ژینەکان زیاترە و بەهەڵکەوت شانسی درێژەی مانی ئەو نەسلە، زۆرترە.

**بوونی چـەند کەسێک یا چەند خانەوادەیەک بە فامیل، مانای ئەوەیە: ئـەوانە بە تێکرایی لە دایک و باب و باپیرێک بوونـە و DNA یەکەیان یەکە. ئەگەر قەومێک یا کەسێکی دیکە کە DNA یەکەیان هـەر وەک ئی وان بێت، ئەوەش مانای ئەوەیە ئەو قەوم و کەسە لە قەدیم بە تێکرایی لە یێک ڕەگەز: واتە لەیـەک دایک و باب، پەیدا بوونە.**

## بـە دی هاتنی ڕەسـە ن

هـەموو کـەس دایکو بابێک و نەنک و باپیر یا مام و پوورێکی هەبووە. ئـەگەر ئەوانە زۆر لەپێشێ لێک جیا بووبنەوە و هەریەکـەی بۆ خۆی سەربەخۆ بووبێت و هاو خوێن نەمابن لەگەڵ ئەوانی تر، ئـەوە ڕەسەن و نەژادێکی سەر بەخۆیان پێک هێناوە و بوونەتە ڕەسەنێکی جیاواز: واتە نەژادێکی دیکـەن.

ئـەگەر ئێمە بەخۆمان دەڵێین کوردین مانای ئـەوەیە: هەموو مان لـە یەک ڕەسەنین و لە دایکو بابێکی قەدیمیمان بووینـە و خوێنمان وەک یەکە.

## پاراستنی ژین

ئـەگەر بەرەبابێک بخوازێت تێکـەڵاوی و نزیکایی خوێن و ژینی بپارێزێت، وا باشەخواست و خواستگاری لە کەسوکاری ڕەوای بکات. وەک: دوو کور و کچی ئامۆزا و بن ئامۆزا و غەیری وان کە قانوون و مەزهـەب ڕێ بدەن. بـەڵام ژنو مێردایەتی وا نزیکیش، بێ دژواری نیە. بەپێی لێکۆلینەوە ئـەو ژنو مێردە لێک نزیکانە، وا هەیە منداڵەکانیان تەواو ساخ و سلامـەت نەبن: نا تەواو یا لاغر و لاواز بن و باش نەبن. یا لە فامیلەکەدا ڤیروسێکی ناسازگار هەبێت و لە ڕێی ژینەکانەوە بچێتە هەموو پشتەکان و نەسلەکانی دواتر. بـەڵام ئەو ئەگەرە، لەوانەیە لەئی نا فامیلیش دا بێتەدی. شو کردن لەبەینی دوو ئامۆزا لە هێندێک وڵات نا یاساییشە.

لـە ژاپۆن، دوای شەڕی دوو هـەمی جیهانی و بۆمبارانی ئەتۆمی لە لایـەن ئەمریکاوە، زۆر لە ژاپۆنییەکان لەگەڵ نزیکەکانیان زەماوەندیان کرد. بـە پێی توێژینەوە زۆر لە منداڵکانیان درەنگتر پێیان هەڵگرتوە و درەنگتریان قسەکردوە. واش هەیە ئەو ژنـەی لەگەڵ نزیکەکەی شوو دەکات لەکاتی زکپڕبوونی ڕۆڵەکەی لەبەر بچێت.

هێندێک پـەنابەر بێ ئەوەی بۆ خۆیان بزانن هێندێک ژین لەگەڵ خۆیان هەڵدەگرن، کە بەهەڵکەوت ئەو ژینانە، نەخۆشییەکیان پێـوەیە و لە وڵاتەکەی خۆیانڕا دەیبەن بۆ ئەو وڵاتـەی دەیچینێ.

## هـە ڵگرتنی ژین.

دەستەیەکی زۆر کەمی جوو (یەهودی) لە دەورانی لێک جیا بوونەوە، لە٣ هەزار ساڵ پێش ئێستا لە کوردستان ژیاون. ئێستا ئەو گروە بەزۆری لە ژێر شەڕ و تەوژمێکی زۆری هاو سێیە موسلمانەکانیان دا دەژین. لەنێو ئەو کوردانەی یەهوودی کەئێستا دەچنەوە بۆ ئیسرائیل، بە جوورێکی زۆر نا ئاسا سلولی شکستەی میراتیان هەیە. لە تەواوی خاوەر میانە یەکێ لە ٥٠ ی خەڵکەکەی، ئەو ژێنەیان هەڵگرتوە. بەڵام کوردەکانی جوو، دوو لە سێیان، ئەو ژێنەیان هەیە. لەبەر ئەوەی یەکێ لەوانە، زۆر قەدیم لە دایک و بابی قەدیمیانرا هەڵیان گرتوە.

## ەقومی ناتوفییری

لە ١٠ هەزار ساڵ لەوەپێش قەومی ناتوفییرس (natoevieers) لەئوردۆن، بۆ هەوەڵین جار دێیان ساز کردوە و خانوویان لە دار دورست کردوە. بەڵام لە دوو هەزار ساڵ پێش وان شایەد زیاتریش، دێی گەورەتر، لە میزوپۆتامی هەبوون. چەند سەدە تێپەر بووە، هەتا شارستانیەت گەیشتۆتە ئەو پلەی کە ئاوەدانییەکان بەخانووی بە دیوار دورست کراون و روانگەی منارەیی بۆ کێشکێ ساز کراون. دیارە شەریش رۆڵێکی زۆر گرنگی هەبووە بۆ دورستکردنی دیوار و روانگە.

## کۆچ کردنی ئینسانەکان لە میزوپۆتامی.

لە زەمانی قەدیمدا کەشاوەرزی بە هۆی زۆر بوونی مرۆڤەکان و گوشاری کۆمەڵ، لاواز بووە و مرۆڤەکان بە جێ گۆری و کۆچبەری ناچار بوونە. زۆر لە هەوەڵ دێیەکان لەبەین چوونە و زۆر لە مرۆڤەکان جێی خۆیان بەجێ هێشتوە. مرۆڤەکان لە دەوروبەری کێوەکانی زاگرۆس و میزوپۆتامی را بەرەو جێگای گەرم، وەرێ کەوتوون و لە بەینی دوو چۆمی دجلەوفوراترا بۆ جێگای دوورتر، رۆیشتوون. لە میزوپۆتامیا بۆ هەوەڵین جار بە ناچار شاریان دورست کردوە. بۆ خۆپارێزی و توانینی بەرگری لە یەکتری، یەکگری و ژیانی لە نزیکێ یەکتریان هەڵبژاردوە. بەریوەبەری و ئورگانیزاتیان پێکێ هێناوە. ئەوە هەوەڵین جار بووە لەمێژوی مرۆڤدا، کە کەشاوەرزی و دێ سازی و شارسازی پەیدابووە و بەرێوەبەری سیاسیش پێکهاتووە. هەر لەو بەریوەبەریەرا یاسا و چۆنیەتی بەرێوەبەری بۆتە میراتی نەتەوەکانی بەدوا داهاتووی وان.

بۆ هەوەڵین جار کاپیتالیستی وەکێ ئێستا کە بە هۆی تیکنۆلۆژی مودێرن پەیدا بووە، ئەو دەم بە هۆی ئەسپ پەیدا بوو. دوای ئەو شارستانیەتەی میزوپۆتامیا شارستانیەت بۆ لای ئوروپای رۆژهەلات رۆیشت و لەوێش دەستی پێکرد.

لـه ٣٦٠٠ ساڵ پێش زاین شاری گـەورە لە میزو پۆتامی هەبوون. شاری ئوروک ١٠ هـەزار کـەسی تێدا ژیاوە. هەتا لە دواتر خەڵکەکەی زیاتریش بووە. شارەکانی سوومری خاوەن ڕێـو شوێن و ئورگانیسمی باش و دەوڵـەمەند بوون. ئـەکادییەکانیش کە لەشیمالی میزوپۆتامیرا هاتبوون بۆ ئـەو شارەی ئوروک، فەرهەنگ و کولتوری وانیان وەرگرتوە. شاری **پەتراش** لە سەحرا و خیزەڵێنەکانی‌ئوردۆن، شارێکی قەدیمی بووە.

سـەبارەت بەژین و ڕەسەنی هێندێک لـەو خەڵکـەی میزو پۆتامی و کوردستان کە پێش قـەراوڵی ئـەو شارستانیـەتـە بوونـە، ئاگا داری هەیـە و لە دواییـدا زیاتری باس لـەسەر دەکرێت. بـەڵام سـەبارەت بەخەڵکی عێراق و ئوردۆنی ئێستا ئاگاداریەکی باش نییە، کە ئایا ئەوان لە نەژادی سوومرییەکانن؟ یا لە نەژادی پـەتران. ئە کەر لەسەر ژینی وانیش لێکۆلینەوە بکرێت چۆنیتی ڕەگەزی ئـەو خەڵکەش ڕوون دەبێتـەوە.

دوای دەسەڵاتی بەرزی سوومرییەکان لە میزوپۆتامی، **گریکی** (یـونانی ) فۆرمێکی سیاسی و لەشکری مودێرنیان پێک هێنا. نزیکـەی ٣ هەزار ساڵ پێش ئێستا گریک لەند (وڵاتی یـونان) پر خەڵکترین وڵاتی ئوروپا بووە. دەسەڵاتی یـونانی گەورە :مەگنا گریکا( magna graeca ) لە سپانیارا هەتا قـەفقاز درێژەی هەبوو. ٤٠ شاری جنوبی ئیتالیا لە ژێر دەسەڵاتی یـوناندا بوو. سیراگۆسەش کە لەو کاتدا گەورەترین شار بوو، لە ژێر دەسەڵاتی گریکیان دابوو.

## بڵاو بوونـەوەی ژین.

بڵاو بوونەوەی ئـەو خەڵکـە، کاریگەریگەریـەکی زۆری هەبووە بۆ بڵاو بوونەوەی ژینەکانیش.

لەباری تێکـەڵاوی خوینەوە ژینەکانی خەڵکی سیسیلیان و جنووبی ئیتالیا، جیانە لەگەڵ هاوشارییەکانیان لە باکوری ئیتالیا.

لە دەورانی گریکی مودێرندا زۆر ئاڵوگۆڕ لە نێـو خەڵکدا پەیدا بووە و زۆر خەڵک چوونەتە نێو یەکتر و لەگەڵ یەکتر تێکـەڵاویان پەیدا کردوە. خەڵکی ژین لێک جیاش لێک نزیک بوونەتەوە. بەو هۆیە لە هێندێک لە وڵاتەکان خەڵکی ژین لێک جیا هـەن و نزیک لە یەکتر دەژین.

## ژینی هەوڵێن خەڵکی ئوروپا.

ژینی هەوەڵین خـەڵکی ئوروپا، دەگەرێتەوە سـەر ژینی هـەوەڵین ڕەسەنەکەیان لە نزیکی ڕۆژهـەڵات: لە لای دەریای مودیترانە و کوردستانی ئێستا.

ژینی هەوەڵین خەڵکی ئورووپا، ئێستاش لە ئوروپپادا ماوەتەوە. شایەد بەو هۆیە بە خەڵکی ئوروپا دەڵێن ئوروپایی، لـەبەر ئـەوەی لە هـەوەڵەوە لە شاری ئور لە میزو پۆتامیرا ڕۆیشتبن و یا لەبەر ئەوەی بووە ئەوانیش لە نەژادی ئاریایی بوونە( ئاری:ئاگری: ئەوانەی ئاگریان پەرستوە ).

سـەردینیش دەگەڕینەوە سەر ژینەکانی کۆنی باب و باپیرانیان و هاو خوێنن لەگەڵ لوبنانی ( Libanezen ) مودێرن: کـە ئی فینیقییەکان( Feniecieers ) بووە و ناوەندێکی گەورەی بازرگانی دەریای مودێترانەبووە.

لـەبەرابـەری سوومەری و فینیقی دا، گریکییەکانیش(یونانی) بەقەومێکی کۆن و قەدیمی دەژمێردرێن. ئەو گریکیانە لە قـەدیمـەوە هەتا ئێستا ئابوورییـەکی باشیان هەبووە. وەک لە دەورانی ئەتروسکییـەکان، کـە ئابووری باشیان هەبووە.

## پاراستنی ژین.

وا هەیە یـەزدان پرستنیش دەبێتە هۆی ژین پاراستن. ئاوارەگی یـەهوودییـەکان و وەدەر کـەوتنیان لەسەر وڵات و نیشتگەکەیان: لـە ڕۆژهـەڵاتی دەریای مودیتڕانە، چەند هـەزار ساڵ پێش زاین دەستی پێکرد و بەزوویی لەخاوەر میانە و ئوروپا بڵاو بوونەوە. ئـەو ئاوارەگییەی وان چەندین سەدە درێژەی هـەبوو. لەساڵی ١٤٩٢ ئەوانەی لە سپانیا بوون، دەر کران و بەتێکرایی چوونە تورکیە. لـە بەرابەر کردنی ژینەکانی وان لەگەڵ خەڵکی تورکییە و یا لەگەڵ سپانییـەکانیش، وا وەدەر کەوتوە: کە یەهوودییەکانی مودێرن لە هەر وڵاتێک، هەتا ڕادەیەک ژینەکانیان پاراستوە. بەجۆرێک لێک جیاییان کەمە. ئـەوە بەغەیری ئەو جووانەیە کە لە یەمەنن. کە ئەوان لەگەڵ موسڵمانەکان جیا ناکرێنەوە.

## ژینی خە ڵکی چین.

خـەڵکی چینی مودێرن کەم دەزانن سەبارەت بەلێک جیایی هیمۆگلۆبینی خەڵکەکەیان: ئـەو خوێنەسوورەی بەتێکرایی لە لەشی خەڵکی جیهاندا هەیـە. ژینـی ئەو خەڵکەی ئێستا لە زاییدەرووتەی چینن، وا وێدەچێت ژینی هیمۆگلۆبینێکی جیا لە خەڵکەکەی دیکەی چین بێت، کە دەگەڕێتـەوە سەر ژینی ئەو خەڵـکەی کـەناری دەریای مودیترانە. کە لە ٢ هەزار ساڵ لەوەپێش بە هۆی موعامەلە و کڕین و فرۆش، چوونەتە وێ.

لـە لای ڕۆژ ئاوای زاییدەرووتە، یەک لە دووسـەد کەسی هیمۆگلۆبینی نۆرماڵیان هەیە. لەکاتێکدا لەلای ڕۆژهەڵات یەک لە هەزارە.

## گونجان لەگەڵ ژینگە و ئاو و هەوا.

باڵندە ڕاگرانی ئەمریکایی ئەوەیان پێ ڕاستە: کە باڵندەی mus ی ئاسایی لە باکوری ئەمریکا، بەدنیان گەورەترە و لاقیان کورت ترە لەوانەی لەجنوبی ئەمریکان. لە ئوروپاش ئەوانەی لە باکورن بەدنیان گەورەترە لەوانەی لە باشورن. ئەو نا هاوسانیە لە مروڤیشدا دیتەدی.

ئەو مرۆڤانەی زۆر شیمالین: لەباکور دەژین بەدەنیان گەورەترە و باسک و ڕانیان کورت ترە، لە وانەی لەجنووب و لە گەرمەسێردا دەژین. بەو هۆیەیە: ئەو ئەفریقایانەی لە کێ بەر کێی ئولمپیکدا یاری دەکەن، ریکۆردی پێویست بۆ بردنەوە دەهێننەوە. چونکە لاق و باسکیان درێژترە.

لاقی درێژ بۆ ڕۆیشتن و باسکی درێژیش بۆ باڵانس ڕاگرتنی ڕۆیشتن، گاریگەریان هەیە.

## گونجان لەگەڵ هەڵسوکەوت و جێ ژیان.

گونجانی جانەوەر و گیان دەبەران لەگەڵ هەلسوکەوت و جێ ژینیان، بۆ درێژەدان بە ژیانیان زۆر گرنگە.

گونجان لەگەڵ سەرما و گەرما و ئاوەڕۆ و ئیشکارۆ و ئابووری جۆر بە جۆری سروشتی کە لە گشتی جیهان بێتەوە و بگونجێی، شانسێکی گەورەیە بۆ هەموو گیاندەبەران. چ شانسێک بۆ درێژەدان بە ژیان لەوەی گەورەترە: کە مرۆفەکانی قوتبی لە سارد و سەرما و سەهۆڵدا بتوانن بژین و بمێنن. مرۆفی گەرمەسێرەکان، بتوانن لە کولەی گەرمی گەرما دا بژین و خۆ ڕابهێنن.

هەر پەلەوەر و گیاندەبەر و خوشندە و هەڵبەزندەیەکی ڕووی ئەو زەمینە، هەر یەکەی بە ڕادەیەک شانسی هێناوە کە پێی دە پلەی ژیان ناوە و توانای درێژەدان بە ژیانی بۆ ڕوخساوە.

## یاسای ژیان.

هەر گیاندەبەرێک بۆ درێژە دان بەژیان بە جۆرێک لەگەڵ چۆنیەتی جیهان بگونجێت، یاسا و عادەتێکی بۆ بوون و ژینی خۆی هەیە. هەر جوورەی بەجۆرێک ڕێگای درێژەدان بەژیان دەپیوێت. ئی وا هەن لە نیو ئاو و دریان، ئی وا هەن لە دەشت و چیان، ئی وا هەن لە ئەرز و هەوان. ئی وا هەن لە ناخی ئاخا، جێگای خۆیان دەکەنەوە و ژیان بەسەر دەبەن. لە وانەش ئی وا هەن بە ئاسانی دەژین. ئی وا هەن خۆ لە هەر خڕ و چڕ و هەڵەمووتێک دەدەن، هەتا بمێنن و درێژە بەژیانیان بدن. ئایا بۆ ئەو هەموو ژێرکەوت و سەرکەوت و هەڵکەوت و ئاڵوگوڕانە، هۆ و ئەگەرێک لەکار دایە؟ ئایا بوون و ژینی هەر ژیندەبەرێک باش یا نا باشی، بە بەخت یا بێ بەختی، دەستکەوتی بە هەڵکەوتی

سروشتن؟ یا ئەگەری بوونو ژینو  گورو گەڕی هـەموو ئەو شتانـەی هـەن، هـەر لەخودان و هەر لە ژێر فەرمانی وی دان؟ بۆ ئەو پرسانەش زۆر بیر و ڕا و بۆ چوونی جیا جیا هـەن.

خودا پرستان نەزم و ڕێکـ کردنی ژین و ژیان و گونجانی هەر خاوەن ژیانێکـ لەگەڵ ژینگە و ئاو و هەواش هـەر لەخودا دەزانن و هەر خودا بە ژیاندەر و ڕاهێنەر و گونجێنـەری هەر شتێکـ دەزانن.

هـەر جوورێکـ بێت هەر پەیدابوویێکـ، پەیدا کەرێکـ و هۆ و ئەگەرێکی هەیە.

## هۆ و ئەگەری هەستی

ئـەگەر لەسەر دەریای هەستی، کەشتی فکر و بیر گەشتێ لێ بدا. هەر چی هەستی پێدەکا. هەر شتێ دەی بینی یا بیری لێ دەکا، لەحاڵی گۆڕاندایە یا دەگۆڕێت. هەرچی بشگۆڕێت گۆڕەڕ و هۆ و ئەگەرێکی هەیە.  بێجگە لە بنە، ( لێ بـە وەدی هات ) هیچ شتێ نییە خۆی لەخۆی ببێت. یانی بەگشتی هۆ و ئەگەرێکـ بۆ هەستی هەیە. ماتۆڕێکـ بۆ بوون و ژیان هەیە. ئەو ماتۆڕە بۆ هەڵسوڕانی ماشێنی بوون، یاسا و چۆنیەتێکی نیشان کراو و بناخەیەکی وەکـ ژینی فۆرمی شت لێ هەڵگیراوی هەیە، کە ئەو ژینانە دەبنە سەرچاوەی یاسای چۆنیـەتی ژیان و ڕێگایەکی دیاری کراو دەپێـون. بە زەحمەت دەگۆڕێن و بە نودرەت بـە غەڵەت دەردێن. لـە ئینسان ئینسان دەبێت و لەحەیـوانی کێـوی کێـوی و لەشێر شێر و لە ڕێـویش ڕێـوی... هەر ڕەسەنێکـ کۆپی ژێنی ڕەسەنـەکەی خۆی بۆ ڕەسەنی دواتر بەڕێدەکات. ئـەو ژێن و چـەقەرانەی ژیان کە پایەی دیـواری ژینن و مایـەی پەیدابوونی ڕەسەن و چینن، چۆن پەیدا بوونە و چن؟

دیارە خودا ناسان وەکـ لەپێشدا گوترا، پێیان وایـە هـەموو شتێکـ هـەر خودا دورستی کردوە. کـە وا بوو هۆ و ئەکەری هەستی دەبێ هەر بە دەستی وی بێت و هیچ شتێ نییـە لە ژێر فەرمانی وی بەدەر بێت.

هیچ دوور نییـە، دوور لە بیر و زانست و هێزی ئێمە، هێز و دەسەڵات و زانستێکی نادیاریش هەبێت کە ئافەرێننده و گۆڕەر و ڕێکخەری ژێن و ژین بێ و هەستی جیهان لەژێر ئیشارە و کاریگەری ویی بێت. کـە پێی دەکوترێ خودا. جا ئـەو خودایـەی هۆی بوون و ژین و هـەر کارەساتێکە چۆنە و لەکوێیە؟ ئـەوە لەباسی ئێمە بەدەرە.

زۆر زانایانیش پێیان وایە ئـەو گـەردونـەی ئێمـە، بە هەڵکـەوت هـەموو ئەو کـەرستانەی بۆ ژین پێـویستن تێیدایە. بـە هۆی ئاڵو گۆڕی سروشتی ئـەو ئورگانیسمانەی ژین بۆ ڕێ پێوان بەرەو ژیان، کارامەییان بۆ پەیدا دەبێت و یـەکـ دەگرن و خۆ پێدەگەیەنن و بە پلـەی ژیان دەگەن.

## پـەیدا بوونی ڤیروس

لایـەنێکی بنـەرەتی و بناخـەیی بۆ ژین، توانای کار کردن و کارامـەییـە بۆ ئـەنجام دانی زۆر شت. یا بڵێین توانینی ڕێ کردنـەوەیە بۆ ژیان. فیروس دەتوانن ئـەوەی بکـەن و خۆ بخزێننـە نێـو سلولەکانی گیاندەبەران و خۆ بڵاو بکـەنەوە و لەڕەسەنێکیشرا بچنـە ڕەسەنێکی دیکـە. فیروس تەنها لـە نێـو سلولی ئورگانیسمی دیکـە دا دەتوانن بژین. ئـەوانـە لە نێـو مۆلوکولی پێ گـەیشتووی DNA جێی خۆیان دەکەنەوە. بـەو هۆیە وا هـەیە بتوانن خۆیان بگـەیەننـە ڕەسەنەکانی تریش و ببنـە هۆی زۆر نـەخۆشیانیش.

DNA کورت کراوەی DeoxyriboNucleic acid ە، کـە لە نێـو ئورگانیسمی ژیاندا پـەیدا دەبێت و فورمی ڕەسەنێک دەداتە ڕەسەنێکی دیکـە.

## دورست بوونی تۆرەمێکی نوێ.

هـەنگاوێکی دیکـەی گرنگ لە بەربەرەکانی و ئاڵو گۆڕی ژین دا، زیاد بوون و شین بوونەوەی نەسلە بە هۆی پێک گۆڕینـەوەی ئورگانیسم و کەرستەی نەسل سازی لـە بەینی دوو ئورگانیسم دا.

شایـەد ئەو ئاڵو گۆڕەی دوو ئورگانیسمی ژیان بۆ دورست کردنی پاشـەبەرێک، ئـەو کاتـە پەیدا ببێت، کـە یەکێک لەو دوو ئورگانیسمانەی دژ، دەیەوێ ئـەوەی دیکـە بخوات. ئـەو ئورگانیسمـەی مەترسی خورانی هەیە، خۆی لە گەڵ ئـەو کەرستە و شتـانـەی دوو ژینی دوو بەش دەکات، شایەد هـەتا بەو هۆیە، خۆی ئازاد بکات. لـە تێپـەر بوونی کات و زەمانێک پشتیـوانێکی بۆ پەیدا دەبێت. یـەک یا چـەند کـەرستەی ژێنیتیک یـەکتر دەگرن و تێکـەڵ دەبن و جێگا و پەنایان بۆ ساز دەبێت. بەو هۆیە ئورگانیسمەکانی ژیان ئـەهوەن دەبنـەوە و نوتفـە واتە تۆرەمە پـەیدا دەبێت.

بـە پێی تئۆری ئـەو کـەسانـەی پێیان وایە ئاڵو گۆڕی میکانیسمی دەبێتـە هۆی بەدی هاتنی ژیان، ئورگانیسمـەکانـی ژیان ئـەو شتانـە دورست دەکەن و پێدەگەیەنن، کە بۆ ژینی وان باش بێت و لەگەڵ ژینگە بێنـەوە و بتوانن ڕابێن.

## ئــە تۆم و مۆلەکول.

بۆ دیتنەوەی هۆی ئاڵوگۆر و بزوان و بۆ لای خۆ ڕاکێشان یا لـەخۆ دوور کردن و لـە خۆ دابڕان، دەکرێ بگەڕێیەوە بۆ بناخەی ساخت و دورستبوونی ئەو شتانەی لـە جیهان شتیان لێ دورست بووە. کە دەکرێ یاسای ژیان و هەستیش لەڕێی ئەو ئاڵو گۆڕە سروشتی و شیمیاییەوە هاتبێتەدی :

تۆزقاڵ و تۆزولکه کوت و لەتی هەموو شتێک، لـه ئـەتۆم پێک هاتوون. خوا ئـەو تۆزقاڵ و وردەشتانه ڕەقبن. یا نـەرم. شل بن یا توند. هێندێک له یەک ئەتۆم ، هێندێک له دوو ئەتۆم و هێندێک لەچەند ئەتوم، دورست بوونه. به چووکترین بەش له زۆر تۆزقاڵی وا کـه له یەک ئەتۆم زیاتر پێک هاتبێت، دەگوترێ: مۆلەکول ( molekul ).

ئـەتۆم ئەوەندە ووردن کە به میکرۆسکۆپیش نا بیندرێن. هـەر ئـەتۆمێک ناوەندیکی هـەیە و یەک یا چەند ئـەلیکترۆن به دەوریدا دەسوورێن. ئەلیکترۆنەکان باری مەنفیان هەیە و ناوەندی ئەتۆمەکانیش کە لە پرۆتۆن و نیترۆن پێک هاتوون، باری موسبەتیان هەیە. پرۆتۆنەکان قورسترن له ئەلیکترۆنەکان. ژمارەی پرۆتۆنەکانیش بەرابەرن لەگەڵ ژمارەی ئەلیکترۆنەکان. نزیکـەی ١٠٠ جوور ئەتۆم هەن، کـه هەر یەکەی نێوێکیان هەیە.

ئـەتۆم وتـەیەکی یـونانیە، کـە بە پارچـە و کوتی وا چووک گوتراوە، کە جارێکی دیکـە کوت نەکرێن: (جزء لایتجزی). با ئەوەش بڵێن: هیچ نووسراوە سـەبارەت بە تێبینی بوونی فیزیکی نـە بووە، هەتا ساڵی ١٨٩٧ ی زاینی کـە ئـەلیکترۆن بە هۆی JJ-thopson ی بریتانیای کـەشف کرا.

لـه ساڵی١٩١١ زاینی Ernest Rutherford ی ئینگلیسی گوتی: هـەر ئـەتۆمێک ناوەندیکی هەیە کە باری موسبـەتی هـەیـە و یەک یا چەند ئـەلیکترۆنێش کە باری مەنفیان هەیە لەسەر مەدارێکی دیاری کراو، بـە دەوریدا دەگەڕێن، بێ ئـەوەی ئـەلیکترۆنەکان بکـەونـە سـەر ناوەندەکە و بچـەسپێن ئەگەر نا، ئـەلیکترۆنەکان ئـەو ئەنێرژییە موغناتیسیـەی هەیانە لە دەستی دەدەن.

بـەو جۆرە هیچ تۆزقاڵو وردەشتێک نییە: بێ گۆڕان بێ و بێ کاریگەری لەجیهان بێ. هـەموو شتێک لەو جیهانە بەپێی یاسای سروشتی له حاڵی بزوان یا ڕاکێشان و بـە دەوری یەکتر دا هەڵسوڕانن. شایەد ڕێگا کردنەوە بۆ دورست بوون و پەیدا بوونی چۆنیەتی نوێ و یا ژیان و هەڵسوکەوت، دەستکەوتی بە هەڵکەوتی ئەو دژبەرایەتی و ئاڵو گۆڕە شیمیایی و فیزیکییـەی سروشتی بێت.

## کاریگەری شیمیایی لە ژیانی ڕۆژانە دا.

کاریگەری شیمیایی له ژیانی ڕۆژانەی ئیمە دا هەیە. لە دەور و بەری ئیمەشدا، چۆنیەتیکی شیمیایی هەیە. وەک ئەتمۆسفێر و ئەو هەوایە کە لە دەور و بەری ئیمە دایە. هەروا خودی ئیمە فۆرمی کۆمەڵە کەرستەیەکی شیمیایی پێک دینین و بە چۆنیەتیکی شیمیایی، دەژاینین لە کوێ دەژین و لە کوێ کار دەکەین. کاریگەری شیمیایی دەبێتە هۆی زانینی، ئەوەی: چ بکەین و چۆن بژین و چۆن خۆمان باشتر بکەین و چۆن خۆمان ساخ ڕاگرین.

مرۆڤ کەمتر بیر لەوەی دەکاتەوە: کە ساز کردنی کەرستەی شیمیایی، چۆن ژیانی مودێرن بەرەو پێش دەبات کە بۆ ئەو بەرەو پێش بردن و پێشکەوتەش، ڕۆژ بە ڕۆژ کەرستە و پێداویستی شیمیایی تازەتر، دەدۆزرێنەوە و ڕۆژبەڕۆژ شتی تازەتر، دورست دەکرێن.

پۆشاکی نایلۆنی و کەرستەی شت شوشتن و سدان ئامراز و شتی دیکەش هەنە کە بە هۆی تێکەڵاوی شیمیایی دورست دەکرێن و بۆ پێشرەفتی کۆمەڵایەتی کەڵکیان لێ وەردەگیرێت. کەرستەی شیمیایی، بۆ زیاد کردنی بەرهەمی کەشاوەرزیش کەڵکی لێ وەردەگرێت. هەروا بۆ دورست کردنی دەرمان، رۆڵێکی هەرە گرنگی هەیە.

بە هۆی دەرمان زۆر لە نەخۆشییەکانی مرۆڤ چارەسەر دەکرێن. بۆ نموونە ئانتی بیوتیکا دەرمانێکی گرنگە کە دژ بە باکتری کەڵکی لێ وەردەگرێت. ئانتی بیوتیکا بۆ بە هێز کردنی ئەو سیستمە بەرگریەی کە دە خوێندا هەیە، دژ بە باکتری، بە کار دێندرێت.

## بەربەرەکانی خودا پەرستان لەگەڵ داروین.

کاتێک داروین باسی تەکامول و بەربەرەکانی بۆ بەقای کردوە، خودا پەرستانی هاو چەرخی پێیان گوتوە، شێت بووە. چونکە ئەوان هەموو شتێکیان هەر لەخودا دەزانی. دیارە ئەگەر هەموو کارێک هەر خودا بیکات و مرۆڤ خۆی ئیختیاری لە سەر کرداری نەبێت، داروین و هەموو کەسی تر هەر وەک ماتۆرێک وان کە شێتوار بە دەوری خۆیاندا بسورێن، بێ ئەوەی بزانن بۆ چی دەگەڕێن و دەسورێن. شایەد بگوترێ ئێمە دەرکو هۆشمان هەیە و هێندێک ئیختیارمان هەیە و لەگەڵ ماتۆرێک بەرابەر ناکرێین. بەڵام ئەگەر ئێمە پێمان وابێت هەموو شتێک هەر خودا دەیکات، ئیجبار و ئینکار و عەقڵ و ئیختیار و دەرک و ئاخافتن و کردار و هەموو بزوانێکی ئێمەش، هەن و پەیدا بوونە و هەر پەیدا بووێکیش هەر خودا دەیکات. جا ئەگەر وا بێت نەداروین و نەکەسی تر خۆیان بە نەفسی خۆیان نەچیان کردوە و نە چیان گوتوە.

لەتەکامولدا مەوجود(هاتووەدی) وەک ماتۆرێک نییە کە شێتوار هەر بە دەوری خۆیدا بسورێت بێ ئەوەی بزانێت بۆ چی و هەتا کەی دەسورێت. چونکە لە سیستمی تەکامولدا هەر کار و گۆرانکارییەک بە هۆیەک و بۆ هۆیەکە. لە تەکامولدا ئەوەی باشە دەکرێت و هەموو ئەو شتانەی بەرەو پێگەیشتن و تەواویەت دەڕۆن لایەنی باش دەگرنە پێش. بۆ وێنە: ژینەکان هەمیشە لایەن و خەتێکی دەگرن، کە بۆیان باش بێت و بەرەو پێگەیشتنیان بەرێت. واش هەیە بە هەڵکەوت بە چەوتی لە رێ رەوی خۆیان لا بدەن و یا بە هۆیەک لە رێرەوی خۆیان لادەدەن. بەڵام ئەوە هەڵکەوتییە.

لـە ساڵی ١٨٥٩ ی زاینی هێندێکێ لە ئەندیشمەندانی کێرکێ (مزگەوتی مەسیحیان) بۆ ڕاست کردنەوە و گونجانی پەیوەندی بەینی خودا و ئینسان، ددانیان بە بوونی تەکامول دانا و گوتیان تەکامول٥[5] نەخشـەیەکە بۆ کار کردن یا ئاسان کردنی کارەکانی خودا.

# تەکامول و خۆپێگەیاندن

سـەبارەت بەتەکامولی سروشتی هـەر کەسە بە شیـوەیەکێ دەتوانی بیر و لێکدانەوەی لەسەر بکات. بییـولۆژی زان لە باری بیـولۆژییەوە باسی لەسەر دەکەن. ئینسان ناس بەجۆرێکی تایبـەتی لە باری ئینسان ناسییەوە باسی لێدەکەن.

دیارە دورست بوونی فۆڕمی ژیان و خۆپێگەیاندن، دوو شتی سرنج ڕاکێشەرن. چونکـە لـە دەروونی گیانداراندا چۆنیەتیک بۆ خۆپێگەیاندن و بەربەرەکانی و پارێزگاری لەخۆ هەیە، بێ ئەوەی گیاندار خۆی هەستی پێ بکات. بۆ وینـە: بۆ ئەوەی ژیانی پاشەبەر بیتەدی، یەکێ ئەی سێڵ٦[6] (eicel) (گەرایی‌یا تۆوی ژن) لە هەزار دانە و یەکێ تۆو سێڵ (تۆوی پیاو sperma) لە میلیـۆنێک، پاشەبەر(نوتفە) دێننـە دی و ئەوانی دیکە بـە شیـوەیەکی سروشتی یا بەشیـوەیەکی ئیرسی، لەبەین دەچن. ویا یەکتر لەبەین دەبەن. ئەوە نازاندری بۆچی چۆنیەتێکی دیاری کراو، تەکامول پەیدا دەکات؟

وا وێدەچێت مرۆف و گیاندەبەرانی تری خاوەن سلول هـەموویان ڕاهاتوو لەخاڵی بەهێز و بێ هێزی سروشتی بن و هـەر بەو هۆیەش بگۆڕێن.

### گۆڕانی ئینسان.

ئەو ئینسانانەی کە ئیستا لە دونیادا دەژین و نزیکەی ٦ هـەزار نەژادیان هەیە، لە ماوەی ١٥٠ هـەزار ساڵ خۆیان گۆڕیـوە و بە پەلە بەرەو پێگەیشتن و تێگەیشتن هـەنگاویان هەڵێناوە. لـە دەورانی ژیانیشیاندا، بەئاسودەیی نەژیاون. بەڵکوو زۆر ڕەنجو ئازاریان کێشاوە و بەسەرهاتی بێ بـەختی و نەهاتیان دیـوە. لەسەر ئەوەشڕا خویان

---

5[5] لە قەدیمیش بە شیوەیەکێ بیر لە تەکامل کردراوە وەکێ لە شیعری ئەو شاعیرەی، کە گوتویەتی:

لکل شیئ أذا ماتم نقصان فلا بغرنك بطيب العيش أنسان. لەوشیعرەدا هەر شتێکێ بە پلەی تەواییت بگا بەرەو شکست دەڕوا و بەرەو دوا دەگەڕێتەوە و بەرەو ئەسڵەکەی دەچێتەوە. بەو جۆرە شینەوەر و گیاندەبەر و زۆر شتی دیکە دوای تواو بون، دەوەرێ دەمرن لەبەین دەچن و دەبنەوە خاکێ. کە وابو بۆ تەکامول پلەیەکی دیاری کراوی هەیە و لەو پلەیە زیاتر ناڕوا و بەرەو دواوە دەگەڕێتەوە. لە تەکامولی ژێنیتیکدا ژێنەکان بۆهەمیشە بەرەو تەکامول دەڕۆن. مەگەر لە بەیەین بچن.

٦[6] ئینسان لە هەوەڵی پەیدابوونی، لە چەند سلولێک پێک دێت،کە لە خاڵێکی نوکی پێنووس گەورەترنیە، دە هەوڵین سلول و هەموو سلولەکانی پاشەبەریشدا DNA کە چۆنیەتی مرۆف پێک دێنیت، هەیە. هەرمنداڵێک لە تێکەڵبوونی Zaad cel تۆوی باب و eicel تۆوی دایک دورست دەبێت. هەریەک لەو دوسلولە لە ٢٣ کرۆمۆزۆم پێک هاتوە واتە لەو دووسلولەی تێکەڵدەبن ونوتفکەی لی بەدی دێت ٤٦ کرۆمۆزۆم هەیە. ئەوکرۆمۆزۆمەانە DNA ی ئینسانەکان هەڵدەگرن و چۆنیەتی وان دەنوێنن.

ڕاگرتوە و لەگەڵ زەمان گونجاون. ڕێگای تەکاملیان پیـواوە و توانیـویانە خۆیان لەگەڵ ئاو و هەوا و سارد و سەرما، ڕابێنن و لەگەڵ چۆنیـەتی جێگای ژیانیان، خۆیان بگونجێنن. هـەروا زۆریان خۆ کوتاوە هەتا گەیشتۆنەتە ئەو کاتەی ئێستایان: کـە هەزاران ڕەسەنیان پێک هێناوە.

مێژووی ئینسان ئەوەنیشان دەدات: کـە زۆربەی زۆری مرۆڤەکانی قەدیم، بەهۆی کارەساتی ناخۆشی: نەخۆشی جور بەجور، لەبەین چوونە. بەتایبـەت زۆربەی منداڵە تازە لەدایک بووەکانیان بـە هۆی نەخۆشی و سارد و سەرما و برسیەتی مردونە. دیارە نەخۆشی بەهێزترین کارەساتی سروشتییە کە دژ بە مرۆڤ هاتۆتەدی و بۆتە هۆی مەرگ و مێرێکی زۆر و کورتی عومری خەڵکی قەدیم.

## هەڵبژاردنی جێگای ژیان

زۆر لەو ئینسانانەی ویستویانە جێگای ژیانیان هەڵبژێرن، جێگای گەرمیان هەڵبژاردوە، ئەگەر بۆ چەند مانگێک یا چەند حەوتویێکیش بووبێت. لەسەر ئەوەشڕا مرۆڤ توانیـویە، هـەم لە جێگای گەرم لەگەڵ گەرما ڕابێت و هـەم، لە جێگای سارد لەگەڵ سـەرما ڕابێت.

## مرۆڤ لـە دەورانی سـەهۆڵیدا.

بـە پێی ئاگاداری، لەدەورانی پێگەیشتنی مرۆڤدا زۆر دەورانی سەهۆڵی هاتوونەتە دی. کە ئاخیرین دەورانی سـەهۆڵی، لە ١٨ هەزار ساڵ لەوەپێش بووە. ئـەو دەورانە سەهۆڵیانەش کاری گەری زۆریان لەسەر گیاندەبەران هەبووە: زۆر لە گیاندەبەران لەنێو چوونە و زۆریان بێ سەرو شوێن بوونە. ماموت لە ئاسیا، لەو دەورانەسەهۆڵیانەدا لەنێو چووە و ڕەسەنیشی نەماوە. هـەروا مەیموونـەکانی ماداگاسکار(Lemur) یش لەبەین چوونە. زۆر جێگا لە شیمالی ئوروپا کەخەڵکیان لێ ژیاون، کەوتونەتە ژێر ئاو و سەهۆڵ. لەبەر ئەوەی ئەو ئاو و سەهۆڵانە تێکـەڵ بوونە و هـەوا سارد بووە و ئاوە ساردەکان نەبوونەتە هەڵم و هەور، باران نەباریـوە و زۆر بیابان و ئیشکارۆ پەیدا بوونە. هـەر بەو هۆیەش، بەشێکی زۆری ئەفریقا کە پێشێ ژیانی لێکراوە، بۆتە ئیشکارۆ و بی ئاوەدانی. بـەو جۆرەچۆنیـەتی زەوی گۆڕاوە و لە و ئیشکارۆیانە باتۆز و باهۆز و بارووبە پەیدابوونە. ئـەو تۆز و خاکە با هەڵگرتوانە خیزەڵێنیان پێک هێناوە. لەسەر ئەو کارەساتە نا لەبارانەشڕا و لەسەر ئەوەشڕا سارد و سەخڵـەتی زۆر زۆر بووە، ئینسان هـەر ژیاوە و ئەو دەورانە نا لە بارەشی تێپەڕاندوە و ماوەتەوە. ئینسانەکان لەو دەورانیدا زۆر بڵاو نەبوونەتەوە. لەو دوایانەدا کە پلەی گەرما ٧ دەرەجە چۆتە سەر، ئاڵوگۆڕ لە نێـو خەڵک زیاتر پەیدا بووە و زیاتر بڵاو بوونەتەوە.

هـەر جۆر بووبێت مرۆڤ زۆر باش توانیـویە و دەتوانیت خۆی لەگەڵ ئاو و هـەوا و گـەرما و سەرما ڕابێنێت. بۆ وێنـە ئیسکیمۆیەکان دەتوانن خۆیان لەگەڵ سـەرمای قوتبی ڕابێنن. عـەرەبەکان دەتوانن خۆیان لەگەڵ گەرمای عـەرەبستان بگونجێنن. ئـەو گونجان و ڕاهاتنە، شیـوەیەکە لە توانای بەرەو پێگەیشتن ڕۆیشتن.

مرۆڤ لە زۆربەی گیاندەبەران لە بەرابەر ناڕێکی هەوا و سارد و سەرمای نا ئاسا، خۆ ڕاگرتر بووە و باشتر خۆی لەگەڵ چۆنیـەتی جێ ژیانی ڕاهیناوە. نیندر تاڵرەکان ( ninderthalers ) کە وەک ئامۆزای مرۆڤی ئیستای ئوروپا بوونە، توانیـویانە چـەندین ساڵ لەو سەرمایەی ئوروپادا بژین. بـەڵام ئـەو نەسلە لەنێو چوونە و لەدواییدا نەسلێکی دیکـەی مودێرنتر بـە نێـوی کرومـەگنۆن Cro- magnon چوونەتە ئوروپا.

ئـەو نیندردالڕانـە وەک ئەو مرۆڤانەی قوتبی بەدەنیان گەورەتر و بەخۆوەتر و سەنگینتر بووە لە مرۆڤی دیکە

## گۆڕانی وەزن و قـەڵافـەت بـە پێی جێی ژیان.

چۆنیـەتی بەدەن بەپێی جێ ژیان جیاوازی دەبێت. ئیسکیموۆیی لە بەرابەر ئەندازەی قەڵافەتیان، بەدنیان سەنگینترە لە بەدەنی مرۆڤی دیکـەی بەقەڵافەتی وان. ئینسانی ئەفریقایی باریکتر و درێژتر و سووکترن، لەمرۆڤی دیکـەی وەکی وانی نە ئـەفریقایی. ئـەو یـەک نەبوونییە بە هۆی تایبەتمەندی و چۆنیـەتی خۆراگری بـەدەن و گونجان لەگەڵ جێ ژیان، پەیدا بووە.

زۆر خـەڵکی وا هەن لـە جێی گەرمەسێر دەژین، درێژ و کزن و باسک و ڕانی درێژیشیان هەیـە.

ئـەوانەی لەشیمال دەژین بەپێی عادەت سـەنگینتر دورست بوونە. بـەڵام بە هۆیەکی نادیار پیاوەکانیان بەهێز ترن لە ژنەکانیان. لـە زۆر جێگای دیش بەپێی عادەت ژنـەکان کورتـە باڵاترن لە پیاوەکان.

## ڕاگرتنی گـەرمای بـەدەن بـە پێی قـەڵافەت.

وا دیارە ئەوانەی کورتەباڵا و ئەستوورن باشتر دەتوانن گەرما لە لەشیاندا ڕاگرن. ئەوانـەی درێژن و باسک و لاقی درێژیان هـەیە، زووتر گـەرمای لەشیان بە هۆی باسک و لاقی درێژیان، کـەم دەبێتەوە. گیاندەبەری تری وەکو باڵندە و غەیری باڵندەش هـەر وەک ئینسانن و بەپێی چۆنیـەتی هەوا و جێگای ژیانیان فەرقیان هەیە.

هێندێک کەس باشتر دەتوانن، ئـەو گەرمایەی کە بە هۆی خوێن لە ڕێی ڕەگەکانەوە بۆ پشت و لاق و دەستیان دەچێت، ڕابگرن.

## جیاوازی پلەی گەرمای بەدەن.

ئەگەر کەسێکی ئوروپایی یا ئەفریقایی و یا ئاسیایی قامکی دەنێو سەهۆڵاودا ڕا بگرێت، پلەی گەرمای بەدەنی دیتەخوارێ. هەتا ئەوەی ئازار بە گۆشتی قامکیشی دەگات. بەڵام ئەگەر ئیسکیمۆییەک ئەوەی بکات کە ئوروپایی یا ئەفریقایەکە کردویە، قامکەکەی گەرم دەمێنێتەوە، بێ ئەوەی زەرەر بە گۆشتەکەی قامکی بگات. ئەوە نادیارە: کە ئەو خۆڕاگریەی گەرمای لەشی ئیسکیمۆییەکان چ کاریگەریەکی ژێنیان هەیە.

ئەو ئینسانانەی لە ئەتلانتیکی شیمالی دەژین، کە قەدیم ئوروپایی بوونە، بەزەحمەت تر لە ئیسکیمۆییەکان دەتوانن قامکیان یا دەستیان دە سەهۆڵاودا ڕابگرن و گەرمای قامکیان یا بەدەنیان ڕا بوەستێت.

ئوسترالیایی بوومی: (aborginal) شیوەیەکی تریان هەیە. ئوسترالیا کە ڕۆژی گەرمە و شەویشی ساردە، ئەوانەی لەوێ دەژین خوێنیان لێک نزیک دەبیتەوە و پلەی گەرمای لەشیان زۆر بەرەژێرتر دەبێت لە ئی ئوروپایەکان واتە ئەوانەی لەو شیوە هەوایەدا دەمێننەوە. لەسەر ئەوشرا، ئەو ئوسترالیایانە باشتر دەتوانن خۆ لەسەرما دا ڕابگرن و باشتر دەتوانن لە هەوای ئازاد دا بژین.

ئەو ئەفریقاییانەی سەری پڕ لە موویان هەیە، سەریان زۆرتر ئارەق دەکات و بەهۆی ئارەقە کردنەکەش، سەریان سارد دەبێتەوە.

خەڵکی خاوەر میانە کە کەپۆی درێژیان هەیە، دەتوانن باشتر تۆز و غوباری سەحڕا گەرمەسێرەکان ڕا بگرن و ئەو تۆز و غوبارانە نە گەنە سیپەلاکیان و نەخۆش نەبن.

ئەو کەسانەی لە گەرمەسێرەکان دا دەژین ڕەنگی پێستی لەشیان تاریکترە لەوانەی لە جێگای سارد دا دەژین.

## بۆچی ڕەنگی ئینسانەکان فەرقیان هەیە؟

زۆر تئۆری و باسی جیا جیا هەنە، کە بۆچی مرۆڤ ڕەنگی پێستی لەشیان وەک یەک نین. شایەد بەهۆی چۆنیەتی ژینگە و ئاو و هەوا، ڕەنگی پێستی لەش بگۆڕێت و یا لە درێژایی زەمان ڕەنگەکان گۆڕاون. هێندێکیش دەڵێن لە هەوەڵەوە مرۆڤەکان لە ڕەسەنی لێک جیا پەیدا بوونە. ئەو بیرو ڕایەی دوایە زۆر ناکۆکی و بەسەرهاتی دڵ تەزێنی بەدوادا هاتووە و کەم زانایان ئەوەیان پەسند کردوە. ئەو تیۆریەی لێک جیایی ڕەسەنەکان و خۆ بە گەورەتر و شایستەتر زانی هێندێک ڕەسەن لەسەر ئەوانی تر، تۆوی شەڕ و کوشتوکوشتارێکی زۆری لە جیهاندا بۆ ئینسان وەدی هێناوە. کە شەڕی دووەمی جیهانی لە لایەن هیتلەری ئاڵمانی، نموونەیەکە بۆ ئەو نەژاد پەرستی و نەژادی خۆ، بە زیاتر زانییەی ئاڵمانی نازی، کە بوو بە هۆی لەبەین چوونی بە میلیۆنان لە خەڵکی دونیا لەو

شەڕەدا. کە تەنها لە یەهودییەکان نزیکەی ٦ میلیۆن کوژران یا دە کورەی ئادەم سوتێنی ڕێژیمی ئاڵماندا سوتێندران.

شەڕی ڕێژیمەکانی داگیرکەر بە دژی گەلی کورد و ئینکار کردنی مافی کورد لەسەر نیشتمانە چەندین هەزار ساڵەکەی خۆی: کوردستانیش، نموونەیەکی دیکەی ئاشکرای ئەو نەژاد پەرستییەی داگیرکەرانە. داگیرکەران بە درێژایی داگیر کردنی کوردستان، بۆ تواندنەوەی نەژادی کورد، کۆششیان کردوە و هەرچی لە دەستیان هاتووە بە دژی ئەو گەلە کردویانە. لە گرتن و دەر کردن و کۆچ و کۆچباری بە ئیجباری و سوتمان و وێرانکاری و کوشتاری بە کۆمەڵی گەلی کورد، دەستیان نە گێڕاوەتەوە و ژیانی ئینسانی و مافی یەکسانیان پێ ڕەوا نەدیوە. ئەوەش نەژاد پەرستییەکی خۆیایە و جینوسایدێکی نا ڕەوایە و نا ئینسانیەت و بێ شارستانیەتیەکی ئاشکرایە و لەگڵ پێشکەوتن ڕاست نایا.

داگیرکەرانی کوردستان دواکەوتوترینی گەلانی جیهانن، کە بێجگە لە داگیرکەری و چەوساندنەوەی گەلانی تر، چیدیکەیان بەدڵدا نایە و مافی ئینسانیان لەلا، بێ بەهایە.

(ڕۆبرت چامبر(Robert chamber) کە ١٥ ساڵ پێش داروین ژیاوە، گوتویەتی: نەژادی نیجەری ، مالازیایی ، ئەمریکایی ، مەغولی و قەوقازی هەنە، کە بەنێوبانگترین و ناسیاوترین چۆنیەت لەوانە لە فازی دیاری تەکامول دا، چۆنیەتی قەوقازییە، بەڵام (مەغوولەکان شیرەخۆرەی پاشەبەرن. ) دیارە تورک و مەغوولی لە بنەڕەتڕا لە یەک ڕەگەزن و زمانی تورک و مەغوولیش زمانی فامیلی ئالتاییە.

### ساخی و ساخلەمی و نەخۆشی وسەخلەتیمرۆڤ.

ئەو کەسانەی بەدەنیان سپیە و بەرووتی لەبەر تاو دادەنیشن، زۆر تر سەرەتانی پێستی دەگرن لەوانەی بەدەنیان وا سپی نیە. سەرەتان لە مرۆڤەکانی قەدیمیشدا هەر هەبووە و ژێنی ئەو مرۆڤانەی قەدیمە، کە چۆنیەتێکی وەکی خۆیان بەئیرس داوە بە مرۆفەکانی پاشەبەریان.

هەروا کەمبوونی ڤیتامینەکانیش کاریگەری زۆریان هەبووە لەسەر لەش ناساخی مرۆڤەکانی قەدیم. زۆر لە نەخۆشی قەدیمییەکانیش، لەبەر کەمبوونی ڤیتامینەکان بە هۆی کەمبوونی خواردەمەنی ڤیتامیندار، پەیدا بوونە.

تاو ئەگەر چی بۆ ئەو کەسانەی بەرووتی لەبەری ڕادەوەستن یا دادەنیشن دەکرێ زەرەری سەرەتانی پێستیشی هەبێت، بەڵام بۆ بەدەن کەڵکیشی هەیە. ئەوانەی کەمیشیان تاو وێبکەوێت، نزیکن لەوەی تووشی هێندێک نەخۆشیانیش ببن. ئەو منداڵانەی ڤیتامین (D) یان نەبێت، توشی قاچ باریکی و گۆڕانی فۆرم یا نەخۆشی تر

دەبن. ڤیتامین D بـە هۆی نووری ماوەڕای بنـەوش لە پێستدا دوروست دەبێت. منداڵێکی سپی پێست کەچـەند کات ژمێر لەبەر تاو بێت، ڤیتامین D ی تەواو بۆ لەش، وەردەگرێت و دەکرێ ئەوە ببێتە هۆی بەرگری لەو نەخۆشیانەی لە نەبوونی ڤیتامین D پـەیدا دەبن. ڤیتامین D دە شیریشدا هـەیە.

ئـەگەر بەهۆیەک پلـەی گەرمای بەدەن لە پلـەی گەرمای پێـویست بۆ لەش زیاتر بێت، ترسی مردن بۆ ئینسان زیاتر دەبێت. شۆکی گـەرما لە سلولـەکاندا دەبێتە هـەرەشە لەسەر ژینی مرۆڤ. بـەڵام ئەوە نادیارە جیایی شۆکی گەرما لە سلولـەکانی مرۆڤی سپی پێست و ڕەش پێست دا چۆنە و چەندە؟

لـە دەورانی تەکامولی بابو باپیرانی کۆنی ئێمـەدا، گەورەترین سـەخڵەتی لەڕێی درێژەدان بەژیان، نەخۆشی بووە. زۆربەی خەڵکی قەدیم بەهۆی نەخۆشیە جۆربەجۆرەکان مردون. زۆر جاری وا هەبووە نەخۆشیـەکی وا: کە گرتنەوەی بووبێت، ڕەسەنێکی گەورەی بنەبڕ کردوە. یا بە هۆی خواردنی وا: کـە نەخۆشی پێـوە بووبێت، زۆریان لەنێو چوونە، بـەڵام هەر جوور بووبێت لە لایەک یا لە جێگایەک یا لە دەستەیەک یا ڕەسەنێک، دور لە نەخۆشیەکان ماونەتەوە و ڕەسەنی خۆیان بەهێز کردوە و بەرەو پێش بردوە و ڕەسەن و ڕەگەزی تریان بەدوا دا هاتوون.

لـەساڵی ١٥٠٠ هەتا ١٦٠٠ ی زاینی بە میلیـۆن خـەڵکی میکزیکۆ بەهۆی نەخۆشی لەنێو چوونە و زۆر فامیل بەتەواوی ڕەگەز کوێر بوونەتەوە. لـە ئینگلیستان بە ساڵان مەرگو میری لە ژومارەبەدەر درێژەی هەبووە. لـە زۆر وڵاتی تریش، مردنی بەکۆمەڵ بە هۆی نەخۆشیە گرتنەوەدارەکانی وەک وەبا و نەخۆشی تر، هـەبووە. لـە قـەدیم نەخۆشی شوێنـەواری ناباشی، زۆر لە ئێستا زیاتر بووە! چونکە داوو دەرمان و ئامرازی پێـویست بۆ چارەسەر کردنی نەخۆشیەکان یا نەبووە یا وا نەبوونە کاریگـەری وەک ئێستایان بووبێت. بێجگەلەوەش بەهۆی نەبوونی ئامێری مودێرنی وەکو ئێستا، ناسینی نەخۆشیەکان نامومکین بوونە.

لـە بریتانیا ١ لـە ٢٥٠ لە منداڵـەکانیان بەنەخۆشی بەوەلەد دەبن. شایەد یەکێک لە دایک و بابیان کۆپی ئەو نەخۆشیەیان بەئیرس وەرگرتبێت. لـە ئۆهایـوohio یـەک لـە ٦٠٠ منداڵ بەنەخۆشی بەوەلەد دەبێت. ئـەوە نادیارە بۆچی لەهێندێک جێیان نـەخۆشی زۆرتر پەیدا دەبێت.

لـە ئورووپای ڕۆژئاوا نـەخۆشی ئیرسی بەهۆی تێست لە زۆر کـەس دیاری دەکرێت. هـەروا لەئورووپا ژینـەکانی ئاسیب دیتوش دەکرێن کەشف بکـرێن.

## مرۆڤ لـە باری دەرک و هۆشـەوە.

جیاوازی لەبەینی ڕەسەنەکان لە باری هۆش و زانستیش باسی لەسـەر کراوە. بـەڵام وێناچی ئەوە ڕاست بێت. چونکـە لە فامیلیشدا فـەرق و جیایی هـەست دەکرێت. وا ش وێدەچێ هـەموو مرۆڤێک لەو بارەوە بە شیـوەیەک لەگەڵ یەکتر فـەرقیان هـەبێت. چونکە فریکانس و چۆنیەتی مێشکی هەر کەسێک لە گەڵ کەسێکی‌تر جیایە.

به کورتی بەهۆش و بێهۆش و زۆرزان و کەم زان، لەهەر ڕەسەنێکدا هەن. بە پێی ئەوەی گوترا، وا وێدەچیت نە کەم هۆشی مرۆڤێک ببێتە هۆ لەسەر کەم هۆشی ڕەسەنەکەی خۆی. نە بە هۆشی باشی ببێتە بەڵگە لەسەر بەهۆشی باشی ڕەسەنەکەی. بەڵام هێندێک پێیان وایە ڕەسەنەکان فەرقیان هەیە. بۆ وێنە ئەوانەی ڕەش پێستن بە پێی تێست لەسەر دەرک و هۆشیان، داندراون بەوەی: هۆشیان کەم ترە لە وانەی سپی پێستن. جا بە پێی ئەوەی زرنگی لە ژێنەوە منداڵ وەری دەگرێت و نەسل بەنەسل دەروا، دەبێ لە ڕەش پێستەکانیش کەم هۆشی ئیرسی بێت.

هەستی ئەو جیاوازییەی نێوان ڕەسەنەکان، بۆتە هۆی ئەوەی ڕەش پێستەکان لە ئەمریکا، مافی یەکسانیان لەگەڵ سپی پێستەکان نەبێت. ڕەش پێستەکان کاری گرنگیان پێ ناسپێردرێت. کەمتریان کار دەدرێتێ و مزدی کاریشیان کەمتر لە مزدی کاری سپی پێستەکان، دەدرێتێ. پوڵی مەدرەسە و خوێندنیشیان نادرێتێ. شایەد ئەو فەرقەی لە تێستی شارەزایان لەسەر ڕەش پێست و سپی پێستان وەدەر کەوتوە، فەرقێکی ژێنیتیکی نەبێت و توێژینەوە بە هەڵکەوت لەسەر چەند کەسی کەم هۆش ئەنجام درابێت. دەشکری کەم هۆشی بە هۆی فەقیری و هەژاری و یا بە هۆی نەبوونی ئەو شتانە بێت: کە خواردنیان بۆ ڕاگرتنی هۆش پێویستە. ئەو فەرق و جیاییە دەشکرێ هۆی ڕەوانیشی هەبێت. چونکەڕەش پێستەکان بە هۆی ئەو نا یەکسانیە، هەمیشە لە ڕەنجو ئازار دانە و هەستی نا یەکسانیش لە باری ڕەوانی شایەد کەمزانی وەبار هێنابێت.

## موشکیلی ڕەوانی.(دەروونی . رووحی) psychical

موشکیلی ڕەوانی نەک هەر هۆش کەم دەکاتەوە و بەس، بەڵکوو زۆر جاریش دەبێتە هۆی نەخۆشی جورە و جوریش. وەک تورەیی و بێ حەوسەلەیی و هاتنەسەری پلەی فشاری خوێن، کە دەبێتە هۆی وەستانی دڵ یا نارێکی کاری دڵ. ناڕەحەتی ڕەوانی، وا هەیە زۆر نەخۆشی نادیاریشی لێ پەیدا ببێت.

## دژکردەوەی سلولەکان.

خەڵکی دەورو بەری دەریای مودیترانە و خاوەرمیانە وا داندراون: کە کارامەیی لەریاکسی و دژکردەوەی سلولەکانی لەشیان کەمترە لە خەڵکەکانی تر. ئەوەش ئیمکانی ژیانی زۆر و مانی مرۆڤ کەم دەکاتەوە. ئەگەر سلولەکان دژکردەوە و ریاکسۆنیان کەم بێت، کاتێک پاڕازیتێک بێتە نێو سلولەکانی لەشی مرۆڤ، هێرش کەر و سلولەکە هەردوکیان دەمرن.. شایەد ئەو بیرو ڕایەش: کە خەڵکی دەورو بەری دەریای مودیترانە ڕیاکسۆنی سلولەکانیان کەمترە، ڕاست نەبێت چونکە توێژینەوە لەسەر خەڵکێکی وا زۆر بە توێژینەوە لەسەر چەند کەسێک، ئەوە ڕاست ناکاتەوە: کە هەموویان ئاوا بن.

## مرۆڤ لە باری ڕەوان ناسیPsichologie

بۆ ئـەوەی بزاندرێ مرۆڤێک لەباری ڕەوانییەوە (دەروونییەوە) ئاسایی و نۆرماڵـە، پێـویستە لەپێشدا حیساب لەسەر فەرهەنگ و داب و نەریتەکەی بکرێت. چونکە دەکرێ خوو و ڕەوشتێکی کـە ئێمە لە کەسێکی، بـە نا ئاسایی دەبینین، بەپێی داب و نەریتی وی ئاسایی بیت. ئـەگەر هاتوو ئەو ڕەوشتە وەک بەکولتوری ئێمە نا ئاساییـە بەکولتوری نەژادەکەی ویش نا ئاسایی بیت، ئـەو دەم دەکرێ لەسەر ئەو کەسە، حیسابی چۆنیـەتێکی ڕەوانی بکرێت.

لەبەر ئەوەی: زۆربەی کارەکانی بەدەن لە لایەن مێشکەوە بەڕێوەبەری دەکرێن، ئەگەر نا ڕێکییەک لە بەشی فەرماندەری مێشک پەیدا ببێت، لە توانایی لەش بۆ ئەنجامدانی کارێک یا چەند کارێک کەم دەبیتەوە. نا ڕێکی مێشک دەبێتە هۆی شێتی یا فەلەجی و زۆر نەخۆشی تر.

(ئـەریستوتیلیس کوتویەتی، ڕەوان (ڕووح) بـەشێکە لە لەش و فەرمان و لێخوڕینی لەش ئەنجام دەدات و ڤۆرمێک لە هەستی ئورگانیسمی بەدەن پەیدا دەکات و زۆربەی ئاگاداریەکانیش لە ڕێگای کەرستـەی ئاگاداری وەکو چاو و هەستگایەکانی تر، وەر دەگیرێن.)

بـە پێی زانست لەسەر ئینسان لە باری خوو و ڕەوشتەوە، دەتواندرێ هێندێک لە خوو و ڕەوشتی جانەوەرانیش بزاندرێن. لەبەر ئەوەی زنجیرەی مێشکی جانەوەرانیش وە ئی ئینسان دەچێت.

## مـەزهـەب لـە باری ڕەوانییـەوە.

زۆر زانایان پێیان وایە باوەڕ لەباری ڕەوانیشـەوە ڕۆڵێکی گرنگی لەسـەر ژیان و خۆڕاگری ئینسان دا هەیە. مەزهەب بـە پێی باوەڕی باوەڕمەندەکان، پەردە لەسەر تاریکای هەمیشەیی دوای مەرگ لادەبا و مرۆڤ بە فازی دووهەمی ژیان: ژیانەوەی دوای مردن، هیـوا دار دەکات. هـەروا ڕۆڵێکی هەرە مەزنیشی لە ڕێی لابردنی ترس و ناهومێدی و بەسەرهاتەکانیتری ژیانیشدا هـەیە.

بـە بیرو باوەڕی مەزهەبی، مرۆڤ کارتی شانس و بەختی لـەسـەر دەستیەتی بۆ هەڵبژاردنی بێ بـەختی یا خۆشبەختی هەمیشـەیی.

نەژاد ناس: نووسـەری بریتانیایی لێهستانی نیژاد برۆنیسلاو مالینکوسکی (Bronislaw Malinkowskie) ئینسانی بە لەنێو نەچوو زانیـوە و بوونیشی هـەر لە خودا زانیـوە و گوتویەتی مەزهەب مرۆڤ بە مان هیـوا دار دەکات و هۆیەکیشە، بۆ پەیـوەندی گرتن لە بەینی ئینسانەکان.

## كاریگەری ئەفسانە لەسەر مرۆڤ.

دوو فیلۆسۆفی یونانی پلاتۆ و ئەریستو تیلیس پێیان وا بوو، هێزی وێنە و تەسەوری میتیکی : ئەفسانەیی کەمتری کاری گەری هەیە، لە فکر و بیری لۆجیکی و مەنتیقی. ( قسە کردن بەدەلیل )

ڕەوان ناسان دەیانەوێ بزانن کێهە لەو دوانە : ئەفسانە یا مەنتیق، ڕۆڵی گرنگتری هەیە لە بیرو فکردا. ڕەوان ناسان پێیان وایە ئەفسانە و داستانی قەدیمییەکان لە فەرهەنگی زۆربەی مرۆڤەکاندا زیاترن.

کاتێک مرۆڤ ڕەنجو سەختییەکانی زیاتر بیت، ئەفسانەش لە مرۆڤدا بە هێزتر دەبێت. ئەفسانە لە ڕابردوودا بۆ بەهێز کردنی مرۆڤ و خۆڕاگری لە بەرابەر بەسەرهاتی ناخۆش، کاریگەری زۆری هەبووە. بەڵام لە دەورانی زانست و تیکنۆلۆژی پێشکەوتوی ئیستا، زۆری باو نەماوە. ئەگەرچی ئێستاش هێندێک لەو ئەفسانانە لە کولتووری زۆر گەلاندا هەرماون، بێ ئەوەی مانایەکی ڕاستیشیان هەبێت.

## ئایا مرۆڤ هەمیشە پێکەوە شەڕی کردوە.

بەپێی سروشت شەڕ کردن لەگەڵ یەکتر، خوویەکی هەمیشەیی ئینسانی بووە و هەر هەبووە. بەڵام زۆر زانیان پێیان وایە شەڕ دوای ئاوەدانی و کشتوکاڵ و خۆ کردن بە خاوەن مڵکو ماڵ پەیدا بووە. لە دەورانی بەهێز بوونی دەرەبەگی و فئۆدالیدا، زیاتریش بووە. هێندێک زانیان پێیان وایە: شەڕ نەخشەی شومی، مرۆڤی شەڕکەرە، بۆ دزی و تاڵان و داگیرکەری و زوڵم و زۆرداری.

هۆی زۆربەی شەڕەکانیش بێ باوەڕیە لەگەڵ یەکتر: واتە بە هۆی بێ باوەڕی ناتوانن یەکتر قبووڵ بکەن. وا هەیە ڕفتاری شەڕ خوازانەش دەبێتە هۆی شەڕ.

لە ڕابردودا بە هۆی جیاوازی زمان، جیاوازی ڕەسەنیش پەیدا بووە. ئەو جیاوازیە بۆتە هۆی لێک جیا بوونەوەی خەڵکەکان. هەر ڕەسەنەی ئەوی تری بە نا شایستە و وەحشی و بەربەری داناوە. لە ئاکامدا شەڕیان لەبەیندا پەیدابووە.

جاری وا هەیە شەڕ و تێک هەڵچوون، بەو هەستەش پەیدا دەبن: کـە ئەگەر گەلێک یا ڕەسەنێک شەڕ نەکات، وەدوا دەکەوێت یا لەبەین دەچێت. بۆ وێنـە خۆ بواردنی کوردان لـە شەڕ و سەر هەڵدان بێ بوونی سـەربـەخۆیی و مافی یـەکسان، دەبێتە هۆی لەبەین چوون و توانەوە و نـەمانی وان. گـەلی کورد بۆ وەدی هێنانی ژیانی بـە یـەکسانی و وەدەست هێنانی ئازادی و مافی ئینسانی، ناچارە بە دژی داگیرکەرانی نیشتمانەکەی شـەڕ بکات. کورد ئـەگەر لە بەرابەر تـەنگَ نەزەری و بـەشنەدەری داگیرکەرانی کوردستان شـەر نەکات، دەتویتـەوە. ئـەگەر جوابی داوای مافی ڕەوای کورد داغ بێت، چارنیە کوردیش بۆ شـەڕ دەبێ، لە شاخ بێت.

زۆربەی شەڕەکان  لەبەینی جیرانەکاندا پـەیدا دەبن. ئـەو خـەڵکانەی لە کەناری یەکتر دەژین، زیاتر لەگەڵ یـەکتر ڕووبەڕوو دەبن و زیاتریش شەڕیان لە بەیندا پەیدا دەبێت.

## هۆی یەک نەگری و لە یەکتر نەبووری مرۆڤ.

نایەکسانی **ئابووری** و لێک جیایی **ئاینیش** ٢ هۆی گەورەی ڕێگای یێک نەگری و لە یەکتر نە بووری و شەڕ و دەرگیری مرۆڤن، کە دەبنە هۆی تێک چوون و تێک هەڵچوونی چەند کەس و کەسان یا هۆز و عەشیرەتان یا چەند دەوڵەت و زل هێزانی جیهان.

### ١ گیر و گرفتی ئابووری

بە پێی سروشت، گشت گیانداریێک بۆ وەدەست هێنانی بژیوەی ژیان کۆشش دەکات و بۆدرێژە بە مان، ڕوو لە هەر ڕێگا و هەر جێگا دەکات. بەڵام ئەو هەوڵ و تەقەلایە هەتا ئەو کاتە ئەرزش و قازانجی مرۆڤی  تێدایە، کە نەگاتە پلەی کوشتن یا کوژران بۆ ژیان.

دیارە: ژیانی باشی مرۆڤ بە نەبوونی هەژارییەوە گرێدراوە و بە بوژانەوەی ئابوورییەوە بەستراوە. لەسەر ئەوشرا ! دەست بەسەردا گرتن و تالان کردن و داگیر کردنی ماڵی خەڵک، گریی بە جێی: ڕێی گیر و گرفتەکانی ئابووری مرۆڤ ناکەنەوە و گیروگرفتەکان بەو جوورە چارە نا کرێن. ئەگەر بە هەڵکەوت بەو جوورەش چارە بکرێن، ئەو چارە کردنە کاتییە و دژی یاسای ئینسانیە و دەبێتە هۆی دژواری ڕێگای ژیان و هەژاری و نەداری  وەدی دێنێت.

ئەگەر داگیرکەران بە زەبری تیر و شیر و مودێرنترین چەکی دەوران، بە ساڵان لە کوردستان خۆیان ڕاگرتوە و دەستیان بەسەر سەروەت و سامانی کوراداندا داگرتوە و خۆیان کردۆتە خان و خاوەن نیشتمانی کوردان، ئەوەندەی لە کوردستانیان قازانج کردوە، بۆ شەڕ لە دژی کوردانیان دەکار کردوە. ئەگەر لە کورستان زۆریش کوشت و بڕ  کراوە، زەرەر وزیانی زۆر، بە وانیش براوە. ئەگەر لە ماوەی دەسەڵاتی داگیر کەران بە میلیۆنان لە کوردان کوژراون، خۆشیان بە هێمنی و ئارامی نە ژیاون.

## زەرەر و زیانی شەڕ.

جەنگ مەیدانی ژیانی بە ئاسانی تەنگ دەکات و تەنها ئێش و ئۆف بۆ مرۆڤ وەبار دێنیت و بەس. جەنگ نەسوودی بۆ شەڕکەر هەیە و نە بۆ کەس. شەڕ هەنگاوێکە بەرەو بێبەختی یا مەرگی لایەنێک یا چەند لایەن.

هەڵبژاردنی ڕێگای شەڕ، بێجگە لەوەی نا ئەخلاقیە و دژ بە یاسای دورستی ئینسانیە، دەرمانی دژواریەکانی ژیانیش نیە.

## چارەی دژواریەکان

بۆ چارەی گیرو گرفتەکانی ژیان، زۆر ڕا و بیر و بۆچوونی لێک جیا هەن. زەرەدەشت پێغەمبەر، چارەی دژواریەکانی ئابووری لە کار و کۆشش و ژیانی بە یەکسانیدا دیوە. بەو هۆیەش بووە، خەڵکی بۆ کارکردن هانداوە و دژی خاوەن مڵک و کۆیلەتی ڕاوەستاوە. زەردەشت گوتویەتی مرۆڤ لە حاڵی بەرەبەرەکانی لەگەڵ دژبەرەرەکاندایە و دەبێ دژ بە بێکاری، کار بکات و دژ بە چەوساندنەوە و کۆیلەتی، ڕابوەستیت. هەروا گوتویەتی ئەگەر مرۆڤ لەو ڕێگایەوە کۆشش بکات سەر دەکەویت.

ئەوە ڕاستە ئەگەر هەموومان کار بکەین و کەس، کەسێکی‌تر نەچەوسێنیتەوە و دەستی یارمەتی بۆلای یەکتر درێژ بکەین، دژواریەکانی ژیان نامێنن و خەڵک دەتوانن بە هێمنی بژین.

لێنین لاچوونی دژواری ئابووری، لە دەسەڵاتی خەڵک بەدەستی خەڵک و نەمانی سیستمی سەرمایەداریدا دیوە و تئۆری کمونیستی بە تەنها چارەی دژواریەکانی ئابووری مرۆڤ زانیوە.

لە ئایینی ئیسلامدا، سەروەت و سامان بۆ هەموو کەس بە ڕەوا زاندراوە، بەڵام بە خاوەن سەروەت ئەمر کراوە: یارمەتی فەقیر و هەژار بکات و لە سەروەتی خۆی سەدەقە و زەکات بدات. هەتا بەو هۆیە هەژاری ببڕێتەوە و نەداری نەمێنیتەوە.

### ۲ ناکۆکی ئایینی

بارەوڕی ئایینیش یەکێکە لە وانەی : دەبێتە هۆی ناکۆکی و دووبەرەکی و شەڕ و نێوان ناخۆشی بەینی مرۆڤەکان. هەر خاوەن ئایینێک تەنها ئایینی خۆی پێ ڕاست و ڕەوایە و ئایینەکانی‌تری پێ نادورست و نا ڕەوایە. بەو هۆیە تێک هەڵچوونی نا جوان و شەڕ و لێکدان دورست دەبن.

دیارە ئایین قازانجیشی هەیە. ئایین، مرۆڤ لە زۆر بێ بەندوباری و کرداری دزێو دەگێڕیتەوە. هەروا دەشبێتە هۆی یەکیەتی و یەکگری و هاوکاری کردنی یەکتریش.

بیر وباوەڕی ئایینی بێجگە لە یەکگری لە بەرابەر بەڵا و بەسەرهاتی نا خۆش و نا ڕەوا، هێزی سەبر و خۆ ڕاگریش دەداتە مرۆڤ و بیری پەیڕەوی لە فەرمانی یەزدان، باوەرمەندان بە بەهەشتی دوای جیهان، هیوادار دەکات. ئەوەش شیوەیەکە لە توانای بەرگری یا خۆڕاگری مرۆڤ، لەبەرابەر گیروگرفتەکانی جیهان یا دەرد و ئێشەکانی دەورانی ژیان و ڕامان لە مەرگ و نەمان.

کاتێک مرۆڤ بیردەکاتەوە: ئاسوی ژیان بەرەو نەمان دەڕوا و ڕۆژی ڕوونی بوون بەرەو وون بوون دەچێت و هێندەی نەماوە ئەو چرایەی ژیان کە بۆی هەڵکراوە، بگوژێتەوە. ئەو بوونە کاتییەی هەیەتی، ببڕێتەوە و شوێنەواری لە جیهاندا بسترێتەوە، دژواریەکانی ژیان و بیری مەرگ و نەمان، ئێشەکانی دەورانی جیهانی، چەند قات و چەند پات دەکەن. بەڵام بە هیوای زیندوو بوونەوەی دوای جیهان، هێندێک دەبووژێتەوە و برێک لە ئێشەکانی کەم دەبێتەوە.

## مەترسی بیر و ڕای ئایینی

ئەگەر هەرکەسە ئایینی خۆی دە دڵیخۆیدا ڕاگریت و نەیەوێ بەسەر خەڵکی دیکەدا دایسەپێنیت و زێدە ڕۆیی تێدا نەکات، گیروگرفتی بۆ خەڵکیش نابێت و باشە. بە پێچەوانەوە ئەگەر کەسێک بخوازێت ئایینی خۆی بە زۆر بەسەر لایەنی تردا دا بسەپێنیت، ئەو کات هێمنی ئەو لایەنانە دە مەترسی دەکەویت و نزیکە زۆر کارەساتی دڵ تەزێن، ڕوو بدەن.

لە ناکۆکی ئایینیدا مەترسی زیاترە، چونکە بەندی کوناح و پارێزگاری دەپسێت و دژکردەوە لەبەرابەر لایەنیتردا، نەک هەر ڕەوایە و حەڵاڵە و بەس، بەڵکوو بە پێویست و واجبی خوداییش دەزاندرێت. ڕەوایی جیهاد و کوشتنی کافرانیش، لەو هەستەیەوە سەرچاوە دەگرن.

کەسێک ئایینی خۆی لە خۆی و لە ماڵ و منداڵیشی خۆشتر دەوێ و خۆی و هەموو کەسی خۆی بۆ فیدا دەکات، ئەگەر لەگەڵ باوەڕمەندیکی دژ بە خۆی شەر بکات؟ دەبێ چ ڕووبدات؟ بێشک دژواری و گرفتاری و بەس.

دیارە کەم کەس هەیە بە شیوەیەک پارێزگاری لە بیروباوەڕەکەی نەکات. ئەگەر داکۆکیش کرا، نزیکە ناکۆکی و هەرا بێتە ئارا.

لە ئایینی ئیسلامدا حەزرەتی محەممەد بە دوایین پێغەمبەر دەزاندرێت و ئاینی ئەوانی تر بە هاتنی ئیسلام بە هەڵوەشاوەوە دەژمێردرێن. لە ئایینی مەسیحدا حەزرەتی عیسا بە کوڕی خودا و تاقە ئایینی ڕاست و ڕەوا حیساب دەکرێت و ئەوانی تر بە ناڕەوا و بەتاڵ دەزاندرێن. یەهوودی و بوودایی و هەموو ئایینەکانی تر هەر بەو شیوەنە. دیارە هەموویان بە ڕای خۆیان دەلیلی ڕاست و دورستیان بۆ دورستی ئایینەکانیان هەیە. بەڵام کێهە لەو ئایینانە

سەد لەسەد راستە و ئەوانی تر نا ڕەوا و ناڕاستن؟. کێهە لەو ئایینانە دەبێ هەموو خەڵکی جیهان! پەیڕەوی هەر لەوی بکات و ئەوانیدی تەرک بکات؟

شایەد هەریەک لەو ئایینانە، دورست بێت و ئەوانیتر نا دورست و نا ڕاست بن. جا ئەو ڕاستە کێهەیانە؟ ئایا هەر ئایینی من ڕاستە و تەنها ئەمن دەچمە بەهەشت و خاوەن ئایینەکانیتر، هەموویان کافرن و دەچنە جەهەنەم. ئایا ئەوانەی پێیان وایە تەنها ئایینی وان دورستە و ئایینەکانیتر هەموویان چەوتن و نازانن ئەوان خۆیان بە غەڵەت چوونە، یەزدانی عادڵ و مێهرەبان سزایان دەدات؟ ئایا زانایان و شارەزایانی ئایینی جیهان ساخ بونەتەوە لەسەر دورست ترین ئایین، بەجۆرێک: کەهەموو ئایینییەکانی جیهان تەنها ئەوی بپەرستن و ئەوی بپارێزن.

بە ڕاست و دورست زانینی یەک لایەنەش، ڕاستی حەقیقی نایەنیتە دی. ئەو کاتەی ئەتو دەزانی بیر وباوەڕی تو ڕاستە، کە بیر وباوەڕی لایەنە (خۆکوتەنی) ناڕاستەکانیش بزانی و بێ لایەنانە لەگەڵ یەکتر هەڵیان بسەنگێنی. زۆربەی ئایینییەکان، ئایینەکانی غەیری خۆیان پێ ناڕاستە بێ ئەوەی لێیان حاڵی بن. زۆربەی ئایینییەکانیش دەیانەوێ خەڵکی تر بێنە سەر ئایینی وان، کە ئەوەش بێ شەڕوهەڵا دوایی پێنایات.

## چارەی ناکۆکی ئایینی

خودای مەزن لە قورئانی پیرۆزدا چارەی ناکۆکییەکانی ئایینی لە ئازادی بیر و بڕوا دا دیوە و فەرموویەتی: ئەی محەممەد بەو کەسانەی باوەڕ بە ئایینەکەی تو ناکەن بڵێ: نە ئەمن دینی ئێوە دەپەرستم و نە ئێوەش دینی من دەپەرستن. دینی خۆتان بۆ خۆتان و دینی خۆشم بۆ خۆم. دیارە ئەوە باشترین ڕێگای چارەسەری ناکۆکییەکانی ئایینییە. بەداخەوە هەتا ئێستا لە نێو ئایینەکاندا ئەو ڕاستییەی ئازادی بیروباوەڕ، وەبەر چاو نەخراوە و لەو ڕێیە پەیڕەوی نەکراوە. هەتا ئەوەی: ڕێبەرانی ئیسلامیش پەیڕەویان لێ نەکردوە و زۆرجار دژ بە خەڵکەکانی تر یا بە ئایینەکانیتر یا دژ بە کەمییەتەکانیتر، کەڵکیان لە چەکی بیر وباوەڕی ئایینی وەرگرتوە. زۆر کوشتاری بە نا هەق و قەتلی عامیان بە نێوی ئیسلام لە خاوەن ئایینەکان و کەمایەتییەکان و قەومەکانیتر، کردوە.

## ئایا کوشتن یا خۆ بە کوژدان خزمەت بە ئایینەکان دەکات؟

وەک گوترا: ئەوەی گیان و ماڵ و هەست و نیستی لە پێناوی ئایینداا بەخت دەکات، ئامادە نییە وا بە سادە بیرو ڕای خۆی لە دەست بدات و بەربرەکانی نەکات. ئەگر بەربەرەکانیش کرا، ئێش و ئازار، کوشتن یا کوژران لە ئارا دایە. ئەگەر بیگوژی نە ئایینێک و نەکەسێکی ترت هێناوەتە سەر دینەکەی خۆت. ئەگەر هاتوو لەوڕێیەوە کوژرای ئەوە لەبەین چووی و ئاواتەکەشت نەهاتە دی. دوریش نییە دوژمنی ئەوڕو، دۆستی سبەی بێت.

هەر جۆر بێت ئەو شیوە بەربەرەکانییە خزمەت بە ئایین ناکات. تەنها ڕێگای خزمەت بە بیر و بروا و ئایین، ئەوەیە: بە قسە دەگەڵ یەکتر کردن و بە دەلیل یەکتر قانع کردن، لەگەڵ یەکتر بگونجێن. ئەگەر نا، ئەوە گیر وگرفت دێتەدی و هیچی تر. برێک بگەڕێنەوە بو قەدیم و ئاڵوگۆڕی شەڕەکانی ئێستا و قەدیم هەڵ سەنگێنین.

### ئایا شەڕ گـۆڕاوە؟

هێندێک زانایان پێیان وایە لەوەتا دەست پێکردنی مێژوو، شـەڕ هەر وەک خۆی ماوە و نەگۆڕاوە. تەنها ئـەو چەکانەی زۆر کاریگەر و نیشانە پێکەرن، گۆڕاون. لـە دەورانی ئێستادا، شـەڕەکان کورتترن و کوشتـەش زۆرترن. بـەڵام ئـەوانەی زۆر بەهێزن ڕاستـەوخۆ کەمتر خۆ دەشەڕ هەڵدەقوتێنن.

### ئایا لە باری ڕەوانییەوە شـەڕ دەبێتـە هۆی نەخۆشی؟

بێشک شـەڕ کاریگەری نا باش لەسەر چۆنیەتی مێشک و بەدەن پەیدا دەکات. دەنگی زۆر و ترسی زۆر بۆ مرۆڤ باش نین و دەکرێ ببنە هۆی نـەخۆشی بەپەلە یا نەخۆشی وا: کە شایەد بـە ڕۆژان و مانگان و ساڵان شوێنەواری نا لەباری، خۆ دیاری بکات.

زۆر لەو سەربازانـەی ئەمریکایی کە لە شەری خەلیج دژی ڕێژیمی عیراق شەریان کرد و گـەڕانەوە، سکاڵای نـەخۆشی و نارەحەتی بەدەنیان هەبوو. کـە زۆر تایبەت زانانی شەڕ نـەخۆشی نادیاری وانیان لـە هۆی شـەڕ دەزانی. بـەڵام ئێستا ئەو باسـە هـەیـە : کـە ئـەمریکا هـەر بۆخۆی جۆرە چـەکیکی شیمیایی لەسەر سـەربازەکانی ئازمایش کردوە، بێ ئـەوی سـەربازەکان خۆیان زانبیان. هـەر ئـەورۆ ٢٧-٩-١٩٩٦ ی زاینی، زۆربەی خەبەر گوزارییەکان ئـەو خـەبەرەیان بڵاو کردۆتـەوە. بەڵام دەوڵەتی ئـەمریکا لە دەکار کردنی چـەکی شیمیایی حاشا دەکات. دەشکرێ ئەو نەخۆشییە بە هۆی بۆمباران و تەقاندنەوەی ئەو جێگایانە بووبێ، کە بۆمبی شیمیایان تێدا بووە و یا لە دەکار کردنی ئەو چەکە مودێرنانە بووبێت، کە بۆ بێهۆش کردن و یا بۆ راوەستانی دڵ و پێکوە نووسانی سیپەلاک بەکاریان هێناون و نزیک لەوان تەقێندراون.

لە سەر سەربازەکانی ئێراقی زۆر چەکی وا ئازمایش کراون کە هەتا ئێستا لە دونیادا نەناسراون و یا کەم دەکار کراون. وەک جۆرێک لە موشەکی ستینگر کە هەوا هەڵدەمژیت و بۆشایی پەیدا دەکات. بەو هۆیەش سیپلاک پێکەوە دەنووسێت و مرۆڤ نا توانیت هەناسە هەڵ بکیشیت و لە ئاکامدا دەمرێت

### تاوانکار لە باری پسکۆلۆژییەوە.

لـه باری پسكۆلۆژییەوه هـەموو تاوانكارێك پسیكی و ڕەوانییـه. ساڵیانـه به هۆی دزی و جـەردەیی و داگیركەری و هێرشی چەكدارانـه و تاڵان و زۆرداری، خـەلك بـه میلیاردان زەرەریان لێدەكەوێت. ئـەو دز و جـەردە و داگیركەر و زۆر ئـەسێنانە، زۆر لـەو كارە ناشایستانه دەكـەن، كە لە ناباشی مێشكەوە سەرچاوە دەگرن! لەسەر ئەوەشڕا كـەس نایەتە سەر ئـەو باوەڕەی: ئـەوانەی ئەو كارانە دەكەن لەباری خوو و ڕەوشتەوە تەماشایان لێ بكرێت، ئایا ئـەو خوو و ڕەوشتـەی وان، لـە تێكـەڵاوی و ناجووری مێشكـەوە سەرچاوەیان گرتوە؟ كـە دەبنەهۆی تاوان و تاوانكاری، یان نا؟

زۆربـەی ئەو خـرابكاری و شـەڕ و زۆركاریانەی، كـە ئێمە دەیانخەینە بەرچاو، دەگەڕێنەوە بۆ سەر فـەرمانی لێخور لـە مێشك. توڕەیی و زوو هەڵچوون و پێش خواردنـەوە و شتی ئاواش، بـە فەرمانی مێشك دێنەدی و لـە یاسای پێكـەوە ژیانی مرۆڤ بـەدەرن.

قانوونی دادخوازی هـەموو ئـەو كەسانەی ئـەو نا قانوونیانە ئـەنجام دەدەن، بـە بەرپرس نازانێت. لـە ساڵی ١٩٨١ جان هینكلی، تیر ئـەندازی لە ڕۆناڵد ڕیگان: سەركۆماری ئـەمریكا كرد. لـە كاتی دادخوازیدا، دادگا ئـەو پیاوەی بـە نەخۆشی ڕەوانی زانی و بـە تەواو تاوانباری نەكرد.

زۆر كەس لەوانەی تاوانكاری دەكەن و دوچاری نەخۆشی ڕەوانی (Sociopath) و یا (psychopath) دەبن، دەگیرێن. ئـەو مرۆڤانەی بەو نەخۆشیانە گرفتارن، خوو و ڕفتاری سۆسیالی (خەڵكیانە) لـە دەست دەدەن و دەبنە دژ بە خەڵك و ڕەنجو ئازاری خەڵك ناخەنە بەر چاو و زۆر بێ بەزەیی و تاوانی ترسناك ئەنجام دەدەن: دەدزن ئەوەی پێیان بدزرێت دەستێنن ئەوەی پێیان بستێندرێت. یا دەكوژن ئەوەی پێیان بكوژرێت، بێ ئەوەی هەستی نا باشی ئـەو كردەوانە بكـەن. وا هەیە: ئەوانەی لە باری ڕەوانییەوە زۆر باش نین، بە هۆی خوێندن و فێربوون بگۆڕێن. ئـەودەم ئەو پرسیارە دێتە گۆڕی: ئایا مێشكی مرۆڤ دەكرێ بگۆڕێت؟

## ئایا مێشكی مرۆڤ دەكرێ بگۆڕێت؟

خوێندن و فێر بوون گەورەترین گۆڕانكاری لەمێشكدا پەیدا دەكەن. بـە هۆی خوێندن مرۆڤ بیر لەوەی دەكاتەوە: چۆن بژیت و چۆن ئەو زانستـەی پەیدای كردوە، بۆ باشتر كردنی ژیانی داهاتووی بەكاری بێنێت.

## مێشك ئەنێرێژی زیاتری بۆ بیر كردنەوە پێویستە

ئەو گۆڕانانەی بە هۆی خوێندن و بیر كردنەوە لە مێشكدا پـەیدا دەبن، هێز و توانێكی زۆری بەدەنیش بەخت دەكەن. بـە جۆرێك: كـە مێشك تەنها ٢ سـەدومی ئەنێرێژی كـەمتری، لە هـەموو بەدەن دەوێت. مێشك بۆ ئەوەی فكرەكەی بە باشی بەڕێـوە بەرێت زۆربەی هێز و نیرووی بەدەن بەخت دەكات.

هـەروا مێشك ٢٠ لـە سـەدی هەموو خوێن و ئۆكسیژنی بـەدەنی پێـویستە.

بە هۆی دەستگای سکینر( scanner ) چۆنیەتی میشک و چەندیەتی دەکار کردنی هێز، دەزاندرێت. هەر وا دەزاندرێت بۆچی میشک وا زۆر هێز و نیرووو بەخت دەکات. بە هۆی فکر کردنەوە سلولەکانی میشک پەیوەندی و پەیوەستی تازە پەیدا دەکەن و کارامە دەبن و هێزی زیاتریش بەخت دەکەن.

چەند ساڵیکە توانای ئەوە هەیە بزاندرێت بیر و فکر لە کوێی میشکن: و لە کوێوە سەرچاوە دەگرن. میتۆدێک هەیە بۆ ئەوەی گۆڕانێکی ئەلیکتریسیتەیی لە میشکدا تیست بکرێت، کە پێی دەڵێن potentiaal کە بەو هۆیە دەزاندرێت فکرەکان کەی دێنە دەنێو میشک و کەی وەدەر دەکەون.

## ڕاهاتنی میشک.

میشک لە کاتی دورست بوونی بەو خوو و ڕەوشت و چۆنیەتیە تایبەتییەی کە دورست دەبێت و خۆ دەگرێت، هەر بەو چۆنیەتەش ڕادێ و خوو دەگرێت. ئەگەر گیاندارێکی ئوسترالیایی کە کات و سەعاتی لەگەڵ ئی ئوروپایی جیایە، بهێندرێتە ئورۆپا و لەوێ بەرهەڵا بکردرێت، کاتی لێدەگۆڕێت و زۆر خۆدەگرێت، هەتا خوو دەگرێت.

ئەمن کە چەند ساڵە لە کوردستانڕا هاتوومەتە ئورۆپا، ئێستاش نامۆیەکی جیا و چۆنیەتیکی نا ئاسا لە میشکمدا خۆ نیشان دەدا. ئێستاش ناتوانم بە چاکی خۆ بگونجێنم. نا توانم بە باشی خۆ ڕابهێنم. ئێستاش ماڵە دووکەڵاویەکە و خانووە قورماویەکەی وڵاتی خۆم پێ ئاشناتر و خۆشترە.

هێندێک میشک زوتر دەتوانن خۆ بگونجێنن و زوتر دەتوانن خۆ ڕا بهێنن.

## زانـــین چییـــە؟

گرنگترین تایبەتمەندی مرۆف زانینە. واتە ڕەنگدانەوە و نواندنی شتی دەرەوە لە ژوری میشکدا. زانین پایەی پیشکەوتە و مایەی گەیشتن بە ئاوات و دەستکەوتە. زانین فۆرم یا وێنەیەکە، کە بەشێک لە میشک بە هۆی کەرستەی وەرگرتن، وەری دەگرێت و لە جێیەکی تایبەتی لە میشکدا ڕایدەگرێت. ئەو فۆرم یا وێنانە دوای زنجیرە چۆنیەتیک، بە هۆی ئەو شتانەی وەک: دیتن، بیستن، بۆنکردن، هەست کردن و چێژتن، دەست پێدەکەن و بە هۆی بیر کردنەوە، ڕێنوێنی دەکرێن و بە شکڵێک یا بە سونبلێک لەنێو میشکدا ڕادەگیرێن و بە ڕاگرتن یا وەبیر هێنانەوە دواییان پێدێت. بەجۆرێک: کە بەسەرهاتەکان یا واتەکان جارێکیتر بتواندرێ بانگ بکرێنەوە.

زانین تەنها دوایی بەرهەم نیە، بەڵکوو ئەوەشە: کە چۆن ئێمە بە وشە فکر دەکەین، فکرەکە خوی زانینە. یا چۆن ئێمە شت بەوشە( کەلیمە ) دەزانین، زانینەکە هەر ئەوەیە. جا بۆیە ڕەوان ناسان ئەو بەشەی: ئەندیشە و وێنە،

بۆ توێژینەوە هەڵدەبژێرن، کە دورست توێژینەوە و ورد بوونەوە دەیان گەیەنن. [7]٧ئـەندیشـە ئەو چۆنیەتە ڕەوانییە دەگەیەنیت کە بە بیرکردنەوە یا بە زانین ئاشکرا دەبیت.

زانینی ئەوەی: کە دەیزانی، زانینە. زانینی ئەوەی: کە نای زانی واتا: دەزانی کە نای زانی، ئەویش زانینە. بەڵام نەزانینی مانا بۆ وشە یا نەزانینی وشە بۆمانا یا نەزانینی گوتن یا نەزانینی کردن یا نەزانینی ئەنجامدانی شتێک وەک ئەوەی کە پێویستە بزاندرێت یا بگوترێ یا بکردرێت یا ئەنجام بدرێت، ئەوە نەزانینە.

## فکرەکان چۆن دەزاندرێن؟

بـەرهەمی لێکۆڵینەوەکان ئـەوە ئاشکرا دەکەن : کـە فکرەکان لـە جێیـەک لـە مێشکدا دادندرێن و ڕێک دەکرێن، جا دوایە بۆ جێگایەکیتر لـە مێشک بەرێ دەکرێن و لەوێ دەزاندرێن.

## وەبیر هێنانەوەی فکر و بیر

بیرەوەری یا فکرەکان چۆن وەبیر دێندرێنـەوە؟ لـەو بارەوە چـەند تێۆری هەن ١ ئـەوەیە: وەبیر هێندراوەکان لـە فۆرمێکدا بـە لێدانی ئـەلێکتریسیتە دادەندرێن و وەردەگیرێنـەوە. ٢ مولوکولی تایبـەت بە حافیزە لەگەڵ خۆیان هەڵیان دەگرن. ٣ ئاڵوگۆڕی شیمیایی لە نێـو سلولـەکاندا ئـەو چۆنیەتیەی بیر ڕاگرتن و یا دانەوە، هـەڵدەگرن و ئەنجام دەدەن.

## ئایا مرۆڤ دەتوانێت بێ وشـە فکر بکاتەوە؟

لـەو بارەوە زۆربەی خەڵکـەکان چۆنیـەتێکی تایبـەت بە خۆیانیان هەیە. نیـوەی خەڵک بـەشێک بە وشە و بـەشێک بە وێنە فکر دەکەنەوە. زۆر کەسیش هەن کە بە شکڵ: وێنە، فکر دەکەنەوە نەک بە وتـە. وەک ئـەنیشتـەین یا میکائیل فرایدەی.

---

[7]7 ئەندیشە:بیر. فکر

### ئایا مرۆڤ بە توانای ئاخاڤتنەوە بەوەلەد دەبێت؟

مێشکی مرۆڤ بە شیوەیەک دورست دەبێت کە لە ماوەیەکی دیاریکراودا، توانای قسەکردنی هەبێت. ئەو چۆنیەتە لە کاتی بەوەلەد بوون، بە تەواوی فۆڕمەوە پێک نایەت. بەلاَم لە یەکەم ساڵدا پێشکەوت پەیدا دەکات و هەتا ڕادەیەک دەتوانێت لە قسە حاڵی ببێت یا قسە بکات. بەلاَم توانای فکر کردنەوە بە پەلەتر پێشکەوت دەکات.

## بـــەشــــی دووەم

### زمان و ئاخافتن.

ڕیشە و بناوانی توانینی قسە کردن لە مێشکەوە سەرچاوەی گرتوە. توانینی هەڵبژاردنی پیتەکان بۆ وتەکان یا ساز کردنی ڕستە لە وتەکان و بەرابەر کردنی وشەکان لەگەڵ مانایەکان و لەدواییدا بەکار هێنانیان بە هۆی لیو و زار و زمان و قورقوڕۆچکە و دەنگێ! بەجۆرێک کە وشە و مانایەکان یەک بگرنەوە، ئەوە هەمووئەوکارانە لە ڕێی فەرمانی مێشکەوە ئەنجام دەدرێن و هەموو کارەکان مێشک تەرز و جووریان دەکات. ئەو توانایە لە ئینساندا زۆر باش پێشکەوتی کردوە و ڕەگەکان بە هۆی فەرمانی بەشێک لە مێشک، کە تایبەتە بەو کارە، لێدەخورێن.

شایەد توانینی قسەکردن بۆ بابو باپیرانی هەرەکۆنی ئیمە، بەرهەمی کۆشش و خۆ ماندوو کردنێکی زۆری وان بوو بێت و کاتو زەمانێکی زۆر دوور و درێژی ویست بێت هەتا قسەکردن دەستی پێکردبێت. دیارە ئەوە بۆ وان ئاسان نەبووە، ئەوەی : کە ئێمە بە ئاسانی دەتوانین بۆ ئاخافتن ٣٢ یا زیاتر بزواندنی زمان و لیو و زار و قورقوڕۆچکە پێک بێنین و بە شیوەیەکی ڕێکو پێک بەکاریان بهێنین.

زانینی بزواندنێکی تایبەتی وا ڕێکو پێک، کە لەگەڵ ئەوەی لە دڵتدایە و دەتەوێ بیڵێی بێتەوە، ئەوە هەر بۆ ئێمە هاسانە کەپایە و نەخشەکانمان هەیە و بە ئاسانی یەکمان لە یەکی تر فێری دەبین. بەلاَم ئەو توانا و زانستە بۆ مرۆڤەکانی هەرە هەوەڵی زۆر زەحمەت بووە و کاتی زۆریشی ویستووە هەتا فێری بوونە.

### مێژووی زمان و زمان ناسی.

بە توێژینەوە لەسەر زمان، دەکرێ تەماشای ڕابوردوەکەشی بکەی. نە تەنها هەر بۆ ئەوەی کۆنترین نووسراوە بناسی، بەڵکوو بۆ ئەوەی بزانی ئەو زمانە جورەوجورانەی ئێستا ئاخافتنیان پێدەکرێن، چۆن پەیدا بوونە و کەی هاتوونەتە دی و چۆن خۆیان پێ گەیاندوە؟

زمانە کۆنەکان کـە بەهۆی هاتنی وشەی تازە بۆ نێـویان و یا بە هۆی بە هـەڵە دەکار کردنیان لێک جیا بوونەتەوە، هـەر وەکو دار و گیا و جانەوەران، دەکرێن دەستە دەستە بکرێن: واتـە بـە زمانەکانی فامیلی بەشبەش بکرێن. هـەروا دەکرێ قـەدیمی و پێشینـەی زمانەکانیش لە ڕیشەکانیانڕا ببیندرێنەو.

ئێستا ٥ هـەتا ٦ هـەزار زمانی تازە لە دونیادا هەن. دەکرێ ئـەو زمانانە بگەیەنیەوە بەنزیکـەی ٢٠٠ زمانی فامیلی و کـەمتریش.

## زمانی ئیندو ئوروپی.

یـەکێک لەو زمانانەی کە زۆرترین لێکۆلینەوەی زمانی فامیلی لەسەر کراوە، زمانی ئیندو ئوروپییـە. زمانی ئیندو ئوروپی ئـەو زمانانە دەگریتەوە: ئـەرمـەنی، ئالبانی، کلیتی، ئیتالی، گرمانی، ئینگلیسی، ئاڵمانی، هۆلـەندی، هیندی، یـونانی، سلـەواکی، بالکی، ئیرانی و کوردی. لەگەڵ ئەو گروهە زمانانەی لەبەین چوونە: وەک زمانی ئاناتۆلی و تۆچاری. ( tochaars ).

زمان زانان توێژینەوە لەسەر ئـەوەی دەکەن: کـە زمانەکان کەی و لە کوێ تەکامولیان پەیدا کردوە؟

گێڕانەوەی زمانی ئیندو ئوروپی بۆ سەر ڕیشە سەرەکییەکەی ، هەروا ئـەو وشانـەی سەرەکی کە بۆ شتی گرنگ و سـەرەکی بەکار دێندرێن و بۆ زیندەگی پێـویستن و لـە نێـو ئەو خـەڵکانـەی بـەو زمانـە ئاخافتن دەکەن زۆر دەگەڕێن، ئـەوە نیشان دەدەن: کـە ئـەو زمانەی ئیندو ئوروپی لە ٦ هـەتا ٧ هـەزار ساڵ لەوەپێش بۆ ئاخیرین جار وەک هەوەڵین زمان ئاخافتنی پێکراوە.

هێندێک زانایان دەڵێن: ڕیشـەی ئەو زمانانەی فامیلی ئیندو ئوروپی، ئوروپاییە. هێندێکی تر دەڵێن ڕووسییـە. بـەڵام توێژینـەوەی لێکۆڵەران ئەوە نیشان دەدات: کـە سـەر چاوەی ئـەو زمانە لە بەینی کێـوەکانی قـەوقاز و میزوپۆتامیکۆن (بـەینی فوڕات و دەجلە ) بوو بێت. کـە لە دەست پێ کردنی زەمانی مێژووی زمان لـە ٤٥٠٠ ساڵ لەوەپێش، ئـەو زمانە سـەرەکییە، لێک جیا بۆتەوە و بۆتە١٠ لک.

بـەڵام لـە پێشتر دا خـەڵکی میزو پۆتامی بـە یەک زمانی نە سمیتیان قسەکردوە. کـە ئەو زمانە نـە سمیتییە لەو کاتی زمانێکی عالەمی بووە. دوایە ئەو زمانـە زمانێکی تری سیمیتی لێ جیا بۆتەوە کـە ئەو زمانە بە هۆی سیمیت نێـویێک دورست کراوە. ئـەوزمانە سـەرەکییەی نە سیمیتی، زمانی قـەومی هاتی و سوومریان بووە، کـە بابو باپیرانی کۆنی ئێمـەی کورد بوونە و زمانە سمیتییەکەش زمانی ئەکادی و عیبری و عـەرەبی گرتۆتەوە.کە لە دواتر بەدرێژتر باسیان لێ دەکرێت.

بوونی زۆر پیتی وەک یەک لـە ساختاری وشـەکانی سـەرەکی هاومانای نـەسمیتی و سمیتیدا، ئـەوە دەگەیەنن: کـە زمانی سمیتی لـە زمانی غـەیرەسمیتی جیا بۆتـەوە. وەک ئـەو وشـە عـەرەبیانەی: ئـەنـە( ان ) ئـەمن. ئەنتـە( انت ) ئـەتو. میننی( منی ) لـەمن و زۆر وشەی تر.

عـەرەبـەکان زۆر لـە وشـە نە سمیتییەکانیان هێناونەتە نێو زمانیخۆیان و گۆڕیویانن، کردونیاننەتە عەرەبی.

لـەو دەهەی دواییدا هێندێک زمان ناس مـەرزی زەمانی زمانیان بۆ قەدیمتر گێڕاوەتەوە و وشـەکانی نـەقڵی و گێڕدراوەوە لـە دوو یا لەچەند زمانان، بەرابەر دەکەن و توێژینـەوەیان لەسەر دەکەن.

هەروا زماننـاسان بۆ ئـەوەی بنج و بنـاوانی وشەکان ببیننەوە و ساخی کەنەوە لە هەوەڵەوە چۆن بوونە، وشـەکان دەگێرنـەوە بۆ سـەر بنـەڕەت و ڕیشەکانیان و ئازمایشیان لەسەر دەکەن، کە چۆن و لە کوێـوە هاتوون. ئـەو میتۆدە وەک ئازمایش و توێژینەوەی ئانالیستی و بیـولۆژی وایە: کـە لێکۆلینەوە و ئازمایش لەسەر مەوادەکان و شـە بنـەڕەتییەکانی کەرستەکان دەکرێت. ئـەو میتۆدە لۆمەشی لێدەگیرێت. چونکە ڕیشەو بناوانی ئەو وشانەی هەڵکەوتویی و لاوەکی نیشان نادات.

ئـەوەی لە ساڵەکانی ٨٠ زۆری باس لەسەر کراوە، ئـەو ڕایەی تازەیە: کە زمانە کانی فامیلی دەچنـەوە سەر ٧ یا ١٠ زمانی فامیلی سەرەکی. وەک زمانی کوریایی، ئالبانی، ئیندو ئوروپی، کارتفلی( kartvelish )، ئیلامۆ۔ دەرڤیش ( elamo-darvish )، ئـەفرو۔ ئاسیا( aziatish_afro ) و یا زمانی نوستراتی( nostrat ). زمانی نوستراتی وشـەی زۆری بۆ ئـەو شتانەی پێشکەوتوو هەیە. بەڵام بۆ ئاوەدانی هیچی نییـە. ئـەو زمانە ٥ هـەزار ساڵ پێش ێستا بە هۆی ئەو کەسانەی پێیان گوتراوە نوسترات، دورست کراوە. بـەڵام لەدواییدا لەبەین چووە.

بـەو جۆرە توانیـویانە لکی زمانەکان ببەنەوە سەر ڕیشە سەرەکییەکان و زمان بەرەو قـەدیم تر بگێڕنەوە. دیارە ئەو گێڕانەوە وەک لە پێشدا گوترا، بێ دژواری نییـە. لەبەر ئەوەی: وشەکانی لاوەکی ناگرێتەوە. هێندێکیش پێیان وایە: گێڕانەوە بۆ سەر ڕیشـە بنـەڕەتییـەکان، ناتواندرێت دوایی پێ بێندرێت و لەسەر ناوەندێک ڕا بووەستێت. ئـەگەر ئینسان وا زۆریش بگەڕێتەوە دوایە، هـەموو ئەو وشانەی هـەڵکەوتوویی و لاوەکی و ئەوانەی زۆر گۆڕاون لـە دەست دەدات.

وا وێدەچێت ڕیشـەی زمانەکانی سەرەکی لەو ١٠٠ هـەزار سالەی دواییدا پێشکـەوتی کردبێت. ئەو دەم ئـەو پرسیارە دێتەگۆڕێ: مرۆڤ لـە چ کات بۆ هەوەڵین جار چۆتە باکور و باشوری ئەمریکا؟ کـە نزیکـەی ٦٠٠ زمانی لێک جیا لە نێـو خەڵکی وێدا هەیە. کـە ١٥٥ یان، لە ٣ زمانی فامیلی سەرچاوەیان گرتوە. کـە یەکێک لەو ٣ زمانە، زمانی ئەمەریندەکانە( amarindish ) کـە زمانێکی زۆر جیا لە زمانەکانی ترە. ئـەو زمانە نزیکـەی ١٢ هـەزار ساڵ کۆنە. دوو زمانەکـەی دی ئەمریکایی، نزیکـەی ٣٠ هـەتا ٤٠ هـەزارساڵ کۆنن.

لێكۆڵـەران لە ساڵەكانی ٨٠ بـە پێی زمان ناسی و توێژینـەوە لەسەر ددان هەر وا بە پێی ژێنیتیك و بیـولۆژی مولوكولی، وایان لێك داوەتەوە كە ٣ شـەپۆلی پـەناهندە لە شیمال شـەرقی ئاسیاڕا چوونەتە شیمالی ئـەمریكا. كـە یـەكێك لەو ٣ شـەپۆلـەی پەناهندە لـە ٦ هـەزار ساڵ لەوەپێش چۆتە ئەمریكا.

لـە ٢٠ هـەتا ١٥ هـەزار ساڵ پێشتر ئـەو دوو دەستەكەی دیكـە چوونەتە ئـەمریكا. هـەوەڵ زمانی فامیلی لەو ٣ زمانە، زمانی پالو- ئیندیانەیە. دوهـەمین زمان ئالوت ـ ئیسكیمۆیـە. aleut-escimo سێیـەمین زمانیش زمانی نا-دینە ( Dene-na ).

دیارەدەورانی زمان لە دەورانی ژیاندا، لـە پێشكەوتوی و پێگـەیشتویی ئینسانڕا دەستی پێكردوە و مرۆڤ لە پلـەی وەحشی نومابیڕا بەقوللـەی پێشكـەوتویی و خۆیای گەیشتوە و لە جێگای تاقەڕیگای ڕاو و شكار بەپلەی بەرزی ئاوەدانی و شارستانیـەت و كشتوكاڵ گەیشتووە و تایبەتمەندی وەحشی گەری بۆ هاو قەتارانی: گۆشت خۆری ددان تیژتر و بڕندەتری وەك شێر و بەبر و پڵینگ و جانەوەرانی تر، بەجێ هیشتووە و لە پلـەی بە پێ ڕۆیشتن و ئەسپ سواری تێپـەریـوە و بـە هۆی ماشین ئالات دەتوانیت بۆ هـەر جێ بخوازێ بچێت. هـەرچی پێـویستی بێ، ببیێت. بـە هۆی زمانزانیش، پێشكـەوتویی زیاتری پـەیدا كردوە.

ئـەوەی لەبارەی زمان لێرەدا نووسرا، بەشێك بوو: كورت كراوە لـە كتێبی پـەیدایشی ئینسان( Het ontstaan van de mens ).

لـە دونیا دا ٥ هـەزار زمانی لێك جیا بەڵكوو زیاتریش هـەن. ئـەو زمانانـەی لێك جیا بوونەتەوە، بەرەو ڕەسەنێكی تر ڕۆیشتون و ڕەسەنێكی نوێیان پێك هێناوە. ڕەسـەنەكان كـە لە ڕۆیشتنی زەمان و گۆڕانی دەوران و بەسەرهاتی هاتووە سەریان خۆیان ڕانەگرتوە، ڕەسـەنی تریان پێك هێناوە و یا لـە بـەین چوونە.

زۆر وشە بـەزویی دەگۆڕێن و بەرەو شێـوە و لەهجـەیەكی تر دەرۆن. هێندێكیشیان وەكو خۆیان دەمێننـەوە یا لێك نزیك دەبنـەوە. هـەر وەك زمانی ئینگلیسی و ئـەمریكایی كـە لـە سەدەی ١٩ بەماوەی ١٠٠ ساڵ، بۆ یەكتر نا ئاشنا بوونـە و لە قسـەی یەكتر باش تێنـەگەیشتوونە، بـەڵام لە ماوەی ئـەو ١٠٠ ساڵـەی دواییدا لێك نزیك بوونەتەوە.

لـە ئیتالیا زۆر دیالكتی لێك جیا هـەنە كە دە هێندێك دیالیكتەكان دا، زۆر وشەی یـونانی قەدیم ماونەتەوە و كـەڵكیان لێ وەردەگیرێت.

دیالكت واتە زاراوە، وەك ئاوێنـە وایە: وێنـەی دیالیكتی گەلانی تێكـەڵاو، وەردەگرێت و لە زمانی خۆیدا دایدەكوتێت. بـەڵام لە بنەمای ڕاستـەقینـەی خۆی دادەبڕێت.

ویلیام جۆنس ( william jones ) له ساڵی ١٧٨٦ ی زاینی، پەیوەندی بەینی زمانەکانی لاتینی ، یونانی ، گرمانی ، هیندی و فارسی نووسیوەتەوە.

| Nederlands | Engels | Duits | Grieks |
|---|---|---|---|
| broeder | brother | bruder | phrater |
| vader | father | vater | pater |
| Moeder | mother | mutter | mater |

| Iers | Latijn | sanskriets |
|---|---|---|
| brathair | frater | phratar |
| athair | pater | pitar |
| mathair | mater | mata |

وا ویدەچێت زمانەکانی ئیندو ئوروپی هـەموویان له یەک ریشەڕا هاتبن. زمانی هیندی و بنگاڵی و زمانی لەبەین چوویی سانسکریتیش له گروهی زمانی ئیندو ئوروپینه. زمانی سانسکریتی له ساڵی ١٧٨٦ ی زاینی بـه هۆی ویلیام جانس کـەشف کراوه. کـه، زمانی یـونانی و لاتینی وسانسکریتیشی زانیـوه.

ئـەو زمانانه هـەموویان له یەک سەرچاوەڕا هاتوون. شایـەد ئـەو سەرچاوه، نەش مابێت.

زمانـەکانی فینیقی ، هۆنگاری ، تورکی و ماڵتی، زمانی فامیلی دیکـەن. بـەڵام ئیستا نیـوەی خەڵکی جیهان به یـەکێک له زمانەکانی ئیندو ئوروپی وەک هـەوەڵ زمان قسـه دەکەن.

زمانی باسکی (باسکن لەند) لـه سپانیا، ڕەسـەنیـەتی خۆی پاراستوه. شایـەد هەوەڵین زمان بیت کـه زمانی بیگانەی زۆر تیکـەڵ نـەبووبیت. خـەڵکی گۆرجستان پییان وایه: زمانی وان لـه زمانی باسکییەکانڕا ریشـەی گرتوه و بـه هۆی توبالی کوری نووح ئـەو زمانه وەرگیراوه.

ئیسکلیتی کرو ـ مـەگنۆن ( Cro-magnon ) لـه جییـەک له فـەرانسـه دیتراوەتەوه، کـه ئی باسکییـەکانه. کرو ـ مـەگنوون هـەوەڵین ئوروپایی و نەژادی باسکی ئیستایی بوونـه. ئیستا نیـو میلیـۆن کەس بـەو زمانه قسـه دەکەن. کولتووری وان به هۆی هاوکاری و هاو ژیانی مودێرن لەبەین چووه.

لـه پێشدا باسی زمانەکانی ئیندو ئوروپیمان کرد، کە دەبێ لـه کویـوه سەرچاوەیان گرتبێت؟ بۆ ئاگاداری زیاتر، بیرو ڕای نووسـەرانی تریش بـەو جوورەی دوایه دەخەمەبەر چاو:

## سەر چاوەی زمانەکانی ئیندو ئوروپی.

(زمانەکانی ئیندو ئوروپی لەکوێرا هاتوون؟

هەوەڵین و کۆنترینی ئەندامی ئەو گروهەی زمانی ئیندو ئوروپی، زمانی قەومی هاتی بووە کە ئەو قەومە ناسیاو و بەنیوبانگن و زیاتر لە ٤ هەزار ساڵ پێش لە نیشتمانەکەی خۆیان تورکییە و (کوردستانی ئێستا) بەو زمانە قسەیان کردوە. هاتییەکان نە تەنها ئاخافتنیان بەو زمانەی خۆیان کردوە و بەس، بەڵکوو پێشیان نووسیوەتەوە. ) وەرگیراو لە پەرتوکیDe taal van de genen: . نووسراوە کۆنەکانی هاتییەکان کە لەسەر سوالەت نووسراونەتەوە و دیتراونەتەوە، ئێستاش لە موزەخانەکانی ئینگلیستان دا هەن و ماون.

## دیتنەوەی ڕیشەی زمانەکان.

زمانی مودێرنی ئیندو ئوروپی زۆر دەنگ و شیوەـ قسە پێکردنی لێک جیایان هەیە. کە بە هۆی وشەکانی هاوبەش دەتواندرێ لێک بدرێتەوە: کە ئەو زمانە لە کوێرا هاتووە و لە چ بەشێک لە زمانە کۆنە سەرەکییەکانە. بۆ ئەو کارە ئەو وشانەی کە بۆ مەڕ و ماڵات یا ئەندامی لەش ویا شتی وا: کەپێی دەژمێردرێت یا پێی دەبیندرێت و زۆر پێویستی پێ پەیدا دەکرێت و زۆر لە نێو زمانەکاندا دەگەرێت و کەم دەگۆڕێت، دەکرێ ڕیشەی زمانەکان ببیندرێنەوە و بزاندرێت ئەو زمانانە لە کوێرا هاتوون. وەک گاو: بە ئینگلیسی: کوو کۆنیش کۆو(kou). یا وەک خودا، بە ئینگلیسی: گۆد. بە هۆلەندی: خۆد. یا وەک مەڕ لە زمانی ئیندو ئوروپایی کۆن: ئویس (ouis) . بە لاتینیش: (ouis) . بە سانسکریتی: (auis) ئەویس. بەئینگلیسی:(ews) ئیوس .بە پەهلەوی کۆنیش: میش. بە کوردیش: (مەر).

یا وەک ژمارەکان لە یەکرا هەتا ١٠. بۆ وێنە ژمارەی دوو، بەئینگلیسی: تو. هەشت: ئەیت. نۆ: ناین

وی دەچێت کەشاوەرزان و ئاوەدان کارانی قەدیم ئەو زمانەی قەدیمی ئیندو ئوروپیان لەگەڵ خۆیان هێنابێت و لەو کاتەوە بڵاو بووبێتەوە. بەو ڕێیە دەبێ لە کوردستانرا هاتبێت چونکە کەشاوەرزی لە هەوەڵەوە لە کوردستانرا هاتووە. بەڵام هێندێک زانایان لەوە گومانیان هەیە و پێیان وایە ئەوە یەقین نییە ئیندو ئوروپییەکان لە هەوەلەوە لە کوێ بوونە و لە کوێ ژیاون. هێندێک دەڵێن دەکرێ زمانی وان لە پێشتریشدا هەبووبێت.

هێندێک ئینسان ناس پێیان وایە ئیندو ئوروپییەکان بەهۆی مەوجە کۆچێک لە ئینسانەکانی گورگان لە ئاسیای چووک: تورکییەی ئێستا لەباکوری ڕۆژهەڵاتی دەریای ڕەش ڕا هاتوون. هەوەڵ هاتنی وان لە ٤٥٠٠ ساڵ پێش میلادی مەسیح بووە و دوای پەیدابوونی ئاوەدانی و کەشاوەرزی هاتوون. بۆچوونی هێندێکی تر ئەوەیە: ئیندو

ئورپپییەکان پێشتر هاتوون و کـەشاوەرزی و ئاوەدانیان لەگەڵ خۆیان هێناوە. بـە پێی ئـەو بۆچوونە: ئـەوان لـە ٣ هـەزار ساڵ پێش گورگانییەکان لـە ئاسیای بچووکرا: ئـەو جێگایـەی کە ئێستا تورکییـە بـە سـەریدا زاڵە، بـەرەو ئورپپا کۆچیان کردوە.

شوێنـەوارەکان ئـەوە یـەقین ناکەن: کـە ئەو ئیندو ئورپپیانە هەوەڵین جێگایان تورکییـەی ئێستا بووبێت.

شایـەد پێش ئەوەی ئەو ئیندو ئورپپیانە لەلای رۆژهەڵاترا دەستیان بە کۆچ کردن کردبێت، لـە یەکێک لەو نیژادانەی ئەندامی ئیندو ئورپپی، زمانەکانی جوربەجوری ئیندو ئورپپی جیا بووبنەوە. بەڵام ئـەوە ئاشکرا نییـە: کە کامیان یەکەمین و هەوەڵین زمان بووە و ئـەوانی تر لـە وێرا جیا بوونەتەوە. بـەڵام لێکۆڵـەرانی زمان و ژین، گـەواهی ئەوە دەدەن: کە ئیندو ئورپپییـەکان لە هەوەڵەوە لـە لای رۆژهەڵاترا بۆ لای رۆژئاوا چوونە. بـەڵام نیشانـە و پێشینـە و هـەوەڵین پێشکـەوتنی باب و باپیرانی کۆنی کورد: هاتی و سومر وگۆتی و ئـەوانی تر، رای بوونی وڵاتی وان بە هەوەڵین سـەرچاوەی قـەومەکانی تر، بـە هێزتر دەکات.

زمانی فامیلی ئاسترۆنیس ( oustronesish ) لـە زمانەکانی تر زیاتر بڵاو بۆتەوە. کـە لـە ماداگاسکار( madagascar ) را، هـەتا هـاوایی و پاسلـەند درێژەی هـەیە. لـە ئـەفریقا ئاوەدانی لـە لای رۆژئاوارا بۆ لای رۆژ هـەڵات رۆیشتوە و بڵاو بوتەوە. ئـەوان بـە زمانی بانتویان( bantoe ) قسـە کردوە.

ئـەو میرات لێ وەرگیراوانەی سەرەکی کە لـە ماوەی ئـەو ١٠٠ هـەزار ساڵـەی رابردودا پێشکـەوتیان پەیدا کردوە، دەکرێ ببنـە ریشە و بناوانی ئەو خەڵکانەی کـە ئێستا لە دونیا دا هـەن. بۆ وێنـە: ئـەفریقایی، لکێکی کۆن و قـەدیمی نەژادی ئـەفریقایی جیا لە نیژادەکانی تر پێک دێنن. ئیندیانـە فۆرمی گروهێکی باب و باپیرە قـەدیمییەکانی ئاسیایی پێک دێنن. ئوستراليا و نیـوە- گینا ( Nieuw-guinea ) فۆرمی گروهێکی جیای تر پێک دێنن. بـەو جۆرە ریشـە بۆ زمانەکان پـەیدا بووە. هـەروا ئینگلیسی، ئاڵمانی و بنگالی دەکەونە ژێر زمانی فامیلی ئیندو ئورپپی. زمانی چینی و یابانی ( ژاپۆنی ) لـە گروهێکی دیکـەن.

وەک لە پێشدا گوترا: ریشـەی زمان لەسەرەتاوە لـە چەند وشـەی بچووک پێک هاتووە. بۆ وێنە وەک: یـەک، دوو، سێ، سـەر، چاو، گوێ، کـەپۆ، زار، ددان.

زمان وەک دارێکـە کە چـەند لکی گـەورە و چووکی لێ جیا بووبێتـەوە و هـەموو لک و پۆپەکان، لەیەک ریشـەرا سـەرچاوەیان گرتبێت و لـە یەک ریشـە دروست بووبن. بـە پێی زانیاری نوێ، هـەموو زمانەکانی دونیا دەچنـەوە سەر ١٧ زمانی فامیلی لێک جیا. وەک گوترا هێندێک زانیار ژومارەی زمانـەکانیان کـەمتریش کردۆتەوە.

**بـە پێی تێئۆری کوردستان سـە ر چاوەی زمان و ژیان.**

بـه پێی ئەوەی: زۆر زانایان و لێکۆڵەران، هـەوەڵین نەژادی مرۆڤ لـەو ئینسانانـەی ڕۆژهەڵاتی دەریای مودیترانە ولای کێـوەکانی زاگرۆس دەزانن و هـەروا بە پێی ئەوەی هـەموو زانایان لەسەر ئـەوە یەکن: کـە هەوەڵین ئینسانی پێشکـەوتوو و هەوەڵین زمانی پێشکـەوتوو و هەوەڵین نووسراوەی مرۆڤ لەمیزو پۆتامی و دەوروبەری کێـوەکانی زاگرۆس پـەیدا بووە، دەکرێ هەوەڵین زمانی جیهانیش هـەر لـەو خەڵکەی میزوپۆتامی و دەوروبەری کێـوەکانی زاگرۆس سەرچاوەی گرتبێت و لە زمانی هاتی و سوومرییـەکان ڕا دەستی پێکردبێت، کـە ئەو هۆزانە باب و باپیرانی کۆنی کورد بوونە و لـەو نیشتمانـەی ئێستای کورد: کوردستان پـەیدا بوونـە و لـەوێش ژیاون. جا بەو ڕێیە بەجێیە بگوترێ هەوەڵین زمان، زمانی هاتی و سوومری بووە. دوایە ئـەو زمانـە وەک لەپێشدا گوترا، لێک جیا بۆتـەوە و بۆتە٢ بـەش ١ غـەیرە سیمیتی کـە زمانی هاتی و سۆمرییـەکان بووە. ٢ زمانی سیمتی (ئاکادی) کـە ئـەو زمانە، زمانی ئاسۆری و عیبری و عـەرەبیشی گرتۆتـەوە. لـەو زمانانەشرا بـە هۆی لێک دورکـەوتنـەوە و بـە هـەڵـە دەکار کردنی وتـەکان، زمانی دیکـەش پـەیدا بوونە. لـە جیایی زمانەکانیش نەژادی لێک جیاش پـەیدابوونە.

بـەڵام هێندێک پێیان وایە ڕیشـەی زمان لە ئـەفریقایـەکانرا سـەری هـەڵداوە و دونیای وەبەرخۆ داوە. هێندێک پێیان وایـە سـەرەتای دەست پێکردنی زمان زۆر کۆنـە و پێیان وایـە هـەر لـەوکاتـەوە: ئینسان وەک ئینسان پێی دە دەورانی پێگەیشتن و تەواویەت ناوە، بـە پێی پێـویست، بۆ پەیـوەندی لەگەڵ یـەکتر گرتن و بـە پـەلـە ئاگاداری لە یەکتر وەرگرتن، قسـە کردن دەستی پێکراوە و بۆ ئەو مەبەستە، کەڵکی لێ وەرگیراوە. شایەد قسەکردن لە ١٠٠ هەزار ساڵ پێش ئێستا دەستی پێکرابێت. یا لـەئادەمو حـەواوە وەرگیرابێت.

## کوردستان سەرچاوەی شارستانیەت و زمان

### تـەکامولی مرۆڤ و شارستانیـەتی کۆن لـە کوردستان.

بـە پێی لێکوڵینـەوەی دێرین ناسان، لـە ٧٥ هـەزار سال پێش زاین (میلادی مـەسیح) مرۆڤی بـەهۆش و مودێرن و مرۆڤی بەهۆش و مودێرن و زانا، لـە پـەناگایان لـە بن بـەردوداران ژیاون. لـە ڕۆژ ئاوای ئاسیا، توێژینـەوەی کۆڵـەران: (ئـەوانـەی ئـەرز کۆڵینـەوە بۆ توێژینـەوە لەسەر شت دەکەن) ئـەوەیان دۆزیوەتەوە: کـە دوو جۆر مرۆڤ لـە کن یـەکتر مردوون. (شایـەد بە هەڵکەوت دوو جوور مرۆڤ لەو جێگایە تیکـەڵ بووبن. بـەڵام ئیسکلێتـە کان ئـەوەی نیشان نادەن). دەکرێ مرۆڤی تـەواو مودێرن و بـە هۆشی ئێستاش لـەو دوو جوورە پـەیدابووبن. ئـەو ئینسانانـە بـە دەستـە ڕاویان کردوە: غـەزال و مـەرەکێـویان خواردوە و پێی ژیاون. ئـەو ئینسانانە، نـەک هـەر گۆشتیان خواردوە و بەس، بەڵکوو هێندێک گیاشیان خواردوە، بۆ ئەوەی پێی بژین. چونکـە نیشانـەی ئـەوەی هـەیە کـە لـە هێندێک جێیان گیای خواردنیان کۆ کردۆتـەوە. لـە هێندێک جێیان بـەردی شت پێ بڕینیان لـە مـەکۆگـەی خۆیانرا بۆ مـەکۆگێکی تر بـەڕێ کردوە. هێندێک جێکاریشیان هـەبووە وەک کارگا.

لـه ٤٠ هـەزار سال پێش زاین ئینسانـەکان بە دەستەی زۆر گەڕاون. لـە هێندێک جێگا ڕاوی حـەیـواناتی دڕندەیان کردوە. لـە هێندێک جێگا ڕاوی ماسیان کردوە و زانستیشیان زیاتر پەیدا کردوە.

لـه ١٥ هـەزار هـەتا ١٠ هـەزار سال پێش زاین ئاخیرین دەورانی بـەرد بووە. بە کۆمەڵی گەورەتر گەڕاون. لـە هێندێک جێیان لە ڕۆژ ئاوای ئاسیا، ڕاوی غـەزالیان کردوە و مـەڕیشیان ڕاگرتوە. خواردەمـەنیان لـە گۆشتی حـەیـوانات و میـوە، کۆ کردۆتـەوە. ئـەو دەورانـە دەورانی جیایی ئینسان، لـە خـەسلـەتی حـەیـوانی بووە. مرۆڤـەکانی ئـەو کاتی خـەریکی کـەشاوەرزیش بوونـە و پـەیـوەندی بـە تینیشیان لـە گـەل یـەکتر گرتوە. لـەو کاتـیدا خانووی خڕیان لـە دار دورست کردوە و تێیدا ژیاون. بـەڵام خانوی، لـە یـەک کـەسی یا دوو کـەسی گەورەتریان دورست نـە کردوە. لەباری ئاوەدانی، هەر هاتونە و تـەجرەبـەی تازەتریان پـەیدا کردوە و گۆڕانکاری باشتریان بـەسـەر کارەکانیان دا هێناوە.

لـه ١٠ هـەزار سال پێش زاین مرۆڤـە کان خانوی گـەورەی خڕیان لە دار لـە هـەوای ئازاد لـە دەوری ئاوەکان دورست کردوە. بـە کورت یا درێژ خایـەن تێیدا ژیاون. لـەوکاتیدا زیاتر بڵاو بوونـەتـەوە: جێگای زیاتریان بۆ لێ ژیان داگرتوە. ئابووریيـە کـەیان لـە پێشێ باشتر بووە و توانیـویانـە لـەبـەرابـەر دژواریـەکان باشتر خۆ ڕاگرن. کاری بـە تێکڕاییان زیاتر کردوە و شیـوەی کـەشاوەرزیشیان باشتر بووە. ئـەبزاری کاریان پـەیدا کردوە و مردوەکانیشیان ناشتون. لـەو زەمانیدا خانوویان لـە دار و کۆلـەکـەش دورست کردوە. لـە هێندێک جێگایان کـەلکیان لـە بـەردیش وەرگرتوە. لەباکوری عێراق خانوو ی بـە گلی وەک یـەکیان دورست کردون و کون بڕیشیان کردون.

لـه ١٠ هـەزار سال پێش زاین هـەتا ٨٥٠٠ سال پێش زاین، مرۆڤـە کان جێگای دانیشتن و جێگای خواردنیشیان دورست کردوە. لـە بلیندایـە کانیش جێگای چاوەڕوانی و پۆستیان دورست کردوە. خواردەمەنی گـەرمیان لـە گۆشت دورست کردوە. پێکـەوە جـەژنیان گرتوە و زیاتر لـە یـەکتریان گوێ ڕاگرتوە. شتی تێداخواردن و خواردنـەوەیان لـە قوڕ دورست کردوە و نـەخشیشیان لەسەر کێشاوەتەوە. زیاتر نـەزم و ئورگانیزاتیان بـەڕیـوەبردوە. بەتێکڕایی یا بـە تەنهایی کاریان کردوە و بـە بـەردیش شتیان بڕیـوە. شایـەد زیاتر لـە نێـو فامیلدا، پـەیـوەندی و گوێ ڕاگری و پێکـەوە دانیشتنیان هـەبووە.

مردوشیان لـە کـەنار مالـەکانیان یا لـە دەورو بەری جێ ژیانیان ناشتوون. شایـەد مردو ناشتن بۆ یـەکـەم جار بـە هـەلکـەوت ئـەنجام درابێت.

لـە دەوری ٩ هـەزار سال پێش زاین پێـویست نـە بووە مرۆڤەکان لـە مالـەکانیاندا بمێننـەوە. هـەموو مرۆڤـەکان لـە هـەرێمی خۆیان خـەریکی ڕاو کردن بوونـە و لە پـەناگایـەکان شـەویان بەسـەر بردوە. هۆیـەکـەشی لـە گۆڕانی سروشتی یاخوو و ڕەوشتی مرۆڤ و جانـەوەران بووە. یا گۆڕانی ئاتموسفێری ئـەرز یا گۆڕانی هـەوا بووە. لـەو کاتیدا لـە ڕۆژ ئاوای ئاسیا مرۆڤـە کان جێگا ستراتیژیکییـەکانیان بـە جێ نـە هێشتوون.

دێرین ناسان شوێنی مرۆڤی ٨٥٠٠ سال پێش زاینیان لەکێوەکانی کوردستان هەل گرتوە، کە ڕاویان کردوە.

لە ٨٥٠٠ هەتا٧٥٠٠ سال پێش زاین کە دەورانی بەرد تراشی بووە، چۆنیەتی مرۆڤ ئاشکرا بووە و جێگای بۆ هەمیشە مانەوەی جوتێری تازە لە میزوپۆتامی و دەوروبەری کێوەکانی زاگرۆس، بە زەحمەت تواندراوە پەیدا بکرێت. لەو کاتیدا کە کەشاوەورزی برەوی زۆر بووە، جێگایەکان بۆ هەموو خەلک بەشیان نەکردوە و بۆ جێگای تازە ڕۆیشتون و جێی‌نوێیان بۆمانەوە دیتۆتەوە.

لە بەر ئەوەی لە قەدیم ئابورییە کە زۆر تر کەوتۆتە سەر کشتو کال، دێیەکان زیاتر لەسەر چۆم و ئاو و نزیک لە یەکتر دورست کراون و خەڵک زیاتر پەیوەندیان پێکەوە گرتوە و زمان و ئاخاڤتنیش وەک تێکنۆلۆژییەکی تازەی لێهاتووە. لەو زەمانیدا خانووی چوار گۆشەشیان دورست کردوون. هێندێک خانوو بە خشتیش دورست کراون.

کەلک وەرگرتن لە خشت بۆ هەوەڵین جار بەو جۆرەبووە: گلیان دەگەل پوش تێکەل کردوە و لەبەر تاویان داناوە. کە ئیشک بۆتەوە خانوویان پێ دورست کردوە. یەکەم خشتی سوورکراوە بە فۆڕمی سیگار دورست کراوە.

خانوەکانی ئەو زەمانی، هێندێک لە ژێر ئەرز، هێندێکیان لەسەر ئەرز، هێندێکیان لە کەناری یەکتر و هێندێکیان دور لە یەکتر دورست کراون. هەروا لەو زەمانی دەهەر مالێکدا تەندورێک هەبووە و بۆ خۆ پێگەرم کردنەوە و خواردن دورست کردن، کە لکیان لێ وەرگرتوە و بۆ درەنگ سارد بوونەوە سەریان لەسەر داناوە. ئەوە بەشێک بوو کورت کراوە لە پەڕتوکی پەیدایشی ئینسان بە زمانی هۆلەندی.

---

( H.curvers ) لەپەڕتوکی:( De Dorpen en steden van de klie ) دیو شارەکان لەقوڕ) ئەویش بەو جۆرەی خوارەوەی نووسیوە :

لە ٧٥٠٠ سال پێش زاین بەپێی توێژینەوە، لە کێوەکانی زاگرۆز نیشانەی مەڕداری دوای ڕاو چییەتی هەیە. لە ئێرانیش شوێن و نیشانەی مەڕداری مرۆڤی دێرین لە ٩ هەزار سال پێش زاین هەتا ٧٥٠٠ساڵ پێش زاینیان هەڵگرتوە و دیتۆتەوە. لە ١٠ هەزار سال پێش زاین بەپێی تئۆری لە ڕۆژئاوای ئاسیا مرۆڤ مەڕ و گیاندارتریان خواردوە و چکۆڵەکانیشیان ڕاگرتوە. لەو زەمانیدا حەیوانات و دڕندە خۆیان لە مرۆڤ نە شاردۆتەوە.

لە یونان و تورکییەی ئێستا لە ٦٢٠٠ هەتا ٥٨٠٠ سال پێش زاین مرۆڤەکان ڕاوی حەیوانات و گیانداریان کردوە. لە شیمالی میزو پۆتامی (شیمالی عێراق) و شیمالی سووریا خەلک کەشاوەرزیەکی باشیان کردوە و مەڕوماڵاتیان ڕاگرتوە. ئەو هەرێمە زستانان بەفری زۆری لێ دەباری خڕ و چڕ و دۆڵ و دەڕەکانی پڕ دەبن لە بەفر و لە بەهاراندا بەفرەکان دەتوێنەوە و جۆ و جۆبار و چۆمی بەئاوشار لە هەر گۆشە و کەنارێکی دورست

دەبن. ئـەو ئاوانـەش خۆ ڕادەگرن لـە پیتو بـەرەکەتی وان خـەلك كـەڵك وەردەگرن. ئـەو بە پیتوبەرەکەتییەش، ڕێ خۆش دەكات بۆ زۆر كردنی كشتو كال و ڕاگرتنی مـەڕو ماڵ.

Robert J .Braidwood كـە لـە زانكوی شیكاگو بووە، گوتویـەتی كـەشاوەرزی زۆر دێرین ترە لـە وەی هـەتا ئیستا هێندێك لێكۆڵـەر لـە جنووبی میزوپۆتامی، خوێندویانـەتـەوە. درێژەبـە وتـە كـەی دەدات و دەڵێ: لـە شیمالی ڕۆژهـەلاتی ئێراق، زۆر پێشتر مرۆڤی دێرین مـەڕو گایان ڕاگرتوە و گـەنمیان چاندوە و شین كردۆتـەوە. هـەر وا شوێنـەواری كۆنتریشیان دیتراوەتەوە. ئـەو هـەمیشـە كۆششی كردوە، لـەو هـەرێمە كۆنترین دێ ببینێتـەوە و لێی بكۆڵێتـەوە. ئیشارە بـەوەش دەكات: كـە لـە وێ زەوی و ئاو، وەكێ یـەكێ لـە بـەینی جوتێرەكاندا بـەشكراون. ئـەو شتێكی دیتۆتـەوە كـە وێدەچێ ئـەوشتـە وەكێ دەستاڕ بۆ ورد كردنی گـەنم كـەڵكی لێ وەر گیرابێت. ئـەو شتـە لـە دێیـەكێ بـە نێوی یەرمۆ Jarmo (چـەرمۆ)، دیتراوەتەوە. دێیـەكـە وەبن خاكێ كـەوتوە و كۆڵیـویانـەتـەوە و دیتویانـەتـەوە. دێیـەكـە ٢٥ مال بووە. شوێنـەواری ڕاو و كـەشاوەرزی و گاو و مـەڕداری لێ وەدەر كـەوتوە. ئـەو دێیـە لـە باشوری كوردستان لـە كێـوەكانی زاگرۆس دیتراوەتەوە كـە كۆنترین و دێرینترین دێیـە لـە مێژووی مرۆڤدا. لێكۆڵـەر مێژووی دەستاڕەكە دەگـەیـەننـە ٨٥٠٠ سال و قـەلاتی چـەرمۆكیش دەگەیـەنـە ٧ هـەزار سال پێش زاین.

## كوردستان یەكەم جێگای ئینسان

نووسـەری كتێبی: . DE Sumerie Steden van Eden : شارەكانی سومری لە ئەدەن، لـە لێكدانـەوێكی خۆیدا بـەو جۆرە دەڵی:

كۆنترین ئاڵوگۆڕ لـە مێژوی مرۆڤدا، دوای بێ دەنگی و لـەسـەر پێ ڕاوەستان لـە ڕابردنی هـەزاران ساڵ، ئەو ئاڵوگۆڕە بووە: كـە بـە هۆی سـەر هـەڵدانی مرۆڤـەكان لـە نیزیكی ڕۆژهـەلاتی وڵاتی میزو پۆتامیا پێك هاتوە كـە وەكو ڕاوچی كۆبوونـەتـەوە و ماڵیان بـە گـەڵ و داران لـە نێـو جـەنگـەڵ و لێرەواران دورست كردوە و هۆش و زانستیان پـەیدا كردوە. هەوەڵین هـەنگاوی گرنگیان ئـەوەبووە: گیاندەبەرەكانی وەحشیان ڕام كردوە. لـە گۆشت و پێست و شیریان كـەلكیان وەرگرتوە. ئـەو مرۆڤانـە لـە بلیندایـەكانی زاگرۆز لـە ئێران پـەیدا بوونـە و هاتوونـەتـەدی. بـۆ خۆ پاراستن لەدڕندە، لـە جێیـەكێ بۆ جێیـەكی دیكـە ڕۆیشتونـە و پـەرپـەوەبوونـە.

دووهـەمین هـەنگاویشیان چادرنشینی و كۆچـەرییـەتی و وەبـەرهـەم هێنانی ئـەو دانـەوێلانـە بووە: كـە ڕەمەكی ڕواون و تۆویان گرتون و چاندویانن و كردویانەتە خـەڵكی (ئـەهلی). جۆرەكانی دانـەوێڵـەی سـەختو زستانیان وەدەست خستووە و زەوی چووكیان بۆ شین كردنـەوە و چاندنیان ساز كردوە. خواردەمـەنیان كۆ كردۆتـەوە و زۆریـەكـەشیان زەخیرە كردوە. یا پێكیان گۆڕیـوەتـەوە.

**نووسەری پەڕتوكی شارەكانی سوومری لە ئەدەن**، درێژە بـە وتـەكـەی دەدات و دەڵێ: لێكۆڵـەر و كۆڵـەر بـە كۆمـەگی گیا ناسی و جانـەوەر ناسی و بـەكۆمـەگی باقی ماوەكانی ئێسقانی جانـەوەران و پارچـە پارچـە ماوە لـە

گیایان، دەزانن بۆ وێنـە: لـە چـەرمو( Jarmo ) و لـە باقی دێیـە کانی تری دێرین، ئـەو دانـەوێڵـە و گـەنم و ئـەوشتانـەی لـە دەستیان دا بوونە و لـەجێ ئاور لەگەڵ خۆڵـە مێش و گڵ تێکـەڵ بوونـە و وەبن ئـەرز کـەوتونـە، چۆن بوونە و شیـوەکـەیان چۆن بووە. هـەروا بـە هۆی لێکۆڵینـەوە لـەسـەر ئـەو گیایانـەی ئـەو دانەوێڵانـەیان لێ پـەیدا دەبن یا بوونە و یا لـەو جێیانـەی ئـەو شتانـەیان لێ وەبەرهـەم دێندرێت، دەزانن ئـەو گیایانەی ئەو دانەوێڵانەیان لێ پەیدا دەبێت چۆنن و یا کوێ دەگونجێ بۆ ئـەوەی ئـەو شتانەیان لێ پـەیدا بووبێت.

جانـەۆەر ناسان لـەو ئێسقانانـەی دەیان بیننـەوە دەزانن، ئێسقانە بچووک و باریکـەکان بـەو شیـوەی هـەن، ئی ئـەو جانـەوەرانـەی ڕام کراون و ئەو ئێسقانە ئـەستورانەی خودی ئەو جانەوەرانەی بەو جۆرەن، ئی جانەوەرەکانی نا ڕام و وەحشینـە.

هـەروا لێکۆڵـەران شوێنی ئـەویان هـەڵگرتوە کـە کـەی ئـەو حەردانە لەجیهان، جێی خۆیان گرتوە و لـە پێشدا نـەخشـە جوغرافیاییەکانیان چۆن بوونـە. هـەروا لێکۆلینـەوە کراوە لەسەر پـەیـوەندی مرۆڤ و گیانداران.

نووسەری نێوبراو دەڵی: ئـەو وێنـە لـە بـەرد کێشراوە سرنج ڕاکێشـەرەی مـەڕیش بـە پێی لێ کۆلینـەوەی ئارکۆلۆژان: archologen ، تەنها وێنـە کێشێک دەتوانی بی کێشێتـەوە، کـە زەمانێکی درێژ مەڕی دیبێت و لە مێژبێت مـەڕی ناسی بێت. وێنـەکـە ئی ٤ هـەزار ساڵ پێش زاینـە و لـە کێـوەکانی زاگـرۆز دیتراوەتـەوە. نووسەر **لە درێژەی وتەکەیدا دەڵی: بـەو هۆیانـە مرۆڤ دەزانێ، هـەوەڵ ئینسان لـە کوێ پـەیدا بووە. ئـەو نیشانانـەی کـە شوێنی هەوەڵین مرۆڤ دەنوێنن و پێویست بوونی مرۆڤ بە جێگایەکی دەوڵەمەند و پڕ لە ئیمکان بۆ تاپۆکردنی پێداویستییەکانی ژیانی سەرەتایی، تەنها بۆ نزیکی ڕۆژهـەڵاتی میزو پۆتامی و بلیندایـەکانی ئێران: لـە نزیکی کێـوەکانی زاگڕۆز، یـەکتر دەگرنـەوە و بەس.**

شوێنـەواری نیـوەدیار یا تـەواو دیاری مرۆڤ لـە زۆر جێیان دیتراونەتەوە. شوێنـەواری نیـوە کەلتوری کـە بـە ماوەی ٧٠٠ سال لـە دەورو بـەری کێـوەکانی زاگرۆز درێژەی هـەبووە، لـە وێرا بـەرین بۆتـەوە بۆ شیمالی ئێراق و سووریا و دەریای مودێترانـە. ئەو خەڵکـە لـە مالـە کانی خڕی بچووک دا ژیاون، کـە ئـەوە شیـوە، کەلتوورێکی نوێی ئـەودەم بووە. بـەڵام ئـەو نیـوە کەلتوورە لـە هـەزارەی شـەشی پێش زاین بێ شوێن بووە. ئـەوە ئاشکرا نییە بۆ چی ئـەو نیـوە کەلتوورە، بێشوێن بووە و لـەبـەر چی؟

بەڵام واوێ دەچێت بـەسەر هاتێک ڕای گرتبێت.

لـە گـەورەترین هـەنگاوی ئارکولۆژی(باستان ناسی/ قـەدیم ناسی) لـە میزوپۆتامی، شوێنی هەوەڵین ژیان لـە دورانی دێرینی مرۆڤدا، لـە کێـوەکانی کوردستان لە ڕۆژئاوای ئێران دیتراوەتەوە. و بۆ هەوەڵین جاریش شوێنی شارستانیـەتی کۆن لـە میزو پۆتامی: ڕۆژئاوای ئاسیا دیتراوەتەوە.

به بەشێک لە ڕۆژئاوای ئاسیا دەڵێن میزو پۆتامی، چونکە کەوتۆتە بەینی دووچۆمی گەورە: بە نێوی فورات و دەجلە، کە ئاوەکانیان لە کوردستان سەرچاوە دەگرن و لە کوردستان تێدەپەڕن و دەرژێنە خەلیجی فارس.

هەنگاوی دواتری ئارکولۆژی زانیاری پەیدا کردنە لەسەر پێشکەوتوی زیاتر و شارستانیەتی کۆنتر لە مرۆڤی پێشین، بەهۆی نووسراوەکانیان کەلە ژێر خاکو ئاوارەکانی ماڵەکانیان دیتویاننەوە. ئەو پێشکەوتوایەتییەی دوایی، دوای ئەوە بووە: کە لە دەهەزار سال پێشتر توانیویانە پێ بخەنە مێژوویەکی تازەتر: دێ و شار یان دورست کردون، شاو وغولامیان لێ پێک هاتوون ، یاسایان داناوە، بروایان بەخودایان پەیدا کردوە ، خودایان بۆ خۆیان داناوە ، خوداگا یا پەرستشگایان دورست کردون و باش و ناباشیان دیاری کردون.

شوێنی شارستانیەتی دێرین لە گەلانی تری پێشینیش هەڵگیراوە و لەسەر چۆنیەتی وانیش باس کراوە و چۆنیەتی دەسەلات و فەرمانرەواییان، بە هۆی لێکۆڵەران ئاشکرا کراوە. وەک دیتنەوەی نیشانەی شارستانیەتی دەوڵەمەند لە لای چۆمی کاروون لە جنووبی ئێران، لە ئیلامییەکان. کەبەرزترین خاڵ لە پێشکەوتوی وان دەگەڕێتەوە سەر ٣ هەزار هەتا ٤ هەزارساڵ پێش زاین. هەروا شوێنەواری پێشکەوتوی هۆزەکانی تریش دیتراوەتەوە. کە لە دەوروبەری کێوەکانی زاگرۆز و لە باکوری میزو پۆتامی خاوەن دەسەڵات بوونە. وەک گۆتی، لولوبی، هاتی، کاسیت، میتانی و ئاسوور و لە دواییشدا وەک پێشکەوتوی هەرەگرنگی سوومر. بەداخەوە ئەو فەرهەنگ و شارستانیەتییە گرنگەی ئەو گەلانە بە تایبەت گەلی سوومر کە گەورایەتی و فەرمان ڕەوایەتی و ڕێز و هێز و دەسەڵاتی شایەتی ئەو گەلە بەو پەڕی بەرزایەتی و گەشایەتی گەیشتبو و بە درێژایی هەزاران سال درێژەی هەبوو، بەهۆی لاواز بوونیان دوای چەند شەری قورسوگران، (وەک لە دواییدا باسی دەکەین) هەروا لە ئاخیرەکەی بەهۆی هێرشی فارسەکانیش: ( قەومی ئیندو گرمان )، لەبەین چوون و بێشوێن بوون.

لە دەست پی کردنی قەرنی ٢٠ کۆڵەران لە میزو پۆتامی نووسراوە و شوێنەواری زۆریان دیتۆتەوە کە فەرهەنگ و پێشکەوتوی گەلی سوومر و مرۆڤەکانی دەورو بەری کێوەکانی زاگرۆز نیشان دەدەن. هێندێک لەو سەر چاوانەی ئەو زانیاریانەیان لەوبارەوە لێ وەرگیراوە و یا لێیان وەردەگیرێت ئەو بەنێوبانگانن B Emile : Paul ئەو توێژەرە کونسولی فرانسە بووە لە موسڵ: لە باکوری ئێراق. و layard ئینگلیسی و Loftus ئینگلیسی و Sarzak فرانسەیی، Koldewey ئالمانی وAndrae و زۆر کەسی بە نێو بانگی دیکەش. جاری وا هەیە بە پێی سەر چاوە، باس لێکراوەکانم دووپات کردوەنەتەوە.

سەبارەت بە زمان و زاراوەی ئەو گەلانەی لە میزو بۆتامی و کوردستان ژیاون، زۆر لێکۆڵینەوە کراون و بە پێویست دەزانم هێندێک لە خاڵە گرنگەکانی بەرهەمی لێکۆڵینەوەکان، بەکورتی بخەمە بەر چاو.

## زمانی قەومەکانی میزو پۆتامی.

بە پێی توێژینەوە، زمانی سوومەری هەتا ٢ هەزار ساڵ پێش زاین هەر زمانێکی هەمەگانی بووە. بەڵام لەو کاتی بەدواوە ئەو زمانە لەبرەو کەوتوە و بە زمانێکی هەموانی نەماوە. زمانێکی دیکەش کە لەو وڵاتە قسەی پێکراوە، زمانی ئەکادی بووە کە پێی گوتراوە سیمیتی، کە لە ٣ هەزار ساڵ پێش زاین بە هۆی سیمیتی ئاسۆری دورست کراوە.

ڕاولین سۆنی لێکۆڵەر دەڵێ: زمانی ئیلامییەکان وێ دەچێت زمانێکی جیا لە زمانەکانی تر بووبێت: یانی زمانێکی جیا لەو سێ زمانانەی لەو وڵاتە ئاخافتنیان پێکراوە. کە زۆر پیتی، ێستاش جێی فام کردن نین. زمانی ئەکادی دوو زمانی عیبری و عەرەبیشی گرتۆتەو. بەڵام زمانی ئەکادی ئەو وەخت لەگەڵ ئەوەی ئێستا یەکتر ناگرنەوە. شایەد نووسراوەکانی زمانی ئەکادی ئەو زەمانی، جوان تەرجەمە نەکرابنەوە بۆیە یەکتر نەگرنەوە.

هەروا ڕاوڵین دەڵێ ئەو نووسراوە دیتراوانەی: کەلیمەکانیان ناخوێندرێنەوە: کە کەلیمەی وایان تێدان مانایەکانیان کەس نایان زانێت، وێدەچێ ئەوانە ئی زمانی سکیتەکان بن کە لە میزو پۆتامیرا هەتا دەریای ڕەشیان گرتبوو. یا نووسراوەکان، ئەکادی و سومریان تێکەڵ بوونە.

(فرانسیەکێ بە نێوی: **یوسف هەلەوی** دەڵێ: ئەو زمانانەی لە میزو پۆتامیا دیتراونەتەوە یا ئی نینەوایانن کە سیمیتین یا ئی سومریانن. کە بە پێی خوێندنەوە، زمانی سومرییەکان بەشێک بووە لەزمانی شیمالی میزوپۆتامی. )

لە ساڵی ١٦٢٥ گەریدەی ڕۆمی بە نێوی دلا ـ فالی، نووسراوەیەکی دیتۆتەوە کە بەو جوورە نووسراوە :(ئوری خەلدی ( Ur de chaldeen ) بە پێی بایبل، (ئینجیل) ئەوە ئەو جێگایەیە: کە ئیبراهیم لێی بەوەلەد بووە. ) شایەد زاراوەی خەلدی و سوومری یەکێ بووبێت، بۆیە لە بەینی خەلدی و سوومرییەکان موشکیلی زمانی نەبووە. هەروا ئەو جیاوازییەی لە بەینی دوو زمانی سوومر و ئاکادی دا بووە، لە بەینی خەلدی و سوومرپیدا نە بووە. لە دواتریشدا باسی لێدەکرێت.

ڕاولین سۆن کە کۆنسولی بریتانیا بووە و لە سالی ١٨٣٩ لە ئێران بووە، بۆ یەکەم جار نووسراوەکانی پێرس پۆلیس و بێستوونی ( لە کوردستان: لە ڕۆژ ئاوای ئێران ) ، بە تەواوی خوێندونەتەوە و دەڵێ: ئەو نووسراوانەی بێستوون کە لەبەرد نووسراونەتەوە، یە کیان فارسی کۆنە: زمانی ئیندو ئوروپییەکانە، کە بە هەڵکەوت لە ٣٦ پیت (حەرف ) پێک هاتووە. بەوجۆرە مرۆڤ کلیلی ئەو زمانەی دیتۆتەوە بۆ خوێندنەوەی دوو زمانەکەی دیکەش.

هەروا دەڵێ:خوێندنەوەی ئەو ٣ زمانەی نووسراوەی بێستون زۆر بە گران تەواو دەبێت. ئەوەش دەڵێ: ئەو نووسراوە زۆر نیوی لە نیوی شایانی فارس تێدایە وەک داریوش و گوشتاسپ(هیشتاسپ ) ( Hystaspes ) و خەشایار.

ڕاولین سۆن لە سالی ١٨٣٩ دووسەد دێڕی لە نووسراوەی بێستون خوێندۆتەوە. ڕاولین سۆن درێژە بە قسەکەی دەدا و دەڵێ: هەوەڵین زمان، زمانی فارسی کۆنە. دووهەمینیشیان لە ڕیشەی زمانی سیمیتی نییە ئەویش زمانێکی ئیندو ئوروپییە، بەڵام کەلیمەی ئەکادی یا ئاسۆری بابیلیشی تێدا هەیە. سێیەمین زمان کە ئەلفو بێیەکانی بە زمانی سمیتی (ئەکادی) نییە، تێکەڵە لە زمانی عیبریو عەرەبی.

## زمانی سوومڕی

لەسەر زمانی سوومڕی لێکۆڵینەوە کراوە، کە دەبێ بە هەڵکەوت ئەو زمانە لە کوێڕا هاتبێ؟ شارەزایانی زمان لەسەر ئەو نووسراوە دیتراوانەی سوومڕییەکان، کە نووسیویانن و لە پاشیان بەجێ ماون و هەروا لەسەر هەوەڵین مرۆڤی پێشکەوتو لە بابیل و ئاسوور، لێکۆڵینەویان کردوە.

لە سالی ١٨٦٩ ی زاینی **جولس ئوپرت** ( Juls Oprt ) کە ئالمانی بە ڕەسەن فەڕانسی بوو، لە وتارێکی خۆیدا کە دەنگی داوە، پێی لەسەر ئەوە داگرت: **کە لە میزو پۆتامیا دوو نەژاد ژیاون**: یەکیان سیمیتی بووە کە پێی گوتراوە ئاکادیر. کە ئەو نەژادە، ئەو خەڵکەی بابیل و ئاسوور بوونە. دووهەمیان نە سیمیتی بووە، کە پێی گوتراوە **سوومڕی**. سوومڕییەکان لە جنووبی بابیل ژیاون. ئەو چەند وێنەی نووسراوەی سوومڕی دیتۆتەوە.

ئوپرتی لێکۆڵەر باسی ئەوەش دەکات: کە شای بابیل شای سوومڕ و ئەکادیش بووە. هەروا درێژە بە وتەی خۆی دەدا و دەڵێ: ئەو زمانەی بابیل کە لە بنەرەتڕا سیمیتییە، زۆر کەلیمەی کە لە نیو سیمیتی دیکەدا نین، ئەوانیش لە ڕاستیدا سوومڕین. وتەی ئوپێرت بەو نیوانەی لە شایان و پرستگایەکان نندراون و لە نووسراوەکاندا دینە بەرچاو، دەکرێ پەسند بکرێت.

**لـه** سالی ١٨٧٨ ـ ١٩٠٠ كۆلـەر سـەرزەك ( Sarzek ) 12 لێكۆڵینـەوەی لـە لاگاشی( lagasj ) كرد. لاگاشی: (تەللو): شارێكی سوومەری بووە و لـە ٤٠ كیلومیتری باكوری ڕۆژهـەڵاتی شاری ئوروك بووە، كـە زۆر دەستكردی سوومەریـە كان لـەوێ دیتراونەتەوە. ئـۆپرت ئەو پارچـانەی لەوێی دیتونەتەوە، بردۆنیەتەوە بۆ مووزە خانەی لاڤرە( Louvre ) لـە لەندەن. هـەروا زۆر وێنـەشی لـە پرستشگای **گوودیا** (Goedea ) لـە لاگاش دیتوونەتـەوە، كـە دەگەڕێنـەوە بۆ دەورانی نوێی سوومەری لـە ٢١٥٠ ساڵ پێش زاین. وێنـەكان لـە برۆنز دورست كراون و زۆر بـە نیـوبانگن. ئـەو وێنانـە ئی شا ئیانناتوم( Eannatoem )شای لاگاش بوونـە.

لـە نووسراوەكانی سوومەریاندا داستانی **ئادەم** و **حەووا** هـەتا **نووحیان** تێدایـە، كـە سوومەریـەكان بـە هـەزار سال پێش كاتی ئـەو نووسینـەیان داناوە، كـە دە شای سوومەری پێش توفانی نووح شایـەتیان كردوە. باسی تۆفانی نوحیش بـە درێژی لـە نووسراوەی سوومەریان دا هـەیـە.

دیارە دەورانی شكوفایی مرۆڤ دەگەڕێتـەوە بۆ ٦ هـەزار سال پێش زاین كـە سوومەریـەكان بەو زمانەی خۆیان ئاخافتنیان كردوە. ئەگەرچی پێش ئەو كاتیش هەر بـەو زمانـەی خۆیان ئاخافتنیان كردوە، بەڵام لە چۆنیەتی ئەو كاتی ئاگاداری نییە. بـەڵام دەورانی نووسین دەگەڕێتـەوە بۆ ٣ هـەزارسال پێش زاین كـە لـەو كاترا چۆنیـەتی زمانـەكان و چۆنیـەتی مروڤـەكان لـە قـەدیم، بـە هۆی نووسراوەكانیان ئاشكرا بووە. زۆر نووسراوەی كۆن لە هاتیـیەكانیش دیتراونـەتـەوە.

## لاواز بوونی سوومەرییـەكان.

لـە سالی ٢ هـەزار هـەتا سالی ١٥٩٥ پێش زاین شكوفایی و خاوەن بـەرزیـەتی قەومی سوومەر بـە هۆی هێرشی ئاموریتییـەكان لـە ڕۆژئاوارا وئیلامییـەكان لـە جنووبی ڕۆژهـەڵاتی ئیرانرا، هاتـە خوار و ئـەو وڵاتـە گـەورەی لـە خـەلیجی فارس را هـەتا مودیترانـە كـە لـە ژێر دەسەڵاتی سوومەریـەكان دابوو، بـە هۆی هێرشی هێرشكـەران بـەش بـەش كرا.

لـە سالی ١٧٩٢ ـ ١٧٥٠ پێش زاین حەمو ڕابی لـە ئاموریـیـە كان بـەشێكی زۆری لە وڵاتی سوومەریەكان خستـە ژێر دەسەڵاتی خۆی. سوومەریـەكان لـە مـەیدانی سیاسـەت ون بوون. بـەڵام لـە داهاتووشدا فـەرهـەنگ و پێشكـەوتویـەتی سوومەریەكان لـەسـەر گـەلـەكانی دوای خۆیان كاریگـەریان هـەر هـەبووە.

## بـە شبـە ش بوونی زمانی سوومەری

دوای لە بەین چوونی هێز و دەسەڵاتی سوومرِی، زمانەکەشیان وەکێ زمانێکی سەرە نەما و ونبوو و شیوە نووسینیشیان وەکوو لاتینی لە وڵاتەکانی رۆژئاوا کەڵکی لێ وەرگیرا. ئەو هێزانەی دواتر کە بەرِیوەبەری ئەو خەڵکەیان کردوە لەسەر ئەو میراتەی زمان و فەرهەنگی سوومرِیەکان رۆیشتون. دوای نەمانی زمانی سوومرِی بە زمانێکی سەرە، ئەو هێزانەی دوایی، وەکێ هاتییەکان ، هۆرییەکان ، ئیلامییەکان و ئامورییەکان هەر یەکەی بە زاراوەی خۆی کەڵکی لە زمانە میراتییە کەی سوومرِیەکان وەرگرتوە. لە ئاسووردا نووسەرەکان بە لەهجەی ئاسووری کۆن، نووسیویانەتەوە. لە شاری ماریدا خەڵکێ بە دیالکتی ئامورییەکان نووسیویانەتەوە. لە ئیلام، ئیلامییەکان بە دیالکتی ئیلامی کەڵکیان لە زمانی ئیلامی وەرگرتوە. هەروا لە نێو ئیلامییەکان زمانێکی غەیرە سیمیتی لە کەنار دیالکتی ئیلامییەکان کەلکی لێ وەرگیراوە.

لە ئاناتۆلیا زمانی هاتیەکان لە نووسراوە میخییەکان ناسراوەتەۆە. زۆر لێکۆڵەریش بناوانی زمانەکان دەبەنەوە سەر زمانی هاتییەکان.

بە پێی ئەوەی: کۆڵەران لە نووسراوە لەمێژینەکانی دەسەڵاتداران لە میزو پۆتامی و ئێران دیتویاننەتەوە، کە ئەوە دەگەیەنن: لە میزوپۆتامی دوو زمانی سەرەکی هەبونە و ئاخافتنیان پێکراوە. یەکیان زمانی سیمیتی بووە کە سێ زمانی ئاسۆری کۆن و عیبری و عەرەبی گرتۆتەوە و دووهەم زمانیش سوومرِی بووە و هەروا بە پێی ئەوەی: هێندیکێ توێژەر پێیان وایە: زمانی سوومرِی زۆر نزیکێ بوە لە زاراوەی شیمالییەکانی میزوپۆتامی و یا بەشیکێ بوە لەزاراوەی شیمالییەکانی میزوپۆتامی:(کوردستانی ئێستا)، دەکرێ زمانی سوومرِییەکان رِیشەی زاراوەکانی شیمالییەکان بووبێت و یا زاراوەیەکێ بووبێت لە زاراوەکانی شیمالییەکان.

هەروا بە پێی ئەوەی خەلدییەکان لە ئور بوونە و لە بابیل نیشتەجێ بوونە و لەگەڵ سوومرِییەکان زۆر تێکەڵاویان هەبووە و جیاوازی زۆریان لە بەیندا نەبووە و هیچ موشکیلی لێکێ تێگەیشتنیان نە بووە، دەبێ زمانی سوومرِی، زمانێکی هەموانی بووبێت و یا زاراوەیەکێ بووبێت لە زاراوەکانی شیمالییەکان. هەتا ئەوەی دەکرێ سەرچاوەی هەموو زمانەکانیش بووبێت. ئەوەش روونە: کە هەموو زاراوەکانی شیمالییەکانی ئەوزەمانی پاکێ و بێخەوشتر بوونە و وتەی تازە و بێگانەیان کەمتر دەگەل تێکەڵ بوونە. شایەد ئەگەر زاراوە هەرە پاکەکەی ئێستا، لەگەل خودی زاراوە: لە ئی ئەو دەم بەرابەر بکرێت، وەکو زاراوێکی دیکە بێتە بەر چاو و جیاوازی زۆری لێ ببێندرێت.

هەر جوور بوبێت زمانی شیمالی میزوپۆتامیا کەزمانی کوردی ئێستای ئێمەیە بە هەموو لەهجەکانیەوە، زۆر کۆنو قەدیمییە و زۆر پێش ئەو زمانانەی دیکەی ئیندو ئوروپی، لە میزو پۆتامیا هەبووە و پێش زمانی ئوروپییەکانیش ئاخافتنی پێکراوە. قسەی ئەو توێژەرانەی کە دەڵێن ئوروپییەکان کەڵکیان لە نووسراوەی زمانی سوومرِی وەکێ لاتینی وەرگرتوە و بۆ پێشکەوتویی خۆیان بەکاریان هێناوە، ئەوە پەسند دەکات کە زمانی شیمالییەکان، (واتە زمانی بابوباپیرانی دێرینی کورد ) زۆر کۆنترە لە هەموو زمانەکانی ئیندو ئوروپی.

## ئايين وخوديانیقـه‌ومـه‌ كانی میزوپۆتـامی

ئـه‌پسوو: ( APSu ) هـه‌وه‌ڵینی ئـه‌و خودایانه‌یه‌: كـه‌ لـه‌ ڕووباراندا ده‌ژیت. تیامات( Tiamat ) ئـه‌و خودایه‌یه‌ كه‌ ده‌ده‌ریادا ده‌ژیت. موموو( Mummu ) ئـه‌و هـه‌ورانه‌یه‌ كه‌ لـه‌ ئاسمانن. ئـه‌پسو و تیامات، لاموو( Lahmmu ) و لاهاموو( Lahamu ) و ئـه‌نشه‌ر ( Anshar ) و كیشه‌ر Kishar یان لیّ بـه‌وه‌ڵه‌د بووه‌.

ئـه‌و دوو هاواڵ دوانانـه‌ی به‌ره‌وه‌: ئـه‌نشـه‌ر و كیشه‌ر كـه‌ ئاسمان و ئه‌رزن، ئـه‌نوو ( ANU ) یان لێ به‌ وه‌ڵه‌د بووه‌. ئـه‌نووش ئیئا Ea ی لیّ بـه‌وه‌ڵه‌د بووه‌. كـه‌ لـه‌ دواییدا ئیئا بـه‌ ئـه‌ل گۆڕاوه‌. ئیئا و دامكینا ( Damkina ) مـه‌ردووك: خودای چاكـه‌یان، لی پـه‌یدا بووه‌.

كاتێك تیامات خودای تازه‌ی لێ به‌وه‌ڵه‌د ده‌بوو، سیّ خودای خاوه‌ن ده‌سه‌ڵات، ده‌یان ویست دوای به‌وه‌ڵه‌د بوونیان بیانگوژن. خودایانی هـه‌وه‌ڵین: ئـه‌پسوو و موموو، ئـه‌وه‌یان بـه‌وه‌حشی گـه‌ری ده‌زانی. ئیئا چوه‌ لای ئـه‌پسو و مومو هـه‌ردووكیانی لـه‌ خـه‌ودا كوشتن. تیامات بـه‌ توره‌یی لـه‌شكرێكی زۆری لـه‌ ئـه‌ژده‌ها و جنۆكـه‌ كۆ كرده‌وه‌ و ناردیه‌ سـه‌ر خودایـه‌كان. ئـه‌وانیش بـه‌ ترسـه‌وه‌ پێكـه‌وه‌ تـه‌گبیریان كرد: كـه‌ چ بكـه‌ن ؟ ئـه‌و مـه‌ترسیـه‌ لـه‌سـه‌ر خۆیان لابـه‌رن. مـه‌ردووك لـه‌و دوژمنانـه‌ی دا بـه‌و مـه‌رجـه‌ی ئـه‌وی بكـه‌نـه‌ شای هـه‌موو خودایان. ئـه‌وانیش ئـه‌وه‌یان پـه‌سندكرد. مـه‌ردووك با و بروسكی نارده‌ سـه‌ریان. تیامات و لـه‌شكره‌كه‌ی شكان. كینگو كـه‌ سـه‌رداری وان بوو و هـه‌وه‌ڵ كوری تیاماتیش بوو، كوژرا. مـه‌ردووك تیاماتی گرت و زنجیری كرد و فـه‌رمانی بـه‌ ٤ با دا، تیامات و تـه‌ختـه‌كـه‌یان تـه‌قاند. كـه‌ بـه‌شێكی لـه‌ بـه‌ده‌نی چووه‌ بـه‌ره‌وه‌ و بـه‌شـه‌كـه‌ی دی چوو بۆ سـه‌ره‌وه‌. لـه‌و پارچانـه‌ی بـه‌ده‌نی ئـه‌رز و رۆژ و ئـه‌ستێره‌یان لێ دورست بوو. مـه‌ردوك گوتی ئـه‌من ئینسان دورست ده‌كه‌م بـه‌لاّم ئـه‌منیان ناخۆش ده‌وێت. مـه‌ردوك بـه‌ كۆمـه‌گی بابی ئیئا لـه‌ خوێنی كینگو هـه‌وه‌ڵ كوری كوژراوی تیامات، هـه‌وه‌ڵ ئینسانی دورست كرد. ئـه‌وه‌ داستانێكـه‌ لـه‌ بیر و باوه‌ڕی دینی خـه‌ڵكی بابیل: خـه‌ڵكێك كـه‌ خاوه‌ن پێشكـه‌وتویی و شارستانیـه‌تی كۆنی دونیا بوونه‌. بابیل شارێك بووه‌ لـه‌ ٩٠ كیلو میتری جنووبی بـه‌غدای ئێستا. بـه‌غدا: (بـه‌غ داد واتـه‌ خودای داد یا بـه‌خشین). لـه‌ عێراق ئێستاش شوێنـه‌واری دیـواری كۆنی بابیل ماوه‌ته‌وه‌. بـه‌ داخـه‌وه‌ زۆر لـه‌ شوێنـه‌واری باستانی گران قیمـه‌ت و كۆنی بابیلی، لـه‌ ماوه‌ی ئـه‌و ١٠٠ سالـه‌ی ڕابردو دا بـه‌ هۆی ئوروپیـه‌كان و ئـه‌مریكیـه‌كان لـه‌ وێ وه‌ده‌ر خراون و بردراون. بـه‌شێك لـه‌وشتانـه‌ی بردراو، ئێستاش لـه‌ موزه‌خانـه‌ی لاڤره‌( Louvre ) لـه‌ لـه‌نده‌ن ماوه‌نه‌ته‌وه‌. بابیل لـه‌ ڕابوردودا ده‌وڵـه‌مـه‌ند ترین شار بووه‌. بـه‌لاّم كۆنترین شار نـه‌بووه‌.

## دانیشتوانی میزو بۆتـامی.

خەڵکی میزو پۆتامی: ئەو وڵاتەی بەینی دوچۆمی دەجلە و فورات، لە ٥٧٠٠ سال پێش زاین پەرستشگایان دورست کردوە. ئاژەڵداریان کردوە و خواردەمەنیان کۆ کردۆتەوە. هەتا ئەوەی سوومرییەکان لە ٥ هەزار سال پێش زاین هیچ ساخڵەتی کۆکردنەوەی خواردەمەنیان نەبووە. وێنە و نیشانەی کێشراو و نووسراو لەسەر سیراميك و سواڵەت، چۆنیەتی ئەو خەڵکانەی لەو وڵاتە ژیاون، نیشان دەدەن.

بیر و باوەڕی ئایینی لە هەموو وڵاتی میزوپۆتامی بلاو بۆتەوە و زۆربەی خەڵکەکان و نەژادەکان، خودایە کانیان پرستوون. پەرستشگایان دورست کردوون و پەیکەریشیان بۆ خودایەکانیان ساز کردوون.

## بیر و باوەڕی کاسیتە کان.

شایەد هەوەڵ جێگای کاسیتەکان دەورو بەری کاسپیشە زێی بووبێت یا لە لای کێوەکانی زاگرۆسرا چوونەتە لای کاسپیشە زێی و دوبارە گەڕابنەوە.

ئەو کاسیتانەی (کەسیت کاسیت یا کاسپی) لەکێوەکانی زاگرۆزرا هاتبوونە ئەو وڵاتەی میزو پۆتامی، ئەوانیش ئەو خودایانەیان پاراستوون و پەرستوون. ئەوانیان کردۆنەتە سۆنبۆلی بیروباوەڕیان. وەك پەرستنی خودایان: کودورو یا ئانو، ئەنلیل، ئیئا و ئەشتەر.

کاسیتەکانیش باوەریان وابووە، کە مەردوك ئینسانی دورست کردوە و گوتویەتی ئەمن ئینسان دورست دەکەم، دەبی بم پەرستیت. ئەکادییەك لە وتەی مەردوك ئەوەشی زیاد کردوە و دەڵێ مەردوك گوتویەتی: ئەمن دەمەوێ جۆرە لولوێك(ئیسانیك) دورست بکەم، کە ئەمنی ناخۆش دەوێ. دمەوێ جۆرە لولوێك(ئینسان) دورست بکەم، کە خودایان وەدەست بخات وخودایان بپەرستیت.

کاسیتەکان جایەگای بەرێز و گرنگ و مێژوییان دورست کردوە. وەك زیگورات کە دوور کوری گالزو(Doer-Koerigalzoe) دورستی کردبوو. یا وەك پەرستشگای کور( Kur: ماڵ لەسەرشاخ ـ یا:ماڵی گەورە یا قەسر. کە ئی خودای گەورەی سوومرییەکان ئەنلیلە و لە نیپور دورست کراوە.

خودا پەرستی سوومرییەکانیش دەچێتەوە سەر ئەو ٣ بناخەیە: ئاسمان، ئەرز و ئاو. خودای ئەو سێیانەش بە ئەنلیل نێوبراوە. لە دواییدا لە میتۆلۆژی بابیلی دا، بە نێوی مەردوك، ئەنکی، ئیئا و ئانو ناسراوە. سوومرییەکان وایان باوەڕ کردوە کە ئینسان بە چاك یا بە خەراب دورست بووە. بێجگە لە خودای گەورە: ئەنلیل ئەو خودایانەی دیکەی چووکیش هەریەکەی بە پێی توانی کاریك دەکات. بەنێوبانگترینی ئەو خودیانەی چووك، ئەشتەرە کە خودای شەڕە. هەروا خودای میوە و بەرهەمیشە.

## پرستشگای گودیدا.

لـه ۲۱٤۰ ساڵ پێش زاین یـەکێک لـه دەسەڵاتدارانی گۆتی، پـەرستشگای گۆدیدای دورست کرد. بێجگـه لـه گۆدیدا ۱۵ پـەرستشگای دیکـەشی لـه شاری گیرسو دورست کرد. شاری گیرسو چـەندسال دواتر لوگال زەکگزی Lugalzaggesi خـەرای کرد. بـه پێی نووسراوه دیتراوەکانیان زۆریان زەحمەت کێشاوه هـەتا گودێدایان دورست کردوه. ماگان و مـەلوهـه داریان لـه کێـوەکانڕا بۆ کێشاوه و نـەقاشیان لـه جێیانڕا هێناوه، بۆ ئـەوەی نووسراوەکان و منارەکانی گودێدای پێ نـەخشکاری بکـەن. **گودیه** بـەخـەون چۆنیـەتی کاری لـه خودایان وەرگرتوه.

وا وێدەچیت گۆدیدا، گۆتی، گۆدیـه، هاو مانابن لەگەڵ، خۆدێ داد (خاوەن داد. داد:هـەقخوازی یا عـەداڵەت)، خۆدی ، خودیـه.

خودا: بـه ئینگلیسی: گاد یا گۆد و بـه هۆلـەندی:خۆد. به زمانی خۆشمان خودا یا خودێ.

## پرستشگای ئاسوورییـه کان لـه کوڕ گـه ل.

لـه دەست پێکردنی دووهـەمین هـەزارەی پێش زاین لـەباری خودا پـەرستی و بڵاو کردنـەوەی بیرو باوەڕ بۆ وڵاتـەکانی تر، ئایینی ئاسوور گـەشـەی کرد. بۆ بڵاو کردنـەوەی ئـەو ئایینـه بۆ کوڕگـەل: کێـوه گـەورەکان، ئاسوور، ئینلیلی نارده پرستشگای بـەڕێزی هۆرساکَ (E. Hoersag) لـه کور گـەل یا:کورا گـەل (Koer Gal)یا(Koerra Gal) :کێـوەکانی گـەوره. ئـەوه دەلیلـه کـه بۆچی؟ بـه کێـوەکانی گـەورەیان گوتوه: کور گـەل. (شایـەد کورگەل، بـەو مانایەبێت کـه ئێمـه دەڵێین کوری گەل یا کورد گەل) . ئاسوورییـەکان نێـوی شاری ئاسووریان بـه نێـوی گـەورەترین خودایان کردوه، کـه ئاسووره

# بـــەشـــی سێ هەم.

## بەسەرهات و چۆنیەتی دەسەلاتدارانی میزوپۆتامی لەدەورانی دێرین.

وەک لـە پێشدا گوترا، شوێنـەواری هـەوەڵین پێشکـەوتویی و شارستانیـەتی مرۆڤ لـە جیهاندا، لـە شیمالی ئێرانی ئێستا و دەوروبەری کێـوەکانی زاگرۆزرا هەتا چۆمی کارون و هەروا لە شیمالی میزو پۆتامی، پـەیدا بووە. شوێنەواری هەوەڵین شارستانیەت لەو هەرێمە بە درێژایی ٦٠ کیلومیتر بووە. دوایە درێژ بۆتەوە و بڵاو بۆتەوە و دونیای داگرتوە.

شیمالی میزو پۆتامی هـەتا ٥٣٠٠ ساڵ پێش زاین ناوەندی شارستانیـەت و پێشکـەوتویـەتی بووە و لـە وێڕا فەرهەنگ و شارستانیـەت بۆ لای وڵاتانی دیکـە بڵاو بۆتـەوە. ئـەو شارستانیـەتـە بـەرزە، بـەرزترین خاڵ بووە لـە ڕابوردووی دێرینی باکوری میزو پۆتامی، کـە پێی گۆتراوە : **هەسونا کـولتور** ( Hassuna ) ئـەو هەسونا کـولتورە لـە قـەرنی ٥٣ ی پێش زاین واتە لـە ٥٣٠٠ ساڵ پێش زاین لاواز بووە و جێی خۆی داوە بـە شارستانیـەتی **سـەمارە** لـە جنوبی میزو پۆتامی. کە سوومرییەکان لە وێ ژیاون.

## قـەومی سوومری لە میزو پۆتامی.

بـەرزترین خاڵ لـە مێژوی ڕابردوی میزو پۆتامی بـە ڕاستکردنـەوەی ئێریدو، لـە جنووبی میزو پۆتامیا دەستی پێکردوە. لـە دەوری ٤٢٠٠ ساڵ پێش زاین چـەند خـەڵکێک بـە نێـوی سوومری یـەکتریان گرتوە کـە زمانی بابیان سوومری بووە. ئـەو زمانە نـەک هـەر زمانی سوومری بووە و بـەس بەڵکوو لەو زەمانی زمانی زۆر لـە خـەڵکـەکانی خاوەن شارستانیـەتی دونیاش بووە. کولتوری وان نزیکـەی دوو هـەزار ساڵ درێژەی هـەبووە.

نووسراوەکانی سوومریان ئـەوە نیشان دەدەن: کـە کـەلکیان لـە ژومارشی دیسیمیتر و حیساب و ریازی پێشکـەوتو وەرگرتوە. هـەروا ئـەوەشیان دۆزیوەتەوە: کـە هێندێک لـە گـەردونـەکان دەگەڕێن. وەکو مـەنزومـەی ڕۆژ.

سوومرییـەکان جۆرە حوکمـەتێکی کۆنفیدراسیان پێک هێناوە. وەکو زاندراوە شای ئوروک کۆنترینی شایـەکان بووە، کـە لە٣ هـەزار ساڵ پێش زاین شایـەتی کردوە. لـە لاگاش کۆنترین یاسا بـەڕیـوەبـەری، دە دەستی شا ئوروکاگینا

(Urukagina ) دا بووه. کیشیش ڕۆڵێکی مەزنی هەبووە لە گەشە پێدانی میزو پۆتامی و گیاندویەتە پلەیەکی گرنگ.

بەپێی لێکۆڵینەوەی کۆڵەران، ئیبلە شاری کۆن لە میزو پۆتامیا لە سالی ٢٤٠٠ پێش زاین ٣ هەزار کەسی تیدا ژیاوه. خەڵکی شاری ماری نەیان ویستوه بچنە ژێر دەسەڵاتی دەسەڵاتدارانی شاری ئیبلە، بەو هۆیە شەر لەبەینی دوو دەسەڵاتداری شاری ماری و شاری ئیبلە دا پەیدا بووه.

ژەنەڕاڵێکی ئیبلەیی بە نێوی ئینا داگن (Enna-Dagen ) لە نووسراوە ئەکادیرییەکەی خۆیدا کە بە هۆی پیتیناتۆ سەر دێرەکانی وەک خەبەرنامەی لێکراوە، چۆنیەتی خەبەرەکەی بەو جوورە نووسیوە: ئەمن لەشکرم بردۆتەشاری ئابوور و شاری ئیلگی کە کەوتونەتە هەرێمی بەلان. شای شاری ماریم شکست پێداوە. هیوام وایە وڵاتی لابانان (Labanan ) واتە: لوبنان بگرم. هەروا دەمەوێ ئیمار و لالانوم یش بخەمە ژێر دەسەڵاتی خۆم. گەلالابی (Galalabi )کە جێگایەکی بازرگانیە ئازادم کردوە. ئیبلول Eblul شای ماری و شای ئاسوورم لە زاخیران (Zakhiran ) شکست پێداوە. دەبێ خەڵکی شاری ماری بەهایەک بدەن، هەتا بتوانن لەوێ لە ئەمان دا بن. ئەو بەهایەش ٢١٩٣ مین زیو و ١٣٤ مین و ٢٦ شیکیل زێره. کە ١٥ لە سەدی ئەو بەهایە، ئی ژەنەڕاڵ ئیننا داگن دەبێت و پاشماوەکەشی ئی شایە.

لە دەوری ٢٣٠٠ یا ٢٤٠ ساڵ پێش میلاد لە کیش ئاکادیرییەک ژیاوه، کە لە ناوەندی میزوپۆتامیرا هاتووە و پێی گۆتراوە سەرگۆن (Sargon ) کە ئاو گێری ئور زابابا بووه. سەر گۆن لە هەستانەوێکی یەک ڕۆژە لە قەسری شا دا، بە دژی ئورزابابا، سەرکەوت و دەسەڵاتی وەدەست خست و شایەتی خۆی ڕاگەیاند. سەرگۆن لەشکرێکی بە هێزی لە هەزاران کەس پێک هینا و فێری شەڕی کردن و باشیشی چەکدار کردن. لە کاتێکی کەمدا، نەک هەر وڵاتی سوومری خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی وبەس، بەڵکوو لوبنان و فەلەستین و سووریا و جنووبی ڕۆژئاوای ئێرانیشی گرت.

لە سالی ٢١٩٣ کوڕی کورە چکۆلەی سەرگۆن بە نێوی (شەر کەلی شەری) Shar-Kali-Shari کوژرا. دوای کوژرانی وی زۆر لە شارەکانی سوومری سەربەخۆیان ڕاگەیاند و لێک جیا بوونەوە. بەو جۆرە شیمالییەکان و ڕۆژئاوایەکانی میزوپوتامی وەک ڕۆژهەڵاتییەکانی زاگرۆز و ئاکادیرییەکان، هەموویان سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاند.

لە ساڵی ٢٢٧٥ پێش زاین، شاری ئیبلە بە هۆێ نارام سین گیرا و ئاوری تێبەردرا.

## شارستانیەت و دەسەڵاتی بەرزی قەومی گۆتی

با بگەڕێنەوە بۆ ٤ هەزار ساڵ پێش ئێستا، کە دوای گیرانی شاری ئیبلە ڕۆژ گیرانیک یا بڵێن: تاریکایەک بەسەر سوومرییەکاندا هات، کە بە دریژایی یەک سەدە گوێ ڕاگریان بۆ ٢١ دەسەتداری گۆتیان کردوە. بەڵام لەو کاتیشدا باسی نیوی هێندێک لەدەسەلاتدارانی سوومری کراوە. بەڵام دەسەڵاتیان چۆن بووە و بەسەر کوێدا بووە، نا ئاشکرایە.

بەپێی لێکۆلینەوە، کۆڵەران شوینی ئەوەیان هەڵگرتوە کە گۆتییەکان لە باری خەڵکەوە کەم بوونە بەڵام کولتوور وپیشکەوتوویی و شارستانیەتی وان لە بەینی ئەو دووچۆمەی دەجلەو فوڕات، دەست لێنەدراو بووە و خۆشیان بۆ میزو پۆتامییەکان، ناسیاو و هیچ دەکەڵ نەکراو بوونە.

لە سالی ٢١٤٠ پێش زاین وەک لە پێشدا گوترا، یەکێک لە دەسەلاتدارانی گۆتی لەشاری لاگاشی ( Lagasj ) نەخشەی دورستکردنی گودیدای ( Gudeada ) کێشا. گودیدا: بە مانای گەورە و بە دەسەڵاتە. ئەو دەسەڵاتدارە ١٥ پەرستشگای لە شاری گیرسو دورست کرد. کە چەند ساڵ دواتر ئەوشارە بە هۆی لوگال زەکگەزی خەرا کرا. شوینەواری گۆتییەکان بیجگە لە چەند وێنەیەکی شکاوی رەش نە ماوەتەوە. ئەو وینانەی لە گۆتییەکان ماونەتەوە، ئەوە نیشان دەدەن: کە گودیە بە خەون چۆنیەتی کاری لە خودایان وەرگرتوە و خودایان فۆرمی کاریان داناوە و ئەوانیش ئەنجامیان داوە. هەروا ئەوان بۆ هەر منارەیەک کە دورستیان کردوە، نووسراوەیەکی پاکو سافیان نووسیوەتەوە. ئەو نووسراوانە ئەوەش دەگیڕنەوە: کە چۆن ئەو وینەسازانە کەرستە و شتی پێویستیان بۆ ساز کردنی ئەو پەرستشگایانە، لە شارەکانی نزیکی ڕۆژهەڵات ڕا بۆ ئەو شارە هیناوە. لە ئیلام ڕا ئیلامییەکان هاتوون. لە سووس ڕا سووسیە کان هاتوون. ماگان و مەلوهە لە کیوەکانرا داریان کۆ کردۆتەۆە و لە شاری گیرسو گودێدایان دورست کردوە.

لە کار کردن بۆ گودیدا، وا وێدەچێت جنوبی میزوپۆتامی لە ژێر دەسەڵاتی گوتییەکان زۆر ئارم بووە و پرۆژەی ئاڵو گۆری ئابووری و بەڕێکردن و هێنانی پێداویستی خەڵک، بە ئارامی ئەنجام دراوە. لە باری سیاسیش سوومرییەکان ژیانیان لە ئوروک ( Uruk ) دا باش بووە. ئوروک لە ٨٠ کیلۆ میتری جنوبی ڕۆژئاوای لاگاشی( Lagasje ) بووە.

## ڕای نووسەران سەبارەت بە قەومی گۆتی.

نووسەران بەو جوورەیان نووسیوە: ((گرتنی میزو پۆتامی لە لایەن گۆتییەکانەوە کە بەشەڕ کەر و ئازا وترسناک دەناسران، بوو بە سەرەتای گەشەی هێز و دەسەڵاتی ئەو قەومە لە میزوپۆتامی: بەینی دو چۆمی دەجلە و فوڕات. ئەو گۆتیانە هەزران ساڵ کات بە کات و ساڵ بەساڵ بە هێز و توانا و دەولەمەند لەسەر ئەو وڵاتەی خۆیان ژیاون. بەڵام نە وا بە هێز کە دەسەڵاتی خۆیان بە سەر جیرانەکانیاندا بسەپێنن. هەروا

بێگانـەکانیش نـەیان توانیـوە لـە نـەویایـەکانی فوڕات و دەجلەڕا بـەسـەر ئـەو قـەومـەدا، کـە لـە کێـوە سـەربەرزەکانی زاگرۆز ژیاون، فـەرمانڕەوایی بکـەن. لەگەڵ خۆماندو کردنی بێگانەکان بۆ داگیر کردنی وڵاتیشیان، ئەو قەومەساڵ بە ساڵ و قـەڕن بـە قـەڕن خۆیان ڕاگرتوە، هـەتا ئـەو ڕۆژەی ئێمـە ئێستا تێیدا دەژین: کـە توندترین شـەڕیان دژی داگیریان هـەیـە. هـەروا لـە درێژەی نووسراوە کەدا، چۆنیەتی وان بەو جۆرە گێڕدراوەتەوە:

لـە دەست پێکردنی سەدەی بیستی پێش زاین قـەومی گۆتی لە جنووبی میزوپۆتامیا دوچاری دوو شۆرش بوون، بـە نێـوی ئیسین ( Isin ) و لارسـە( Larsa ) لـە ژێر دەسـەڵاتی ئامۆریتـەکان ( Amoriten ) :ئـەوانـەی لـە ڕۆژهـەڵاتی سووریـیـەڕا هاتبوون، کـە دواییان بـە دەسەڵاتی گۆتییەکان هێنا. )) بـەڵام بـە پێی نووسراوەی سوومرییان دوایی پێهاتنی دەسەڵاتی گۆتیـیەکان لـە میزوپۆتامی بـەو جۆرەبووە: لـە دەور و بـەری ٢١٢٠ ساڵ پێش زاین شایـەک بـە نێـوی **ئوتوهـەگال** ( Utuhegal ) لـە شاری ئوروک دەسەڵاتی کـەوتـە دەست. کـە بـەربـەرەکانی لەگەڵ گۆتیـیەکان کردوە. بـە پێی ئـەو شیعرەی کـە لـە نووسراوەی سوومرییـەکان دیتراوەتەوە بـەو جوورە گوتراوە:، ، ئـەو شایـە ئـەو فـەرمانرەوایـە کـەس نـەی توانیـوە بـە دژی وی شتێک بڵێت. کـەس نەی توانیوە بـەغـەیری خودا ئـەنلیل، لـە گـەڵ ئوتوهـەگال ڕووبـەڕوو ببیت. نـە ئـەو ئازاو بـە نێـوانـە لـەو نەترسە گۆتیانـە. نـە مارەکان نـە جاڵجاڵوکـە کوشندەکانی کێـوەکان، ، .

ئوتوهـەگال بـە کۆمـەگی هاو پـەیمانانی دیکـەی کـە لەشارەکانی میزوپۆتامی ڕا هاتبوون، شـا **تیریگانی** ( Tirigan ) شای گۆتیانی گرت. ئوتوهـەگال شایـەتی بۆ سوومرییـەکان گێڕاوە. ئوتوهـەگال زۆر نـەژیا بـە هۆی نـەخۆشی یا بـەسـەرهاتێک مرد. لـە دەوروبـەری ساڵی ٢١١٢ پێش زاین ئورنامو ( Ur-Nammu ) کـە ئوتوهـەگال کردبوویـە سـەردار و دەوڵـەتداری شاری ئور، بوو بـە جێ نشینی وی. سوومرییـەکان بـە هۆی ئوتوهـەگال و جێگری وی ئورنامو، هێزو دەسەڵاتیان زیاد ببوو و پێشکـەوتویی و شارستانیـەتیان پـەرەی پێدرابوو. ئـەو زنجیرە شایـەتیـیە بـە ئوڕ نێـو برابوو چونکـە سێ شا لەوێ بە نێوی ئور شایەتیان پێدرابوو. هـەر وەکو گودیـەی گۆتیـیەکان ئورناموش ساختمانی گـەورەی دورست کرد. زۆر وێنـەی ئـەوزەمانی، ئـەوەنیشان دەدەن: ئوڕناموش وەک گودیـە ئـەبزار و شتی لـە زۆر شار و شوێنانڕا کۆ کردۆتـەوە. ئاوەدانی گـەورەی ٧٠ هیکتاری دورست کردوە و کردویـەتـە پێ تـەختی شایـەتی خۆی. کانال و ڕێ و جۆگـەو منارە و پـەرستشگای دورست کردوە و ئێکوری ( Ekur ) لـە نیپوری( Nippur ) ساز کردوە. بـە کورتی ئـەو زیگوراتی ( Zigurat ) دورست کردوە، کـە ناوەندی پـەرستشگا و منارەکان بووە. خودایـەکانی ئـەو شارەی لـە وێ کۆ کردوونەتـەوە. زیگوراتی گـەورەی لەسەر ناتامانگۆد دورست کردوە. هێندێک پێیان وایـە نـەخشـەی زیگورات لـەپێشدا لـەسـەر شتێک کێشراوە و دوایـە دورستکراوە. ساختمانـەکـە بـە خشتی سوورکراوە، دورستکراوە. منارێکی بلیندیشی هـەبووە کـە قوببـەکـەی دیار نییـە. لـەو دەورانیدا، بۆ سـزای هێندێک سوچ و تاوانان بـەهایـەک داندراوە کـە هـەر تاوانکارێک پێـویست بووە بیدات. ئـەو بـەهایـە بۆ هـەر سـزایـەک، لـە ١٥ زێـو شیکێڵ ڕا هـەتا ٤٠ بووە. بـەپێی سوکو گرانی تاوان، سـزای تاوانکار داندراوە. سیستمی دەوڵـەتیش لـەسـەر بناخـەی بوروکراسیو پـەیڕەوی توندی کارەکانی ئیداری و دەوڵەتی بووە.

ئورنامو ١٨ سالی شایەتی کردوە. دوای ئورنامو کوڕەکەی شولگی (Sjulgi)جێگای وی گرتۆتەوە. گۆیا زۆر بەسەرهاتی ئوڕنامو شولگی نووسیونییەوە. وا وێدەچێ یاسایەکان ئەو داینابن. لە ٢٦ ـەمین سالی دەسەلاتداری شولگیدا شاری سیموروم خەراکراوە. لە ٢٧ ە مین سالی حکومەتیدا، بۆ جاری دووهەم سیموروم خەرا کراوەتەوە. لە ٤٥ ـەمین سالی حکومەتیدا، بۆ جاری نۆهەمین، شاری سیموروم خەراکراوە. لە کەمتر لە ٢٠ سال، ٩کەرەت ئەو شارە ئاوەدان کراوەتەوە.

کۆڵەران ٣٠ هەزار وێنە و نیشانەی مودێرنیان دیتۆنەتەوە، کە ئەو وێنانە چۆنیەتی بەسەر هات و هاتوو نەهاتی ولاتی سوومڕ و شایانی وان و چۆنیەتی دەسەلاتیان لەسەر ولاتیان نیشان دەدەن. چۆنیەتی سوومڕیەکان زۆرتر بەوە خەراب بووە: کە سێلاوی ئاوی فوڕات، زۆر جێگای داگرتوە و زۆر دێشی خەراکردوە. بێجگە لەوەش زۆر سەحرایی هاتوونەتە ئەو ولاتە. لە شاخەکانیشرا خەڵک روویان تێ کردوە.

دوای مردنی شولگی کوڕەکەی ئەمەر سین ( Amar-Sin ) جێگای وی گرتۆتەوە. ئەمەرسین ٩ ساڵ شایەتی کرد. دوای ئەمەرسین شووسین برای ئەمەرسین، جێگای وی گرتۆتەوە. دوای شووسین ئیبی سین کوڕی شووسین، جێگای وی گرتۆتەوە. ئیبی سین ماوەی ٢٤ ساڵی حکومەت کردوە. دوای ئەو کاتی زنجیرەی شایەتی سوومڕییەکان وەستاوە.

## داستانی بەسەرهاتی سوومڕییەکان.

لە دەورانی شووسیندا هێرشی زۆر ترسەناک کراونەتە سەر سوومڕییەکان. سوومڕی نێویک کە لە ڕەگەزی سوومڕیان نەبووە بە نێوی مارتو ( Martu ) لە ئاموریتییە کان، بەدژی سوومڕیەکان هەستاوە. لە سوورییەو عەرەبستانیشرا هێرشیان کردۆتە سەر سوومڕیە کان. گۆیا ئەو هێرشکەرانە، پێش نەکەتو و بێ شارستانیەت بوونە.

چوارەمین ساڵی دەسەلاتداری شووسین بوو، کە دیوارەکانی مارتو دورست کران. ئەو دیوارەچوار گۆشە کە لە باکوری ئور ساز کرابوو، دەبوو ئەو نەژادانەی هێرشیان بۆ سەر وێ کردبا، گیرابانیەوە. بەلام لە دوایەکانی شایەتی شووسین لە ڕۆژهەلاتیشەوە ئیلامییەکان هێرشیان کردە سەر سوومڕییەکان و لە هەموو لایەکەوە کەوتنە ژێر تەوژمی هێرشکەران. ئەو ولاتی دەوڵەمەند، فەقیر بوو. ئوستانەکان لەو کاتیدا شولکی بەڕیوەی دەبردن. لەو کاتیدا بە هۆی شەڕەکان پەیوەندی شارەکان پێکەوە نا هاسان ببوو. ئەوە بوو بە هۆی ئەوەی: زۆر لە شارەکان، جیا ببنەوە و سەربەخۆیی خۆیان ڕابگەیەنن. ئیبی سین لەوکاتیدا حکومەتی بەسەر ولاتیکی تێکەلاوی شەڕ و لێک جیا و فەقیر دا، دەکرد. چۆنیەتی هیز و دەسەلاتی سوومڕییەکان بە هۆی ئەو شەڕانە زۆر هاتبووە خوار.

وێنـەی فـەقیر بوونی سوومرییـەکان دوای دەوڵـەمـەندیان لـە شاری پای تـەختی سوومرییـەکان دیتراوەتەوە. وێنـەکان ئـەوەنیشان دەدەن: کـە لـە کاتی دەسەڵاتداری ئیبی سیندا بـەهایـەکان ٦٠ بـەرابـەر چوونـەتـەسـەر: شتـەکان گرانتر بوونـە. لـە ئاخیرەکەی، دانـەوێڵـەیان کـەم بووە و پێـویست بووە دانـەوێڵـە لـە جێیانڕا بۆیان بچێت.

شا ئیبی سین فـەرمانی بـە حاکمی ئیسین بـەنێـوی: ئیشبی ئیرا (Isjbi-Irra) داوە، کـە دانـەوێڵـەی بۆبکڕێت. لـەبـەر ئـەوەی پـەیـوەندی شارەکان پێکـەوە نا هاسانبووە، بـەرێ کردنی خواردەمەنی لـە شارێکرا بۆ شارێکی دیکـە زۆر زەحمەت بووە. بێجگـەلـەوەش لـەبـەر نـەبوونی بارەبەریش، کـەوتبوونـە تـەنگانـەوە. لـەو کاتیشدا، مارتو گـەیشتبووە نێـوەڕاستی وڵات. ئـەوەش هـەڕەشەیـەک بوو لـەسـەر دوو شاری نیپور و ئیسین. بـەو هۆیـە ئیشبی ئیرا داوای لـە شا ئیبی سین کرد، بـەر پرسایەتی هـەردووک شاری نیپور و ئیسین، بداتـە وی. بـەڵام شا ئـەوەی نـەکرد و ئەو شارانەی نـەدا بـە ئیشبی ئیرا. چـەند ساڵ دواتر ئیشبی ئیرا بۆ خۆی، خۆی بـە فـەرمانڕەوا و شای شاری: ئیسین، دانا.

دەڵێن ئیشیبی ئیرا بـەشێکی زۆری لـە لای دەجلە و فوڕات خستۆتـە ژێر دەسەڵاتی خۆی. شا ئیبی سین فـەرمانی بـە حاکمێکی دیکـە دا، کـە ئیشبی ئیرا یا بگوژێت یا بگرێت. شا لـەشکری لـە ژێر دەسەڵاتی ئـەو حاکمـە دانابوو، بۆ کوشتن یا گرتنی، بـەڵام ئـەو حاکمـە هێرشی نـەکردە سـەر ئیشبی ئیرا. شا ئیبی سین لـەلایـەک گرفتاری گرانی وقاتوقڕی خـەڵکی شاری ئوڕ ببوو. لـە لایـەکی‌تر توشی شـەڕی نێـو خۆیی دژی ئیشبی ئیرا و مارتو ببوو. هـەروا دەبوو دژی هێرشکـەرانی سوورِیایی و عـەرەبەکان و ئیلامییە کانیش شـەر بکات.

لـە سالی ٢٠٠٤ پێش زاین ئیلامییـەکان گـەیشتنـە شاری ئوڕ و ئـەو شارە کۆن و دێرینـەیان گرت و شا ئیبی سین یان دەستبـەسـەر کرد و بردیانـە ئیلام. شا ماوەی تـەمـەنی لـە زیندانی ئیلامییـەکان دا، تێپـەڕ کرد. شاری ئوڕیش خـەرا کرا. دوای خـەراکردنی ئوڕ، ئیشبی ئیرا ویستی ئاوەدانی بکاتـەوە. بـەلام هیچ کات نـەگـەیشتـەوە ئـەو دەورانی دەرەخشانی شارستانیـەتی پێشکـەوتو و جوانی زەمانی شایانی پێشوی سوومڕ. ئـەو سوومڕی بـەهێز و پێشکـەوتوو نوقمی ژێر ئـەرز بوون و لـە بیر کران. هـەتا ٤ هـەزار ساڵ دواتر ئـەرز کۆڵـەڕان و لێکۆڵـەڕان جارێکی دیکـەش نێـو و فـەرهـەنگ و شارستانیـەتی جوانی سوومریان زیندو کردەوە. لـە نووسراوەکانیان، بەسەرهاتەکانی وانیان بـەو جۆرەی وترا، گێڕاوەتەوە.

دوای شکستی قـەومی سوومڕ، ئـەو وڵاتـە گـەورە، هـەر لـە خـەلیجی فارسڕا هـەتا مودیتڕانـە کـە لـە ژێر دەسەڵاتی ئوڕ دا بوو، لـە بـەینی داگیرکەراندا، دابـەشکرا و حـەموو رابی کـە سیمیتی و لـە هۆزی ئاموریتـەکان بوو دەسەڵاتی کـەوتـە دەست.

## حـه‌مو ڕابی.

حـه‌مورابی لـه سالی ١٧٩٢ـ ١٧٥٠ پیش زاین تـه‌واوی رۆژهـه‌لاتی مبسوپۆتامی خسته ژێر ده‌سه‌لاتی خۆی. حـه‌مورابی كـه نووسـه‌ر و یاسا بـه‌رێوه‌به‌ری بابیل بوو، ئـه‌و شاره‌ی گـه‌یانده ئـه‌وپـه‌ری گـه‌شـه و ده‌ولـه‌مـه‌ندی. هێندێك شوێنـه‌واری دیتراوه لـه‌و شاره: به‌و جۆره‌یان نیشان داوه.

لـه ده‌وری سالی ١٥٩٠ پێش زاین ئـه‌و زنجیره شایـه‌تیـیه‌ی بابیل بـه‌هۆی شای هاتیـیه‌كان بـه‌نیـوی: شا مورشیل تێكچوو. هێندێك نووسیـویانـه: بابیل تالانیش كراوه. لـه هێندێك نووسراوه به‌و جۆره گوتراوه:(كاسیتـه‌كان زنجیره شایـه‌تی حـه‌مورابیان لـه بابیل بـه هۆی هاتییـه‌كان دوایی پێ هێنا ).

## گه لی كـاسیت (كـه‌سیت یا كاسپی)

لـه بـه‌ینی سالـه‌كانی ١٥٩٠ -١١٥٥ ی پێش زاین، كاسیته‌كان وه‌كو گۆتییـه‌كان نزیكه‌ی ٥ قـه‌رن ده‌ولـه‌مـه‌ندی و ده‌سه‌لاتی ئاكادیان تێكدا و خۆیان ده‌سه‌لاتیان خسته ده‌ست، بـه‌وجۆره كاسیتـه‌كانیش، كـه لـه كێـوه‌كانی زاگرۆزرا هاتبوون و یا له لای كاسپیشه زێی ڕا هاتبوون و هێندو ئوروپی بوون، ئـه‌وانیش له‌گه‌ل هاتییـه‌كان هێرشیان كرده‌سـه‌ر میزوپۆتامی و خۆیان لـه بابیل قایم كرد. كاسیتـه‌كانیش زنجیره‌ی شایـه‌تیان زیاتر لـه ٤ سه‌ده درێژه پێدا. ئـه‌و كاسیتانـه لـه باری كاری ده‌ستی و شت دورست كردن و ئاوه‌دانی ساز كردن، زوو خۆیان گـه‌یانده سـه‌فی بابیلییـه‌كان. هـه‌روا شارستانیـه‌ت و پیشكـه‌وتویان گـه‌شـه‌ی كرد. زیگوڕات كـه دور كوری‌گالزو (Doer-Koerigalzoe) لـه (ئـه‌كاركوف) نزیكی بـه‌غدایـه دورستی كردبوو، یـه‌كێك بوو لـه كاره هـه‌ره گرنگه‌كانی وان. كاری دیكه‌ی گرنگی وان دورستكردنی گـه‌ردن بـه‌ند و شتی زینـه‌تی دیكه بوو لـه‌بـه‌رد، كـه بـه وێنـه‌ی میتولۆژی و ئـه‌فسانـه‌یی جوان، دورستیان كردونه و پێیان كوتراوه :كودورو ! و بیروباوه‌ری خۆیان پێ نواندون و سونبولی بیر و باوه‌ریان بوونه.

كاسیته‌كان زۆر جار كـه‌وتونـه‌ته بـه‌ر هێرشی هاتییـه‌كان. نـه‌ك هـه‌ر كـه‌وتونـه بـه‌ر هێرشی هاتییـه‌كان و به‌س، بـه‌لكوو زۆر جاریش كـه‌وتونـه‌ته بـه‌ر هێرشی فیرعـه‌ونییـه‌كانیش، كـه لـه میسر ڕا هێرشیان بۆ ده‌كردن. فیرعـه‌ونییـه كان هـه‌تا سووریيـه‌ش پێش ڕه‌ویان كرد.

## قـه‌ومی میتانی.

لـەو بـەینـەدا خـەڵکێکی هیندو ئورووپی: کـە سمیتی نـەبوونە و لـە ژێر دەسەڵاتی میتان و هووری ( Hoerieten ) دا بوون، هاتوونـەتـە میزوپۆتامی. هووری خەڵکێکی نە سمیتی بوونە یا سمیتی گوێ ڕاگری شامیتانی بوونە. گۆیا میتانییەکان ئاسنیان دۆزیوەتەوە و بە هۆی زانینی دەکار کردنی ئاسن بە هێزتر بوونە وڵاتیان گرتوە ودەسەڵاتیان پەیدا کردوە.

شا میتانی دەسـەڵاتی بـەسـەر ئێراندا هـەتا دەریای مودیتڕانـە، بـەرین کردەوە.

لـە قـەرنی ١٤ ی پێش زاین دەسەڵاتی میتانی بـەرەو لاوازی ڕۆیشت. لـەو کاتیدا هێزێکی ئاسووری لـە شیمالی میزوپۆتامی سـەربـەخۆیی خۆی ڕاگەیاند و بوو بـە خاوەن دەسەڵات.

## هاتوو شیلی لـە زنجیرەی شایـەتی هاتیدا ( Hatti Hattushili )

کاتێک لـە میزو پۆتامی چـەند ئورگانیسیـونی تیکنیکی پێک هاتن، لـە ئاناتۆڵیا هێزێکی سیاسی نوێ، سەری هەڵدا. کـە لـە دواییدا خاوەن هێزی دەسەڵاتدار لـە نێـو زنجیرەی شایـەتی هاتیـیەکان، بە هاتی نێـو براوە. شایـەد ئـەو کاریگـەرییـەی بۆ دەسـەڵاتداری هاتییـەکان پـەیدا بوو، بگـەڕێتـەوە ئـەو دەورانـەی شایـەتی ئیبلـە لـە ساڵـەکانی ٢٤٥٠ - ٢٢٥٠ پێش زاین، کـە کڕینوفرۆش هـەتا دوورتر لـە تورکییـەی ئێستا ڕۆیشتبوو. یا بگـەڕێتـەوە بۆ ئـەو کڕین و فرۆشـەی ئاسووری کۆن: لـە شاری کولتـەپـە لـە لای کاڕون، کەلـە سالی ١٩٠٠ پێش زاین زۆر باش بووە و گـەشـەکردنی ئەو کڕین و فرۆشانەش، بزوێنـەری هـەستی شا هاتی بووبن بۆ ئـەوەی : بـە هۆی کڕین و فرۆش، ئابوورییەکەی باش بکات و دەسەڵاتی خۆی بـەرین بکات.

لـەژێر دەسەڵاتی شایـەتی هاتوو شیلی ا ومورشیلی ١ دا هاتییەکان ویستیان دەسەڵاتی خۆیان بۆ لای سوورییـە بـەرین بکـەنـەوە. بۆ ئـەوکارە کـەڵکیان لـە هێزی نیزامی چـەند هاوپـەیمانی دیکـەی سوورییـەیی وەرگرت و لـە ژێر کۆنفیدراسیـونێک کـە پێکیان هێنابوو، پێکـەوە هاوکاریان کرد.

لـە کەرکـەمیش ( Karkemish ) لـە لای فوراتی جێگایـەکی بازرگانیان کردەوە، کـە لـە شیمالی سوورییـەوە ڕێبـەری دەکرا. بـە هۆی ئـەو جێگایـە کـە وەک پردێکی سـەرەکی بوو، هاتییـەکان ڕۆڵێکی گرنگیان لـە سالی ١٦٠٠ پێش زاین لـە میزوپۆتامی دەگێرا.

هاتییەکان لـە سالی ١٥٠٠ پێش زاین تووشی دژواری بوون و شا میتانی کـە لـەبـەینی ئاسوور و میسر و هاتیدا بێ لایـەن بوو، هـەستاوە. لـەوکاتیدا کـە دسەڵات لـە دەستی هاتی دابوو، دەبوو دەسەڵاتی میتانی کـە لـەژێر فـەرمانڕەوایی هانی گـەڵبات ( Hanigalbat ) دابوو، هـەڵکـەنن. ئـەو دەسەڵاتدارییـەش هـەم بـە هۆی هاتی هـەم بـە

هۆی ئاسوور، هەرەشەی لێدەکرا. بەڵام دوای لەبەین چوونی میتانی، هاتی و ئاسوور رووبەرووی یەکتر ڕاوەستان و شەڕیان دەستپێکرد. هاتییەکان هێزەکانیان لە شیمالی رۆژئاوای سوورییە، کۆ کردەوە. ئاسوورییەکانیش فەرمانڕەوایی خۆیان لە درێژایی خاپوور شیمالی رۆژهەڵاتی سوورییە، جێگیر کرد. ئەو ناوچەی بەینی فورات و خاپوور بوو بە مەرزی بەینی وان. نامەکانی دیپلۆماتی لە میسر ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن: کە پێشکەوتنی سیاسی لەو کاتیدا بەرین بۆتەوە. وەک نامە نووسراوە دیتراوەکەی ئامارنا ( Amarna ) ئەوەدەگەیەنیت.

لە نامەی ئەمارنا دا باسی پەیوەندیەکانی بەینی شایەکان و ڕەسەنەکانیش، بەو جۆرەکراوە:

خەڵکەکان ئێستا لەگڵ هاتییەکان یەکن. لەگەڵ میسرییەکانیش پەیوەندیان هەیە. لە تێک هەڵچوونی هاتییەکان لەگەڵ میسرییەکان لە لای قادش( Qadesh ) هیچ لایەکیان نەیان دۆڕاندوە.

شایەد هۆی دوایی پێهاتنی شار و دێەکان لە میزوپۆتامی، ئەو بەرابەریە بووبێت کە لەبەینی ئەو سێ زل هێزە: هاتی، ئاسوور و میسر دا هەبووە. یا لەبەر ئەوەی بووە: هەر شارەی بۆخۆی خودایەکی هەبووە و پەیڕەوانی ئەو خودایانە ویستویانە بەسەر پەیڕەوانی خودایەکانیتردا زاڵ بن. بەو هۆیە شار بەشار شەڕیان لەبەیندا پەیدا بووە و شار و دێیەکان لە بەین چوونە. یا لەبەر دانانی مالیاتی گرانی شایەکان، شار و دێیەکان چۆل کراون. بە هەر جۆر بووبێت، نا ئارامیەکی نادیار لە رۆژئاوای ئاسیا لەبەینی خەڵکدا پەیدا بووە! کە وەکو تەقینەوەی لێهاتووە.

ئەواش خەبەر هەبووە: کە هاتییەکان هیچیان نەتوانیوە بکەن، کاتێک چاوەڕوانی چەند کەشتی بوونە کە گەنم و دانەوێڵەیان بۆ بێت و خەڵکی دیکە نەیان هێشتوە بۆیان بچێت و گرانیان لە نێودا پەیدا بووە. ئەو گرانی و سەختییە لە سالی ١١٨٥ پێش زاین لە ئوگاریت کە بەندرێکی گرنگە لە سوورییە، پەیدا بووە.

لە نامێکی هامو ڕابی لە ئالاشیا لە قیبروس بەوجوورە نووسراوەتەوە: (بابە تەماشا کە ئەو کەشتیانەی دوژمن لە نزیکی یەکن. شارەکان و دێیەکانم ئاوریان تێبەربووە. لە وڵات کارەسات قەوماوە. بابم ئەوەی نازانیت. )

## هاتنی قەومە جوربەجورەکان بۆ میزوپۆتامی

نیوەی دووهەمی سەدەی ١٣ و نیوەی هەوەڵی سەدەی ١٢ ی پێش زاین، پڕ ئاشوبترین کات بووە لە ڕابردووی کۆنی میزوپۆتامی. لەوکاتیدا هیندو گرمانەکان ، ئیرانییەکان و یونانییەکان ڕوویان کردۆتە میزوپۆتامی. هەروا لەو کاتیدا شەڕی تروجانی( Trojaan ) دەستی پێکرد و ئیسرائیلی لەبەینی ئەو دووچۆمە و لە بەینی ئوردۆن جێگیر بوو. ئەوە ئەو کاتە بوو: کە شایەتی کاسیتەکان دوایی پێهات و ئیلامییە کان بابیلیان گرت و پەیکەری زێڕینی مەردووکیان لە گەڵ خۆیان برد بۆ سوسا.

زۆری پێ نەچوو کە لە دوایی سەدەی ١٢ ، جنووبی میزو پۆتامی کەوتە ژێر دەسەلاتی خانەدانێکی تازە پێگەیشتویی ئیسین. سەرکردەی وان نەبوغەدنەزەری ١ ( Nebokhad-Nazzer ) ، ئیلامی گرت و پەیکەری زێرینی خودای بابیلییەکان: مەردووکی گێڕاوە بۆ بابیل ( بابیلۆن ).

بابیل زۆر سەختی و بەسەرهاتی ناخۆشی بەسەر دا هاتووە. حاکم و شایان یەکێ لەدوویەکێ دەسەلاتی خۆیان بەسەریدا سەپاندوە و زنجیرە فەرمانڕەوای چووکێ یا گەورەی زۆری لێپەیدا بووە. وەکو هێرش کردن و دەسەلات وەدەست خستنی ئاشوریەکان لە سەدەی ٩ی پێش زاین بە ڕێبەری ئاشوڕ نەسیر پالی ٢ ( Ashurnasir-Pal ) کە باکور و ناوەندی میزوپۆتامی گرت.

## دەسەلاتی بەرزی ئاشوور.

بەرزترین خاڵ لە مێژوی ئاشوردا، ئەو کاتە بوو کە لە قەرنی ٧ ی پێش زاین، شای ئاسووری بە نێوی ئەشارهەدۆن ( Asharhaddon ) وەکێ ئیمپراتۆرێک خۆی بەهێز کرد و جێگای فەرمانڕەوایی خۆی بەرین کردەوە بۆ سەروی فورات و دەجلە. هەتا میسر و خەلیجی فارسیشی گرت.

ئاشەرهەدوون دو کوری هەبوو، ئاسووربەنیپال ( Assorbanipal ) کە جێ نشینی بابی بوو وەکێ شای نینەوا و شاماش شوم ئوکین ( Shamash-Shoum-Oukin ) یا سەرداناپۆلۆس ( Sardanapolos ) کە جێ نشینی شا بوو لە بابیل. ئەمەیان لەگەڵ بابیلییەکانی تۆلە خواز، لە گەڵ برایەکەی شەڕی دەست پێکرد. دوای ٤ سال شەڕ، شکستی خوارد. جێ نشینی وی نەبو پۆلاسار ( Nabopolassar ) شەڕی دەست پێکردەوە.

نەبۆپۆلاسار لە ساڵی614 ی زاینی شایەتی خۆی ڕاگەیاند و لەگەڵ مادەکان پەیمانی بەست. بەو هۆیە خۆی کێشایە شاری نینەوا.

لەو بەینەدا لەباکور ڕا سکیتەکان ( Scythen ) هێرشیان کرد. ئەوان قەومێکی ئیندو گرمانی بوون و لە تاوروس( Taurus ) ڕا هاتبوون و سووریەیان گرت.

لە سالی ٦٠٥ کە نەبو پۆلاسەر مرد. هەر لەو سالیدا جێ نشینی وی: نەبوغەد نەزەری ٢ جێی وی گرتەوە. لە لای کەرکەمیشیش یەکیەتی ئاسوور بە هۆی شەڕ تێکشکا و نینەوا خەرا کرا. شاری گەورەی پایی تەخت: ئاسوور و ناوەندی گەورەی لەشکری شاری نیمرودیش خەرا کران و خانەدانی شایەتی ئاسوور دوایی پێ هات.

دوای مردنی نەبوغەدنەزەری ٢ لەو وڵاتە شا لەدوای شا، گۆڕاون. بەڵام بەو هێزەی پێشێ نەمان. لە ژێر دەسەلاتی نەبوغەدنەزەری ٢ بابیل دووبارە ساز کراوەتەوە و بەرین کراوەتەوە هەتا ئەو بەشەی کە ئێستا شوێنەواری دیوارەکانی ماون.

هیرودوت گوتویەتی بابیل دوو بەشە چونکە چۆمی بەخور و گوڕ و قووڵ و بەرینی فوراتی بە نیودا دەروا. خانووەکانی لە ٣ تەبەقە هەتا ٤ تەبەقەن. خەیابانەکانی دەڕۆن هەتا ئەو پایانەی لێواری چۆم. هەر خەیابانێک کە برەو چۆم دەڕوا پەیکەرێکی برونزیان لێ داناوە. پەرستشگای قایمی لە بەرد دورست کراو و بە زێڕ و برونز نەخشاوی لێ سازکراون. بەندیان دورست کردون و کاناڵیان لێداون، هەتا لە خوڕ و گوڕی چۆم کەم بیتەوە. هەروا کەشتی ڕانیشی تێدا دەکەن.

## قەومی خەڵدی chaldeeen

خەلدی بە هەڵکەوت هەر لەو وڵاتەی بەینی دەجلە و فورات: لە شیمالی میزوپۆتامیرا چوونەتە بابیل و لەوی ژیاون و پێگەیشتون و داب ونەریتی وێشیان وەر گرتوە. بەڵام لە دواییدا خودا پەرستی و کاریگەری مەردوک پەرستیان نەماوە. بەو هۆیە لاواز بوونە و دەسەڵاتیان لە دەست داوە.

لە سالی ٥٥٦ ئاخیرین شایان کوژرا و کەسێکی ئارامی ( Arameer ) بەنێوی نەبونیدوس( Nabonidus ) بوو بە شا. ئەویش خووی مانگودینی گرت و لە مەردوک نارازی بوو. بە هۆی ئەو خەیانەتەی وی، بابیل بە بێ زەحمەت کەوتە ژێر دەستی کۆروش شای پیرزیا و نەبونیدوس بە باوەشی گەرمەوە پێشوازی لە کوروش کرد. کوروش نەبونیدوسی کردە حاکمی ئوستانێک. لە سالی ٥٠٠ پێش زاین خەڵکی بابیل هەستانەوە. بەڵام داریوش بابیلی گرتەوە و بە هۆی کوری داریوش خەشایار، بابل خەراکرا و پەیکەری زێڕینی مەردوک تواندراوە.

بابیل کە لە سالی ٣٣١ ی پێش زاین کەوتە ژێر هێرش و دەسەڵاتی ئەسکەندەری گەورە ( Alexander Degrot ) توشی بێ بەختی و بێ بەزەیەکی زۆر بوو و وێرانکرا و قەسر و عیبادەتخانەکانی خەراکران. ئەسکەندەر خەلیجی فارسیشی گرت و باوەڕپێکراوێکی بە نێوی ( Nearchous ) ی بۆ جنووبی میزوپۆتامی: عێراقی ئێستا، بەڕێ کرد.

## خانەدانی سلوکییە .

لە سالّی ٣٢٣ پێش زاین، بۆ هەوەڵین جار ئوروپییەکان هاتنە کەناری خەلیجی فارس. ئەو وڵاتە گەورە و گرنگە کرا بە دوو بەش: سوورییە و میزوپۆتامی. خانەدانی شایەتی سلوکی دەستی پێکرا و کولتوور و زمانی وان پیادە کرا و ماوەی یەک قەرن درێژەی پێدرا.

### قەومی پارتی.

لـە ساڵی ١٤٠ پێش زاین پارتیـیەکان هێرشیان کردە سـەر میزوپۆتامی و گرتیان. قەومی پارتی لـە ٢٥٠ سال پێش زاین هاتبوونە باکوری ئێران. سـەرۆکی ئـەو پارتیانـە بـە نێـوی تیراتیس یا تیرداد شایـەتی خۆی ڕاگـەیاند و شاری تازەی ئـەرشک یا ئـەشکی کردە پێ تـەختی خۆی.

تیرداد لـە لای چـەپی دەجلە ڕووبـەڕووی شاری سلوکییـەش جێگایـەکی سـەربازی و پێ تـەختی داهاتووی بـە نێـوی ( Ctesiphon ) لـە جێی بـەغدای ئێستا، دورست کرد.

لـە سالی ١٢٩ پێش زاین کوری میهرداد و جێ گری فرات یـونانییـەکانی شکست پێدا و ئەو وڵاتەی یونانییەکان گرتبوویان، گرتیانەوە. بـەڵام دەواتر پاشەکشەیان کرد. چونکـە لـە ڕۆژهـەڵاتـەوە سکیتـەکان هاتنـە ئـەو وڵاتـە و بابیلییـە کانیش سـەربـەخۆیی خۆیان ڕاگـەیاند. میهردادی ٢ دووبارە ئـەو وڵاتـەی لێیان گیرابوو، گرتـیانەوە. بـەڵام لـە باکوڕا ڕۆمییـەکان هاتنە ئـەو وڵاتـە و میزو پۆتامیا، لـە بـەینی پارتیـیەکان و ڕۆمییـەکاندا، بـەش کرا. و شـەر تـەواو بوو.

لـە ساڵی ١٥٤ ی زاینی لـەشکری پارتیـیەکان لـە ژێر دەسەڵاتی فۆلۆگاسی ٢ ( Fologases ) کە لە پێشدا میسوپۆتامیای لێ گیرابوو، گرتیانەوە. لـە ساڵی ١٦٥ ی زاینی پێ تـەختی پارتیـیەکان کـەوتـە دەستی ڕۆمییـەکان. بـەڵام ڕۆمییـەکان زو گـەڕانـەوە دوایـە.

لـە ساڵی ١٩٧ ی زاینی یـونانییـەکان جارێکی دیکـەش هاتنـەوە میزوپۆتامی و سـەد ساڵێکی دیکـەش ئـەو دوژمنایـەتیـیە درێژەی هـەبوو. لـە پاشان خانـەدانی ئـەشک: (شایانی پارت)، دوایی پێهات و خانـەدانێکی دیکـە بـەنێـوی خانەدانی ساسانی پـەیدا بوو.

# بـەشـــی چـــوارەم.

### شایانی پێشدادی.

فیردوسی پێی وا بوو مێژوی شایان، لـە شایـەکانی پێشدادیڕا دەستی پێکردوە و پایـەی ئـەو زنجیرە شایـەتیـیەی پێشدادیان، لـە کیـومـەرس ڕا هاتووە. پێشدادی واتا پێش داد: قانوون دانەر یا دادگەر. فردوسی لە شا نامـەی خۆیدا دەڵێ هـەوەڵین شا کیـومرس بووە.

زردشتیانی قـەدیم گوتویانـە: کیـومـەرس ئـەو ئادەمەی هـەوەڵین بووە و یـەکـەم ئینسان بووە. لـە ئـەفسانـەکانی ئێرانیدا گوتراوە: زنجیرەی شایـەتی کـە لە کیـومرس ڕا دەستی پێکردوە، دوو هـەزار و چوارسـەد و چلو یـەکَ ساڵ درێژەی هـەبووە و بـە شایـەکَ بـە نیـوی گرشاسپ دوایی پێهاتووە.

لـە کتێبی ئـەوێستادا، بـە گەیـە مـەرتنـە ( Gayamarethnea ) نیـو براوە. لـە ئـەڤسانـەکـەدا، گوتراوە ئاهورا مـەزدا کیـومرسی بـەسـەر ئـەهریمـەندا زاڵ کردوە.

گۆیا مێژوو نووسانی قـەدیم گوتویانـە: کیـومـەرس ماڵی لە شاخان بووە و پـەیڕەوانی وی پێستی پڵینگیان دەبەر کردوە و جانـەوەری کیـویشیان ڕام کردوە.

دوای مردنی کیـومـەرس هۆشـەنگی کوری سیامـەکَ بـە جێی وی شایـەتی کردوە. ئـەو شایـە دەپـەرتوکی ئـەوێستادا، پردانـە یا پـەردانـە نیـو براوە. دوای هۆشـەنکَ تەهمورس بـە شایەتی گەیشت. لـە زەمانی تەهمورسدا خـەڵکَ دەستیان بـە ئاگر پـەرستن کردوە. وەزیرێکی تەهمورس فـەرمانی بـە خـەڵکَ داوە، ڕۆژێ دوو جار لە بەر ئێزەد بپاڕێنـەوە. دەڵێن قـەڵای ئیسفاهان و تالاری مـەڕو، دەستکردی تەهمورس بوونە.

دوای کوژرانی تـەهمورس جمشید جێگای وی گرتۆتـەوە. نیـوی ڕاستی وی جم بووە. شید بـە واتـەی ڕووناکی دەرە. دەڵێن لـە دەورانی جمشیددا، هەوەڵین ڕۆژی ساڵ بـە نـەورۆز نیـو براوە و لـەو ڕۆژەدا جـەژن گیراوە. بـە پێی چیرۆکەکە: فرشتـەی بـەختی جمشید لەسەری لاچووە و شایـەتی وی وە دەستی دهاکَ، یا ئـەژدهاکَ (زەهاکَ)کـەوتوە. دوای ئەوەی زهاکَ سەرکەوتوە و دەسەڵاتی وەدەست ختسوە، زوڵم و زۆری وی هەموو وڵاتی داگرتوە. نیوی زوحاکَ لە ئەویستادا بە: ئاژیدهاکە، هاتووە.

فیردوسی دەڵێ لـە زەمانی شایـەتی جمشیددا، پیاوێکَ هـەبووە بـە نیـوی مـەرداس، کە فـەرمان ڕەوایـەکی عـەرەبوستان بووە. مـەرداس کوڕێکی بـەد خوو و دزێوی هـەبووە، بـە نێـوی زەهاکَ. زەهاکَ لـە بـەر ئەوەی خـەراب بووە، ئـەهریمـەن خۆشی ویستوە. کاتێکَ جمشید ئـەستێرەی بـەختی لەسەری لادەچێت، شایـەتی وەدەست زەهاکَ دەکەوێت. (لـە شـەڕەفنامـەدا وا نووسراوە: زەهاکَ پێنجـەمین پادشای پێشدادیان بووە. لـە قـەراغ لاپـەڕەکەشی بـەو جوورە نووسراوە: زەهاکَ یـەکَ لـە پادشایانی حـەمییـەرییە و کوری عاد کوری عیملاق کوڕی حام کوری نووحـە. )

دەڵێن: ڕۆژێکَ ئـەهریمـەن دەچێتـە لای زهاکَ و پێی دەڵێ ئـەگەر ئـەتوو ڕێنوێنی بکـەم دەبیە پادشا. لـە پاشان ئـەهریمـەن دوو شانی زەهاکَ ماچ دەکات و لە جێی ماچی ئـەهریمـەن، دوو مار دەڕوێن و هیچ پزشکێکَ ناتوانێت چارەیەکَ بۆ ئەو نـەخۆشییـەی بدۆزیتەوە.

ڕۆژێک ئەهریمەن لە چیهرەی دوکتریک بە زەهاک دەڵێت، چارەی ڕەهایی لە دەستی ئەو مارانە، تیر کردنی وانە بە مێشکی ئینسان. بەو هۆیە زەهاک فەرمانی دا، ڕۆژێ دوو کەس بگوژنەوە و مێشکی وان بکەنە خۆراکی مارەکان یا بکەنە مەڵحەمی برینە کەی و پێی ببرژێننەوە. دوای ئەوەی هەموو زیندانییەکان تەواو بوون و مێشکیان دەرخواردی ماران درا، دەستی کرد بە گرتنی جحێڵەکان بۆ دەرخواردانی مێشکیان بە مارەکان. خەڵکەکە نوێنەریان نارده کن زەهاک و بڕیاریان دا ڕۆژانە دوو کەس بدەنە زەهاک، بۆ خۆراکی مارەکانی. دوو کەسی باش بە نێوی ئەرمائیل و کرمائیل بوونە ئاشپەزی زەهاک. ئەو دوو ئاشپەزە هەر ڕۆژەی یەکێک لەو دوو کەسانەی بۆ گوژتنیان دەهینانە لایان، بەنەهێنی ئازادیان دەکرد و بەڕێیان دەکردە جێیەکی چۆڵ و نا ئاشکرا و لە جیاتی ئەو کەسە پاشقول دراوە مێشکی مەڕێکیان لەگەڵ مێشکی کەسە کوژراوەکە تێکەڵ دەکرد و دەرخواردی مارەکانیان دەدا. لەو پاشقولدراوە هەڵاتوە ئازاد کراوانە، نیژادی کورد پەیدا بووە. وا وێدەچێت زەهاک نەخۆشی شێرپەنجە: واتە سەرەتانی بووبێت و بە مێشکی مرۆڤ دەرمانی کردبێت.

گۆیا کاوەی ئاسنگەر دوازده کوری هەبووە و یازدەیان کوژراون و نۆبە گەیشتۆتە کوری دوازدەهەم. کاوە زۆر ناڕەحەت دەبیت و لەگەڵ ئاوارە هەڵاتوەکان لەشکرێک پێک دێنێت. کاوە کەوڵی ئاسنگەری بە سەری نێزەی وەدەکا و دەیکاتە ئاڵا و وەپێش شەڕکەرەکان دەکەوێ و هێرش دەکاتە سەر زەهاک. بەو شیوەیە ڕاپەڕینێک دەست پێدەکا و سەردەکەون و زەهاکیش شکست دەخوات. شۆڕشگێڕەکان دوای کوژرانی زەهاک، نەوەیەکی جمشید بە نێوی فریدون بە پادشای خۆیان هەڵ دەبژێرن.

گۆیا فریدوون لەکوێستانێک بە هۆی شوانێک بە خێو کراوە. دوای ئەوەی زەهاک گیراوە و زیندانی کراوە، فریدوونیشیان بە شا داناوە و فیتنەی زەهاکیش دوای پێهاتووە.

فریدوون ٣ کوری هەبووە: ئیرەج و سلم و توور. ئەگەر فریدوون پیر بووە وڵاتەکەی لە بەینی ئەو سێ کورەیدا، دابەش کردوە. ئێرانی داوە بە ئیرەج. تورانی داوە بە توور و ڕۆمی داوە بە سەلم. سەلم و توریش داوای ئێرانیان کردوە. بەو هۆیە لە ئیرەج نا ڕازی بوونە و ئیرەجیان کوشتوە. لە ژنی حامیلەی ئیرەج کچێک بووە. ئەو کچە مێردی بە کوڕێکی بە نێوی پەشەنگ کردوە. پەشەنگ کوڕێکی بووە بە نێوی مەنووچێهر. کاتێک مەنووچێهر دەبیتە شا، یەکێک لە سەردارانی بە نێوی سامی کوری نەریمان دەنێریتە تەبەرستان (مازندەران) و لە وی لەگەڵ خەڵکێک بە نێوی گورگساران و سەگساران بە شەڕ هاتووە و لەو شەڕەدا سەرکەوتوە. زۆر پێ نەچوە شەڕ لە بەینی ئێرانیان و تورانیاندا پەیدا بووە. ئەفراسیاب سەرداری تورانییەکان بووە. لەو شەڕەدا هیچیان سەر نەکەوتون و پەیمانی ئاشتیان پێکەوە بەستوە. بە هۆی تیری ئارش مەرزی بەینی خۆیان داناوە.

لە دەورانی شایەتی مەنووچێهردا پاڵەوانێک بووە بە نێوی ڕۆستەمی کوڕی زاڵ کە ڕەسەنی وی دەگەیشتەوە سەر گرشاسب. بەو جۆرە گرشاسب، نەریمان، سام، زاڵ، ڕۆستەم، و سوەراب.

دوای مردنی مەنووچێهر تورانیان پەیمانی ئاشتیان شکاندوە و شەڕیان لە بەیندا پەیدا بووە. لەو شەڕەدا تورانییەکان سەرکەوتون:

ئەفراسیاب سەرداری تورانی ١٢ساڵ شایەتی بەسەر ئێراندا کردوە. دوایە زاب پادشای پێشدادی، ئەفراسیابی لە ئێرانیی دەر کردوە.

لە زەمانی گرشاسب: ئاخیرین پادشای پێشدادی، کە ئەفراسیابی تورانی هێرشی کردۆتە سەر ئێران و گرشاسب نەی توانیوە بەربەرەکانی ئەفراسیاب بکات، داوای یارمەتی لە زاڵی پاڵەوان کردوە. زاڵیش پێشنیاری کردوە، لە نەسلی فریدوون پادشایەک هەڵبژێردرێت. گرشاسب ڕۆستەمی ناردوە بۆ ئەلبورز کە کەیقوباد لەوێ ژیاوە. دوای گەڕانەوەی ڕۆستەم و هێنانەوەی کەیقوباد بۆ نێو دەستەی خۆیان، گرشاسب دەمرێت و ئەفراسیاب کە دەزانێ گرشاسب مردوە، هێرش دەکاتە سەر ئێران و بەشێکی لە خاکی ئێران دەگرێت. دوای مردنی گرشاسب زنجیرەی پادشایەتی پێشدادیان دوایی پێدێت.

فیردەوسی گوتویەتی کەیقوباد هەوەڵین پادشای خانەوادەی کەیانیان و پاشەبەری پێشدادیان بووە و لە نیژادی فەریدوون بووە. بەو هۆیەش ڕۆستەم وەدوی کەوتوە بیهێنێت و بیکاتە پادشا. فیردوسی کتویەتی:

قباد کزین راز البرز کوە من ئاوردەئەم درمیانی گروە.

دوای کەیقوباد، کەیکاوس شایەکی دیکەی کەیانی بووە. نێوی کەیکاوس دە ئەویستادا، بە کەوی ئوسن نێو براوە.

ڕۆستەم لە گەڵ ئەفراسیاب چەندین شەڕی کردوە و لە زۆر شەڕانیشدا سەر کەوتوە. لە یەکێک لەو شەڕانەشدا، سوهرابی کوڕی ڕۆستەم لەگەڵ ڕۆستەم ڕووبەڕوو دەبێت و بێ ئەوەی ڕۆستەم بزانێت سوهراب کوڕی ویە، شەڕی لەگەڵ دەکات و برینداری دەکات و سوهراب بە برینەکەی دەمرێت.

ڕۆژێک توس و گیو گودرز دەچنە ڕاو. لە نزیکی توران توشی کچێکی جوان دەبن لە کەسانی ئەفراسیاب. ئەو کچە کچی گرسیوزی برای ئەفراسیاب دەبێت. لەگەڵ خۆیان دەی هێننەوە. کەیکاوس ئاشقی دەبێت و بە ژنی هەڵدەبژێرێد. لەو ژنەی، سیاوەش بە وەلەد دەبێت. دە ئەویستادا نێوی سیاوەش بە سیاو رەش هاتووە. ڕۆستەم سیاوەشی بردۆتە کن خۆی بۆ فێرکردنی شەڕ. کاتێک ئەفراسیاب هێرش دەکاتە سەر وڵاتی کەیکاوس، کەیکاوس سیاوەش دەنێرێت بۆ شەڕ بە دژی ئەفراسیاب. ئەفراسیاب دەترسێت و پەیمانی ئاشتی دەبەستێت. کەیکاوس ئەوەی پێناخۆش دەبێت و ئەو پەیمان بەستنەی دەکاتە نیشانەی ترسانی سیاوەش لە ئەفراسیاب. سیاوەش زیز دەبێت و دەچێتە توران بۆ لای ئەفراسیاب. پیرانی وەیسە ئەوی بە میهرەبانی وەردەگرن و کچی خۆیانی دەدەنێ. دوایە لە لای ئەفراسیاب بەدگۆیی لێ دەکرێت و بە دەستووری ئەفراسیاب

دەکوژرێت. لـە کوشتنی سیاوەش هـەرا پـەیدا دەبێت. ڕۆستـەم بـە لـەشکری خۆییـەوە دەچێتـە سـەر توران و دوو کوڕی سیاوش دێنێتـەوە.

دوای کـەیکاوس کـەیخسرۆ بـە پادشایی دەگات. کـەیخوسرەویش دە ئـەویستادا باسی لێکراوە.

پادشایـەکی دیکـەی بە نێـوبانگی کـەیانیش گشتاسب بووە. گشتاسب کوڕێکی هـەبووە بـە نێـوی ئـەسفـەندیار. ئـەو ئـەسفـەندیاری ڕووئینـەیە، کـە فردوسی دە شانامـەی خۆیدا باسی کردوە.

دوای نـەمانی کـەیخوسرەو، ڕۆستـەم دەڕەنجێت و دەچێتـە زابلستان. گشتاسب بۆ ئازمایشی هێزی کوڕەکـەی، کـە دەیـویست بیکاتـە جێگری خۆی، ئـەسفـەندیاری دەنێرێت بۆ شـەر کردن بـە دژی ڕۆستـەم. لـەو شـەڕەدا ڕۆستـەم ئـەسفـەندیاری دەگوژێت.

## زەڕتوشترا (زەڕدوشت)

لـە مێژووی بـەوەلەد بوونی زەردوشت، ئاگادارییـەکی بێگومان نییـە. هێندێک مێژوو نووسان مێژووی لـە دایک بوونی وییان، بـە دوو هـەزار ساڵ پێش زاین داناوە. هێندێکیش بـە هـەزار ساڵ پێش زاین و هێندێکیش لـە بەینی دوو سـەدەی حـەوتم و هـەشتمی پێش زاینیان داناوە.

زەردوشت باوەڕی بە ئێزەد بوو. (ئێزەد:خودا) ئێزەد: میهر ، بغ میهر ، (میترا بـە سانسکریت) ، (میشر بـە زمانی ئـەویستایی) و (میتر بـە پـەهلـەوی).

دەڵێن ئایینی زەرپدوشت لـە دەورانی ماد بووە و پـەڕتوکی ئـەویستاش کاری مادەکان بووە. زەڕدەشت مرۆڤێکی مێژوویی و ئـەندامی یـەکێک لە گروهـەکانی قـەومی ماد بووە و مغی پێگوتراوە.

هێندێک زانایان دەڵێن زەرپدوشت لە دوایی سـەدەی حـەوتـەمی پێش میلاد هاتۆتـە دونیا و لـە ساڵی ٥٨٣ ی پێش زاین، لـە ٧٧ ساڵـیدا مردوە. هێندێک مێژوو نووس زەرپدوشت بـە خـەڵکی ڕۆژئاوای ئێران و ئازربایجانی ئێستا دەزانن. بـەڵام هەوەڵین پێشکـەوتی ئایینی زەرپدوشت لـە بـەلخ بووە، کـە شای وێی هێناوەتە سەر ئایینی خۆی. گـاتها کۆنترین بـەشی نـەسیحـەتەکانی ئـەویستایـە کە لە بـەلخ گوتویەتی. ئایینی زەرپدوشت سەرتاسەری ئێرانی داگرت. زەرپدوشت دینـەکانی ئـەودەمی تازە کردنەوە.

هرزفلد (Herzfeld) لـە کتێبی زەرپدوشت و جیهاندا، بـەو جۆرەی گوتوە: زەرپدوشت مرۆڤێکی سیاسـەتمـەدار بووە و زۆری ئاخافتن کردوە و ئامانجیشی چاک کردنی گوزەرانی کـەشاوەرزان و جووتێرانی زەمانی ماد بووە.

زەرِدوشت دەیـویست: جووتێرەکان لە ژێر عـەبدایـەتی نەجات بدات. بەو هۆیە بووە، لەگەڵ چێنـەکانی فـەرماندار و مالیکێ و رووحانی توشی بـەربـەرەکانی بووە.

## بیر وباوەری زەرِدوشت.

زەرِدوشت بـە دوو دونیا باوەرِی هـەبوو : دونیایی رووحانی و دونیای جسمانی. ئـەو پێی وابوو: ئـەوەی لـە جیهان دا هـەیـە، دەبێتـە دوو بـەش: ١ تـەقدیر یا بـەخشش ٢ فعل یا کـەنش.

زەرِدوشت کردەوەی ئینسانیشی، کردۆتـە ٣ بـەش ١ پندار ٢ گوتار٣ رفتار

زەرِدوشت دەڵێ وەختێکێ مرۆڤ دەگاتە پلـەی خۆشبـەختی باڵا، لـە یـەزدان نزیکێ دەبێتـەوە و دەبێتـە بـەهـەشتی. زەرِدوشت پێی وا بووە بناخـەی عالـەم لەسەر دژبـەریـەتی و زیدیاتییـە و جیهان گۆرِەپانی بـەربـەرەکانی چاکو خـەرابە یا بـەربـەرەکانی لەشکری یـەزدان و ئـەهریمـەنـە. زەرِدوشت دەڵێ مرۆڤ بـەستـەگی بە پـەیرِەوی کردن لـەو دژانـە هـەیـە. هەروا دەڵێ بـەهـەشتماڵی پـەیرِەوانی یـەزدانـە. ماڵی ئـەو کـەسانـەیە کە خاوەن پنداری نیکێ و گوتاری نیکێ و کرداری نیکن. زەرِدوشت دەڵێ دۆزەخیش ماڵی پـەیرِەوانی ئـەهریمـەنـە.

زەرِدەشت پێغـەمبـەر، ئایینـەکانی پێشینی ساغ کردۆتەوە و خـەڵکی بۆ رِێگای یـەکتا پـەرستی رِێبـەری کردوە. زەرِدوشت دەڵێ ئاهورەمەزدا، ئافـەرینندەیەکی نووراني و گـەورە و پایەبەرزە و خودای عـەقڵ و شادی و نوور و پاکییـە. ئاهورەمەزدا خودای راستی و ژیانە و هـەموو بـەخششـەکان لەوییـەوە سـەرچاوە دەگرن و هەمیشە هەیە. زەرِدوشت دەڵێ: هەوەڵین ئـەرکی مرۆڤ پـاریزگاریـە. دووهـەمین ئـەرکی پاکی و پـەیرِەوی لە راستی و دورستییـە. وسێهـەمین ئـەرکی، کار کردنـە. هەروا دەڵێ: مرۆڤ دەبێ لەگەڵ ئاهورامـەزدا کار بکات و جیهان لـە نوێـوە دورست بکاتـەوە و زەویەکان بەهرەوەر بکات.

لـە ئایینی زەرِدوشتدا ئـەو گیاندەبەرانـەی مرۆڤ کاریان پێدەکات یا شیریان لێدەخوات، نـابێ بگوژرێنـەوە. مردووەکانیش نـەدەبوو لەسەر حـەرز فرێ بدرێن یا سادە دەبن حـەرز بندرێن و یا بسوتێندرێن و دەئاوێ برێژرێن، لـە بـەر ئـەوەی مـەترسی ئالودە و تێکـەڵ بوون و پیس بوونی یەکێکێ لەو سێ عونسووری خودایی و بـەرِێز: زەوی و ئاو و ئاور، هەیە.

بـە باوەرِی زەرِدوشت جیهان، جیهانی خـەبات و بـەربـەرەکانییـە. جیهان مـەیدانی تێکۆشان و کارە. جێگای پـەروەردە کردنی فـەقیر و هـەژارە.

لـە ئایینی زەرِدوشتدا مرۆڤ خاوەن دەسەلاتـە، لـە دو رِێیان یـەکێکی هـەڵبژێریت: رِێگای چاکـە یا رِێگای خـەرابـە. زەرِدوشت دەڵێ: ئـەوەی چاکە، لە پردێکێ بـە نێـوی چینوات پل یا چینوپل: کە باریکترە لە مو و تیژترە لە شیر،

دەپەڕێتەوە و دەتوانیت بگاتە ئاهورامەزدا. ئەوانەی باش نین ناتوانن بپەڕنەوە. ئەو چینوپلە هەر ئەو پردەی سیراتە کە لە ئیسلامدا باسی لێکراوە. زەردەشت باوەڕی بە زیندو بوونەوەی دوای مردن هەبوو. زەرپدوشت پێی وابوو: تەنها و یەکەمین خودا، ئاهورە مەزدایە و ئەو وەک ئینسان نییە و ژنی پێویست نییە و ئەولادیشی نییە. لە مەزهەبی زەرپدوشتدا بە رووحانیان کوتوە مغ. کە لە دواییدا بە ماغیر گۆڕاوە.

دەڵێن کتێبی زەرپدوشت واتە ئەویستا، لە دوازدە هەزار پێستی گا، نووسراوەتەوە و لە کتێبخانەیەک لە تەختی جەمشید (پرسپۆلیس) ڕاگیراوە و لە هێرشەکانی ئەسکەنەری مەقدونیدا سوتێندراوە.

# بەشی پێنجەم.

## ئێران لە دەورانی دێرین

لێکۆڵینەوەی لێکۆڵەرێکی ئورووپایی سەبارەت بە ئێران:

ئەو وڵاتەی کە ئێستا بە ئێران نێو دەبرێت بڵێندایەکەی، ناوەندی ئەو وڵاتە پێک دێنێت. لە شیمال و جنوبڕا کێوەکانی زاگڕۆس و دەماوەند کە بە زنجیرە لێک جیا بوونەتەوە، دەوریان داوە. لە باکورەکەی قەوقاس پێک هاتووە و دەکشێتە سەر کاسپیشە زێی. لە لای ڕۆژ هەلاتیشی تورووس( Tourus ) هەیە. دوای هەوەڵین دەورانی سەهۆڵی بڵێندایەکی لی پێک هاتووە، کە بە دەریا و دەریاچە دەوری لێدراوە. بە درێژای زەمان گۆڕاوە. چۆم و جۆبار و چەمەن و دار ئاو و ئاوشاری لێ پەیدا بووە و ئینسانی لێ خوڵقاوە. ئینسانی ئەو کات بە ڕاو و شکار خەریک بووە و بەو هۆیە ژیاوە.

لە هەڵکەندراوەکان شوێنەواری کۆنی ئادمیزاد، دیتراوەتەوە. کە کۆنترینی وان لە سیالک لە ڕووبەڕووی جنووبی تارانی ئێستا، دیتراوەتەوە. لە سیرامیک نەخشی ڕاو کردنی مرۆف و ژمارەی ئاژەڵ و خانەسازی و هەوا ناسی کێشراوەتەوە. کە نیشانی بوونی مرۆفی دێرینە لەو وڵاتە.

## شارستانیەتی بەرزی ئیلامییەکان.

نیشانەی هەوەڵین شارستانیەتی دەوڵەمەند لەو وڵاتەی کە ئیستا بە ئیران نێو دەبردرێت، لە ناوچەی ئیلامییە کان وەدەرکەوتوە. کەبەرزتین خال لە پێشکەوتویی وان دەگەڕێتەوە سەر ٣ هەزار ساڵ هەتا ٢٧٠٠ ساڵ پێش زاین، کە لە رۆژئاوای ئیران لەقەراغ چۆمی کارون: لە جنووبرا هەتا کوردستان، بڵاو بوونەتەوە.

وا وێ دەچێت ئیلامییەکان لە هەوەڵەوە لە قەراغ کاسپیشە زیی ڕا هاتبن..

بڵاو بوونەوەی ئیلامییەکان هەڕەشەیەک بووە لەسەر میزوپۆتامییەکان. کە ناوەندی دەسەڵاتیان بە ڕێبەرایەتی سەرکۆنی ١ و کورەکەی نارام ـ سین، لە بابیل بووە. ئەگەر چی ئەوانیش پێشکەوتو بوونە بەڵام لە بەینیاندا شەڕی مێژووی و قورس و گران پەیدا بووە، کە بە داگیر کردنی شاری سوسا پای تەختی ئیلامییەکان دوایی پێهات.

## دەسەڵاتی گۆتی و لولویی.

دوای کوژرانی نارام سین، شا پوزور ئینشوشیناک ویستی پێشی هێرشی دووگەلی هاو سێی: لولویی و گۆتی بگریت. گۆیا ئەو دووگەلە کە شەری توندو سەختیان کردوە، شەڕکەری وایان دە گەڵدا بوونە، نەیان زانیوە بەردیش باوێن و پێشکەتو نەبوونە. ئەوانە لە ٢٢٠٠ ساڵ پێش زاین، نەک هەر میزو پۆتامیان گرت و بەس، بەڵکوو ئیلامیشیان گرت. لە شەڕێکی دیکەدا ١٠٠ ساڵ دواتر شا سیماشی ئیلامی لە رۆژهەڵاتی کیوەکانی ئیسفاهانڕا هێرشی کردە سەر شاری ئوڕ و ئەویی داگیر کرد. دەڵێن لە دووهەم هێرشیدا، نیوەڕاست و باشوری میزو پۆتامیشیان گرتوە.

لە ژێر دەسەڵاتی حەمورابی، میزوپۆتامیا لە داگیرکەران کە لە رۆژهەڵاترا هاتبوون ئازاد کرا. ئاخیرین شەڕ لەگەل ئیلامییەکان لە سالی ١٧٥٠ پێش زاین کرا، کە کاسیتە کان لە باکوری کیوەکانی زاگرۆس ڕا هاتن. ئەوکاسیتانە نەک هەر ئیلامیان گرتو بەس بەلکو هەموو میزو پۆتامیشیان خستە ژێر پێی خۆیان.

لـه دوایی سەدەی ١٤ (١٤٠٠ ساڵ پێش زاین) کاسیتـەکان شکستیان خوارد و دەسەڵات کـەوتـە دەستی گال ئونتـەش ( Gal-Untash ) و شوتروک ناهونتـە ( Shutruk-Nahhunnte ) ئـەوانـە بێجگـە لـەوەی سوسا یان گرت، بـەشێکی زۆری میزو پۆتامیشیان خستـە ژێر دەسەڵاتی ئیلامییـەکان.

## ئاریایـە کان.

ئـەوانـەی ئارياییان پێگوتراوە لـە ١٢٠٠ ساڵ پێش زاین لـە باکور ڕا هاتوون. کۆچ کردنی وان بـە لەسەرەخۆیی ئـەنجامی گرتوە و بـە ماوەی یـەک سەدە درێژەی هـەبووە. لـە ماوەی سەدەی ٩ ی پێش زاین مـەدەکان و فارسـەکان بـە قـەوقاس و ترانسوخانی ( Transoxanie ) یـە دا هاتنـە[8]٨ ئـەو وڵاتـەی کـە ئێستا پێی دەگوترێ ئێران. فارسـەکان لـە باکوری گۆلی ئورومییـە دامزران و مـادەکان لـە ڕۆژهـەڵاتی گۆلی ئورومییـە و دەورو بـەری هـەمـەدان، نیشتـە جێ بوون. لـە ٧٠٠ سال پێش زاین فارسـەکان چوونـە وڵاتی بـەختیاری( پارسو ) لـە باشوری ئێران و مـەرزی ئوراڕتوو. فارسەکان بە نیـوی ئەو وڵاتەی کەچوینێ واتە : پارسوو، خۆیان نیـو نا بە پـەرسو. لـە دواییدا چوونـە لای شیراز.

لـە سەدەی ٩  شای فارسەکان بـە نیـوی ئیشپونیس ( Ishpuinis ) و مینوا ( Menuas ) ، ئێرانیان خستـە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان و هێرشیان کردە سـەر ئـەو ئیندو گرمانانـەی هاتبوونـە ئێران. لـە سەدەی ٨ ی پێش زاین ئـەرگیستس ( Argistis ) ئاسیای چوکو سوورییـەی گرت. لـە چـەند ساڵ دواتر ئاسوورییەکان بـە ڕێبـەرایـەتی تیگلات پیلسـر ٣ Tiglat-Pileser  وڵاتەکەی گرتـەوە. لـەو کاتیدا ئاسوورییەکان هـەرەشەیـەک بوون لەسەر ئـەو وڵاتـەی ڕۆژهـەڵاتی کێـوەکانی زاگرۆس کـە لـە ژێر دەسەڵاتی مـادەکان دابوو. کـە هـەتا ئـەو کاتی ئـەوێ ئارام بوو و پێ تـەختیان لـە شاری هـەکمـەتانە( هـەمـەدان ) بوو کـە بۆخۆیان دورستیان کردبوو. ( شایەد هەمەدان، هیمەدان یا ئیمەدان بوبێت و گوڕابێت )

وا وێدەچێ ئەو  وڵاتە پان و بەرینەی ئەو دەمی: کە ئێران و ئێراق و سوورییە وتورکییە و ئەرمنستان و ئازربایجان و قەوقازی ئێستایە، مەیدانی کۆچ و کۆچباری خەڵکی ئەو زەمانی بووبێت و ئەو خەڵکانەی لەوێ ژیاون، وەک عەشیرەت و هۆزی گەورەگەورە بە شیوەی کۆچبەری، جێگۆری زۆریان کردوە و زۆر جار لە لایەکڕا چوونەتە لایەکی تر. و اش هەبووە بۆ ئەو جێگایە  گەڕاونەتەوە، کە لە پێشدا لێیرا هاتوون.

---

[8]8 مێژو نوسەکان  بۆ هەر یەک لەو گەلانە لایەکیان دەست نیشان کردوە،  کە لێرا هاتون، بێ ئەوەی بەڵگەیەکی باوەڕ پێکراویان  بۆ لەپێشدا بوونی وان لەو وڵاتانە هەبێت. بێجکە لەوەش شوێنەواری فەرهەنگ و زمان لەو وڵاتانەی کە دەڵێن لێرا هاتون  بەجێ نەماوە. بە بیری من هەمو ئەو گەلانە لە پێشدا هەر لەو وڵاتە پان و بەرینە ژیاون ، کە ئێستا پێی دەگوترێ ئێران  و ئێراق و تورکییە و کوردستان و هەر لەو وڵاتانەڕا، هەر جارە بۆ لایەک کۆچیان کردوە و گەڕاونەتەوە. ئێوی جیاجیاش لەو گەلانە نابێتە دەلیلی ئەوەی ئەوانە نەژادی لێکجیان. بۆ وێنە ئەگەر بە هاتیەکان گوتراوە هاتی بە ئێوی شا هاتی بوە. سوومڕ و میتان و گۆتیش هەر بەو جورە بوونە.

## قـەومی مــاد.

هەوەڵین شای مادەکان نـیوی دیاکۆ یا دەیکۆ ( Daykkou ) بووە. کـە لەساڵی ٧٠٨ هەتا ٦٥٥ پێش زاین بە ماوەی ٥٣ ساڵ شایەتی کرد. هیرودوت نـیوی ئەو شایەی بـە دەیـوکس بردوە. دیاکۆ پـەیمانی لەگەڵ روساس شای ئورارتوو بەست و پێکـەوە هێرشیان کردە سـەر، سـەرگون ی ٢ شای ئاسووری لـە شاری نینـەنـەوا. بـە کۆمـەگی پـەناهـەندەکانی تری وەکو سوومرییـەکان و سکیتـەکان کـە هاتبوونە ئێران، نینـەوایان گرت. ئـەو دوانـەی بـەرەوە داستانی زۆر ترسناکیان لێگێراونـەتـەوە. هیرۆدوت پێی وابووە ئـەو دوانـەی بـەرەوە، زۆر ئینسان خۆریشیان دەگەڵدا هـەبوونە[9]. ئاخیرەکـەی ئەو بەشەی ئێرانیش کە لـە ژێر دەسەڵاتی ئاسوورییـەکان دابوو خستیانـە ژێر دەسەڵاتی خۆیان. فائورت یا( فرارت ) ( Phaortes ) کوری دیاکۆ لە ساڵی ٦٥٥ -٦٣٣ ی پش زاین، جێگای بابی گرتـەوە و بـە ماوەی ٣٢ ساڵ شایـەتی کرد. فرارت لـەشکرێکی تازەی بـەهێزی دورست کرد و ئیلامیشی لـە جنووبی ئێران خستـە ژێر دەسەڵاتی خۆی. ئـەوە بـەرزترین خاڵ بووە لـە مێژووی شایـەتی مـاددا.

لـە پاش فرارت کیاکسار ( هۆخشتر ) لـە ساڵی ٦٤٣ ـ ٥٨٤ پێش زاین بـە ماۆەی ٥٩ ساڵ شایـەتی کرد. ئـەو لەگەڵ لیدییـەکان ئاشتی کرد. لـەپاش کیاکسار ئاستیاک لـە ساڵی ٥٨٤ ی زاینی بـە ماوەی ٣٤ ساڵ شایـەتی کرد.

## خەونی ئاستیاک.

ئاستیاک کچێکی هـەبوو مێردی بـە شازادێکی فارس کردبوو. ئاستیاک خـەونی دی، کـە لـە زگی کچـەکـەی شـەرابێکی بارێک و درێژ و بۆن ناخۆشی لێ دەرۆیشت، کـە هـەموو سـەروەتو سامانی وی داگرت یا هـەموو وڵاتی وی داگرت. ئـەو خـەونـەکـەی وا لێکداوە: کـە ئـەگـەر بێتو کچـەکـەی وی بـەو زوانـە کورێکی ببێت، هـەموو وڵاتـەکـەی وی دەگرێت. کـە دەبوو فرێی دابایـە و خۆی لـەشـەرِی ئـەو کورە، دەرباس کردبایە. بـەڵام ئاستیاک ئـەوەی نـەکرد. لەسەر ئـەو حاڵـەشرا، لـەو کورەی گـەرا هەڵبدا. ئـەو کورە بـە نێـوی کوروش وەکو جـوانی دیکـە، جحێل بوو و فێری شـەرِ و مـەیدانداری بوو. کاتێک چووە نێو فارسەکان و لـە نێـو فارسـەکان ماوە، بـە هـەستی ناسیـونالیستی و رەگەز پـەرستی، لـەشکرێکی زۆری کۆ کردەوە و دەگژی بابـە گـەورەی راچوو و زۆر پێ نـەچوو هـەموو ئێرانی خستـە ژێر دەسەڵاتی خۆی. هێز و دەسەڵات، خـەسلـەتی وەحشیگـەری و بـەربـەری، کۆرِشی داپۆشی و سوورەتی ئینسانیـەتی هێنایە بـەر و چاکو خـەرابی هاتـە ژێر فـەرمانی. لـە ساڵی ٥٣٩ پێش زاین مێزو پۆتامیشی گرت. بـە کورتی خاوەن شارستانیـەت و بێ شارستانیـەت لـەو وڵاتـە کۆنـەی ئێران، لـە سایـەی مادەوە هاتنـە ژێر فـەرمانی.

لـە ساڵی ٥٢٨ کامبیز کوری کۆروش جێگای بابیگرتـەوە و بوو بـە شا. کامبیز بـە فـەرمانرەوایی هـەخامـەنشینی وەک باوکی بـەسی نـەکرد، لـە نێـو فارسـەکان خۆی کردە ئینسانێکی رووحانی و جادوگـەر و کۆمـەڵ ناس. کامبیز

[9] بەڵام پشکەوتویی و شارستانیتی سوومرییەکان بوونی وان بە ئینسان خۆر دەخاتە گومان و دو دڵی.

دوای ٦ساڵ شایەتی، برایەکەی خۆی سمیردیس ( Smerdis ) ی لە جێگای خۆی دانا و بۆ گرتنی میسری بەرێی کرد. بەڵام سمیر دیس هەر لە ماڵێ ئازا و زۆر زان بوو. لەگەڵ ئەوەش درێژنگی ناراستیشی کەوتەسەر. کامبیز پریکساسپ( Prexaspes )ی ناردە سووسا هەتا سمیردیس وەدەر بنێت.

دوای کوژرانی کامبیز دووبەرەکی لە نێو ئەو خانەدانەدا پەیدا بوو، لەسەر ئەوەی کێ جێگای کامبیز بگرێتەوە؟ پریکساسپ ، مەگابیز یا داریوش. لە پاشان داریوش بە پێی زۆرینەی را، جێگای کامبیزی گرتەوە. کوری داریوش ( Xerxes ) (خەرخەس) بەشێکی زۆری لە یونان و میسری گرت. دوای کوژرانی خەرخەس لە قەسری خۆیدا، وڵات گرتن کەم بۆوە. لەوە بەدواوە کیشە لەسەر شایەتی زۆر بوو.

## ئەسکەندەری گەورە.

لە ساڵی ٣٣١ ی پێش زاین شای یونانی ئەلێکساندر دی خرۆت (ئەسکەندەری گەورە) ئاخیرین شای هەخامەنشینی: داریوشی ٣ ی گرت و زنجیرەی شایەتی هەخامەنشی دوایی پێهات. دوای ئەوەی ئەسکەندەر داورویشی گرت و ئێرانی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی، یەکێک لەسەردارانی لەشکری خۆی بە نێوی سلوکوس، لەسەر ئێران دانا. ئەو هەوەڵێ بابیلی کردە پێ تەختی خۆی. دوایە سلوکییە و لە ئاخیرەکەیدا ، ئەنتاکییەی کردە پێتەخت. بەو جۆرە زنجیرەی شایەتی یونانییەکان بە نێوی سلوکییە دامەزرا. ئەو زنجیرەی شایەتییەی سلوکییە لە ساڵی ٢٤٧ ی پێش زاین بە دەستی تیردادی ئەشکانی دوایی پێ هات.

## زنجیرەی شایانی ساسانی.

پاپاک کوری ساسان لە لایەن بابی ژنەکەیەوە شایەتی وەگیر کەوت. کوری پاپاک بە نێوی ئەردەدەشیر لە ساڵی٢٢٤ ی زاینی لەگەڵ ئوردوانی پێنجەم شای ئەشکانی بەشەڕ هات. ئوردوانی پێنجەم شکستی خوارد. بەشکستی ئوردوان زنجیرەی شایەتی ئەشکانی دوایی پێهات و زنجیرەی شایەتی ساسانیان دەستی پێکرد و ئەردەشیر شایەتی خۆی ڕاگەیاند. ئەردەشیر ڕۆمییەکان، ئەرمەنییەکان و سکیتەکانی شکست پێدا. کوڕی ئەردەشیر: شاپوری ١ لەساڵی ٢٦٠ ی میلادی سووریای لە ڕۆمییەکان ئەستاندەوە و کایزری ڕۆمییەکانی گرت.

لـە ڕۆژهـەڵاتیش، قوچان (Kouchan) و (Oxus) و باکتریـە و تاشکـەند یشی گرت. لـە ساڵی ٣٥٠ ی زاینی شاپوری دووهـەم ئـەرمـەنیای گرت و شـەڕێکی سـەختیشی لـە دژی کریستییـەکان، دەست پێ کرد.

ساسانییـەکان مـەزهـەبی مـەزدایان دەپەرست. لـە زەمانی هـەخامـەنشییـەکانیش خـەڵک مـەزهـەبی زەردەشتیان (زەرەتوشترا) دەپەرست و خودای چاکـەیان بـە یـەزدان یا ئاهورە مەزدا و خودای خـەرابەشیان بـە ئـەهریمـەن نێـو دە برد.

لـە ساڵی ٤٢١ ـ ٤٣٨ زاینی شای ساسانی فـەهرانی ٥ بـە دژی قـەومی هۆن (Hunnen) کـە لـە باکوری ئێران بوون، لـە گـەڵ ڕۆمییـەکان پـەیمانی بـەست. فـەهران ئازادی مـەزهـەبی ڕاگـەیاند و ئێرانی کردە مـەسیحی کریستیانی، جودا لـە ڕۆمییـە کان و بیزانتیـوم. لـە زەمانی شایـەتی پیرۆزی ساسانی، لـە سالی ٤٨٤ ـ ٤٥٩ ی زاینی کلیسا لە دەوڵەت جودا کراوە و دەوڵـەت لەسەر دوو لایـەن: لایـەنی ڕووحانی و لایـەنی ئینسانی دورست کرا.

لـە سالی ٥٩٠ ی زاینی خوسرەوی ٢ کـە لـەلایـەن ژەنەڕاڵێکی خۆی لـەسـەر کار لابرا بوو، کۆمـەگی لـە مۆوریتوس( Mouritus) خواست و بـە بـەهای ئـەرمنستان توانی تاجـەکـەی وەرگریتـەوە. کـە مۆریتوس کوژرا خوسرەو ئـەرمـەنییـە و کاپادووسیـە (Capadocie) و سووریا وفـەلـەستینا و میسری گرت. چـەند ساڵ دواتر بایزانتومییـە کان بـە سـەر کردایـەتی هـێرکلوس و بـە کۆمـەگی ئوسترۆمینییـە کان، فارسـە کانیان هـەتا ئـەوبـەری دەجلە گێراوە. خوسرەو کاتێک ئاشتی قبووڵ نـەکرد، لـەلایـەن لـەشکری خۆیـەوە هـەستانـەوەیەک بە دژی پێکهات. خوسرەو هـەڵات. زۆری پێ نـەچوو بـەهۆی کوری خۆی کوژرا. ١٤ ساڵ دواتر هـەرەج مـەرەج لـە نێـو دەوڵـەتی شایـەتی ئێراندا پـەیدا بوو و ئاڵوگۆری شایـەتی زۆر بوو.

لـە ساڵی ٦٣٢ ی زاینی یـەزدگوردی ٣ ، ئاخیرین شای ساسانی بـە شایـەتی گـەیشت. زۆری پێ نـەچوو عـەرەبەکان هێرشیان کردە سـەر وڵاتی دەوڵـەمـەندی ئێران و هـەتا خوراسانیان گرت. یـەزدگورد هەڵات بۆ مـەرو ( Mrev) لـە ڕۆژهـەڵاتی ئێران و لـە ساڵی ٦٥١ زاینی کوژرا.

لـە ساڵی ١٥٠٨ زاینی نزیکـەی هـەزار ساڵ دواتر فارسـەکان وەخەبـەر هاتن و دەسـەلاتداری عـەرەبیان لـەسـەر ئێران دوایی پێ هێنا. ئـەوەش ئـەو کاتـە بوو: کـە وڵاتانی ئورووپایی لـە لـەندەن و پاریس و مادریتڕا ، ویستیان عـەرەبـەکان لـە ئێران دەرکـەن و فـەرمان ڕەوایی خۆیان لـەو وڵاتـە بگرنـەوە دەست.

### لـە شکرکێشی ئیسلام بۆ میزوپۆتـامیا.

لـه سالّی ٦٣٣ سالّێك دوای مردنی حەزرەتی موحـەممـەد: پێغـەمبـەری ئیسلام، خەلیفە عومـەری كوری خـەتتاب، لـەشكرێكی زۆری بـە فـەرماندەیی سـەعدی بنی وەقاس بـە نێـوی جیهاد دژی كوففار، ناردە سـەر میزو پۆتامیا (بین النـهرین).

لەو جێیـەی كـە ئیستا پێی دەڵێن قادیسیـە كـە لە باكوری بـەسرەیە، چاوەروانی لـەشكری فارسـەكانیان دە كرد، كە ژەنەراڵ رۆستەم فەرماندەی بوو. سـەعدی بنی وەقاس لـەشكرەكەی خۆی رێكو پێك كرد و شەرِ دەستی پێكرد. لـە شـەرێكی چوار رۆژەدا بـە هاوكاری خـەڵكی هەرێمەكە، رۆستـەم شكستی خوارد و میزوپۆتامیا گیرا و بوو بـە وڵاتێكی عـەرەبی ئیسلامی و عـەرەبی تێخزا.

## گرتنیشارەزور و پاوە.

لـە كتێبی رەوشی كوردان وەرگێراوی كـەریمی حیسامی، نووسـەر عـەبدوالقادر كورِی رۆستـەمی بابانی، باسی گرتنی وڵاتی كوردان بـە هۆی موسڵمانان لـە لاپەرەی ٢٤ و ٢٥ بەو جۆرە دەگێرِێتە:

((باسی شـەرِی نێـوان كورد و عـەرِەب و سـەركەوتنی عـەرِەبەكان.

ساڵی ١٨ ی كۆچی ئیمام حـەسـەنی كوری عـەلی مورتـەزا و عـەوڵای كوری عومـەر و ئـەبی عوبـەیدەی ئـەنسار و سوارانی تری عـەرِەب، بـە فـەرمانی خـەلیفـە عومـەری كوری خـەتاب بۆ گرتنی ئێران وەرِێ كەوتن. عـەوڵای عومـەر و ئـەبی عوبـەیدەی ئـەنسار لـە گەڵ پێنج هـەزار سوار بۆ گرتنی شارەزور رۆیشتن. كوردەكان لە هاتنی وان ئاگادار بوون. بـە دەهەزار سوارەوە هاتنەسـەریان شـەرِ دەستی پێ كرد و لـە بەیانیەوە هەتا رۆژئاوایـە شـەر بڵێسـەی دەدا. لـەم ناوەدا ئـەبوو عوبـەیدەی ئـەنساری شەهید بوو.

شـەو دوو لـەشكر لێك جیا بوونەوە. لـەم شـەرەدا عـەوڵای عومـەر و گـەورە پیاوانی عـەرِەب ئازایـەتیان نواند. لـەشكری كوردان لە كزی دا. شـەو هێندێ لەوان بڵاوەیان كرد. بـەیانی لەشكری عـەرەب پاشماوەكانیان پەلامار دا و لـە هێرشی هـەوەڵیدا رایان كرد. پاڵەوانانی عەرِەب وەدوایان كـەوتن و سوارە و ئـەسپیان وەسەرێك دەگیرا. دێهات و نیشتگـەكانیان گرت. سێ شـەو و رۆژان دەستیان لە كوشتار نەگێراوە. هاواری ژن و منداڵان بۆ عاسمان

دەچوو. بە زۆری یان بە خۆشی سەریان بۆ ئیسلام شۆر کرد. پاشان بە فەرمانی عەولای کوری عومەر لەشکری عەرەب دەستی لە تالان و کوشتاری کوردەکان هەڵگرت. عەبدولای کوری عومەر پاش دوو مانگ بۆ گرتنی پاوە کەوتە رێ. لە نا خافڵ کوردەکانی پەلامار دا و شەڕ دەستی پێ کرد. خەڵکی پاوەش پیاوانە وەخۆ کەوتن. لە بەیانیەوە هەتا رۆژ ئاوا بەربەرەکانیان کرد. شەو کە شەڕ وەستا خەڵکی پاوە خەندەکیان لە دەوری شار هەڵکەند و لەسەر بانان مەتەرێزیان ساز کرد. گاشە بەردیان لەسەر رێگای عەرەبان دانا و رێگایان لی گرتن. بەیانی کە لەشکری عەرەب بۆ شەڕ ئامادەبوون، ئەو هەموو خەندەک و مەتەرێز و گاشە بەردەیان دیت، زۆر ترسان. پێیان وابوو لە غەیبەوە یارمەتیان بۆ هاتووە. ئەگینا بە شەوێک ساز کردنی ئەو هەموو مەتەرێز و خەندەکە دژوار بوو. عەولا و گەورە پیاوانی عەرەب زۆریان هەوڵ دا کە بە خۆشی راویان بکەن. بۆیان نەکرا. بێجگە لە توندی و بەردەباران، ولامی دیکەیان وەر نەگرتەوە. فەرماندەی عەرەب تووڕە بوو. ئەمری کرد لەشکر لە ئەسپان دابەزن بە پێیان مەتاڵ هەڵگرن و لە خەندەکان وەپەڕن. هەر چەندی بەرد و تیریان بەسەردا باراندن، نە گەڕانەوە. پاڵەوانانی عەرەب وەنێو شار کەوتن و دەستیان بە کوشتار کرد. خەڵکی پاوەش دەستیان لە گیان شوشت و پێنجسەد کەسیان لە عەرەبان کوشت. بۆ خۆشیان قەلاچۆ کران. لافاوی خوێن لە قەد پاڵی کێو وەک چۆم هەستا. هەموویان کوژران. ژن و منداڵیان بە نەسیب سوپای عەرەب بوو. بە کورتی پاش وێران کردنی خانوان و کوشتاری خەڵک ئاورگەی پاوەشیان وێران کرد. مەعازی کوری جەبەل لەگەڵ هێندێ لەو عەرەبانە کە لە پاوە مانەوە، ژنی کوژراوەکانیان داگیر کرد و منداڵی زۆریان لێ وەپاش خستن. )) ئەوەدەقی تەرجەمەکە بوو، بە بازدان لە چەند ڕستەیەک بۆ کورت کردنەوە.

## قالی بەهارستان.

لە ١٦ ی هیجری کە شاری تیسفون پایتەختی ساسانییەکان گیرا، هەریەک لە ٦٠ هەزار شەرکەری عەرەب ١٠ هەزار دیرهەم پوڵی تالانی وەگیرکەوت. غەنایمێکی دیکەی شەڕ، قالی بەهارستان بوو. قالی بەهارستان ڕاخەرێکی ئاوریشمی گرانبەها بوو، کە ٦٠ گەز دە٦٠ گەزدا بوو. قەراغەکانی بە زومرد و یاقوت وبلوری سپی چندرابوو. زۆرنەخشی جوانی بە ئاوریشمی تێدا کیشرابوونەوە. بە سەدان وشتر ئەو ڕایەخەیان بردە عەرەبوستان و لەوێ پارچە پارچەیان کرد و لێکیان دابەش کرد.

# هەڵبژاردنی خەلیفەو بەسەرهاتەکانی ئیسلام

دوای مردنی حەزرەتی موحەممەد: پێغەمبەری ئیسلام، خەلیفە ئەبووبەکر بوو بە جێگری پێغەمبەر. دوای مردنی خەلیفە ئەبووبەکر، خەلیفە عومەری کوڕی خەتتاب بوو بە خەلیفە. کە خەلیفە عومەر لە ٤ ی نۆڤێمبری ساڵی٦٤٤ ی زاینی کوژرا، بە پێی شورا و زۆرینەی را، خەلیفە عوسمانی کوری عەفان بە خەلیفە هەڵبژێردرا. کە خەلیفە عوسمان کوڕی عەففان لە ١٧ -٦-٦٥٦ ی زاینی، بە هۆی کەسێک یا چەند کەسێک کوژرا، خەلیفە عەلی کوڕی ئەبووتالب بە خەلیفە دانرا.

بە کوژرانی خەلیفە عوسمان، سیستمی خەلافەتی ئیسلام لەکزیدا و ناکوکی لە نێو حاکمیەتی ناوەندی و فەرمانڕەوایانی ئیسلامیدا روویدا. هۆیەکەشی ئەوەبوو: کوژەر (قاتیل) یا کوژەرەکانی خەلیفە عوسمان، پەنایان بۆ خەلیفە عەلی برد، کە دوای کوژرانی خەلیفە عوسمان ببوو بە خەلیفە. خەلیفە عەلیش پەنای دابوون. مەعاویە کە حاکمی سوورییە و خوێنگری خەلیفە عوسمان بوو، داوای لە خەلیفە عەلی کرد، قاتڵەکە یا بداتەوە بەوی یا خەلیفە عەلی بۆ خۆی سزای بدات. بەڵام خەلیفە عەلی هیچ لایەکی نەکرد. عایشە کە ژنی پێغەمبر بوو، پشتیوانی لە مەعاویە کرد. خەلیفە عەلی لەشکرێکی زۆری کۆ کردەوە و لە ئوکتۆبری ساڵی ٦٥٦ ی زاینی لە بەسرە، لەگەڵ لەشکری عایشە بەشەرهات. عایشە شکستی خوارد وگیرا و دەست بەسەر کرا. دوایە لە مەدینە بە ئاوارەیی ماوە.

خەلیفە عەلی جارێکی دیکەش لەشکرێکی زۆری کۆکردەوە و لە گەڵ مەعاویە کە ئەویش لەشکرێکی زۆری هەبوو، بەشەڕ هات. شەڕێکی سەخت و خوێناویان بە نێوی شەڕی سیفین یا سەفەین دەست پێکرد. دوای چەند رۆژ شەڕی سەخت و خوێناوی و بێ بەرهەم: کە خەلیفە عەلی نەی توانی لەشکری مەعاویە بشکێنێت، بڕیاریان دا بۆ ئاشتی پێکەوە گوفتوگۆ بکەن.

## گوفتو گۆی ئاشتی

هەر دوک لا واتە: خەلیفە عەلی و مەعاویە بڕیاربیان دا، لەسەر ئەو خاڵانە گوفتو گۆ بکەن: کومەیتەیەک، لە هەردوو بەش بۆ سەرپشک (حەکەم) دابنێن. هەر بڕیارێک کومەیتەکەبیدات، ئەوانیش قبووڵی بکەن و بە پێی بڕیارەکە ڕفتار بکەن. لە ماوەی ٦ مانگیشدا ئاشتی تەواو بەر قەرار بکەن. دانیشتن دەستی پێکرد و لە هەردووک لا خەڵکێکی زۆر کۆ بوونەوە. هەرلایەی چەند کەسی بە نوێنەری خۆی هەڵبژارد. بەرپرسی نوێنەری خەلیفە عەلی، ئەبوو مووسا ئەشعەری بوو. بەر پرسی مەعاویەش، عەمری کوڕی عاس بوو. لە پێشدا ئە بوو مووسا: نوێنەری خەلیفە عەلی بڕیاری لابردن و هەڵگرتنی خەلافەتی لەسەر خەلیفە عەلی دا. عەمری بنی عاسیش ڕەئیی دا کە خەلافەت بدرێ بە مەعاویە. بەو جۆرە لایەنگرانی عەلی بە ناڕەحەتی هەستان

و لایـەنگرانی مـەعاویـەش بـە کـەیف خۆشی هـەستان. بەڵام خـەلیفـە عـەلی ئـەو بڕیارەی قبووڵ نەکرد. کۆمـەڵێک لـە لـەشکری خودی خـەلیفـە عـەلی، لۆمـەی خـەلیفـەیان کرد و گوتیان ئـەتوو کـە خـەلافـەتت بـە مافی خۆت دەزانی، بۆ چی لێیی دوودڵ بووی و بـە حـەکـەمییـەت ملت دا و قبووڵت کرد. ئێستا بۆ پـەشیمانی و پێی رازی نی. ئـەو دەستـە، لـە خـەلیفـە جودا بوونـەوە و پێیان گوتن: خەواریج (جودا بوەوە و وەدەر کەوتو). ئـەو خـەواریجانـە لـەو لـەشکریانـە بوون: کـە لـە عوممان و سـەحرا را هاتبوون. خـەلیفـە لەگەڵ ئـەوانیش بـەشـەڕ هات و ژمارێکی زۆر لـە هـەردووک لا کوژران. لـەشکری خـەلیفـە لاواز بوو و خۆی لـە کوفـە کێشاوە. خـەلیفـە گـەڕاوە بۆ کۆ کردنـەوەی لـەشکرێکی دیکـە.

لـەژانویـەی سالی ٦٦١ ی زاینی، عـەبدوالرەحمانی کوڕی مـەلجـەم، لـە رێدا بـە ناخافڵ، خەلیفە عەلیکوشت. هـەر لـەو رۆژێشدا مـەعاویـە قـەستی کوشتنی لێکرا. بـەلام نـەکوژرا.

لـە ساڵی ٦٨٠ ی زاینی حـەسـەنی کوڕی خـەلیفـە عـەلی لەگەڵ مـەعاویـە ئاشتی کرد. بـەڵام بـە هۆی یـەکێک لـە نـەیارەکانی ژهەراندراو کرا و مرد. هـەر لـەو ساڵیشدا مـەعاویـە مرد. لـە پاشان لـە بـەینی کوڕی مـەعاویـە: یـەزید و حوسێنی کوری خەلیفە عەلی: کـە جێ نشینی حـەسـەنی برای بوو، دووبارە شـەر ساز بۆوە.

**کوژرانیحوسێنی کوری عـە لی.**

لـە ١٠ ی ئوکتۆبری ساڵی ٦٨٠ ی زاینی لە شەڕێکی یەک حەوتویی بە فەرماندەیی زیاد: لە لـەشکری یـەزیدی کوڕی مـەعاویـە، بـێجگە لـە چـەند کـەسێک، حەزرەتی حوسێن و هەموو لـەشکرەکەی کوژران.

لـە ٩ و ١٠ ی مانگی موحـەڕەم: بـە نێـوی تاسوعا و عاشورا، بۆ بیرەوەری کوژرانی حەزرەتی حوسێن و ئەسحابەکانی، هـەموو ساڵێک لـە نێـو شیعـەکان شین دەگێڕدرێت.

دوای کوژرانی حوسێن زۆر لـەوانـەی لایـەنگری ویش بوون، خـەلافـەتی ئـەمـەوییـەکانیان بـە ڕەسمی ناسی و دەسەڵاتی ئیسلام لـە جـەبـەل التارق را هـەتا هێند، درێژەی پـەیدا کرد.

**محه ممه دی مه هدی**

ئـەوانـەی باوەڕیان بـە ویلایـەت هـەیـە پێیان وایـە: موحـەممـەدی مـەهدی کە یەکێك لە ئیمامەکانی شیعەیە، نـەمردوە و دەگەڕێتـەوە بۆ دونیایـە و لـە تـەواوی جیهاندا عـەدالـەت و ئاشتی بـەرقـەرار دەکات. بـەجۆرێك گورگو مـەڕ پێکـەوە ئاو دەخۆنـەوە و کـەس غـەدر لـە کـەس ناکات و پێغـەمبـەریش: حەزرەتی موحـەممـەد، نوێژ لـە پشت سـەری دەکات.

لـە سالی ٧٦٥ ی زاینی کـە یەکێك لە دوازدە ئیمامی شیعەییان، بە نێوی: ئیمام جـەعفـەر مرد. دوو کوری وی ئیسماعیل و مووسا لـەبـەر ئـەوەی کامیان ببێتـە ئیمام و جێگری ئیمام جـەعفـەر، پێکـەوە بـەشـەڕ هاتن. ئیسماعیل لـە شـەڕ دا شکستی خوارد و پـەیرەوانی مووسا ئـەویان کردە جێ نشینی ئیمام جـەعفـەری بابی.

لـە ساڵی ٦٨٥ هـەستانـەوێك بـە نێـوی موختار پێك هات کـە ئـەمـەویـەکان سـەرکوتیان کرد. لـە ساڵی ٧٤٤ ـ ٧٥٠ راپـەڕینێك لـە قوم پێك هات. (قوم شارێکـە لـە ئێران کـە لـە لایـەن شیعـەکان بـەڕێزە و ناوندی فێربوونی فیقهی شیعـەیـە.)

## خـەلافـەتی عـەبباسی.

موحـەممـەدی کوری ئـەبولعـەبباس (ابوالعباس) لـەشکرێکی بە فـەرماندەیی کوردێك بە نێوی: ئـەبوو موسلیمی خوراسانی کۆ کردەوە و بـە دژی مـەروانی ٢ ، شـەری دەست پێ کرد. مـەروانی ٢ کوژرا و زنجیرەی خـەلافـەتی ئـەمـەویـەکان دوایی پێهات و زنجیرەی خـەلافـەتی عـەبباسی دەستی پێکرد. ئـەبولعـەبباس مـەزهـەبی ئازاد کرد. ئەبوو موسلیمیش هەر بەدەستی عبباسیەکان کوژرا.

لـە ساڵی ٧٦٢ دوهـەمین خـەلیفـەی عـەبباسی بـە نێـوی ئـەلمـەنسوور، هاتـە سـەر کار. ئـەلمـەنسوور حکومـەتی لـەسـەر بناخـەی قووە(هێز) دامـەزراند. لـە زەمانی مـەنسوور دا، زۆر شـەڕی خوێناوی کران. مـەنسوور نێوی شاری بەغدای گۆڕی. بـەغدا کـە نێـوێکی ئێرانی بوو، کردی بـە مـەدینـەتوسسلام (مـدینت السلام):شاری ئاشتی. دواتر خـەلیفـە هاروون ئـەڕەشید (هارون الرشید)، پـەیمانی ئاشتی لەگەڵ فارسـەکان و بیزانتیـوم و ڕۆم بـەست.

لـە زەمانی دەسەڵاتی هاڕووندا بـەغدا بوو بـە ناوەندێکی گرنگی ئابووری جیهانی و بوو بـە دەوڵـەمـەندترین شاری جیهان. لـە ساڵی ٨٠٩ کـە خـەلیفـە مرد ناکۆکی لـەبـەینی کوڕەکانی: بـە نێـوی ئەمین و مئموون دا پـەیدا بوو.

مئموون بـە کۆمـەگی هاوسێی ئێرانی بـەغدای گرت و خـەلافـەتی خۆی ڕاگـەیاند.

# بــه شی شه شه م.

## تورك و فارس و پــه یمانــه كانی دژی كورد.

لــه ساڵی ١٠٥٥ ی زاینی توغرولبی (Tughrulbey) كــه ڕێبــه‌رێكی توركان بوو، بــه‌غدای گرت. ئــه‌و توركانــه كــه بــه هــه‌ڵكــه‌وت پێیان گوتون تورك، به‌رباڕ و ئوقۆوز یا ئۆغوزیشیان (Oghouz) پێگوتون. (ئــه‌و توركانــه لــه ئاخیری سه‌دی ١٠ ی زاینی لــه وڵاتێكڕا هاتوون كــه هاوسێی تیبــه‌تــه لــه چین. سۆنكَ شای چینی ئــه‌وانیانی وه‌ده‌ر ناوه.

(وه‌كو مێژوو نووســه‌كان نووسیــویانــه: ئــه‌و توركانــه بــه تاڵان و دزی و ڕاو و ڕووت كردن لــه ڕێگای ئــه‌و جێیــه‌ڕا هاتوون، كــه ئێستا پێی ده‌ڵێن پاكستان و فارس. بــه كرێكاری و ئیجاره‌چیش خــه‌رێك بوونــه. ئــه‌و توركانــه بــه نێــوی: ســه‌لجووقی فــه‌رماده‌ره‌كه‌یان، خۆیان نێــو ناوه ســه‌لجووق. ) (له په‌رتووكی چارلس فاندر لیــو لاپــه‌ره‌ی ٨٨ )

دوای ئــه‌وه‌ی توغرول بی بــه‌غدای گرت، ســه‌لجووقــه‌كان بــه‌زۆری ڕوویان كرده ئــه‌وڵاتــه و موسلمان بوون و بوونــه سوننی مــه‌زهــه‌ب. توغرول بی دوای گرتنی بــه‌غدا، خــه‌لافــه‌تی ڕاگــه‌یاند و خۆی نێــو نا سولتان. توغرولبی بۆ ڕێكوپێك كردنی حكومــه‌ته‌كه‌ی، كــه‌ڵكی لــه زانستی وه‌زیری فارس: خواجــه نیزام الملك، وه‌رگرت.

## هێرشی مه غوول.

لـه سالی ١٢٥٨ ی زاینی مـەغوولـەکان (مۆنگۆل) بـە سـەرداری تومۆچین (کـە دوایـە بـە چـەنگیزخان نێـو براوە)، دوای گرتنی جنووبی ئاسیا و ولاتی فارس، بـەغداشیان گرت. ئـەو مـەغوولانـە هـەر جێیـەکیان دەگرت، تالآنیان دەکرد و خـەڵکـەکـەشیان بـە تێکرایی دەکوشت. زنجیرەی حکومـەتی مـەغوولـەکان بـە دەستی ئـەمیر شێخ حـەسنی ئیلکانی و بزرگی جـەلایری دوایی پێ هات.

## چۆنیـە تی کورد ەکان.

لەو زەمانانەشدا کوردەکان بە دژی داگیر کەران بـەربـەرەکانیان کردوە. لـە هـەردەوران و زەمانێکدا، داگیر کردنی کێـوە سـەخت و بلیندەکانی زاگرۆس بۆ هێرش کـەران، سـەختو گران بووە. ئـەو گـەلانـەی لـەوێ ژیاون سـەریان بۆ داگیر کـەری ولآتیان دانـەنواندوە و بۆ پاراستی ئاخیان و یا وەدست خستنی مافیان بـە درێژایی هـەزاران ساڵ، بـەربـەرکانی هێرش کـەرانیان کردوە و فـەرهـەنگی خۆیان پاراستوە. نـە عەرەبەکان توانیانیویانە بیانتوێننەوە و بیانکەنە عەرەب. نـە فارسـەکان توانیـویانە بیانگۆڕن و بیان کەنە فارس. نـەتورکـەکانیش توانیـویانـە بە هۆی زولم و زۆرداری و کۆچ و کۆچباری بە ئیجباری یا بـە کۆمـەگی بومبارانی بێ ئـەمان و هێرشی بـە کۆمـەڵی فرۆکـەکان، ڕێگای بەربرەکانی و هـەستی ولآت پـەرستیان لێببـەستن. ئـەو کوردانە، ئـەگـەر سـەربـەخۆش نـەماون، فـەرهـەنگ و بوونی خۆیان پاراستوە، هـەتا ئـەو کاتـەی ئێمـە ئێستا تێیدا دەژین، کـە بـە مـەبـەستی بـەدەست هێنانی سـەربـەستی و راماڵینی کۆنـەپـەرستی، نـەبـەردی بـە دەستوبردی کوردی گورد هەر درێژەی هـەیە و گڕی ئاگری خـەبات بۆ رزگاری ولآت هەر بڵێسـەی هـەیە.

## تورکی عوسمانی.

لـە دەوروبـەری سالـەکانی1300 ی زاینی لـە ئاناتۆلیا عوسمانی ١ ی تورک، تاجی شایـەتی لـەسـەرنا. عوسمان دەوڵـەتێکی چووکی لـە ئاسیای بچووک ڕوبـەڕوی قیبرس، پێک هێنا. ئـەو حکومـەتـە لـەو تورکانـە پێک هات کـە لـە قـەرنی ١١ و ١٢ لـەو هـەرێمە، وەک: کۆچـەر و کرێکار، بڵاو ببوونـەوە.

لە ساڵی ١٤٥٣ سوڵتان محەممەد کە خۆی بە عوسمانی نیو نابوو، بۆ ئەوەی لە بەر چاوی خەڵک قیافە و سیمای موسڵمانەتی بخاتە سەر خۆی، عەبای موسڵمانەتی دەبەر کرد و بە نێوی ئیسلام، قوستەنتەنییەی (ئەستەنبووڵ) گرت، کە ئاخیرین جێگای ژێر دەسەڵاتی ڕۆمییەکان بوو.

## هێرشی شا سمایلی سەفەوی و شەڕی چاڵدڕان.

لە ساڵی ١٥٠٨ ی زاینی شا ئیسماعیلی سەفەوی: شای فارس، هێیرشی کردە سەر میزو پۆتامی. لەساڵی ١٥١٤ ی زاینی تورکەکان هێرشیان کردەوە بۆ سەر ئەو وڵاتە، کە لە چاڵدران شەڕێکی خوێناوی ڕوی دا. چەند ڕۆژ دوای شەری چاڵدران تورکەکان بەغدایان گرت. لە ساڵی ١٥٢٩ ی زاینی فارسەکان دووبارە میزوپۆتامیان گرتەوە.

## دابەش کردنی کوردستان بۆ هەوەڵین جار.

لەساڵی١٥٥٥ ی زاینی کە تورکەکان لە باری ئابووری و سیاسی توشی تەنگانە بوون، لە بەینی فارسەکان و تورکەکان پەیمانێک بەسترا. لەو پەیمانەدا خەتێکی درێژی مەرزی لە نێو خاکی کوردستان، بە مەرزی بەینی ئەو دوو دەوڵەتە نیشان کرا. ئەوە هەوەڵین پەیمان بوو، کە بە پێی ئەو پەیمانە، کوردستان دابەشکرا. خەتی مەرزی بەو جۆرە بوو: لە شیمالرا، کێوە بڵیندەکانی ڕۆژئاوای گۆلی ورمێ ، شینک ، کێوی حاجی برایم و چۆمی کوچک. بەرەو جنووب چۆمی دیالە و ئەو نەویایەی جنووبی کێوی حەمرین (جبل الحمرین) کە لەوێرا دەڕوا بۆ کێوی کەبیر کوە: لە کێوەکانی لورستان و ئەو نەویایەی میزو پۆتامی. هەروا لە حوێزەرا بەرەو خەلیجی فارس. ئەو پەیمانە٢٠ ساڵ بە هێزی خۆی ما و درێژەی هەبوو. دوایە ئەو پەیمانە لاواز بوو. بەڵام هەر ما، هەتا ئەوکاتەی: شا عەبباسی کەبیر هێرشی کردە سەر میزو پۆتامی.

لە ساڵی ١٦٢٣ ی زاینی شا عەبباس لەو هێرشەدا، توانی بەغدا بگرێت. بەڵام لە باقی جێگایەکان تورکەکان بە توندی بەربەرەکانیان کرد. لە ساڵی ١٦٣٨ ی زاینی فارسەکان بە هۆی هێرشی سوڵتان مراد ی ٤، جارێکی دیکە بەینی ئەو دوو چۆمەی (بین النهرین): میزو پۆتامیان لە دەست دا.

## پە یمانی زوهاب.

لە ساڵی ١٦٣٩ ی زاینی لە زوهاب ئەو پەیمانەی کە لە ساڵی ١٥٥٥ ی زاینی بەسترا بوو و شکێندرا بوو، نوێیان کردەوە. لەو سەر و بەندیدا ئورووپاییەکان خۆیان نیشان دەدا.

لە ساڵی ١٥٠٨ ی زاینی ئەو ساڵەی شا ئیسماعیلی سەفەوی تاجی شایەتی لەسەرنا و میزو پۆتامی گرتەوە، پۆرتوغالییەکان بە سەرداری ئەدمیرال ئەبووکورکو (D'Abuquerqu) لە خەلیجی فارس، کەشتی ڕانیان دەکرد. چەندین ساڵ، تەواوی خەلیجی فارسیان لە دزەکانی دەریای دەپاراست. سوڵتان سولەیمانی گەورە: سوڵتانی تورک، لە بەسرە: بەندەری شەتوالعەرەب، (خەلیجی فارس)، زنجیرەیەکی موچەچی(Moucha,chaie) دوروست کرد. ئەوخەڵکانەی لەوێ بوون، لەحوەیزەرا هاتبوون.

لە دواییی قەرنی ١٦ پۆرتوغالییەکان ئەو هەرێمەیان بە جێ هیشت. لە ساڵی ١٥٨٠ ی زاینی، سپانیایی لەوێ مانەوە. دوای سپانیاییەکان، ئینگلیسی و هۆڵەندی و لە دواتر فرانسەیی، جێی پرتوغالییەکانیان گرتەوە. هۆلەندییە کان لە خارک دەمانەوە: ئەو جێیەی ئیستا ترمیناڵێکی گرنگی نەفتی ئیرانییە. ئەوان هەتا شۆرشی گەورەی فرانسە، لەوێ مانەوە. لەو دەورانە دا بوو، کە پەیمانێک لەبەینی ئینگلیسی و سەفەویەکان بەوجۆرە بەسترا: ئینگلیسیەکان کۆمەگی نیزامی بە سەفەویەکان بکەن، لە بەرابەر ئەوەی: کە بتوانن لە ڕێگای خەلیجەوە موعامەلە و کەشتی ڕانی لە خەلیجی فارس ئەنجام بدەن. لە نیوەی دووهەمی سەدەی ١٧ دا، مووچەچی لە بەسرە دوایی پێ هات.

لە دەوروبەری فەلاهییە (Falahiya)، بەنی کابی دەژیان. کە بە هەڵکەوت لە نیو عەرەبانڕا هاتبوون و ماوەی یەک قەرن بوو، خەریکی ماسی گرتن و موعامەلەی ماسی بوون. لە چین و وڵاتەکانی عەرەبیشرا کاروان بۆ موعامەلە دەهاتنە ئەو هەرێمە.

لە ژێر دەسەڵاتی شێخ سەلمان کوری سوڵتان، بەنی کابییەکان ئەو جێگایانەی لە خەلیجی فارس لە ژێر دەسەڵاتیان دابوو، بەو پوڵەی کە لە کرینوفرۆ ش پەیدایان دەکرد، خۆیان پێ بەرێ دەبرد و ماڵو جێشیان پێ باشتر دەکرد.

## شا کەریم خانی زەند.

لە ساڵی ١٧٥٦ ی زاینی کاتی ساز بوونی شەری ٧ ساڵەی ئوروپا: شەڕی ئینگلیس و فرانسە لە لایەک و شا کەریم خانی زەند لە لایەکیترەوە لەسەر بەندر عەبباس، کەریم خانی زەند، هێرشی کردەسەر بەنی کابە کان. ئەوانیش بەربەرەکانیان کردەوە. ئەو جار لە ساڵی ١٧٦٢ ی زاینی تورکەکان بە هاوکاری ئینگلیسەکان ویستیان ئەو دەهانەی شەتتوالعەرەب بگرن. کە هێزە ناردراوەکانیان بۆ سەر بەنی کابە کان، لە قۆپی و زەلکاوەکاندا حاسێ بوون و ئەو ئارەزوە بەخەونێک تەواو بوو. لە ساڵی ١٧٦٥ ی زاینی سێ دەوڵەتی فارس و تورک و ئینگلیس، بۆ بە دوایی هینانی ئوتونۆمی بەنی کابە کان پێکەوە پەیمانیان بەست،. ئەو هاو پەیمانانە بەجێی ئەوەی وێکرا لەیەک کاتدا هێرش بکەنە سەریان، یەک لە دوو یەک هێرشیان بردە سەریان. ئەوانیش

بـە لـەشکرێکی بـە هێز و ١٠٠ کـەشتی خۆیان کێشاوە بۆ مووڕاس و زەلکاوەکان. خۆیان ڕاگرت و دوژمنـەکانیشیان بـە چاوەروانی هێشتـەوە، هـەتا لـەشکرە هێرشکـەرەکان برسی بوون. ئـەو جار بـەنی کابـە کان هێرشیان بۆ کردنـەوە. بـەڵام ئینگلیسـەکان کـە هێندێک خواردنیان وەگیر کـەوتبوو، هێرشیان کردە سـەر بـەسرە.

لـە ٧ ی ئەپریلی ساڵی ١٧٧٥ ی زاینی بـەنی کابییـە کان بـە هاو پـەیمانی لـە گـەڵ فارسـە کان هێرشیان کردە سـەر شاری بـەسرە لـە لای شـەتوالعـەرەب. کە کۆمـەگی سوڵتانی عوممان بۆ تورک و ئینگلیسـەکان وەستا، ئینگلیسـەکان خۆیان کێشاوە بۆ کوێت. هەرچۆنێـک بووبێت شاری بـەسرە، دوای ١٤ مانگ بـەربـەرەکانی گیرا. لـەو ساڵەدا کە کـەریم خانی زەند مرد، فارسەکان لـەشکری خۆیان کێشاوە دوایـە و ڕەئیان دا بـە هاو پـەیمانانی تورک. لـەو بـەینـە دا ئـەمیر خـەلیفـەی عـەرەب زمان :ئـەنیزە( Aniezeh ) کـە ڕێبـەری دزەکانی دەریایی بوو و لـە وێ پـەیدا ببوو، ویستی بـەحرەین کـە لـە ژێر دەسەڵاتی ئێران دا بوو، بگرێت.

بـەحرەین لـە ساڵی ١٧٢٠ ی زاینی، شای ئێران لـە سوڵتانی عوممانی کڕیبوو. ئـەویش لـە پورتوغالییـە کانی گرتبوو. ئێستاش ئێرانییـەکان بەحرەین بـە وڵاتی خۆیان دەزانن.

لـە شۆڕشی گـەورەی فرانسـە لـە ساڵی ١٧٨٩، فرانسیەکان و هۆڵـەندییـەکان دەسەڵاتی خۆیان لـە خـەلیجی فارس، لـە دەست دا. ئینگلیسـە کان پـەیمانیان لەگەڵ گـەورەترین هێزی دزی دەریایی بـەست، بۆ ئـەوەی ئـەوانی دیکـەیان پێ بگرن. هـەروا ئینگلیسـەکان دوای ئاشتی تیلیست( Tilist ) لـە بـەینی ئالیکساندری ١ ی ڕووسییـە و ناپولیـون، ( Napoleon ) ، پەیمانێکیان لەگەڵ ئێران بەست، بـە بـەهانـەی پاراستنیان لـە هـەرەشەی ڕووسـەکان. ئینگلیسـەکان ١٥٠,٠٠٠ هـەزار پاوندیشان دا بـە شای ئێران. ئینگلیسـەکان لـەعـەمـەلدا بوونـە هێزێکی کۆلۆنیاڵی لـە هـەرێمـەکـەدا.

لـە ساڵی ١٨١٢ بـەنی کابییـە کان بـە ڕێبـەری مـەردو( Mardou ) کوری عـەلی کوری کاسیب، موحـەممـەرە( خوررەم شـار) یان دورست کرد. ئـەو شارە، بوو بـە ناوەندێکی گـەورەی فـەلاحییـە. لـە ساڵی ١٨٣٧ ی زاینی والی عـەلی رەزا بـە ئیجازەی کۆنسولی فرانسـە، بـە دژی بـەنی کاسیب شـەری دەست پێکرد و شاری موحـەممـەرەی خـەراکرد. دوایـە ئـەبوو کاسیب حاجی جـەببار کوڕی مـەردوو، شارەکەی دورست کردەوە. لـە ساڵی ١٨٤٢ ی زاینی ئێرانییـەکان دژ بـە هێرشی ئیندییـە کان، هێندیان گرت. لـەو کاتـە دا ئاخیرین جێگای گرنگی بـەنی کابییـەکانیشیان گرت و شاری موحـەممـەرە: خورەم شاری ئێستا، کـەوتـە ژێر دەسەڵاتی ئێرانییـەکان و دەسەڵاتی تورک و بـەنی کابی لـەوێ دوایی پێ هات. ساڵێک دواتر نـەجیب پاشا والی بـەغدا هێرشی کردەسـەر کـەربـەلا. کـە لـە ژێر دەسەڵاتی ئێرانییـەکان دابوو و شـەر بـەرە و شـەتوالعـەرەب لای موحـەممـەرە دەستی پێکرد. لـەو کاتـیدا ئینگلیسـە کان و ڕووسـە کان کـە زۆریان کاریگـەری لـەسـەر ناوچـە دا هـەبوو، تورک و فارسـەکانیان وادار بـەوەکردن: کـە لـە سـەر مێزی گوفتو گۆ دابنیشین. هـەردویان پـەیمان نامـەیـەکیان ئیمزا کرد کـە مـەرزەکان وەکو ئـەو پـەیمانـەی زوهاب بمێننـەوە.

## پـه یمانی ئـه رزه ڕۆم.

لـه ٣١ ی مـه ی ساڵی ١٨٤٧ ی زاینی فارسـه کان و تورکـه کان، دووه م پـه یمانیان لـه ئـه رزه رۆم بـه ست، که وه ک ئـه وپـه یمانـه ی ساڵی ١٨٢٣ ی زاینی، ئـه و ئوستانـه ی سلێمانیی کوردستان، ببێتـه ئی تورکـه کان و ئوستانی زوهابیش لـه بـه ینی ئێران و تورکییـه دا، بـه ش بکرێت. بـه جۆرێک، کـه هـه ردوو لایان ئیجازه ی کـه شتی ڕانیان لـه وێ هـه بێت. لـه و پـه یمانـه دا موحـه ممـه ره (خورره مشار) و خیزر (Khizer): ئاباد‌ان، هـه ڵئاوێردرابوون. ئـه وه ش بووه بناخـه ی نێـوان ناخۆشی فارس و تورک. چونکه تورکـه کان لای چـه پی خـه لیجی فارسیان بـه ئی خۆیان ده زانی.

لـه ساڵی ١٩٠٣ ی زاینی ئالمان هێندێک ئیجازه ی گرنگی وه ده ست خست. وه ک کردنـه وه ی ڕێگا لـه قونیـه ڕا بۆ بـه سره. لـه و کاتیدا نێـوانی فارس و تورکـه کان ناخۆش بوو. تورکـه کان چـه کی زۆریان لـه ئاڵمانییـه کان وه رگرتبوو و هێزێکی بـه هێزیشیان پێک هێنابوو.

لـه ساڵی ١٩١١ ی زاینی ئینگلیسـه کان و ڕووسـه کان گوشاریان خستـه سـه ر ئێران و تورکییـه، بۆ بـه ستنی پـه یمانێک کـه لـه تاران گیرا. لـه ساڵی ١٩١٣ ی زاینی چۆنیـه تی تورکـه کان لـه وبـه رو ئـه وبـه ری چۆمدا، کـه ئـه و ده م ئی تورکان بوو، بـه ره و تێکچوون ده ڕۆیشت. لـه و کاتـیدا عـه ره بووستانـه کـه ی کـه ئـه وده میش ئی بـه نی کابـه کان بوو، ئوتۆنۆم بوو.

لـه ساڵی ١٩٢١ ی زاینی شای نوێی ئێران :ڕه زاخان، هاتـه سـه ر کار. لـه ساڵی ١٩٢٦ ڕه زاخان لـه شکری بۆ موحـه ممـه ره(خورره م شار)، بـه رێکرد و ئـه وێی گرت. بـه و جۆره خوزستان کـه وتـه ژێر ده سه ڵاتی ئێران. لـه ساڵی ١٩٢٩ ی زاینی ئێران و عێراق یـه کتریان بـه ره سمی ناسی و مـه لیک فـه یسـه ڵ لـه ساڵی ١٩٣٢ چووه تاران: پێ تـه ختی ئێران.

## پـه یمانی ئێران و ئێراق.

لـه ٤ ی ژوئیه ی ساڵی ١٩٣٧ ئێران و ئێراق پێش نووسی پـه یمانێکیان ئاماده کرد، کـه لای چـه پی چۆمی گـه وره وه ک پێشی بمێنێتـه وه بێجگـه لـه بڵێندایـه کانی ئاباد‌ان و جـه زیره ی مانکوهی، کـه ئـه وانـه ده بوو ئی ئێران بن. ئـه و پـه یمانـه لـه ٢٤ ی ژوئیه ی ١٩٣٧ پـه سند کرا. هـه ر لـه و کاتـیدا بـه فشاری ئینگلیسـه کان، ئێران و ئێراق و تورکییـه و ئـه فغانستان بـه دژی ستالین، پـه یمانی سـه عدئاباد یان بـه ست. لـه ساڵی ١٩٥٨ ی زاینی کوری ڕه زا

خانی پەهلەوی : محەممەد رزا پەهلەوی شای ئێران، پرۆ پاگەندەی دەورانی هەخامەنشییە کانی زیندوو کردەوە و گوتی: کوێت و بەحرەین ئی ئێرانێنە. هەروا گوتی کوردستانیش ئی ئێرانییە. چونکە کورد و فارس هەردووکیان ئاریایین. نابێ ئاریاییش لە ژێر دەسەڵاتی بێگانەی عەرەبی عێراق دا بن. ئەوەی کە محەممەد رەزاشا دەیکوت، لەبەر ئەوەی نەبوو کە کوردی خۆش دەویست چونکە ئاریایین. لە ساڵی ١٩٧٥ ی زایینی درۆیەکانی شا هاتنە دی، کە چ نییەتێکی پیسی لەو درۆیانە هەبوو و چ خەیانەتێکی گەورەی بە گەلی کوردی ژێر دەسەڵاتی عێراق کرد؟ کە لە جێی خۆیدا باسی لێ دەکرێت. هەروا چی لە کوردەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی لە ئێران دەکرد و چۆن جەنازەی کوردان لە ئێران بە سێدارەی وییەوە ڕادەژان؟ و چەندە زۆر لە خەباتگێران بە فەرمانی وی دەکوژران. کە لە جێی خۆیدا باسی دەکەین.

لە ٢٨ ی نوامبری ١٩٥٩ ی زایینی ڕێژیمی ئێران لە تاران بە ڕەسمی پەیمانی ساڵی ١٩٣٧ ی زایینی هەڵوەشاندەوە و گوتی ئەو پەیمانە دوایی پێ هاتووە. لە نوامبری ئەوساڵیدا، ئێران و عێراق گەیشتنە لێوارەی شەڕێکی تەواو. بەڵام بە هۆی فشاری ئەمریکا شەڕ نەکرا.

لە ئەوایلی ساڵی ١٩٧١ ی زایینی هێزەکانی ئێرانی هاتنە خانەقین: کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عێراق. دوای چەند تێک هەڵچوون، هێزەکانی ئێرانی پاشە کشەیان کرد. لە نوامبری ئەوساڵیدا کە ئێران ئەو جەزیرانەی: ئەبوو مووسا ، تونبی کوبرا وتونبی سوغرا( تونبی کووچک )ی گرتن، ڕێژیمی ئێراق پەیوەندی دیپلۆماتی خۆی لە گەل ئێران بڕی. لەو کاتیدا ئێران کۆمەگی بە کوردەکانی ژێر دەسەڵاتی عێراق دەکرد کە بە دژی ڕێژیمی ئێراق شەڕیان دەکرد و شۆڕشی وان لە پلەی سەرکەوتن نزیک ببوو. شای ئێران دەی ویست بە هوی یارمەتی بە شۆڕشی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراق، ئیمتیازێک لە ئێراق وەرگرێت و دەسەڵاتی خۆی بەسەر بەشێک لە شەتولعەرەبدا دا سەپێنێت.

## پە یمانی ئە لجە زایر.

لە ساڵی ١٩٧٤ ی زایینی ئێراق شکایەتی لە سازمانی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد. لەو کاتیدا سەرۆک کۆماری ئەلجەزایر: بوومیدیەن میانجی گەری بەینی ئێران و ئێراقی دەکرد. لەوکاتیدا تورکەکانیش بۆ نەمانی هێزی کوردان و ئاشتی بەینی داگیرکەران کۆششی بێ ئەمانیان دەکرد.

لە ٦ ی مارسی ساڵی ١٩٧٥ ی زایینی دوو لایەنی ئێران و ئێراق ڕووبەڕوو لەسەر مێزی گوفتو گۆ دانیشتن. ئێران بە پێی ئەو پەیمانە، ئەو جێگایانەی لە زەمانی حکومەتی عوسمانی لە پەیمانی ئەستەنبوولی ساڵی ١٩١٣ ی زایینی، لە دەستی دابوون، وەری گرتنەوە. بەو فەرقەی: کەشتی ڕانی لە خەلیج ئازاد کرا. ئەو پەیمانە بەو شەرتە بەسترا: کە شای ئێران شۆڕشی ١٤ ساڵەی کوردەکانی ژێر دەسەڵاتی عێراق بە ڕیبەری بەڕێز مەلا مستەفا بارزانی، ڕابگرێت. بەو هۆیە شای ئێران یارمەتی لە شۆڕش بڕی و شۆڕشی ١٤ ساڵەی مەلا مستەفا دوایی پێ هات.

ئـەوپـەیمانـەی ئـەلجـەزایر هـەتا ئاڵو گۆری حکومـەتی ئێران لـە ساڵی ١٩٧٩ ی زاینی و هاتنـە سـەر حوکمی ڕێژیمی خومـەینی و دورست بوونی کۆماری ئیسلامی هـەر درێژەی هـەبوو.

## ئێـــراق.

عێراق وڵاتی تازە سـەر بـەخۆ، وەکو وڵاتـە عـەرەبەکانی ترە لـەباری پیشکـەوتویی وشکوفاییـەوە. بـەو فـەرقـەی: عێراق وڵاتی بەینی دەجلەو فورات هـەزاران ساڵ وەک تۆپی پێ، هـەر جارەی کـەوتۆتـە بـەر پێی یـەکێک و دەستـەو دەستی زۆری کردوە. بـەڵام نـە بـە نێـوی وڵاتی عێراق. بـەڵام بـە نێـوی عێراق دەکرێ بـەو جۆرە لـەسـەر مێژووی ئـەو وڵاتـە بڕۆین:

## پـە یمانی پیکۆت ٦ و سـە ربـە خۆیی عێراق.

لـە ساڵی ١٩١٦ ی زاینی کاتی شـەڕی یـەکـەمی جیهانی ئینگلیس و فرانسـە بـە نـەهێنی پـەیمانێکیان بـەست، بـە نێـوی پـەیمانی پیکوتی ٦ : Picot-Six . بـە پێی ئـەو پـەیمانـە، وڵاتی ئێڕاق، دەبوو سـەربـەخۆ بیت و لـە دەوڵـەتی عوسمانی، کـە لایـەنگری ئاڵمان و ئوتریش( Ostenrijk ) بوو، جیا ببیتـەوە و ببیتـە وڵاتیکی عـەڕەبی. لـەو پـەیمانـە دا لوبنان و سوورییـە، ببوونـە ئیفرانسـە و ئۆردۆن وئێراقیش ئی ئینگلیس.

لـە ساڵی ١٩١٧ ی زاینی لـەشکری ئینگلیس هاتـە بـەغدا. لـەو کاتـیدا عـەبدولعـەزیز ئیبن سعوود (کوری سعوود) دەی ویست وڵاتی گـەرمی عـەرەب، پانو بـەرینتر بکاتـەوە و ئۆردۆن وعێراقیشی بخاتـە سـەر.

لـە ٢٥ ی ئەپریلی ساڵی ١٩٢٠ ی زاینی ئێڕاق و ئوردۆن کـە ئێ ئینگلیس بوون، وەک دوو سێـو کـە بدرێنـە دوو برسی، بـەو جۆرە بەخشران و ئوردۆن درا بـە حوسێنی کوری عـەبدوللا و فـەیسـەلیش وەک شا لـەسـەر ئێڕاق داندرا. لـە ساڵی ١٩٣٦ ی زاینی دەوڵـەتی سەربازی بـە هۆی بـەکر سیدقی وەلا نرا. ئـەوەش بـە پـەسندی مـەلیک غازی ١ بوو کـە جێ گری مـەلیک فـەیسـەڵی بابی بوو.

لـە ژێر دەسەلاتی دەوڵـەتی نیزامیدا، نووری سـەعید کـە لـە پێشدا ئـەفسـەرێکی پایە بـەرزی عوسمانی بوو، هەتا پلەی سـەرۆک وەزیری ڕۆیشت. لـە ساڵی ١٩٣٩ ی زاینی فـەیسـەڵی ٢ : کوری غازی، بوو بـە جێگری بابی. لـە ساڵی ١٩٤٧ نووری سـەعید پـەیمانێکی تازەی ئیمزا کرد، کـە ئینگلیس وەکو کۆلۆنیالی خاوەن دەسەلاتی عێراق بـە ڕەسمیـەت ناسرا.

## پەیمانی چوار قۆڵی لە بەغدا.

لە ساڵی ١٩٥٢ ی زاینی دوای ئەوەی: جەماڵ عەبدونناسر (عبدالناصر) لە میسر دەسەڵاتی کەوتە دەست، لە ژێر چاوەدێری ئینگلیس و ئەمریکا، لە بەغدا پەیمانێک لە بەینی ئێراق و ئێران و تورکییە و پاکستان بە دژی کموونیست بەسترا. لەو زەمانیدا ئەگەرچی چاڵاوە نەفتییەکانی ئێراق بەرهەمێکی زۆریان بۆ ئێراق وەدی دەهێنا و دەولەتیش بەو هۆیە دەوڵەمەند ببوو، بەڵام نا بەرابەری چینایەتی، گەیشتبووە ئاخیرین پلەی ناباش و خەڵکەکەی هەر فەقیر تر دەبوون و نا ڕەزایەتیش هەر زۆرتر دەبوو.

لە ساڵی ١٩٥٤ ی زاینی بە هۆی سێلاوی دەجلەو فورات هەزاران کەس لە ئێراق مردن و ئاوارە بوون و زەوی و کشتو کاڵێکی زۆری خەڵک لە بەین چوون.

## ڕاپەڕینی عەبدولکەریم قاسم.

لە ساڵی ١٩٥٦ ی زاینی دەستەیەک لە تازە پێگەیشتوانی ئەرتەشی ئێراق لە گاردی شایەتی، لە نێو وان یەکێک بە نێوی عەبدولکەریم قاسم، هێز و دەسەڵاتی خۆی پەرە پێدا. عەبدولکەریم قاسم لە ماوەی ٢ ساڵ دا، خۆی بە هێز کرد و لە ١٤ ی ژوئییەی ساڵی ١٩٥٨ ی زاینی بە کودەتایەکی نیزامی، زۆر جێگای گرنگی لە شاری بەغدا گرت و خۆی گەیاندە قەسری مەلیک و هەرچی لەسەر ڕێی بوو، کوشتی. مەلیک فەیسەڵ و عەبدولئیلاهیش کوژران. عەبدولکەریم قاسم، لە شەوەکەی کودتادا، سەرۆک کۆماریی خۆی ڕاگەیاند. ڕۆژی دواتر نووری سەعید کە پۆشاکی ژنانی دەبەر کردبوو، گیرا و بە هۆی خەڵکی نا ڕازییەوە، کوت کوت کرا. عەبدولکەریم قاسم پەیمانی بەغدای دژی کموونیستی، هەڵوەشاند و پەیوەندی دیپلۆماتی لە گەڵ وڵاتانی کموونیست بەست.

کاتێک لە لایەن عەبدولکەریم قاسمەوە ڕادیو بەغدا گیرا و سەر کەوتنی عەبدولکەریم ڕاگەیاندرا. بۆ هەوەڵین جار لە ڕادیو بەغدا سرودێک خوێندرا، کە گەلی کوردی تەکان دا. دەنگێک کە ئەو گەلەی بەرەو هیوای ئازادی هان دا. دەنگێک کە گشتی مەستی هەستی خۆشی و شادی کرد. ئەویش سرودی کوردو عەرەب برایە بوو، کە گەلی کوردی بە هیوای ئایندەی ئازادی و یا لانی کەم برادەری و بەرابەری، خۆش بین کرد. بە داخەوە زۆری نەکێشا دوژمنانی هەردوک لا، بە دژی عەبدوالکەریم کەوتنە تەقەلا. لێکیان بەد بین کردن و دڵیان لە یەکتر پڕ لە قین کردن.

کاتێک عەبدولکەریم عێراقی کەوتە ژێر دەسەلاتی و ڕیشەی ئیستیعماری لە وێ هەلکەند و پەیوەندی لە گەڵ ولاتانی کموونیست گرت و پەیمانی بەغداشی هەلوەشاند، بە وتەی خەبەر نووسانی هۆلەندی، سی‌ئای‌ئێی وسازمانە کانی نەهێنی ولاتانی سەرمایەداری، کەوتنە هەوڵدان بۆ ڕووخاندنی ڕێژیم و ویستیان ئاگری شەڕی کورد و عەرەب هەلگیرسێنن و پرسی کوردی بێننە کایە و کوردان بکەنە لەمپەر لە ڕێی سەقامگیر بوونی دەسەلاتی عەبدولکەریم قاسم. بەلام تەنها بۆ لاواز کردنی ڕێژیمی عەبدولکەریم قاسم و بەس. بەو هۆیە سی ئای ئیی (CIA) ی، لە بەغدا بە نەهێنی پەیوەندی لە گەڵ زۆر کەسایەتی کورد و عەرەب و ئەرتەشی گرت و لە زۆر لاوە دژ ڕێژیمی ساز کرد و شەڕی کوردی بە دژی ڕێژیمی عەبدوالکەریم قاسم ساز کرد.

لە ساڵی ١٩٥٩ سەدام حوسێن کە خوێنکارێکی بەعسی بوو و دژی عەبدولکەریم خەباتی دەکرد، هەلات بوو میسر.

لە ساڵی ١٩٦٣ ی زاینی کودتایەکی سەر کەوتوانە لە لایەن حیزبی بەعسەوە ساز کرا. لە ١٨-١١-١٩٦٣ کودەتایەکی تر بە هۆی ژەنەڕاڵ عبدوسسلام (عبدالسلام) عارف بە دژی بەعس کرا و دەسەلاتی کەوتەدەست و بۆ بە سەرۆک کۆمار.

لە ساڵی ١٩٦٦ ی زاینی عبدالسلام عارف بە هۆی کەوتنە خواری فرۆکە مرد. دوای مردنی عبدالسلام عارف برایە کەی عەبدوڕەحمان عارف(عبدالرحمن) جێگای عبدالسلام عارفی گرتەوە.

لە زەمانی هەردووک براشدا شۆڕشی کورد بە ڕێبەری بەڕێز مەلا مستەفا بارزانی هەر درێژەی هەبوو و ئاور بەست ئاکامی نەبوو. بەلام هەر لەو کاتیشدا شۆڕشی مەلا مستەفا لەنێو خۆی، توشی شەری کورد لەگەڵ کورد بوو. ڕەقیبی مەلا مستەفا: جەلال تالەبانی لە گەڵ مەلا مستەفا نێوان ناخۆشیان لەبەینەدا پەیدا بوو و پێکەوە بەشەڕ هاتن. مەلا مستەفا کە لە لایەن ئێران و ئەمریکاوە، کۆمەگی ماڵی و نیزامی پێ دەکرا، بە هێز تر بوو. جەلال تالەبانی دەرەقەتی نەهات و شکستی خوارد. جەلال تالەبانی لە ساڵی ١٩٦٦ خۆی تەحویلی عێراق دا و خۆی خستە باوەشی دوژمن.

لە ژوئیەی ساڵی ١٩٦٨ ی زاینی حیزبی بەعس جارێکی دیکەش هەستاوە. ئەوجار بە دژی عبدالرحمان عارف. ئەو هەستانەوەی حیزبی بەعس بە ڕێبەری ئەحمەد حەسەنولبەکر، سەرکەوتو بوو و بەعس دەسەلاتی کەوتە دەست. ئەحمەد حەسەنولبەکر، هێندێک گۆڕان کاری ئابووری پێک هێنا: نەفتی میللی کرد و هێندێک زەوی لە بەینی جوتێران، دابەش کرد. بازاری پوڵی لە ئێراق خستە ژێر کۆنترۆڵ.

حیزبی بەعس لە لایەن میشەل ئەفلەق، کە لە ساڵیٚ ١٩١٠ یٚ زاینی هاتبووە دونیا، دورست کرا و پێک هات. ئەویش ئەوبیرەی لە نەجیب ئازوری وەرگرتبوو، کە لە ساڵی ١٩٠٥ ی زاینی یەکیەتی عەرەبی بە نێوی لیگا، پێک هێنا. لە سالی ١٩٤٢ ی زاینی، ئەوحیزبە زۆر باشی هەلدا. لەبەر ئەوەی ولاتەکانی عەرەب دەیان ویست

یەکیەتییەکیان هەبێ، کە بە هۆی ئەو یەکیەتییە، گرانایی و کاریگەری دەسەڵاتی بێگانە لەسەر خۆیان لابەرن. لەو سەرو بەندیدا زۆر لە وڵاتانی عەرەب بۆ ئەوەی یەکیەتی خۆیان پێک بێنن وببووژێنەوە، چاوەڕوانی وڵاتانی ئورووپایان دەکرد. بەڵام بە پێچانەوە زۆر لە وڵاتەکانی عەرەب، کوتو لەت بوون و تئۆری میشەل ئەفلەق زۆری کار نەکرد.

بۆئاگاداری و زانینی زیاتری چۆنیەتی گەلی کورد بە تایبەت لە بەشێک لە سدەی ۱۹ ڕا هەتا ئەو دەیەی دواییی سەدەی ۲۰، بە پیویست دەزانم هێندێک بگەرێمەوە بۆ دواتر و کورتە باسێک لە سەر شۆرشەکانی ڕابوردوی گەلی کورد بخەمە بەرچاو و بەسەرهاتی نەهاتی و دەورانی بێ برانی تاڵی و بەرخۆدان و سەرهەڵدانی قارەمانانی ئەو گەلە، وەبیر بێنمەوە.

# بـــــەشـــی حـــەوتـــەم

## ڕاپەڕینەکانی گەلی کورد.

### ئەمیر بەدرخان شای کوردان.

ئەمیر بەدرخان لە ساڵی ۱۸۲۱ ی زاینی هێزی زیادبوو و بە دەسەڵات گەیشت. بابی ئەمیر بەدرخان لە خانەوادێکی قەدیمی کوردی بۆتان بوو. بەدرخان ئینسانێکی سەخی و دڵپاک بوو. لە ژێر دەسەڵاتی وییدا وڵات ئارام و ژیانی خەلکیش باش بوو. ئەمیر بەدرخان دەسەڵاتی بەسەر زۆربەی کوردستاندا بەرین کردەوە. بەدرخان لەساڵی ۱۸۳٦ ی زاینی هێرشی دەوڵەتی عوسمانی بە دژی گەلی کورد تێکشکاند. لە ساڵی ۱۸٤٤ هەتا ساڵی ۱۸٤٦ ی زاینی سکە بە نێوی وی لێدەدرا و خوتبەش بە نێوی وی دەخوێندراوە. لە دواتر سوڵتانی عوسمانی، لەشکرێکی زۆری ناردە سەری لە قەڵای ئیروح. لە ئووتی ساڵی ۱۸٤۷ خۆی تەسلیمی عوسمان پاشا کرد. لە ساڵی ۱۸٦۸ یا ۱۸۷۰ لە دیمشق لە ئاوارەییدا مرد.

## شۆرشی شێخ عوبەیدیلای شەمزینان.

دەڵێن بنەچەکەی شێخ عبیدالله دەچێتەوە سەر شێخ عبدالقادری گەیلانی لە تەریقەی قادری. شێخ عوبیدالله، پیاوێکی موسڵمان و کورد دۆست بوو. شێخ دەیکوت دەرمانی هەموو بێ بەختیەکی گەلی کورد، بوونی کوردستانیکی سەر بەخۆیە.

لە ساڵەکانی ١٨٧٩ -١٨٨٠، دوو شورش بە ریبەری شێخ عوبیدیللا لە بادینان و لە ئێران ئەنجام دران. لە ئێران میاندواویشی گرت. دوای شکستی شێخ عوبیدیللا، کورەکەی: شێخ عەبدولقادر و نەوەکەی: سەید تەها، نەخشی گرنگیان لە کوردستان دەگێرا.

## پە یمانی سێڤر (Severes)

لە ١١ ی ئووتی ساڵی ١٩٢٠ ی زاینی لە بەینی زل هێزەکان پەیمانێک مۆر کرا، کە لەو پەیمانەدا پرسی کوردیشی تێدا گونجا بوو. بۆ نموونە لە خاڵی ٢٦ ی ئەو پەیمانەدا پێشبینی کرا بوو، کە کمیسیونێک لە نوێنەرانی ئیتالیا و فرانسە و بریتانیا لە ئەستەنبووڵ پێک بێت و لە ماوەی شەش مانگ، رێ بۆ خودموختاری خۆجێیی لەو جێیانەی زۆربەیی خەڵکەکەیان کوردن، خۆش بکرێت.

لە خاڵی ٦٤ ی ئەو پەیمانەدا سەربەخۆیی بۆ کوردەکانی ناوچەی خودموختار، پێشبینی کرابوو.

مستەفا کەماڵی تورک کە لە ساڵی ١٩٢٠ لە باری نیزامییەوە کز ببوو، لەگەڵ کوردەکان پەیمانی بەست. هەتا ئەوەی بەڵێنیشی دا: ئەگەر ئەرتەشی یونان بشکێنیت و یونانییەکان دەربکات، ئەو مافەی کە لە پەیمانی سێڤردا بۆ کوردان بە رەسمیەت ناسراوە، ئەویش بۆ کوردانی بە رەسمیەت بناسیت و بەڵێنەکانی ئەو پەیمانە لە بارەی کوردان، ئەنجام بدات. بەڵام لە ساڵی ١٩٢١ کە مەترسی تەواو ببوو، ئەو بەڵێنەی بەجێ نەهێنا و لە گەڵ کوردەکان درۆی کرد.

لە بەهاری ساڵی ١٩٢١ بەولایەوە چەند شۆرشێک لە باکوری کوردستان روویان دا. شۆرشیانی کورد لە ناوچەی ماردین بە سەرکردایەتی پەریزاد بەکر، کە لە پێشدا فەرماندەی لەشکری ٤ ی زەمانی عەبدولحەمید بوو، سەرکەوتنی وەدەست هێنا. لە ژوئێنی ١٩٢١ کەمالیستەکان نوێنەریان بۆ گوفتوگۆ بۆ لای پەریزاد بەکر نارد. کوردەکان داوای ئەوەیان کرد: ئوستانەکانی کورد نشین خودموختار بن و خۆیان خاوەن دەسەڵاتی خۆیان بن و هێزەکانی تورک لە کوردستان وەدەر کەون و سەربازی کوردیش لە نێو لەشکری تورکان ئازاد بکرێن. راسپاردەکانی مستەفا کەماڵ گوتیان بۆ ئەو کارە ئیمەدەسەڵاتەمان نییە و دەبێ بچینەوە بۆ ئەنکارا و لە وێ پرسیار بکەین. مستەفا کەماڵ دوای مۆر کردنی پەیمانی ساڵی ١٩٢١ لە گەڵ فرانسە، گارانتی کرا و بوو بە

خاوەن پشتیوان. ڕێژیمی تورک هێرشی کردە سەر شۆرش. شۆرش کە لە نوامبری ساڵی ١٩٢١ ی زاینی هەتا فیبروەری ساڵی ١٩٢٢ ی زاینی درێژەی هەبوو، بە هۆی جەودەت پاشا تێک شکێندرا و دوایی پێهات.

## شۆرشی سمکۆ ( سمایل ئاغا )

سمایل ئاغا کە بە سمکۆ نێوبانگی دەرکردبوو، کوری محەممەد ئاغا ی سەرۆکی قەبیلەی شکاک بوو. دوای مردنی محەممەد ئاغا: برا گەورەی سمکۆ، جەعفەر ئاغا سەرۆکی قەبیلەکە بوو.

هێز و دەسەڵاتی جەعفەر ئاغا، نیزام السەلتەنەی لە ئێران خستبووە ژێر ترسەوە. بەو هۆیە کەمینیان بۆ جەعفەر ئاغا داناوە و بە نا ئاگا کوشتیان. دوای کوژرانی جەعفەر ئاغا، سمکۆ بە دژی ئێرانییەکان کۆششی دەکرد. دەوڵەتی ئێران ویستی ئەویش بکوژێت. بەو هۆیە بەستێکی کەرستەی تەقینەوە بۆ سمکۆ نارد. بە هۆی ئەو بەستە تەقینەوەیە ئەگەرچی سمکۆ خۆی نە کوژرا، بەڵام برایەکی کوژرا. لە هاوینی ساڵی ١٩١٩ ی زاینی سمکۆ شاری وورمێی گرت.

## گیرانی شاری مهاباد ١٩٢١.

سەید تەها زاوای برای سمکۆ و ڕاوێژکاری سمکۆ، لە ٦ ی ئوکتۆبری ساڵی ١٩٢١ ی زاینی، بە چەند سەد کەسێکەوە هێرشی کردەسەر مهاباد و شەر لەوێ دەستی پێکرد. ڕۆژێک دوای ئەو شەرە، سمکۆ بە ٢ هەزار سوارەوە چووە یاریدەی سەید تەها. هێزەکانی دەوڵەتی شکستیان خوارد و کوشتارێکی بە دەستە جەمعییان لێکرا. لەو شەرەدا ٤٠٠ سەربازی ئێرانی بەخسیر کران. شایەد ئەو بەخسیرانەش بەشێک بن لەو سەربازانەی بە کۆمەڵ کوژران.

دوای گرتنی شاری مەهاباد هێزەکانی دەوڵەتی لە ئازربایجان کە لە ژێر فەرماندەیی سەرهەنگ لوند بێرگیسوئێدی ( Lund berg ) دا بوون، شکستێکی گەورەیان خوارد. سمکۆ هێزەکانی دەولەتی ناچار کرد، لە شاری خۆیە پاشەکشە بکەن. سمکۆ ئەو شارەی ئازاد کرد. سمکۆ لەو کاتیدا، بەشێکی زۆری کوردستانی لە ژێر دەسەڵاتی دابوو و گەیشتبووە پلەی سەربەخۆیی.

سمکۆ هێرشی کردە سەر هێزێکی دەولەتی پێک هاتوو لە ئازەرییەکان، کە ئەمیر ئەرشەد سەر کردەیان بوو. لەو شەرەدا هێزی دەوڵەتی شکستی خوارد و ئەمیر ئەرشەد: فەرماندەی هێز و ٢٠٠ کەس لە تفەنگچییەکانیشی، کوژران.

بـه دژی ئـهوهی دوژمنان، سمکۆیان بـه چهته وتالانچی و پیاو گۆژ نیـو دهبرد، سمکۆ ئینسانێکی شایسته و لێ هاتوو و ئازا و بـه بلیمـهت بوو.

سمکۆ لـه ژانویـهی ساڵی ١٩٢١ ی زاینی ئامادهگی خۆی بۆ دیدار لهگهڵ کاربهدهستانی ئینگلیسی ڕاگهیاند. شایـهد هۆی کۆششی سمکو بۆ پهیوهندی گرتن لهگهڵ ئینگلیسـهکان ئـهوه بووبێت: کـه هاتنـه سـهر کاری ڕژیمێکی تازه له تاران، ئـهوی نیگـهران کردبێت. ئـهوهش ئهو کاته بوو: کـه ڕهزاخان شایـهتی قاجاری لهبهین برد و خۆی دهسهڵاتی خستـه دهست. دیاره سمکۆ ئـهوهی دهزانی: هـهر چـهند ئازا و قارهمان و به جـهرگیش بیت، بێ پشتیـوان و بێ چـهک و بێ بوونی پێـویستییـهکانی شـهڕ، لـه بهرابهر هێرشـهکانی هێزهکانی ئێران تووشی سـهختی دهبیت.

سمکۆ بـه هۆی مستـهفا پاشا بۆ ئاخیرین جار چووه لای ئینگلیسـه کان و پێی گوتن ئـهمن و سـهید تهها بـهڵێنی شـهرهفتان پێدهدهین، ئـهگهر دهوڵهتی بریتانیا ئـهسلـهحه و موهیماتمان بداتێ و ئاگاداریمان لێ بکات و مـهرجـهکانی ئێمهپـهسند بکات، وان ، ئـهرزهڕۆم ، سێـواس ، حـهکاری و بتلیس له ناسیـونالیسته تورکهکان پاک دهکهینـهوه. له ڕهواندزیش دهرسێک دهدهینـه تورکهکان، ههرگیز لهبیریان نـهچیتـهوه. هـهروا ئێمـه دهتوانین ئانکاراش بگرین. ئهگهر بریتانیا هیچ نهڵیت له کاتێکی کهمدا ئێرانییـهکان له سنـه ش دهر دهکهین.

گۆیا سمکۆ ویستویـهتی یارمـهتی له شۆڕهویه کانیش وهربگریت. بـهو هۆیـه سمکۆ له بـههاری ساڵی١٩٢٢ نوینـهرێکی بۆ باکۆ نارد. بـهڵام یـهکیـهتی شۆڕهوی لهگهڵ ئێران پهیـوهندی دۆستانهی گرتبوو و ئێران بـه هۆی بـهستنی **پـهیمانی** ٢٦ ی فیبروهری ی ساڵی ١٩٢٢ پهیـوهندییـهکانی لهگهڵ شۆرهوی، ئاسایی کردبۆوه. یـهکیـهتی شۆرهوی کۆمـهگی ڕێبـهرانی حکومـهتی **ئینقیلابی گیلان** ١٩٢٠ ـ١٩٢١ ی زاینیشی بڕی بوو.

لـه دیسامبری ساڵی ١٩٢١ ی زاینی ڕهزاخان ئـهرتـهشـهکهی سازماندا و رێکو پێکی کرد. قـهزاقـه کان و هێـزهکانی ژاندارم و هـێزهکانی هـهرێمی(محلی) کـه هـهتا ئهو کاتی لێک جیا بوون، تێکـهڵی کردن.

## شـه ڕی میاندواو ئاوریڵی ١٩٢٢ .

ژهنهڕاڵ شیبانی له ئاوریڵیساڵی ١٩٢٢ ی زاینی ٥٠٠ کـهسی له شۆرشیانی پێشوی گیلان به فـهرماندهیی یهکێک له ڕێبـهرهکانی وان به نێـوی **خاڵۆ قوربان** دهنێرێ بۆ میاندواو، بـه قهستی ئهوهی هێرش بکاته سـهر میاندواو. بـهڵام هێزهکانی سمکۆ هێرشیان بۆ دهکهن و تێکیان دهشکێنن و خاڵۆ قوربانیش دهکوژن.

لـه ژۆئیـهی ساڵی ١٩٢٢ تیپێکی هـهڵبژارده له تاران به فـهرماندهیی ژهنهڕاڵ جیهانبانی و تیپی تـهورێز تێکـهڵ له ئـهفرادی لـهشکری ئازربایجان و گوردانێکی پێک هاتوو له داوخوازانی ئـهرمـهنی به فـهرماندهیی سـهرهـهنگ بـهگ

زورابۆف (Begzurabof) :ئـەفسـەری پێشووی تـەزاری، ئامادەی شـەڕ، کران. بـە تێگرایی ٨٠٠٠ کـەس لە هێزەکانی دەوڵەتی ئێران، لـە ٢٣ ی ژوئیـەی ١٩٢٢ بـە دژی سمایل ئاغای سمکۆ بۆ لای سـەڵماس بـەڕێ کران.

## شـەری شـەکریازی ٢٥ ی ژۆئیـەی ١٩٢٢ .

هێزی پیادەنیزامی کورد چوار جار هێرشیان کردەسەر هێزەکانی ئێرانی، کە ئامادەی جەنگ بوون و خۆیان گەیاندە سـەفی پیادەنیزامی دەوڵەتی. دژ بـە ڕەوشتی جاران، بە خـەنجـەر و شمشیر دەستـەو یەخەیان بوون. زیانێکی زۆریان بە هێزەکانی دەوڵەتی دا، بـەڵام لە دواییدا کوردەکان پاشـەکشـەیان کرد.

سمکۆ ئـەوجار هێزی سوارەی بۆ مـەیدانی شـەڕ بـەڕێ کرد. بـەڵام پیادەنیزامی ئێرانی ئەوانیشیان پاشـە کشـە پێکرد. گوللـەی تۆپەکانی کوردەکان پێکا بوون، بەڵام زۆریان نە دەتەقینـەوە. سـەرئەنجام کوردەکان شکستیان خوارد. سمکۆ کە لە دەستپێکردنی شەڕەکە ١٠٠٠٠ کـەسی لە ژێر فـەرمان دا بوو، لە پایانی ڕۆژی شـەڕەکـە، لە ١٠٠٠ کـەسی زیاتری بە دەورییەوە نەما. ئـەو هـەزار کەسەش لە کەسانی هۆزی خۆیان بوون. هێزەکانی دەوڵەتی بە پێشڕەوی بۆ لای ورمێ درێژەیان دا. لـە مانگی ئوتی(ئاگوست) ساڵی ١٩٢٢ گـەیشتنە شار. شاری ورمێ کە چوارساڵ بوو ئازاد کرابوو و لە ژێر دەسەڵاتی کوردەکان دا بوو، ئێران گرتییـەوە. هێزەکانی ئێرانی ڕوویان کردە چهریق: ژیانگـەی سمکۆ. هـەروا ئێرانییـەکان هێزێکیشیان بۆلای مـەرز بەڕێ کرد، هـەتا لـە تورکەکان بخوازن: ئـەفرادی سمکۆ کە بە مـەرزدا بڕۆن، چـەکیان لێ بستێنن. سمکۆ هێرشی کردە سەر ئەو هێزەی بەڕێکرابوون بۆ مەرز و تێکی شکاندن.

سمکۆ کـە لە ١٠٠٠ کـەسی زیاتری لەگەڵ نەمابوو و هێزەکانی ئێرانیش هەر هێزی تازەیان بۆ دەهات، بـە ناچار پـەنای بۆ کێـوی ساری تاش برد. دوای چـەند شـەڕی سـەخت و توند و نا بەرابەر، چووە تورکییـە. تورکەکان سمکۆیان پـەنا دا و هـەموو ئـەفرادەکەشیان چەک کردن.

سمکۆ لە ئوکتۆبری ساڵی ١٩٢٢ چووە ئێراق. بـەڵام ئـەو کاتی هەموو شتێکی لەدەست دابوو: ژنـەکەی کوژرابوو. کوڕێکی شـەش سالـەی کە لەگەڵ دایکی بوو، یـەخسیر کرابوو. تۆپەکانی، موسـەلسـەلەکانی، ئـەسلـەحـە و موهیماتی هیچی نـەمابوو. بـە قسـەی ئینگلیسـەکان: ئـەوەندەی لە تورکەکان تورە بوو، ئـەوەندە لە ئێرانییـەکان تورە نەبوو. سمکو بـە ئاشکرایی دەڵێ بە ئومێدی ئەوەی هاتووم: ئینگلیسەکان وادار بە کۆمەگی کوردان بە دژی دوو دەوڵەتی دوژمن بکـەم.

## چوونی سمکۆ بۆ شاری سلێمانی.

سمكۆ لە ٨ ی ژانویـەی ساڵی ١٩٢٣ دەچێتـە شاری سلـێمانی و وەک سـەرۆکی دەوڵەتێک، پێشوازی لێدەکرێت و بە شیلیكی ٧ گوللـە تۆپ ڕێزی لێدەگیرێت و بۆ ڕێز لێ گرتنیشی ڕێژەی نیزامی پێک دێت. دوكان و بازاریش دادەخرێن.

سمكۆ كۆمـەگێک کە وەدوویی کەوتبوو، لە شێخ مەحموودیشی نە دیت. پـەیـوەندی بـەغدا و سلێمانی لاواز ببو. شێخ مەحموود نەی دەویست بـە خاتری سمایل ئاغای سمكۆ:( قارەمان و دلێری كوردستان)، خۆی توشی بـەسـەرهاتی دوردەست بكات.

سمكۆ لەساڵی ١٩٢٦ جارێكی دیكـەش هێزێكی كۆ كردەوە و دەشتی سـەڵماس(شاپور) ی گرتـەوە و شاریشی دەوردا. بـەڵام جارێكی تریش لە هێزەكانی ئێرانی شكستی خوارد و هـەتا مـەرزی توركییـە پاشەكشەی پێكرا. كـە گەیشتەمـەرزی توركییـە، توركـەكان دەوریان گرت و چـەكیان كرد و گرتیان. لەپاشان ئازادیان كرد.

لـە دواییدا بە ئاوارەیی چووە عێراق. تەنها دە دوازدە كەسێک نەبێت، كەسی دیكـەی دەكەڵ نـەمابوو. دەولەتی عێراقیش كە لە مانەوەی سمكۆ لە عێراق دەترسا، داوای لە ئێران كرد مافێكی بداتێ و لیی گەرێت بگـەرێتـەوە بۆ ئێران. سـەرئـەنجام ئیجازەی درایە بگـەرێتـەوە بۆ ئێران و ببێتـە حاكمی شاری شنۆ. بـەڵام ڕێژیمی **ڕەزا پـەهلوی** لـە شاری شنۆ، كـەمینی بۆ داناوە و بێ ئاگا كوشتی.

## شۆڕشـە كانی شێخ مە حموود.

لـە ساڵی ١٩٢٠ كـە بریتانیا بەسـەر میزو پۆتامیادا زاڵبوو، پیی وابوو لـە دەست دانی میزو پۆتامیا دەبێتـە هۆی لەدەست دانی ئێرانیش. بـەو هۆیە بۆ ڕاگرتنی ئێران دەی ویست میزو پۆتامیش ڕاگرێت. لـەو كاتیدا ئـەمیر فـەیسـەڵ كـە فرانسیـەكان لە٢٤ ی ژۆئیـەی ساڵی ١٩٢٠ لە دیمشق دەریان كرد بوو، لـە گەڵ ٢٥ ژن و ١٧٥ پارێزگار: لەهێزەكانی حیجاز، لـە سـەحرای ئۆردۆن سـەر گـەردان و ئاوارە بوو.

دوای كۆنفرانسی دووهەمی قاهیرە ١٢ـ ٢٤ ی مارسی ١٩٢١ ، بـەریتانیا ئـەو ئـەمیر فـەیسـەڵـە: عەرەبە ئاوارە لاپرەسەنـەی، لـەسەر تـەختی شایـەتی بـەشێک لە میزو پۆتامی : واتە لەسەر ئێڕاقی ئێستادا دانا. كـە كوردستانیشی دەگرتـەوە.

لە ٦ ێ مەێ ساڵی ١٩٢١ ئینگلسـەكان پرسیاریان لەكۆمـەڵە كوردییەكان كرد، چ جوور حكومەتێكیان دەوێ؟ بـەڵام ئـەو پرسیارە بەجۆرێكی وا دورست كرابوو، بیانـەوێ یا نەیانـەوێ هـەر لە ژێر دەسەڵاتی عێراقدا بمێننـەوە. ئـەگەر چی ڕا و پرسیاریان لە كوردەكان دەویست، بـەڵام مـەرجی سـەختیان بۆ ڕا وەر گرتن دادەنا. وەک ئـەوەی: ڕادەر واتە ئەوی ڕەئیی دابا، دەبوو خانوی لە ١٠٠ ڕیاڵی ئەو دەمی كـەم ئـەرزشتر نەبایە. بێجگەلە وەش ڕەئیی سـەرۆک عـەشیرەتێک دەبووە ڕەئیی هـەموو ئەو خەڵكـەی لە ژێر دەسەڵاتی ئـەو سەرۆک عەشیرەتە دابوون. لەسەر ئەو حاڵـەش ڕا زۆربەی كوردەكان دژی ئـەوەی بوون: لـە ژێر دەسەڵاتی عـەرەباندا بمێننـەوە.

لـه ٢٣ ی ئاگوستی ١٩٢١ ئـەمیر فـەیسـەڵ کوری شـەریفی مـەکـه بـه بێ نوێنـەری کـەرکوک و سلێمانی، شایـەتی خۆی ڕاگەیاند. لـەو سەروبـەندیدا، له لایەک تورکەکان بۆ داگیر کردنی کوردستان کۆششیان دەکرد. لـه لایەکی‌تر فـەیسـەڵ دەیویست هـەر له ژێر دەسەڵاتی وی بمێنیتـەوە. لـەو کاتیدا چۆنیـەتی کوردستان زۆر تێکـەڵ و دەرهـەم بەرهـەم بوو.

ئینگلیسـەکان بۆ سـەرو سامان دان به بارودوخی کوردستان و ڕاگرتنی له بـەرابـەری هێرشی تورکەکان، فکری کەسێکیان دەکرد که سـەرپەرستی کوردستانی پێ بسپێرن. دیاره شێخ مەحمووود بۆ ئـەو کاره، شایستـه بوو. خـەڵکی سلێمانیش داوای ویان دەکرد. شێخ مەحمووود ئـەو کاتی ٤٤ ساڵ بوو. تیر ئـەندازێکی باش و شـەرکـەرێکی به نێـو بانگ بوو و هـەموو چۆنیـەتێکی پێویست بۆ رێبـەری، تێدا هـەبوو.

شێخ مەحمووود که له ساڵی ١٩٢١ له لایەن ئینگلیسـەکانەوە دەرکرابوو، لـه ساڵی ١٩٢٢ گەڕابۆوه بۆ سلێمانی. چـەند ڕۆژێک دوای گەڕانەوەی بۆ سلێمانی، له ١٠ ی ئوکتۆبری ساڵی ١٩٢٢ ی زاینی، کابینـەی کوردستانی پێک هێنا و ٨ وەزیر لەو کابینـەدا بەشداریان کرد. بـەو جۆره:

**شێخ قادر** سـەرۆک وەزیر ، شێخ مـەحمووود وەزیری بـەرگری ، **کـەریم ئـەلکـەی** مـەسیحی وەزیری دارایی ، **شێخ محـەممـەد غالب** وەزیری ناوخۆ( داخلـه )، **حـەمـەد ئاغا** وەزیری کۆمـەڵایەتی ( اموری عامـه ) ، **شێخ عـەلی کلداری** وەزیری دادگوستـەری ، **سـەید ئـەحمـەد** ڕەئیسی پۆلیس و **حاجی مستـەفا پاشا** وەزیری پـەروەرده و فێرکردن. مانگێکی تـەواو پێنـەچوو واتـه له ١٨ ی نوامبری ١٩٢٢، شێخ مـەحمووود شایـەتی خۆی لەسـەر کوردستان ڕاگەیاند.

لـه زەمانی شێخ مەحمووددا هێندێک ڕۆژنامـه و گواری کوردی بڵاو کرانـەوە. وەک گواری بانگی کوردستان و گواری ڕۆژی کوردستان.

لـه مانگی فیبروەری ساڵی ١٩٢٣ ئاشوب لـه کوردستان بەرەو زیاد بوون دەچوو. ئینگلیسـەکان پێیان وا بوو: شێخ مەحمووود لەگەڵ ڕێبـەرانی شیعـەی کـەربـەلا و نـەجـەف پـەیوەندی گرتوه، بـه ئومێدی ئـەوەی شۆرشێکی بـەربڵاو له عێراق دەست پێ بکات. هـەروا پێیان وا بوو: شێخ مەحمووود دەیەوێ لەگەڵ تورکان هێرش بۆ کـەرکوک بەرێت و ئـەوێ بگرێت.

ئینگلیسیـەکان هاتنه سـەر ئەوەی: بـه زوویی شێخ مەحمووود لەبەین بەرن. لەسەر ئەو نەخشـەی کـه بۆ تـەواو کردنی دەسەڵاتی شێخ مەحمووود دایان نابوو، لـه ٢١ فیبروەری ساڵی ١٩٢٣ ی زاینی ئولتیماتومیان بـه شێخ دا: کـه له گەڵ تـەوای ئەندامانی دەوڵەتەکەی بچێتـه بـەغدا. ئـەگەرنا، به زۆر لای دەبەن. ئـەو داوایـه به ڕاگەیاندننامـه به هۆی فڕۆکه بەسەر شارِی سلێیمانیدا بڵاو کراوه. لـه نامـەکەدا ئـەوەش نووسرا بوو: ئەگەر گوێ به فـەرمانی وان نەدات، شاری سلـێمانی بۆمباران بکـەن.

## بۆمبارانی شاری سلێمانی.

لـە ٢٢ ی فیبروەری ١٩٢٣ ی زاینی، بیست فڕۆکـە بۆ بڵاو کردنەوەی ئاگادارییـەکان بەرەو سلـێمانی وەڕی کەوتن. بـەڵام لـەبەر مژ، تـەنها دوو فڕۆکـە توانیان ئـەوکارە ئەنجام بدەن.

لـە ڕۆژی ٣ ی مارسی ١٩٢٣ چەند فڕۆکەیەکی ئینگلیسی، شاری سلـێمانی بۆمباران دەکەن. لـە٤ مارس شێخ مەحموود لە شار وەدەر دەکەوێت و دەچێتـە ئـەشکـەوتی سووورداشی. لـە ٨ ی مارس ١٩٢٣ لـە ئەشکەوتی سووورداشی گوڤارێک بە نێـوی بانگی هـەق، دەر دەخات. لـەو گوڤارەدا، داوای جیهاد دەکات. ئـەرتـەشی میلیش کـە لە چـەند سـەدێک زیاتر نەبوو، بـە فـەرماندەیی سالح زەکی، ئامادەی شـەڕ بوو.

## گرتنـەوەی شاری سلێمانی.

لـە ٨ ی مـەی ١٩٢٣ جارێکی دیکـەش نووسراوەیان بەسەر شاری سلـێمانیدا بەر داوە، کـە تێیدا نووسرابوو: بـە زوویی سلـێمانی دەگیرێتـەوە.

لـە ١٢ ی مـەی، دوو گوردان لـە ئـەرتـەشی هیند بـە هاوڕێی چـەند ئـەفسـەری ئینگلیسی، ڕوویان کردە سلـێمانی. بـەڵام ئـەوجار سلـێمانی بێ شـەڕ و خوێن ڕێژی گیرا.

دوای گیرانی سلـێمانی شێخ قادر کە برای شێخ مەحموود بوو و ئامادەی هاوکاری لە گەڵ ئینگلیس و بـەغدا بوو، کرا بـە بـەرپرسی هێمنی شار.

## گـەڕانـەوەی شێخ مە حموود بۆ سلێمانی.

دوای ئـەوەی هێزەکانی ئئینگلیسی سلـێمانییان بەجێ هێشت و گەڕانەوە، لـە ١١ی ژۆئیـە ی ١٩٢٣ شێخ مەحمووديش گـەڕاوە بۆ سلێمانی. بـەڵام ئینگلیسـەکان بۆ کەم کردنـەوەی دەسەڵاتی شێخ مەحموود شارەکانی دیکـە کە پێشێ لەگەڵ سلـێمانی بوون، لـە سلـێمانییان دابڕی بوون. لـەو کاتیدا دەوڵەتی ئێراق ئاگادارییـەک بۆ ئـەو کوردانـەی لە ژێر دەسەڵاتی شێخ مەحموود دا نە بوون، بڵاو دەکاتەوە و ڕا دەگەیەنێت: کـە بە غەیری بەرپرسانی فـەننی، کارمـەندی غـەیرە کورد، نانێرێتـە کوردستان و کوردەکان بۆ نووسینی نامـەکانی ڕەسمی ناچار بـە نووسینی عـەرەبی ناکرێن و دەتوان بـە کوردی بنووسن. هـەروا دەوڵـەتی ئێراق مافی مـەزهـەبی و هاو وڵاتییـەتی کوردەکان دەپارێزێت.

ئینگلیسەکان لە١٦ ی ئاگوستی ١٩٢٣ قەرارگای شێخ مەحموودیان لە سلێمانی بۆمباران کرد. لەو بۆمبارانەدا، بۆ هەوەڵین جار لە بۆمبی ٢٢٠ پۆندی کەڵکیان وەر گرت.

چەند مانگێ دواتر لە سەروبەندی جەژنی میلاد جارێکی دیکەش چەند فرۆکە بۆ بومبارانی سلێمانی هەڵدەستن. بەڵام نیوێکیان لەبەر مژ، ڕێیان لێ ون دەبێت و دەگەڕینەوە. لە حاڵێکدا دوو فرۆکە لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی شێخ مەحموود، ناچار بە نیشتنی ئیجباری دەبن. ئینگلیسەکان داوا لە شێخ دەکەن بیان پارێزیت و شێخ ڕایان دەگریت بێ ئەوەی ئازاریان پێ بگات.

ئینگلیسەکان جارێکی دیکەش لە مەی ١٩٢٤ ی زاینی لە ڕۆژەکانی ٢٧ و ٢٨ شاری سلێمانی بۆمباران دەکەن. لەو بۆمبارانانە دا، شاری سلێمانی زیانێکی زۆری وێدەکەوێت.

## دوایی ترین شۆرشی شێخ مە حموود.

شێخ دوای ئەوەی جارێکی تریش لە سلێمانی وەدەر کەوت، لە ناوچەکانی مەرزی ئێران و ئێراق جێگیر بوو. شێخ مەحموود ٧ ساڵ دواتر واتە لە ساڵی ١٩٣١ دوای ئاخیرین شۆرش، شکستی خوارد.

لە سپیتابری ١٩٢٦ دەوڵەتی ئێران بە داوخوازی عێراق هێزێکی ٥٠٠ کەسی، سەرباز ناردە سەر شێخ مەحموود لە قەڵادزێ. کوردەکانی پژدەری دوای چەند کات ژمێر شەڕ، بە کوشتنی ١٠٠ سەرباز و یەخسیر کردنی هێندێک سەرباز و گرتنی قەبزەتۆپێک، ئێرانییەکانیان شکست پێدا و ناچار بە پاشە کشەیان کردن.

شێخ مەحموود لە دەست پێکردنی فیبروەری ١٩٣١ نامەی بۆ ئینگلیسەکان نارد و داوای لێکردن بە قازانجی وی هاوکاری بکەن. بەڵام هیچیان بۆ شێخ نەکرد.

شێخ لەشەری ئاوی بازیکە شکستێکی سەختی دیبوو. دوای ئەو شەڕی، چووە خاکی ژێر دەسەڵاتی ئێران. دەوڵەتی ئێرانیش بە داخوازی ئێراق، شێخی وادار بە تەسلیم کرد. شێخ لە٢٤ ی ئاوریلی ١٩٣١ نامێکی بۆ کومیسارياى باڵای ئینگلیس نارد، کە دەیەوێ خۆی تەسلیم بکات. هەر چۆنێک بوو‌بێت، شێخ خۆی تەسلیم کرد و بەڕێ کرا بۆ نەسیرییە لە ئێراق. شێخ مەحموود لەساڵی ١٩٥٦ ی زاینی مرد.

## شۆرشی شێخ سە عید( 1925 )

*دوای هەڵوەشانی خەلافەتی عوسمانی لەسێی مارسی ١٩٢٤ بە ڕێبەری مستەفا کەماڵی تورک، درۆ و دوو ڕوویی تورکان بە لاواندنەوە و دڵداری لە کوردان، بۆ کەلک وەرگرتن لە هاوکاری وان بە دژی ئینگلیس و یونانیان هەروا بۆ گرتنەوەی موسڵ، ئاشکرا بوو. هەتا ئەو کاتی کوردە وڵات پارێزەکان بە هۆی هاو رگەزانی موسڵمانی وابەستە بە خەلافەتی تورکەکانی عوسمانی، لە ژێر کاریگەری دین شکستیان دەخوارد. بەڵام ئەو جار، تووشی ناسیونالیستە فێڵباز و بێ ئیمانەکانی تورک بوون. ئەگەر چی لە زاری هەژدیها وەدەر کەوتن، بەڵام ئەو جار وەبەر دەمی تورکی وەحشی و درێندە کەوتن، کە لە گرتن ، لە کوشتن ، لە ئاوارە کردن ، لە کرداری خەراب و بەدفەڕی ، لە کۆمەڵکوژی و وەحشیگەری، هیچ کات ڕانەوەستاون. نە هاواری باپیران. نە گریانی داپیران. نە بێ گوناحی و ڕووتو ڕەجاڵی ئەسیران. نە فرمێسکی جوانو کاڵان. نە بێ کەسی و بێ سەرپەرستی منالان، هیچ یەک لەوانە، لە دڵڕەقی ئەو تورکانە، کاری نە کردوە. هیچ شتێک لە بەرابەری بێ بەزەیی وان، یاری نەکردوە. هەر چی بۆیان کراوە کردویانە. هەرچی بۆیان لوواوە سەبارەت بە زوڵم و زۆرداری بە دژی گەلی کورد، ئەنجامیان داوە.*

*بە کورتی لە تەواوی جیهان دڵ ڕەق و بێ بەزەتر لە تورکان، نە بووە و نەهەیە. بێجگە لەو کەسانەی بێ بەزەیی و دڵ ڕەقی وان، وەبەر چاو ناخەن و بە دژی گەلی کورد هاوکاریان دەکەن.*

## چەوسانەوەی بێ پسانەوەی، کوردان.

کوردستانی ژێر دەسەڵاتی تورکییە لە ساڵی ١٩٢١ هەتا ساڵی ١٩٣٧ بێ پسانەوە لە حاڵی شۆرشدا بوو. واتە ئەو شۆرشانەی لە زوڵم وزۆری تورکان بە دژی گەلی کود، سەر چاوەیان دەگرت. شۆرشەکانی شێخ سەعید ١٩٢٥ و شۆرشی ئاراڕات لە ساڵی ١٩٣٠ و شۆرشی درسیم ١٩٣٧ ی زاینی، بەشێکن لەو شۆرشانەی بە دژی داگیرکەر و چەوسێنەرەکان، دەستیان پێکرابوو.

لە ١٥ ی فیبروەری ساڵی ١٩٢٥ خەبەر گوزاری ئاناتۆلی باسی تێک هەڵچوونێکیان لە دێی پیران لە بەینی شێخ سەعید و تورکەکان کرد. کە لەو تێک هەڵچوونە دا شێخ ٥٠ کەسی لە مریدەکانی دەگەڵدا بوو. ماوەیەکی زۆرکەم، ئەفرادی شێخ لە ٧ هەزارکەسیش تێپەرین. زۆر سەربازی هەڵاتوشیان چوونە پاڵ.

لە ٢٦ی فیبروەری تورکەکان ڕایان گەیاند کە ناوچە لە دەستی شۆرشیان دایە. زۆری پێ نەچوو شێخ سەعید ١٠ هەزار شەڕکەری گیان فیدای لە دەوری کۆ بوونەوە. بە داخەوە ئەو جەنگاوەرانە، چەکیان کەم بوو و زۆربەیان، تەنها نێزە و شمشیریان پێ بوو.

لە ١٣ ی فیروەری ساڵی ١٩٢٥ فەرماندەی پادگانی دیاربەکر، پێنج گوردانی لەسەربازانی هەڵبژاردەی پادگان، بۆ بەربەرەکانی شێخ سەعید بەڕێکرد. کوردەکان ئەو ٥ گوردانەی تورکانیان بە تەواوی لەبەین برد.

26 ی فیبروەری ١٩٢٥ شاری خـەرپوت لـە لایـەن هەوا دارانی شێخ سـەعید گیرا. لـە ٧ ی مارسی ١٩٢٥ شاری دیاربـەکر لـە لایەن هـەوا دارانی شێخ سـەعید گەمارۆدرا. بـە کورتی لەماوەیەکی زۆر کەم، زۆربەی شارەکانی باکووری کوردستان ئازاد کران.

تورکییـە لـە عیراقی ئیجازە وەرگرت ٢٥ هـەزار سـەرباز بـە هۆی قـەتار لە ڕێگای بـەغدا ڕا بۆ باکووری کوردستان بنێرێت.

تورکـە کان دادگای سـەحراییان پێک هێنا. کـە بە پێی ئـەو دادگایە هـەر کەسێک لـە هەر جێیـەک گیرابایە، دەبوو هـەر لەو جێیـە، دادگایی کرابایە و فـەوری حوکمی دادگا بـەڕێوە بردرابا. بـە کورتی بـەرنامـەی کوشتاری بـە کۆمـەڵ دارڕشترا. ئـەو دەم مستـەفا کـەماڵ، بۆ تێکشکاندن وکوشتاری کوردەکان، عیسمـەت ئـەنینۆی کردە سـەرۆک وەزیر. لـەو کاتیدا فـەرمانێک کـە بە هێزەکانی سـەرکوتکـەر درابوو، زۆر توند و تیژ بوو. دەستوورەکـە بەوجۆرەبوو: دێیـەکانی ناوچـەی شۆرش لـە گـەڵ خاک یـەکسان بکرێن. هیچ کـەس لـە شۆرشیان و خانەوادەکانیان ئـەمان نـەدرێن. دەرسێکی وا وەحشـەتناک و ترسناک بـە شۆرشیان بدرێت، کـە خـەڵکی وڵات قەت لە بیریان نـەچێتـەوە. بـە کورتی فـەرمانێکی تورکانـە درا.

لـە پایانی مارسی ١٩٢٥ چالاکی دژی شۆرش، دەستی پێکرا. هێزەکانی شۆرش ئـەو جێگایانـەی گرتبوویان بە جێیان هێشتن و ویستیان بـەرەو کێـوەکان پاشـەکەشە بکـەن.

لـە ٥ ی ئاوریلی ساڵی ١٩٢٥ شێخ سـەعید و سێ کەس لە هـەوادارانی لـە نزیکی گنج ، گیران و ئـەسیر کران. گۆیا بۆ سـەری شێخ سـەعید جایزە داندرا بوو. بـەو هۆیـە خـەیانەتی پێکرا و گیرا. لـەو کاتیدا تەواوی ئەو ٥ گوردانانـەی شێخ سـەعید گرتبوونی هـەموویان بـە ساغی مابوون.

ئـەو جار سـەرکوت و فشارێکی بێ بەزەیانە لە کوردستان دەستی پێکرد و زیاتر لـە ٣٠ هـەزار داگیرکـەری کوردستان، کـەوتنـە گیانی خـەڵک. هـەتا ئـەوانـەی لە پێشیش گیرابوون، وەبەر موسـەلسـەلانیان دەدان. بێ ئـەوەی لە بەینی ئـەوانەی کارێکیان کردوە و ئەوانـەی هیچیان نە کردوە جیاوازی بخەن، هـەموو ئـەوانـەی وەگیریان دەکەوتن، ئیعدامیان دەکردن و لـە مـەیدانی عوموومی شار، بـە داریانـەوە هـەڵداوەسین. زۆر لـەو کـەسانـەی دەگیران، نیـو کات ژمێر تێنـەدەپـەڕی، دەکوژران.

ئـەگـەر چی شۆرشی شێخ سـەعید شکستی خوارد و شێخ و زۆربـەی ئازادی خوازان ئیعدام کران، بـەڵام هێندێک لە ئـەفرادی شۆرش مانەوە و لە شاخـەکانرا جار جار هێرشیان دەکردە سـەر هێزەکانی تورک.

## نـە خشـە ی تورکان بۆ د ەرکردنی کوردان.

دوای تێکشکانی شۆرش، چوونی پـەنابەری زۆری مـەسیحی و کورد بۆ ئێراق، دژوارییـەکی زۆری بۆ ئێراق پـەیدا کرد بوو. بـەو هۆیە لە پایانی نوامبری ساڵی ١٩٢٦ کومیسری باڵای بریتانیا لـە ئێراق، چووە تورکییـە و داوای گێڕانەوەی پـەنابەرانی لە تورکەکان کرد. تورکـەکان لـە جواب دا دەڵێن: ئێمـە نـەک پەنابەر وەرناگرینـەوە و بـەس، بەڵکوو ئـەو کوردانـەی ماویشن وەک یـونانییـەکان و ئـەرمـەنییـەکان دەریان دەکەین.

دوو ساڵ دوای شۆرشی شێخ سـەعیدیش، یـەکسـەرە کردن و تـەواو کردنی شۆرشی کوردستان بۆ تورکـەکان بـە بن بـەست گـەیشتبوو. چونکـە ٣٠ هـەزار سـەربازی تورک بۆ ئاگاداری لە هـەموو کوردستان، بـەشی نـە دەکرد و نـەیان دەتوانی ناوچەکان بە تەواوی لـە ئازادی خوازان پاک بکـەنەوە. تورکـەکان داوای یارمـەتیان لە ئێران کرد. بـەڵام ئێران نەیویست گیروگرفت بۆ خوی دورست بکات.

## کۆماری ئاراڕات( ١٩٢٧ ـ ١٩٣١ )

### و دورست بوونی خۆیی بوون( سـە ربـە خۆیی )

گۆیا لـە بـەهاری ساڵی ١٩٢٧ لـە دامێنی کێـوەکانی ئاراڕات، نوێنـەرانی چوار سازمانی کوردی ((تعالی کوردستان)) ((میللیـەتی کورد)) ((تـەشکیلاتی کوردستان)) ((کومـەیتـەی استقلال) (ئیستقلال: سـەربـەخۆیی)، هەرچوار حیزبیان هـەڵوەشاند و کردیانن بەیەک حیزب: بە نێـوی کومـەیتـەی خۆیی بوون.

ناوەندی کومـەیتـەی بـەڕێـوەبـەری خۆیی بوون هـەتا هاوینی ساڵی ١٩٢٨ لەحـەڵـەب بوو. لـە ڕێبـەری ئـەو کومـەیتـە دا، گـەورەکوردانی ئـەستـەنبووڵ بـە تایبـەت ئـەفرادی خانـەوادەی بـەدرخانیش هـەبوون. ڕێبـەری کومـەیتـەکـەش، جـەلالـەت بـەدرخان کوڕی ئـەمین عـەلی بـەدرخان بوو.

لـە بـەینی کومـەیتـەی خۆیی بوون و حیزبی ناسیـونالیستی ئـەرمـەنی بـە نێـوی داشناکیش، پـەیـوەندی نزیک هـەبوو. ئـەرمـەنییـەکان بـەشێک لـە چـەک و پێداویستییـەکانی شۆرشی ئاراراتیان لـە ڕێگای تـەوریزەوە ئامادە دەکرد. کومـەیتـەی خۆیی بوون لە دەرەوەی ناوچـەی شـەڕیش، زۆر گروهی ناسیـونالیستی کوردیان لە دەوری یەکتر کۆ دەکردەوە. لـە زۆر وڵاتـەکانی دونیاش خـەبات و تێکۆشانیان هـەبوو.

لـە دەورانی هاتنـە دی خۆیی بوونیش، شۆرش لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی تورکییـە تەواو نەببوو. لـە لای بایەزید و ئاراڕات، شـەڕ درێژەی هـەر هـەبوو.

لە ساڵی ١٩٢٧ لە تەواوی باکوری کوردستان، هەستانەوە دەستی پێ کردبوو. لە سپتامبری ساڵی ١٩٢٧ لەهێرشێکدا بە دژی شۆرش لە دەڕەی زیلان، هێزەکانی تورک توشی تێشکانێکی گەورە ببوون. کوردەکان بە هاوکاری شەڕ کەرانی عەشیرەتە کوردەکانی ئێرانی، ٨ هەزار کەس لە هێزی ئەرتەشی تورکیان توشی بەسەرهاتێکی سەخت کرد. ٤ قەبزە تۆپ و ٣٥ موسەلسەلیان گرت و ١٤ ئەفسەر و سەدها سەربازی تورکیان بەخسیر کرد. بەو جۆرە هێزەکانی تورک پاشە کشەیان کرد. تورکییە ئەو شکستەی خۆی لە کوردەکانی ئێرانی دەزانی. بەو هۆیە داوای لە دەوڵەتی ئێران کرد، مەرزی خۆی ببەستیت و ئەو کوردانەی لە لای تورکییەڕا بچنە ئێران، چەکیان بکات: واتە چەکیان لێ بستێنیت.

## هەڵویستی یەکیەتی شۆڕەوی.

یەکیەتی شۆرەوی لە بەهاری ساڵی ١٩٢١ دوو پەیمانی لە گەڵ ئێران و تورکییە بەستبوو. بە پێی ئەو پەیمانانە، نە دەبوو یا نەی دەویست کۆمەکێ بە ڕاپەڕینی کوردەکان بکات. بێجگە لەوەش، یەکیەتی شۆرەوی هەر وەکو فەڕانسە، فکری سەربەخۆیی کوردستانی بە نەخشەی تێکدەرانەی ئینگلیسەکان دەزانی.

کاراخان( Karakhan ) دەستیاری کومیسری دەرەوەی یەکیەتی شۆرەوی سۆسیالیستی لە ژۆئییەی ساڵی ١٩٢٧ ، پەیمانێکی لە گەڵ تورکییە ئیمزا کرد، کە بە دژی هەستانەوەی کورد بوو. لە ساڵی ١٩٣٠ لەو کاتەی شەڕی توند لە دەوروبەری ئاراڕات درێژەی هەبوو، شۆڕەوی لەگەڵ تورکان هاو کارییەکی نزیکی هەبوو.

## یارمەتی نیزامی شۆرەوی بە تورکان.

لە ئاخیری ژوئیەی ساڵی ١٩٣٠، ٥٠٠ سوارە نیزامی شۆرەوی، دەچنە دێی دوەلو لە نزیکی ئەرەس. خەڵکی دوەلو گوتویانە: ئەو ٥٠٠ سوارە بە شەو لە ئەرەس پەڕیونەتەوە و چوونەتە کۆمەگی تورکەکان، بۆ شەڕ کردن بە دژی کوردان.

دووهەمین هێرشی تورکەکان لە هەوەڵی نوامبری ساڵی ١٩٣٠ بە دژی ئازادی خوازانی ئاراڕات، دەستی پێکرد. بەڵام هێرشەکە شکستی خوارد.

## ئیحسان نووری و ڕاپەڕینی ئاراڕات.

ئیحسان نووری کە بیتلیسی و سەرگوردی پێشوی ئەرتەشی تورکییە بوو، گۆیا لە ساڵی ١٩٢٥ ی زاینی لە کیوەکانی بۆتان لە بیت الشەباب شورشێک بەرپا دەکات. لە پاشان لە گەڵ چەند سەد کەسێک لە شەڕ

کـەرەکانی، پـەنا بۆ کێـوەکانی ئاراراڕات دەبن. لـە ساڵی ١٩٢٧ وەكً نوێنـەری شۆرشیانی ئاگری داغ، (ئاراراڕات) لـە کۆنگرەی خۆیی بووندا بـەشداری دەکات و بـەرپرسایـەتی شـەڕی پێدەسپێردرێت. هـەر لـەوساڵیدا دەست دەکا بە کۆ کردنـەوەی ئـەو ئازادیخوازانـەی: کە لەکێـوەکان بڵاو ببوونـەوە. ئیحسان نووری بـە ماوەیەکی زۆرکەم چـەند هـەزار شـەرکەری دەورە دیتو و ڕێكً و پێكً، پێكً دێنێت. بـەڕیـوەبەری نێـو خۆیی کومەیتەی خۆییبوونیش بـە سـەرۆکایـەتی برایم پاشای حسکی خـەڵکی تـەللو دەبێت. شۆرشیانی ئاراڕات ئاڵای کوردستان هـەڵ دەدەن و کۆماری کوردستان پێكً دێنن.

کێـوەکانی ئاراراڕات کـە بۆ شـەڕی چریکی باش بوون، بـە شـەرگە و مـەیدانی شـەڕیان هـەڵبژارد. کێـوەکانی ئاراراڕات دوو قوللـەی بڵێند: ئاراراڕاتی چووكً و ئاراراڕاتی گـەورەپێكً دێنن. ئاراراڕاتی چووكً ٣٣٩٧ میتر و ئاراراڕاتی گـەورەش ٥١٥٩ میتر بڵێندە. ئاراراڕاتی گـەورەش، پڕ لە بڵێند و نەویایی و ئـەشکـەوتـە. گـەورەترین ئـەشکـەوتی ئاراراڕات نزیكً لە ڕووسییـەیە، کـە دەتواندرێ 3 هـەزار کـەس لە گـەڵ خانەوادەکانیان و مـەڕ و ماڵاتیان تێیدا بحاوێنـەوە. لـە شـەڕی یـەکـەمی جیهانیدا، کوردەکانی جـەلالی پـەنایان بۆ ئاراراڕاتی گـەورە بردبوو و توانیبوویان لـە بـەرابەری ئـەو هـەموو کۆششـەی ڕووس و ئـەرمـەنیان بۆ دەرکردنیان لە وێ، بـەربەرەکانی بکـەن. ئـەو خـەڵکە بـە ماوەی ٣ ساڵ لە١٥٠ کیلۆ میتری پشتی جـەبهـە، بـە تەنها مابوونەوە و هـەتا پێشڕەوی ئـەرتـەشی عوسمانی لـە ساڵی ١٩١٨ بـەربـەرەکانیان کرد.

لـە ساڵی ١٩٢٧ دەوڵەتی تورکییە ویستی لەگەڵ شۆرشیانی ئاراراڕات، گوفتو گۆ بکات. لـە گـەڵ ئـەوەش، تورکەکان داوای خۆ تـەسلیم کردنی ئیحسان نووری و کاربەدەستانی کۆماری ئاراراڕاتیان دەکرد.

تورکـەکان لە١١ ی ژۆئییـەی ساڵی ١٩٣٠ بـە دژی پایەگایەکانی کۆماری ئاراراڕات دەستیان بە هێرش کرد.

لـە ٥ هـەتا ٩ ی ژۆئییـەی ١٩٣٠ ی زاینی هێزەکانی کورد و تورکً لـە زیلان، تێكً هـەڵچوونێکی سـەختیان لەبەینیدا پـەیدا بوو. تورکـەکان کە لەباری هێزەوە دوو هـەتا سێ بـەرابەری کوردەکان بوون و لە باری چـەکیشـەوە چـەکیان زۆرتر بوو، توانیان کوردەکان بشکێنن. کوردەکان دەبن بـە دوو بەش. بـەشێکیان ڕوو دەکەنە ئاراراڕات و ئێران و بـەشێکی دیکـەشیان ڕوو دەلای جنووب دەکەن. زیانی کوردەکان لـەو شەڕەدا ٩٠٠ کوژراو و ٢٤٠٠ بریندار و ٣٦٠ بێ شوێن دەبێ. لـە حاڵێکدا زیانی تورکـەکان زۆر لەوەی زیاتر و سـەنگین تر دەبێت. زیانی تورکـان لـەو شـەڕیدا، ٢٨٠٠ کوژراو و ٤٠٠٠ بریندار و ١٧٠٠ دیل دەبێت. کوردەکان دەڵێن لـەو شەڕەدا ٢٤ تۆپ و٦٠ موسـەسـەل و ٦٠٠٠٠ فیشـەکیان دەستکـەوت بووە و ١٢ فڕۆکـەشیان بـەرداونـەتەوە.

ڕۆزیتا فاریبز( Rosita faribes) کە نـوچەوانێكً بووە ١٥ ڕۆژ لـە نێـو شـەڕەکە دا ماوەتەوە، لـە گوزارشـەکەی خۆیدا دەڵێ: وێنـەی لەفڕۆکەیەکی بـەرداوە و چـەند تۆپی لەتورکان گیراوی کێشاوە. دەڵێ کوردەکان داوایان لـە زەفەرودەولە (زفرالدولـه) فـەرماندەی هێزەکانی ئێرانی جێگیر لە ئازربایجان کردوە بۆ فێرکردنی تـەرزی کار پێکردنی تۆپـە گیراوەکان، تۆپچیان بۆ بنێریت. هـەروا دەڵێ هێندێكً تۆپچی ئـەرمـەنیان دە گەڵ بوون، کـە دەیان گوت:

دەترسێن ئەگەر تەقە لە تورکەکان بکەن، تورکەکان بیان کوژن. ئەگەر تەقەش نەکەن کوردەکان بیان کوژن. هەروا ڕۆژیتا ئەوەشی زیاد کردوە و گوتویەتی کوردەکان شەڕ وەک سەرگەرمیەک بزانن وایە. هەر ژنێکی دیباتایە منداڵێکی بە پشتەوە و تفەنگیکیشی بە دەستەوە بوو.

## یارمەتی شێخ ئەحمەدی بارزان.

لە ٢١ ی ژۆئیەی ساڵی ١٩٣٠ ی زاینی، شێخ ئەحمەدی بارزان لە کوردستانی ژێردەسەڵاتی ئێراقرا، سەد یا دووسەد شەرکەری نارد بووە کۆمەکی کوردەکانی ناوچەی هاوسیی: ئورامار لەباکوری کوردستان. لە ٢٦ ی ژۆئیە، دەوڵەتی تورکییە ناقایلی خۆی لەو بارەوە بە سەفیری ئێراق ڕاگەیاند.

لە ٨ ی ئاگوست شێخ ئەحمەد دووهەمین گروهی لە شەرکەرەکانی خۆی بۆ باکوری کوردستان نارد. ئەو دەستە لە گەڵ هێزەکانی تورک، تێک هەڵچوونیان لە بەیندا پەیدا بوو. بەشداری شێخ ئەحمەد لە شۆڕشی کوردەکانی ژێر دەسەڵاتی تورکییە بەوەش تەواو نابێت و دوای شکستی شۆڕشی کوردەکان لە ساڵی ١٩٣٠ شێخ ئەحمەد زۆر لەو کوردانەی کە لەشەر بە دژی تورکەکان ڕایانکردبوو، لە ناوچەی خۆی ڕایگرتبوون. ئەو کوردانە لە پەناگایانرا هێرشیان دەکردە سەر هێزەکانی تورک.

## شۆڕشی حاجۆ.

یەکێک لە ڕێبەرانی کوردی سوورییە، بە نێوی حاجۆ، بە چەند کەسێکەوە لە مەرزی سوورییە تێدەپەڕیت و بۆ یارمەتی کردن بە کومەیتەی خۆیی بوون، دەچێتە باکوری کوردستان. لە ٥ ی ئاگوستی ساڵی ١٩٣٠ جێیەک لە ناوچەی موسەیەبین دەگرێت. حاجۆ ڕاگەیاندن نامە بە هاوکاری لەگەڵ خۆیی بوون لە نێو خەڵک بڵاو دەکاتەوە و داوا لە خەڵک دەکات، هاوکاری شۆڕشی ئاراڕات بکەن. لەو کاتیدا شۆڕشی خۆجێی لە جۆڵەمێرگ و نزیک سێرت و لیسە و لەهەموان گرنگتر، لە دیاربەکریش، دەست پێدەکات.

## شکستی کۆماری ئاراڕات ١٩٣٠.

لە ئاگوستی ساڵی ١٩٣٠ دەوڵەتی تورکییە دێتە سەر ئەو فکرەی: بێ ئەوەی گوێ بۆ خواست و مەیلی ئێران ڕابگرێت، بە دژی کۆماری ئاراڕات، لە مەرز تێپەڕێت. بۆ ئەو ویستە فەرمان درا بە ژەنەڕاڵێکی تورک بە نێوی سالح پاشا، هێرش بکاتە سەر کوردەکانی ئاراڕات.

لە دەی سێپتامبری ساڵی ١٩٣٠ تورکەکان پەیوەندگای بەینی دوو ئاراڕات واتە گەردەنەی سەردار بولاک دەگرن. کوردەکان ڕوو دەکەنە جنووب و ئیحسان نووری پاشا: فەرماندەی هێزەکانی شۆڕشی ئاراڕات، دەچێتە ئێران و دەبێتە پەنا بەری ئێران و هەتا دەمرێت: لە ٢٦ ی مارسی ساڵی ١٩٧٦، هەر لە تاران دەمێنێتەوە.

لـە گـەڵ ئـەوەی فـەرماندەی هـەموو هێزەکانی شۆڕشی ئاراڕات ئیحسان نووری پاشاش چووە ئێران و بووە پـەنا بەری وێ و لە مـەیدانی شـەڕیش وەدەر کـەوت، بـەڵام لـە تـەواوی ساڵی ١٩٣١ یش شـەڕ درێژەی هەر هەبوو. بـەڵام چۆنیـەتی شۆڕشی ئاراڕات زۆر خـەمبار بوو. شۆڕش توشی دوو شکستی گەورە: شکستی زیلان و شکستی ئـەراڕات ببوو. زۆر کادریان لە دەست چوبوون و زۆر جێگای قایمیشیان لێگیرابوون. زیانێکی زۆریش وە ئـەسلـەحەکانیان کەوت بوو. کوردەکان ئـەو دەم شـەڕی جـەبهـەییان دەکرد، لـەباتی ئـەوەی دەبوو شـەڕی پارتی زانی بکـەن.

## کشـانی شــە ڕ بۆ ئێــران.

لـە ساڵی ١٩٣١ کوردەکانی جەلالی هێرشیان کردە سـەر ماکو. لـەبەینی کوردەکان و دەوڵەتی ئێراندا شـەڕ پـەیدا بوو. دەوڵەتی ئێران لەگەڵ دەوڵەتی تورکییـە پێک دێت و کوردەکانی جـەلالی نیشتـەجێ لـە بەینی ئاراڕت و مـەرزی شۆڕەوی، بـە دەستـە جـەمعی بـە زۆر کۆچبـەر دەکات.

لـە هـەوەڵی ئاوریلی ساڵی ١٩٣١، ئـەو ڕێبوارانەی چاویان بـە دورخراوەکانی کورد کـەوتوە، گوتویانـە ڕیزی ئـەو ئاوارنـەی ئـەوان دیتویانن، ١٠ کیلو میتر درێژ بووە. ئـەو ئاوارە کوردانە هـەموویان ژنو منداڵی پێخواس بوونـە و هیچ پیاویشیان دەگەڵ نـە بووە. هـەروا ڕێبواران گوتویانە لە بەر زۆری خەڵک و مـەڕ و ماڵات و حاڕەبە، نـە تواندراوە ژمارەی خـەڵکـەکە بزاندرێت. بـەڵام دەبێ لە ٥ هـەزارکـەس زیاتر بووبن.

## ئـە و هێزانـە ی لـە ناوچـە دا هـە بوون.

لە ساڵی ١٩٣١ ژمارەی هێزەکانی دەوڵەتی ئێران لە ناوچـە دا، ٣٨٠٠ سـەربازی ئێرانی و ١٢٠٠ کوردی دەوڵـەت خواز بوونە. هێزی هـەواییش ٣ فڕۆکە بوونە. هێزەکانی کوردیش ٦٠٠ یا ٧٠٠ کوردی جـەلالی و حـەیدەرانلویی بوونە لە گەڵ ٣٠٠ کـەس لە کوردەکانی ناوچەی ئاراڕات، کـە هاتبوونە ڕیزی جـەلالییەکان. فـەرماندەی کوردەکان کـەسێک بووە بە نێـوی **فـەرزەندە**. کـە کومـەیتـەی خۆی بوون هـەڵی بژاردبوو. سەرۆکی ستادیشیان یەکێک لە کوڕەکانی برایم ئاغای جـەلالی بووە، بـە نێـوی (**برۆ**). ئـەرمـەنییـەکانی داشناک ئـەو دەمیش یارمـەتیان هـەر دەکرد.

لـە مـەی ساڵی ١٩٣١ ی زاینی هێزەکانی ئێرانی بۆ پێش گرتنی کۆششی **سمایل ئاغای جـەلالی** کـە شۆڕشیانی ئاراڕاتی کۆ دەکردنـەوە، هێرش دەکنە سـەر قـەرەعـەینی. بـەڵام سمایل ئاغا کە لە پێشڕەوی ئێرانییـەکان ئاگا دار دەبیت، لەگەڵ ئـەفرادەکەی ڕوو دەکاتە تورکییـە. ئێرانیش ناوچـە چۆڵ کراوەکـە دەگرێت.

لـه ۱۹ ی مـەی ساڵی ۱۹۳۱ کوردەکانی جـەلالی بـە کۆمەگی ئـەوکوردانـەی لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی تورکییـەڕا هاتبوون، هێرش دەبەنە سەر ئوردوگایەکی ئێرانییـەکان. ئـەو هێرشـە بۆ ئێرانییـەکان بە موسیبـەتێک تەواو دەبێت. هێزەکانی ئێرانی کوشتـەو بریندارێکی زۆر دەدەن. کوردەکانیش تـەنها ۷ کوشتـەیان دەبێت. لـەو کاتی بەدواوە ئێرانییـەکان سانسۆرێکی سـەخت لەسەر شـەڕەکان دادەنێن. سانسۆریان بە جۆرێکی وا سەخت بوو، ئـەگەر سـەربازێک خـەبەری بڵاو کردباوە، ئیعدام دەکرا. ئـەو جار دەوڵەتەکانی ئێران و تورکییـە و ئێراق زیاتر پەیوەندی پێکـەوە دەگرن. دەوڵـەتی تورکییـە داوا لەدەوڵەتی ئێراق دەکات بـە دژی ناوچـەی بارزان هـەنگاوی نیزامی هـەڵ بێنێت. دەوڵەتی ئێراقیش کە دەیەوێ لە ناوچـەدا هیچ فرسـەتێک بە کورد نـە درێت، بـە دڵەوە لە داوای تورکییـە پێشوازی دەکات و بە دژی شێخ ئـەحمـەدی بارزان واریدی شـەڕ دەبێت. کوردەکان زۆر پێش ئیمزای پەیمانی سـەعدئاباد لە ساڵی ۱۹۳۷، هـەر سێک دەوڵـەتی: ئێران و ئێراق و تورکییـەیان لە بـەرابـەری خۆیان بە یەک و یـەکگر و هاوپەیمان دەزانی و بیریشیان لـە کەڵک وەرگرتن لە دژایەتی هاوسێ داگیرکەرەکانیش دەکردەوە.

## یاسای لە بەین بردنی نەژادی لە لایەن تورکەکانەوە.

لـە ٥ ی مـەی ساڵی ۱۹۳۲ دەوڵەتی تورکییـە قانوونێکی پـەسند کرد کە بە پێی ئەو قانوونـە، دەوڵەت ئیجازەی هەبوو دەست بە کۆچ و کۆچ بەری و دوور کردنـەوەی بە دەستـە جـەمعی لە ناوچـە کورد نشینـەکان بکات. هـەموو دەسەڵاتی عـەشیرەت و مێرخاسـە کوردەکان، هـەڵ وەشێنێتـەوە. هـەر وا بە پێی ئەو قانوونـە هـەموو ئەو خـەڵک و کۆمەڵانەی گومان و مـەترسیان لێ بکرێت، تـەبعید و کۆچبـەر بکرێن و لـە جێی دەرکراوەکانیش تورک زمانـەکان، نیشتـە جێ بکرێن. بـەڵام پێش ئـەو تاریخـەش، دەر کردن ودوور کردن، دەستی پێکرابوو. ئـەو کـەسانـەی دوای ئەو شەڕانە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی تورکانیان دیـوە، وایان گێڕاوەتـەوە:

بتلیس سیمایەکی غـەمباری هەیە. شارێک کـە بە درێژایی دوو کیلۆ میتر هـەر وێرانەیە و تێکروخاوە: ماڵـەکانی رووخاون و خـەرا کراون. ئـەو شارە کـە پێشێ ٤٠ هـەزار کەسی تێدا دەژیا، ئێستا ٥٠٠ کـەسی تێدا دەژیت و بۆتە دێیـەکی چکۆڵە. شاری موشیش لـە وی خەرابترە. موش پێشێ ۳۰ هـەزار کەسی تێدا دەژیا ئێستا ۳ هـەزار کەسی تێدا دەژیت.

## شێـخ ئـە حمـە دی بـارزان.

شێخـەکانی بارزان هـەتا شۆرشی شێخ عـەبدوالسلامی دووهـەم لـە ساڵی ۱۹۰۹ ی زاینی، نـەخشێکی بـەرچاویان نـەبوو. شێخ عـەبدوالسـەلام لە ساڵی ۱۹۱٤ ی زاینی لە شـەڕ دەگەڵ تورکـەکان شکستی خوارد و گرتیان و بـە داریانەوە کرد و کوشتیان. شێخ ئـەحمـەد برای شێخ عـەبدوالسلام و جێ نشینی وی بوو. شێخ ئـەحمـەد دوای

کوژرانی دوو ئەفسەری ئینگلیسی لە ناوچەی بادینان، کەوتە سەر زمانان و باسی لێکرا و بوو بە قوربانی نەخشەیەکی ئینگلیسی ئێراقی. کە بە نیوی لادان لە ئایین، دەستیان بە پروپاگەندە بە دژی وی و برایەکانی کرد. لە ساڵی ١٩٢٧ دەوڵەتی ئێراق باسی ئەوەی دەکرد: کە شێخ ئەحمەد داوای خودایەتی دەکات. لە ساڵی ١٩٣١ کە شۆرشی ئاراڕات لە تورکییە بە توندی درێژەی هەبوو و تورکییە خەریکی تێکشکاندنی ئەو کۆمارە بوو، لە مانگەکانی ژوئیە و ئاگوست وەک لە پێشدا گوترا: شێخ ئەحمەد چەند سەد چەکداری بۆ یاریدەدانی شۆرشیانی ئاراڕات ناردبوو. تورکییە دڵ ئێشی و دڵ ناخۆشی خۆی سەبارەت بە شێخ ئەحمەد بە دەوڵەتی ئێراق ڕاگەیاند. بە دوای دڵ ئێشییەکانی تورکییە، دەوڵەتی ئێراق دژ بە شێخ ئەحمەد لە ناوچەی بارزان، دەستی بە چالاکی نیزامی کرد. ئینگلیسەکانیش دژ بە شێخ ئەحمەد پرو پاگەندەیان بلاو دەکردەوە و دەیان گوت: شێخ ئەحمەد بەمریدەکانی دەرفەت داوە، گۆشتی بەراز بخۆن. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوە بوو: دەوڵەتی ئێراق دەی ویست دەسەڵاتی خۆی بەسەر کوردستانیشدا بەرین بکاتەوە و بەو هۆیە درۆیان بۆ شێخ ئەحمەد ساز دەکرد. هەتا ئەویش لەسەر ڕێی خۆیان لابەرن.

## شێخ ڕەشیدی لۆلان.

دوژمنانی شێخ ئەحمەد توانیان شێخ ڕەشیدی لۆلان بە گژ شێخ ئەحمەدی بارزاندابکەن، بە بیانووی ئەوەی: کە دەیان گوت شێخ ئەحمەد بۆ لەبەین بردنی دینی ئیسلام لە گەڵ ئاشوریەکان پێک هاتووە.. شێخ ڕەشید فریوی دوژمنانی شێخ ئەحمەدی خوارد و لە ٢٦ ی نوامبری ساڵی ١٩٣١ هێرشی کردەسەر شێخ ئەحمەد. شێخ ڕەشید شکستێکی سەختی خوارد. ئەو جار دەوڵەتی ئێراق ویستی بۆ خۆی ڕاستەو خۆ بە دژی شێخ ئەحمەد شەڕ بکات. دەوڵەتی ئێراق بەوە خاتر جەم بوو: کە موسڵمانان هاوکاری وی، بە دژی شێخ ئەحمەد دەکەن.

## هەوەڵین لەشکر کێشی بە دژی شێخ ئەحمەد.

لە شەوی نۆی دیسامبری ساڵی ١٩٣١ ستوونێکی نیزامی لە ئەرتەشی ئێراق تێکەڵ لە دوو گورهانی پیادە و دەستەیەکی موسەلسەل، ویستیان شێخ ئەحمەد غافڵگیر بکەن و بارزانیان گەمارۆدا. بەڵام بە پێچەوانەوە، شێخ ئەحمەد غافڵگیر نەبوو و چەکدارەکانی شێخ ئەحمەد ژمارەیەکیشیان یەخسیر لە ئەرتەشی ئێراق گرت، کە قایم مەقامی بیلە یەکێک بوو لەو یەخسیرانە. لە ژانویەی ساڵی ١٩٣٢ دەوڵەتی ئێراق داوای یارمەتی هێزی هەوایی لە بەریتانیا کرد.

لە ٩ ی فیبروەری ساڵی ١٩٣٢ ئەرتەشی ئێراق جارێکی دیکەش هێرشی کردە سەر دێیەکانی بارزان. ئەو جاریش ئەرتەشی ئێراق شکستی خوارد و بە ١٤ کوژراو و ٩ بریندار، پاشەکشەی کرد. لەو شەڕەدا زیانی بارزانییەکانیش ٢٠ کوژراو و ٣٠ بریندار دەبێت.

لـه ١٢ مارسی ئـەو ساڵی دا، دەوڵەتی ئێراق داوا لە شێخ ئـەحمـەد دەکات، لـە ماوەی ٤٨ کات ژمێردا خۆی بداتـە دەست دەوڵەت. شێخ ئـەحمـەد خۆی نـەدا دەست. لـە ١٥ ی مارسی ساڵی ١٩٣٢ هێزێکی زۆری ئـەرتـەشی ئێراق تێکـەڵ لـە پیادە و سوار و توپخانـە، هێرشیان کردەسەر ناوچـەکـە و گەیشتنە شیروان. ئـەو جار هێزەکانی شێخ ئـەحمـەد دەستیان کرد بە شەڕی چریکی. دەوڵـەتی ئێراق لە ٦ ی ئەپریلی ساڵی ١٩٣٢ هێرشێکی دیکـەشی دەست پێکرد و کوردەکان لە نزیک چیای کانی لـەنگ، شکستیان خوارد و دەوڵەتی ئێراق ناوچـەی بارزانی گرت. ئـەو جار کوردەکان تاکتیکی شـەڕیان گۆڕی و خۆیان لە شـەڕی جـەبهـەیی دەپاراست و بـە شێـوەی کەمین و لێدان و گەڕانـەوە شـەڕیان دەکرد. دەوڵـەتی ئێراق جارێکی دیکـەش داوای هاوکاری هێزی هەوای بریتانی کرد. هێزی هـەوایی بریتانی ناوچـەی مازوری باڵایان بۆمباران کرد. لـە ٢٩ی ئاوریلی ئـەو ساڵی، فرۆکـەیەکی بریتانی بـەر بۆوە و فرۆکـەوانـەکەشی گیرا. دوای ئـەوەی کوردەکان فرۆکـەی بریتانیان بەر داوە و فرۆکـەوانـەکـەشیان گرت، ئاور بـەستیان ڕاگەیاند. بـەڵام دەوڵـەتی ئێراق بە دەرفەت وەرگرتن لە ئاگر بـەست، تـەواوی پردەکانی خرا کرد و ئـەو جێگایانەی گرنگ بوون گرتنی. بـەو جۆرە هێزەکانی شێخ ئەحمـەدیان گەمارۆدا. لەگەڵ ئەوەش دەوڵـەتی ئێراق داوای لە تورکییـە کرد: مـەرزەکەی خۆی ببـەستێت.

لـە ٢٦ ی ساڵی ١٩٣٢ ی زاینی هێزەکانی ئێراق هێرشێکی تازە، دەست پێدەکـەن. لـەو هێرەشـە دا، ژومارەیەکی زۆر لە ئـەفسـەرانی ئینگلیسی بە فـەرماندەیی ژەنـەڕاڵ هیدلام ( Headlam ) بـەشداری دەکەن. هێزی هـەوایی بریتانیش بێ پسانەوە قـەڕارگایەکانی بارزانییـەکان بۆمباران دەکـەن.

## تەسلیم بوونی شێخ ئەحمەد.

لـە ٢١ ژۆئینی ساڵی ١٩٣٢ شێخ ئـەحمـەد لە مـەرز تێدەپەڕیت و بە ٤٠٠ شـەڕکەرەوە، بە ناچار خۆی تـەسلیمی دەڵەتی تورک دەکات. تورکەکانیش بـە بـەهانـەی هاوکاری کردنی وی بە شۆرشیانی ئاراڕات، زۆر لە شەڕکەرەکانی شێخ ئەحمەد دەگرن. شێخ ئـەحمـەد دەبەن بۆ ئـەستـەنبووڵ و لە وێشڕا بۆ جێگایەکی تری بەڕێدەکەن. بـەو شێوەیە شۆڕشی شێخ ئـەحمـەدی بارزان شکستی خوارد و تـەواو بوو.

## شۆڕشی محەممەد سیدیق و مەلا مستەفا بارزانی.

لـە ئاخیری سیپتامبری ساڵی ١٩٣٢ ی زاینی بـەخشداری شـەمزینان لە تورکییـە، لـە هاوتای خۆی ئێراقی، لە مزوری باڵا، داوای هاوکاری و هاو ئاهـەنگی عـەمـەلیات بـە دژی ئەو کوردانەی کرد: کە دوای گیرانی شێخ ئەحمەد لە هەرێمە کان مابوون.

لـه دوایی ساڵی ١٩٣٢ تورکـەکان ئـەو کوردانـەی لەگەڵ شێخ ئـەحمـەد گیرابوون، ئازادیان کردن. لـە نێـو ئازاد کراوەکاندا برایانی شێخ ئـەحمـەد واتەمحەممەد سیدیق و مـەلا مستـەفا بارزانیش هـەبوون. ئـەو دەستـە هـەر کـە گەڕانـەوە بۆ بارزان شـەڕی چریکیان دەست پێکرد. زۆر پێ نـەچوو دوو برای شێخ ئـەحمـەد نزیکـەی ٣٠٠ شـەڕ کـەریان لـە دەوری خۆیان کۆ کردەوە و لە دێیـەکانی مەرزیڕا دەوڵـەتی ئێراقیان وە ئازار هێنا. لـە ٨ ی نوامبری ساڵی ١٩٣٣ مـەلیک فـەیسـەڵ مرد و ئاواتی وی بۆ تـەواو کردنی کوردەکان بە ئـەنجام نە گەیشت.

لـە دەست پێ‌کردنی هـەوەڵین شـەڕەکانی مـەلا مـەستـەفا بارزانی ئاگاداری باش نییـە. بـەڵام وا وێدەچێت مـەلا مستـەفا بارزانی و برایەکەی هـەر بـەو چـەکانەچـەکدار بووبن: کە لـە پێش تـەسلیم بوونیان بە تورکییـە، هـەیان بووە و پێش تـەسلیم بوونیان چـەکەکانیان شاردبنـەوە و پاش ئازاد بوونیان، هـەڵیان گرتبن.

لـە ساڵی ١٩٣٤ کە تورکییـە برایانی بارزانی تـەحویلی ئێراق دا، ئێراقیش ئـەوانی بۆ نـەسیرییـە و لە دوایـەش بۆ سلـێمانی دوور خستـەوە(تـەبعیدی کردن). لەکاتی گیرانی برایانی بارزانیش ناوچـەی بارزان ئارام نـەبوو چونکـە خـەلیل خۆشـەوی و عـەلۆبـەگ هـەتا مارسی ساڵی ١٩٣٦ پایـەداریان کرد.

### شـۆڕشی درسیـــم.

دوای ساڵی ١٩٣٢ ی زاینیش، گوشاری سـەختی تورکان بەسەر کوردستاندا درێژەی هەبوو. کوردستان بە ناوچـەی مەمنووعـە ڕاگەیاندرابوو. بە هۆی سانسۆرێکی توندی تورکەکان، ئاگاداری تەواو لە وەزعی کوردستان نەبوو. زۆر ڕوون نییـە، کە تورکـەکان چ کوشتو کوشتارێکی بێ ڕوحمانـەیان لە کوردەکان کردوە و چـەندیان خـەڵکی بێ گوناح کوشتوە و چـەندیان خەڵک تالان کردوە و چـەندیان خـەڵک لە کوردستان ئاوارە و کۆچبـەر کردوە. بـەڵام ئـەوەی خـەڵک بـە زمان لە بێ ڕوحمی و دڵ ڕەقی و جینایـەتی تورک سـەبارەت بە گەلی کورد لە درسیم باسی دەکەن، لـە مێژوی ئینسان دا، شتی وا ڕووی نـەداوە و لە نێـو نـەسلی ئینسان دا شتی وا نـە قـەوماوە.

تورکـەکان لە ساڵی ١٩٣٢ یاسایـەکیان پەسند کرد بوو، کـە بە پێی ئـەو یاسایە دەوڵەت مافی ئـەوەی هەبوو کوردەکان لەسەر نیشتمانی خۆیان دور بکرێنـەوە و لە جێی وان تورک دابمـەزرێن. هـەروا زمانی کوردیش قاچاغ بکرێت و لە هـەموو قوتابخانێکیش تەنها تورکی دەرس بدرێت. قوتابخانەی ڕۆژانە و شەوانە دابندرێت، بۆ ئەوەی منداڵـەکان و گـەورەکان زو فێری تورکی بکرێن و زو بتوانن بە تورکی قسـە بکـەن و لە ئاخیرەکەشیدا زو بتوێنـەوە.

لـە ساڵی ١٩٣٧ تورکـەکان کە ئەو یاسایـەی لە پێشدا گوترا، بۆ نابوودی گەلی کوردیان بە بـەس نـەزانی، جارێکی تریش یاسای زوڵم و زۆریان بە دژی گـەلی کورد، پـەسند کردەوە. لـە کوردستان حکومـەت نیزام ڕاگەیندرا. فـەرماندەکانی نیزامی بـە حاکمی ناوچـەکان داندران و بۆ هـەر هـەنگاوێکی نیزامی دەسەڵاتی تەواویان هـەبوو و دەیان توانی فـەرمانی ئیعدام وکوشتن بۆ کوردان دەربکـەن. بۆ ئـەنجام دانی ئـەو یاسا چەپەڵەی خۆیان و تێک

شکاندنی بەربەرەکانی کوردەکان، ژەنەراڵ کەنعان پاشا فـەرماندەی لەشکری چوارەمی دیاربـەکر، دەچێتـە شرناخ و دەست دەکات بە بۆمبارانی کێـوەکان و گرتن و هـەڵ ئاوەسینی خەڵک.

بـە پێچـەوانـەی ئەو هـەموو کۆششـەی تورکـەکان بۆ تـەواو کردنی شۆرش بە هۆی فشار و زەخت لەسەر خـەڵک، بـەربـەرەکانی توندی کوردەکان بـە دژی ڕێژیمی تورک درێژەی هەر هـەبوو.

## شۆرشی سـەید ڕەزا

گۆیا سـەید رەزا کوری سـەید ئیبراهیم : رەئیسی عـەشیرەتی شێخ حـەسنان بووە و لە غـەربی درسیم ژیاوە. سـەید رەزا دوای شورشی شێخ سـەعید لـە ساڵی ١٩٢٥ هـەزاران کوردی پەناهندەی یارمـەتی کردوە.

لـە بـەهاری سالی ١٩٣٧ ی زاینی چالاکی نیزامی تورکییـە بۆ چـەک کردنی خـەڵک توند دەبێت و هێندێک تێک هـەڵچوون لە هێندێک جێگایان پـەیدا دەبێت. هـەر لە بەهاری ئەو سالێدا کورێکی سـەید ڕەزا دەچێتـە قەرارگای تورکـەکان، بۆ ئەوەی داوایان لێ بکات چالاکی نیزامی نەکەن و خـەڵک ئـەزیـەت نـەکەن. تورکـەکان لە حاڵی گەڕانەوەی وییدا کـەمینی بۆ دادەنێنـەوە و دەی گوژن. سـەید ڕەزا داوا دەکات: قاتڵی کورەکـەی بدەنەوە. بـەڵام قاتڵـەکان لـە تورکەکان پاداشیشیان وەرگرتبوو. لـەو بـەینـەدا چەند تێک هـەڵچوونیش پەیدا ببوو. تورکـەکان بـە پـەلـە هێزێک لـە ٧ سوپا پێک دێنن و بە پشتیـوانی هێزی هـەوایی لـە ئـەرزنجان ڕا هێرش دەست پێدەکەن. سـەید رەزا جارێکی دیکـەش لەگەڵ ژەنـەڕاڵ ئالپ دۆغان پـەیـوەندی دەگرێت و داوای لێدەکات: ئـەگەر بێتو مافی گەلی کورد بپارێزرێت و قاتڵـەکانی کورەکەی بدرێن بە دادگا، تـەواوی ئـەفسـەران و سـەربازانی یـەخسیر کراو و ئـەو شتانـەی گرتووشنی بداتـەوە بە دەوڵـەت.

## کـوژرانـی عــە لی شێــر.

عـەلی شێر خەڵکی عمرانیەی کۆچکری بو.عەلی شێر شۆرشی کۆچکری سازکرد. عەلیشێر زۆر زانا و بـە فکر بوو و بۆ یـەک کردنی کوردەکان زۆری هـەوڵ دەدا و زۆر کاری گرنگی بۆ کوردان دەکرد. بۆ کۆ کردنـەوەی خـەڵک بە دەوری سـەید ڕەزا، زۆری کۆشش کرد. عـەلی شێر لـە ژوئێنی ساڵی ١٩٣٧ کـە قـەرار بوو بۆ پێشگیری لە خوێن ڕێژی زیاتر و پـەیـوەندی گرتن لەگەڵ فـەڕانسـە و یا ئینگلیس، بچێتـە ئێران یا ئێراق، لـە پێش ئـەوەی سـەفەرەکەی بکات شـەوێک لە غاری ئاگدات بـە دەستی برازایەکی سـەید ڕەزا: کە خۆی بە بێ لایەن نیشان دەدا و بە نەهێنی هاودەستی تورکـەکان بوو، کوژرا. کوژرانی عـەلی شێر زیانێکی زۆری لە شۆرش دا. لـە کاتی شـەڕەکاندا تورکـەکان جـەنگـەڵەکانیان ئاور تێبـەر دەدا و ئاوریان دەزاری ئـەو ئـەشکـەوتانە بـەردەدا: کـە

هـەزاران ژنو مندالْ، پـەنایان بۆ بردبوون و ئـەو ژنو مندالآنـەیان دەسوتاندن و قرپیان دەکردن. هـەر کـەس یـەخسیر کرابا و یا گیرابا فـەوری وەبەر موسـەلسـەلانیان دەدا و دەیان کوشت. سـەید ڕەزا کە دەکەویتە موحاسـەرە و لە لایەن تورکەکانەوە دەوری لێدەگیرێت، دەیەوی ئاڵقـەی موحاسـەرەکـە بشکێنیت، بـەڵام بە بەهایەکی زۆری بۆ تەواو دەبیت. هـەزار کەس لە دەست دەدات. ژنی، کوڕێکی و سێ نەوەشی لـە بەین دەچن. سـەید ڕەزاش دەگیرێت.

بـە قسـەی کوردەکان والی ئـەرزنجان بـەڵێنی پێدەدات، ئـەگەر خۆی تەسلیم بکات، ویستی خـەڵکی ئـەرزنجان بـەجێ بێنیت. بـەو جۆرە سـەید ڕەزا خۆی بـە دەستـەوە دەدا. سـەید ڕەزا کـە لە پێنجومی سیپتامبری ساڵی ١٩٣٧ ی زاینی گیرا بوو، لـە ١٨ ی نوامبری ئـەو ساڵی بـە دارەوە کرا و ئیعدام کرا. زۆر کـەسی دیکـەش لەگەڵ وی ئیعدام کران. بـە وتـەی کوردەکان ژمارەی کوژراو و ئیعدام و لەدەست چوانی کورد لە شۆڕشی درسیم، نزیک لـە ٤٠ هـەزار کـەس بووە.

شۆڕشگێرانی کورد لە ماوەی ئەو ١٧ سالـەی شۆڕشدا واتە لە ساڵی ١٩٢٠ ڕا هەتا ١٩٣٧ بـە دڵپاکی و بێ وابەستـەگی بـە بێگانە، شـەڕیان کردوە و ئازایەتی و لـە خۆبووردوویی بێ وێنـەیان لە خۆ نیشان داوە. بێجگە لە ئیحسان نووری، باقی ڕێبـەرانی شۆڕشـەکان یا ئیعدام کراون یا لە مـەیدانی شـەڕدا کوژراون.

## شۆڕشـەکانی بـارزانی و پـەیدابوونی حیزبەکان.

دوای تێکشکانی شۆڕشـەکانی ئاراڕات و درسیم، کوردستانی ژێر دەسەڵاتی تورکییـە، لـە ڕێڕەوی هـەستانەوەی میللی کورد جودا بۆوە. تـەواوی ڕێبـەرانی سیاسی و مـەزهـەبی کوردەکان یا کوژران یا بـەدارەوە کران یا تیرە باران کران. تـەواوی کادرەکارامـەکانی شۆڕشـەکان کە توانیبایان نـەخشێکیان ببیت، لـە بـەین چوون. دەرس خوێنـەکان و ڕەوشـەن بیرەکان ئازار دەدران یا بـە دارەوە هـەڵداوەسران و یا دە دەریاچـەکانیان داویشتن. دوای تەواو بوونی شۆڕشـەکانی باکوری کوردستان، لە کورستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران و کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراقدا چـەند حیزبێک لە ژێر کاری گەری ئەیدیۆلۆژی مارکسیستی بۆ ڕەزگاری کوردستان خـەباتیان دەکرد. بـەڵام لـەو کاتیشدا شـەخسیـەتیکی کورد بە نێوی مەلا مستەفا بارزانیکـە هاتبووە سـەر سـەکۆی سیاسـەت، بـە ماوەی سی ساڵ توانی بەسەر زۆر لـەو حیزبانەدا زاڵ بیت.

## حیـزبیبـرایــە تــی.

لـە ساڵی ١٩٣٧ شێخ لـەتیف کوری شێخ مەحموود و محـەممـەد سدیق شاوەیس کوری نووری شاوەیس و ئیسماعیل حـەقی شاوەیس و مـەلا ئـەسـەد مـەلای سلـێمانی، سازمانی برایـەتیان پێک هێنا. مـەلا مستـەفا بارزانی کە لە سلـێمانی تـەبعید بوو، بـە نـەهێنی لە کۆبوونەوەکانی ئـەو حیزبـە دا بەشداری دەکرد.

## حیزبی دارکەر.

دانەری ئەو حیزبە ئەو کەسانە بوون: نووری شاوەیس (ئەندامی داهاتووی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان وابەستە بە بارزانی)، یونس رەئوف شاعیر (کە سرودی میللی کورد بە نێوی ئەی رەقیب، ئەو دایناوە ) و عەبدوالله تەوفیق جەوهەر. ئەو حیزبە حیزبێکی چەپی بوو.

## هیوا.

لە ساڵی ١٩٤١ دوای شۆرشی رەشید عالی لە مانگی ئاوریل و پەیوەست بوونی رەفیق حلمی بەحیزبی دارکەر، بە ریوەبەرانی سازمانە جیاجیایەکان لە کۆنفرانسێکدا، هەموو سازمانەکانیان لە یەک حیزبدا کۆ کردنەوە و کردیانن بە یەک حیزب: بە نێوی (هیوا). تەواوی خەباتگێران لە رەوشەن بیران ، داشجۆیان ، کارگەران و جوتێران لە دەوری ئەو حیزبەدا کۆ بوونەوە. مەقەرێ ئەو حیزبە لەدەرەوەی کوردستان واتە لە بەغدا بوو.

حیزبی هیوا کومەکی بە مەلا مستەفا بارزانی کرد، کە لە سلێمانی هەڵات. مەلا مستەفا بارزانی لە ١٣ ی ژۆئیەی ساڵی ١٩٤٣ بە کۆمەگی شێخ لە تیف لە سلێمانی وەدەرکەوت. شێخ لەتیف بۆ خۆشی ١٠ رۆژ دواتر لە سلێمانی وەدەرکەوت. مەلا مستەفا خۆی گەیاندەوە ناوچەی بارزان. مەلا مستەفا بە هاوکاری و هاتنەگەڵی سەعید بێروخی لە سپتامبری ساڵی ١٩٤٣ ، بە هێز تر بوو. سەعید بێروخی شۆرشگێرێکی ئازا و بە ناوبانگ بوو و بە دژی رێژیمی تورکییە خەباتی دەکرد. دوای ئەو یەکگرتنە، بارزانی ئەو ژاندرمانەی لە مەرزی بەینی بارزان و تورکییە کیشکیان دەکێشا، نا چاری بە چۆل کردنی ناوچەکە کردن.

لە هەوەڵی ئوکتۆبری ساڵی ١٩٤٣ بارزانی لە نزیک مێرگە سوور زیانێکی مەزن بە دەستەیەک ژاندارمی پێک هاتوو لە ١٥٠ کەس دەدا و ناچاریان بە پاشەکشە دەکات. لە پایانی ئوکتۆبری ئەو سالیدا دەوڵەتی ئێراق تیپێکی تێکەڵ لە ژاندارم و هێزی زرێهی و هەوایی دەنێریت، بۆ شەر کردن بە دژی مەلا مستەفا. لە ٩ ی نوامبر را هەتا ١١ ی نوامبری ساڵی ١٩٤٣ شەر لە مێرگەسوور و هێنان درێژەی دەبیت. هێزەکانی ئێراقی لەو تێک هەڵچوونە دا، شکست دەخۆن و ٦٠ کوژرا و بریندایان دەبیت.

## مەرجی مەلا مستەفا بۆتەسلیم بوون

دوای کوژرانی سەعید بێروخی بە دەستی تورکان، مەلا مستەفا لە گەڵ ئینگلیسەکان پەیوەندی دەگریت و داوا دەکات: ئەگەر مەرجەکانی خۆ بە دەستەوەدانی وی زەمانەت بکەن، تەسلیم ببیت. مەلا مستەفا دەیویست پێی ئینگلیسیەکان بخاتە پەرسەکەوە. لە ٦ ی دسامبری ساڵی ١٩٤٣ حیزبی هیوا، بەیانییەکی بە دژی

سیاسـەتی ئێراق بڵاو کردەوە. ئـەو جار شۆرشی بارزانی لە پلـەی شۆرشێکی ساکار وەدەر کەوت و ڕوویی شۆرشێکی میللی بـە خۆیەوە گرت. لـەو بـەینـەدا مـەلا مستـەفا چـەند نامێک بۆ سـەفیری بریتانیا دەنێرێت و داوای چارەکردنی موشکیلـەکەی لێدەکات، بـەلام بێ بەرهەم دەبیت.

لـە ٢٣ی دسامبری ساڵی ١٩٤٣ی زاینی بارزانی لـە نامێکی خۆیدا بۆ کورنوالیسی ئینگلیسی، دەوڵەتی ئێراق بە زوڵم تاوانبار دەکات و ئامانجی ناپاکی ئێراق، دەکاتە هۆی ناچار بوونی لە پارێزگاری لە خۆی و بـەڵێنی ئێراق بە بـەخشینی وی، بە تـەڵـەکە و فێڵی ئێراق دا دەنێت و دەڵێت: ئـەمن ئامادەی پـەیرەوی لە دەستوری ئینگلیسـەکانم. لـە پایانی نامەکەیدا داوا لە سەفیری بریتانیا دەکات، نوێنەر بۆ ناوچـەکە بنێرن هەتا بزانن خەڵکی ناوچەکە، لە چ بـەد بەختییـەک دان.

لـە ٢٧ ی دسامبر بارزانی لە جوابی نامـەی کورنوالیس کە داوای تـەسلیم بوونی دەکرد، جارێکی دیکـەش داوای لە ئینگلیسـە کان کرد، سـەبارەت بە داوای وی لێکۆڵینـەوە بکـەن. هـەر وا لە سـەفیری داوا کرد، بیبـەخشن و هـەوا دارانی ئازاد بکـەن. کورنوالیس لـە کار بەدەستانی ئێراقی داوا کرد، پرسی کورد بخـەنـە بەر چاو و لەگەڵ ڕێبـەرانی کورد پـەیـوەندی بگرن. هـەتا ئـەوەی پێشنیاری کرد شێخ ئـەحمـەدی بارزان و شێخ مەحموود وەک سـەناتۆری ئینتیسابی بچنـە سـەنا. لـە ئاکامدا دەوڵەتی ئێراق بـەخشینی ڕاگەیاند و مـەلا مستـەفا بارزانی لەگەڵ هێندێک لەسەرۆک عـەشیرەتان چووە بـەغدا و بـەڵێنی دا پـەیرەوی لە دەوڵەت بکات.

مەلا مستەفا لە بەغدا بـە ماوەی چـەند ڕۆژ پـەزیرایی شایانـەی لێکرا. بـەلام دیداری سـەرانی کورد زیاتر وەک دیدارێکی ڕەسمی دەچوو، لەوەی وەک بەڵێنی پەیرەوی لە فـەرمانی دەوڵـەتی ئێراق. بـەلام ئـەو پـەزیرایـە بوو بە هۆی نارازی بوونی ناسیـونالیستـەکانی عـەرەب. بـەو هۆیـە بارزانی کاتی مانەوەی خۆی لە بـەغدا کـەم کردەوە.

## پێک نـە هێنانی بـە ڵێنـە کانی ئێراق.

زۆری پێ نـەچوو چلۆنایـەتییـەکە بـەرەو نا باشی ڕۆیشت. دەوڵەتی ئێراق سـەبارەت بـە چارەسەر کردنی باری ژیانی کوردەکان هیچی نە کرد و مـەلا مستـەفا جارێکی دیکـەش نامـەی بۆ سـەفیری بریتانیا نارد و گوتی هیچ کارێک بۆ کوردان نە کراوە. ئـەگەر هیچ مافێکیش بـە ئێمـە نـەدرێت ئێمـە ناچارین بـە دەستی خۆمان مافی خۆمان بستێنین. ئـەوەش ڕوون بوو بریتانییـەکان هـەمیشـە کوردەکانیان وەک هاو وڵاتییـەک چاو لێدەکرد، نـەک وەک کـەمایـەتییەکی ئازادی خواز.

## هێرشی ئـە رتـە شی ئێراق.

ئێراقییەکان بێ گوێ دان بە وتەی بریتانییەکان سەبارەت بە خۆ پاراستنیان لە شەڕ بە دژی بارزانی، لە ١٣ و ١٥ ی ئاگوستی ساڵی ١٩٤٥ ی زاینی سێ تیپیان بە دژی کوردەکان بۆ ناوچەی بارزان بەڕێ کرد. لەو کاتیدا بارزانی ٧٥٠ شەڕ کەری لە ناوچەی برادۆست هەبوو و دوو گروهیشی لە عیمادیە بوو.

هەوەڵین تێک هەڵچوون لە نزیکی سیدەکان رووی دا. لەو تێک هەڵچوونە دا، ئەرتەشی ئێراق نزیکەی ١٠٠ کوشتە دەدات.

## شکستێکی دیکەی ئەرتەشی ئێراق.

لە هەوەڵی سپتامبر، ئێراقییە کان هێزێکی ١٤ هەزار کەسیان لە عەقرە و رەواندووز جێگیر کرد و بە دژی بارزان دەستیان بە هێرش کرد. بەڵام لە هێرشەکە دا شکستیان خوارد. ستونی هەوەڵ کە لە رەواندووز را پێشرەوی دەکات لە نزیک مزنە، توشی زیانێکی سەخت دەبێت. ستونی دووهەم کە لە عەقرە پێشرەوی دەکات، دوای تێک هەڵچوونێکی سەخت دەتوانیت دینارتە بگرێت. بەڵام لە ٨ ی سپتامبر دوای دژ هێرشێک کە لە لایەن مەلا مستەفا بارزانییەوە کرا، ئەرتەشی ئێراق ناچار بە پاشەکشە دەکرێت. لەو شەرەدا، ئەرتەشی ئێراق ١٦٠ کوژراو بریندارى دەبێت و ٣ تۆپیش لە مەیدانی شەڕ بەجێ دەمێنێت. بە هۆی ئەوسەرکەوتنە، کاریگەری بارزانی زیاد دەبێت و ژمارەی شەڕکەرەکانی لە ٢ هەزار کەسیش تێدەپەڕیت.

## پەیوەست بوونی مەحموودئاغای زیباری بە دوژمن.

لە ١٤ ی سپتامبری ساڵی ١٩٤٥ مەحموود ئاغای زێباری: بابی ژنی مەلا مستەفا و هاو کاری وی، دەگەڕێتەوە بۆ پاڵ دەوڵەتی ئێراق. راگەیاندنێکی سەفارەتی بریتانیا لە بەغدا، هۆی خۆ تەسلیم کردنی مەحموود ئاغا، روون دەکاتەوەو دەڵێ: کۆششی وەزیری کیشوەر بۆ جیا کردنەوەی زێبارییەکان و عەشیرەتەکانی تر لە مەلا مستەفا، سەرکەوتوانە بوو.

شکستی بارزانی بە هۆی گەڕانەوەی زێبارییەکان بۆ لای دەوڵەت، چارە نا پەزبر بوو. چونکە ئەوان بەڵەدی شاخو کێوەکان بوون و ئاگاداریشیان بە سەر شەڕکەرەکانی بارزانیشدا هەبوو. لەو کاتیدا باری ژیانی بارزانی باش نەبوو. چونکە دەوڵەتی تورکییەش مەرزەکانی بەست بوو. مەلا مستەفا دوای حەوتویێک توانی بۆ ئێران هەڵ بێت.

## کۆمەگی کوردەکانی ئێرانی بە مەلا مستەفا.

هـەراو هۆریای زۆر لەسەر کۆمەکی کوردەکانی ئێرانی بە مەلا مستـەفا پێش هەلاتنی بۆ ئێران، پەیدا بوو.

چوونی ٢٠٠ هـەتا ٤٠٠ کوردی ئێرانی لە ٢٠ ی ئاگوستی ساڵی ١٩٤٥ بۆ کۆمـەگی مـەلا مستـەفا بارزانی و بـەربەرەکانی توندیان لە شـەڕ بە دژی دەوڵـەتی ئێراق، بوو بـە هۆی بـەین المللی بوونی ئـەو شـەڕە. ئەو جار شـەڕی بارزانی تەنها شـەڕی ناوچەی بارزان نـەبوو و بـەس بەڵکوو شـەڕی گـەلی کورد بوو بـە دژی داگیر کـەری کوردستان.

دوو دەوڵـەتی ئێراق وتورکییـە بـە کۆمـەگی کوردەکانی ڕۆژهـەلاتی کوردستان، زۆر هـەراسان بوون. ئـەو هـەراسان بوونـەی وان بوو بـە هۆی ئەوەی: سـەفیری دەوڵـەتی شۆرەوی حاشا لـە یارمەتی کردنی خۆی بـە مـەلا مستـەفا بارزانی بکات. دەدوازدە ڕۆژ دواتر وڵاتـە یـەکگرتوەکانی ئـەمریکا سـەبارەت بە چۆنیـەتی باکوری ئێراق، نیگـەرانی خۆی ڕاگـەیاند. ئـەمریکایە کان هـەر وەک ئێراقییـە کان پێیان وابوو کوردەکان یارمـەتی دەرەوەیان پێدەکرێت. بـەلام ئینگلیسـە کان پێیان وا بوو: شۆرەوی کـەمترین خۆ تێـوەردانی دەشەڕی بارزانی دا نییـە. ئینگلیسـە کان دیداری نماز عـەلی ئۆفی شۆرەوی لە گـەڵ قازی محەممەد، کە ئـەو کات هێشتا کۆماری کوردستانی ڕا نە گـەیاندبوو، بـە شتێکی ئاسایی دەزانی.

گۆیا عـەلی ئۆف دەچێتـە لای قازی محەممەد و داوای لێدەکات یارمـەتی بـە مـەلا مستـەفا بارزانی بکات. گۆیا بـەو هۆیـە کوردەکانی ژێر دەسـەلاتی ئێران کۆمگیان بەبارزانی کردوە.

## بارزانی و حیزبی هیـوا.

مـەلا مستـەفا کە لە کێـوەکانی باکوری بارزان تەنها و تاقـە مابۆوە، بۆ بـەڕیـوەچوون و پێک هێنانی ئازووقـە و چـەک و دراو (پوڵ) و دەرمان و ئاگا داری، پشتیـوانی بە ناسیـونالیستـەکانی هیـوا بوو. بـەلام پـەیـوەندی بەینی ئەو دوانـە زۆر ڕوون نـە بوو. حیزبی هیـوا دژی پەیـوەندی گرتن لە گەڵ ئینگلیسە کان بوو. بارزانی لە پەیـوەندی خۆی لە گەڵ هیـوا خۆی دەپاراست و ڕازی بـە بوونی وان لە بارزان نـەبوو. تەنها لە ساڵی ١٩٤٤ی زاینی مەلا مستەفا دیداری نوێنـەرانی ئـەو حیزبـەی لە بارزان قبووڵ کرد. ئـەو نوێنەرانە ئەوانە بوون: ئـەفسـەرێک بە نێـوی عزت عـەبدالعـەزیز: سـەرهـەنگ دوەم ، ئـەمین ڕەواندزی ، سـەروان عـەبدالعـەزیز گەیلانی : کوری سـەید عـەبداللـە و نـەوەی شێخ عـەبدالقادر ، میر حاج خـەڵکی عـەقرە ، فوئاد عارف: خوارزای ماجید مستـەفا خـەڵکی پژدەر ، مستـەفا خۆشناو و ماجید عـەلی.

دواتر  بـه هۆی پـەیـوەندی بەینی بارزانی لـه گەڵ شێخ لـەتیف (کوری شێخ مەحموود ) کـه لەسەر دەشت قـەراری گرتبوو و حکومـەتێکی سـەربەخۆی پێک هێنا بوو، پـەیـوەندی بـەینی بارزانی و حیزبی هیـوا تێک چوو. حیزبی هیـواش بـە هۆی دوو بەرەکی راستی و چـەپی، لـە بـەرێک هـەڵوەشا و بووە سێ یا چوار بـەش.

1 شۆرش، کـە ٣٠٠ هـەتا ٣٥٠ ئـەندامی هـەبوو. کـە لە راستیدا حیزبی کمونیستی ئێراق بوو. رێبـەرانی ئەو حیزبـە ئەوانە بوون: عـەبدوالله نووری شاوێس و جـەماڵ حـەیدەری.

٢ رزگاری کە ٥ هـەزار هـەتا ٦ هـەزار ئـەندامی هـەبوو. ئـەو حیزبـە، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراقی لێ پێک هات. هێندێک لە رێبـەرانی ئەو حیزبـە ئەوانەبوون: دوکتر جـەعفـەر عـەبدولکـەریم ( برای حـەبیب کەریم ) کە بوو بـە دەبیر کوللی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراق دوای ١٩٦٤ ، دوکتۆر سـەدیق ئـەتروشی و تاها محیـەالدین: معاوینی رەئیس جمهوری ئێراق لە ساڵی ١٩٧٥.

3 ئازادی رێی راست.

پـەیـوەندی گرتن لەگەڵ ماجید مستـەفا یـەکێک بوو لە هۆیەکانی لێک جیا بوونـەوەی حیزبی هیـوا.

### حیزبی کموونیستی ئێراق و پرسی کوردی.

رفتار و لێکدانەوەی حیزبی کموونیستی ئێراق سـەبارەت بە پرسی کوردی رفتارێکی دوو لایـەنە بوو: لـە لایەک پشتیـوانیان لە خواستـەکانی گـەلی کورد دەکرد. لـە لایـەکی دیکـەشـەوە لە وتارەکانی خۆیاندا هیچ کات باسی خود موختاری یا سـەربـەخۆیی کوردستانیان نە دەکرد. حیزبی کموونیست دژی حێزبێکی کموونیستی تایبـەت بە گـەلی کورد بوو. حیزبی کموونیست پێی وا بوو خـەباتی بـە تێکرایی لـە چوار چێـوەی حیزبی کموونیستی دژ بـە ئیمپریالیست و دژ بە چـەوساندنەوەی گـەلان، سـەر ئـەنجام بـە ئازادی عـەرەب و کورد دوایی پێدێت. لەسەرئەوەشرا زۆر لە کوردەکان ئارەزوی پارتی سەربەخۆیان هەبوو و زۆر پارتیش پێک هاتن، بەڵام بێ ناکۆکی نێو خۆییش نەبوون.

دوای ئەوەی لە باشوری کوردستان پارتی دیموکراتی کوردستان پێک هات، کوونیستـەکانی کورد دەو پارتەدا توانەوە. لـەو کاتـەی بارزانی لە ئوکتۆبری ساڵی ١٩٤٥ لە مەرزی ئێران تێدەپـەڕی، هێشتا لە نێـو هـەستانەوەی گەلی کورد، نا کۆکی هـەر مابوو.

## چوونی مـەلا مستـەفا بارزانی بۆ ڕۆژهـەلاتی کوردستان.

بارزانی پێش چوونی بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات سێ کەسی وەک نوێنەر ناردبووە لای قازی محەممەد، بۆ ئـەوەی بزانی دەتوانی لەگەڵ خانەوادە و عـەشیرەتەکەی خۆی: کە زیاتر لە ١٠ هـەزار کەس بوون بچیتـە وێ یا نا؟

قازی محـەمـەد پێی وابوو ئەو کات وەختی چوونی وی نییـە. بـەڵام بارزانی پێش وەرگرتنی وڵام و پـەرسڤ، گـەیشتبووە کوردستانی ڕۆژهـەڵات. شۆڕەویـەکان دژی مەلا مستـەفا بوون و پێیان وا بوو کار بۆ ئینگلیسـەکان دەکات. بارزانی لەگەڵ میرحاج و حـەمزە عـەبدوللـە، چوەلای ژەنراڵ لیـوبۆڤ. لیـوبۆڤ پێی گوتبوون دەبێ لە ئێران وەدەر کەون. ئـەوان گوتبوویان چـەکدارەکان لە ئێران وەدەر دەکەون، بـەڵام لە خانەوادەکان گرێن، ئەو زستانـەی بمێننـەوە. دوای ١٠ ڕۆژ ژەنەڕاڵ لیـوبۆڤ ئـەو پێشنیارەی وانی پەسند کرد.

# بەشی هەشتەم.

## كۆماری كوردستان و بیری نەتەوایەتی.

قازی محەممەد كوری قازی عەلی كوری قازی قاسم بوو. قازی فەتتاح برای قازی قاسم لەساڵی ١٩١٦ بۆ پارێزگاری شاری مهاباد، نەخشێكی گرنگی هەبوو. لە ئاخیرەكەی بە دەستی رووسان كوژرا. لە ٢٥ ی ئاگوستی ساڵی ١٩٤١ كە ئێران بە هۆی بریتانیا و دەوڵەتی شۆرەوی گیرا، هەلێكی گرنگیش بۆ گەلی كورد رەخسا. هێزەكانی شۆرەوی لە ماكوڕا هەتا سنەیان گرت. بەڵام لە دواییدا بۆ شنۆ و میاندواو پاشە كشەیان كرد. هێزەكانی بریتانیش دوای پیادەكردنی چەترباز، لە جێگا نەفتییەكانی خوزستان ڕا هەتا سنەیان گرت. بەڵام سنەیان دوای بەجێ هێشتنی رووسەكان گرت. ئەو بەشەی مهاباد، بۆكان، بانە، سەردەشت، سەقز و دیواندەرە هیچ هێزێكی تێدا نەمابوو.

## نەخشەی یەك گرتنەوەی كوردستان.

بۆ هەوەڵین جار لە ٢٥ ی سپتامبری ساڵی ١٩٤١ ی زاینی واتە مانگێك دوای گرتنی ئێران لە لایەن هێزەكانی بریتانی و شۆرەوی، دوو ئەفسەری ئینگلیسی و ئەمریكایی لە مهاباد لەگەڵ قازی محەممەد دیداریان كرد. لەو دیدارەدا، قازی محەممەد نەخشەی یەكییەتی كوردستانی بۆ دوو ئەفسەری نێو براو باس كرد و پرسیاری لێكردن: چۆن دەتوانی لەگەڵ فەرماندەی هەموو هێزەكانی بریتانی پەیوەندی بگریت؟ بەڵام ئەو دوو ئەفسەرە ڕوخۆشیان نیشان نەدا. دوای ئەو نا هۆمێدیە، قازی محەممەد لەگەڵ شۆڕەوییەكان دەستی بە گوفتو گۆ كرد. بۆ جاری دووهەم قازی محەممەد لەگەڵ هێندێك لە گەورە ناسراوانی كورد، بۆ باكۆ بانگ كرا. بانگ كراوەكان ئەوانە بوون: قازی محەممەد لە مهاباد، ئەمیر ئەسعەد و حاجی بابەشێخ لە بۆكان، رەشید بەگ و زێرۆ بەگ لە كوردەكانی هەركی، محەممەد قاسملو بابی عەبدوالرەحمان قاسملو دەبیر كوللی داهاتووی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران و محەممەد سیدیق كوری سەید تەهای شەمزینان ( شەمدینان ).

ڕێبەرانی كورد لە ٢٥ ی نوامبر هەتا ٥ ی دسامبری ١٩٤١ لە باكۆ مانەوە. رەئیسی شورای بەرزی جمهوری سۆسیالیستی ئازربایجان، پرسی كوردی بە پارێزەوە باس دەكات. ئەمیر ئەسعەدی نێو براو گوتویەتی، باقرئۆف بە وانی گوتوە: یەكییەتی شۆرەوی یەكە لەگەڵ بیری سەربەخۆیی میلەتەكانی چووك. بەڵام ئێستا بۆ سەربەخۆیی كات گونجاو نییە و كوردەكان با سەبر بكەن. ئەو كاتی چەند كەسێك لە كوردەكان گوتیان: ئێمە ئێستا سەربەخۆییمان دەوێ. باقرئۆف پێدەكەنێ. هێندێك وا دەگێرنەوە: باقرئۆف بەوانی گوتوە نەزم و ئارامی بپارێزن و كوردەكانیشی بەوە خاترجەم كرد: كە ئومێدتان دێتە دی.

ئێران لە سەفەری نوێنەرانی كورد بۆ باكۆ ناڕازی بوو و نا رازی بوونی خۆشی بە سەفیری شۆرەوی ڕاگەیاند. سەفیری شۆرەوی ئەو سەفەرەی بە سەفەرێكی فەرهەنگی لەقەڵەم دا.

## ترسی تورکان له بیری سه ربه خۆیی کوردان.

لـه ڕاستیدا هۆی ئـەو هـەموو هـەنگامـە و ناکۆکیانە، تورکـە کان بوون. تورکییـە لە دووی دسامبری ۱۹٤۱ ڕا، جار له دوو جار سکاڵای دەبردە بەر ئینگلیسـە کان، سـەبارەت بـە خۆ تیـوەردانی شۆڕەویـەکان لـە کوردستان، بۆ پێکـ هێنانی وڵاتێکی سـەربـەخۆی کوردی. تورکـەکان دەیان گوت پـەیـوەندی بەینی ئێران و تورکییـە براوە و کوردەکان لـە نێـو خاکی تورکییـە دەستیان بـە هێرش کردوە.

لەو کاتە دا خـەڵکی مهاباد لە ڕەقابەتی بەینی قازی محەممەد و ئـەمیر ئـەسعـەدی دێبۆکری، ڕەنجیان دەکێشا. لـەو ساڵانـەی نـەمانی دەسەڵاتی ئێران لە هـەریمـەکـە دا، قازی محەممەد کە لە نێـو خـەڵکـ کاریگـەری هـەبوو، پاراستنی هێمنی شاری وەئـەستۆی خۆی گرتبوو.

لـە فیبروەری ساڵی ۱۹٤۲ ئـەمیر ئـەسعـەد و هێندێکی دیکـە لە خـەڵکی مهاباد لەگەڵ شابـەختی لـە سـەقز پـەیـوەندی دەگرن و بۆ وە ئـەستۆ گرتنی هێمنی شاری مهاباد، ئامادەکی خۆیان ڕادەگەیەنن. دوای ئـەو کاتی ئەمیر ئـەسعـەد کە دەچێتـە تاران، بـە فـەرمانداری مهاباد دادەندرێت و بە ماشێنێکی بـە ڕانندەوە دەگەڕێتـەوە. قازی محەممەد کە بە فـەرمانداری ئـەمیر ئـەسعـەد ڕازی نابێت، دەچێتـە تاران. بـەڵام لە کوردستان نا ئارامی پەیدا دەبێت و ئـەمیر ئـەسعـەد ناچار بە خۆ کێشانەوە لە فـەرمانداری دەبێت.

## نا ئارامی شاری ورمێ.

دوای بڕیاری ئوستانداری ورمێ بۆ چـەکـ کردنی کوردەکان و دانانی ژاندارمی شیعـەی تورکـ زمان لە جێی وان، نا ئارامی بروز دەکات. لـە ۲۸ ی ئاوریلی ۱۹٤۲ عـەشیرەتـەکانی کوردی دەور و بـەری ورمێ، هێرش دەکەنـە سـەر شار و خـەتی تـەلـەفون دەبڕن و شار گەمارۆدەدەن. ئوستانداریش هـەڵدێت بۆ تـەورێز.

ڕۆژی ۳۰ ئاوریل کونسولی شۆرەوی لە تـەورێز و ڕەئیسی ستادی هێزەکانی شۆرەوی بـە فڕۆکـە دەچنە ورمێ و لەگەڵ کوردەکان دیتن دەکەن. کوردەکان داوای ئەوەیان کرد، ئیجازەیان هـەبێت چـەکـ هـەڵبگرن و تـەوای ژاندرمـەکانی ئێرانی لە بەینی خۆ و مهاباد، ناوچـە بەجێ بێڵن. لـە تـەواوی قوتابخانەکانی شار، بە زمانی کوردی دەرس بخوێندرێت. زیندانیانی کوردیش ئازاد بکرێن. ئـەوەش بە مانای ئەوەی بوو: کوردەکان داوای بـەڕیـوەبەری کاری خۆیان بـە دەستی خۆیان دەکرد و ئازادیان دەویست. شۆڕەویـەکان کە دیتیان هێزی کوردەکان لە ۱۰ هـەزار کەسیش زیاترن، لـە بەربەرەکانی لەگەڵیان خۆیان پاراست.

لـه ڕۆژی ۷ ی مـەی ۱۹٤۲ ڕەئیسی ستادی ئـەرتـەشی شۆرەوی و وەزیری جـەنگی ئێران بە نێـوی فـەهمی، هاتنه شاری ورمێ. دوای گوفتو گۆ لەگەڵ کوردەکان، کوردەکان ملیاندا، هێزەکانی ئێرانی بۆ ناوچـەکـه بگەڕێنەوە. ئـەو هێزانه بێ تێک هـەڵچوون هاتنـەوە شاری ورمێ. لـەو دەورانەدا هێندێک لە خـەڵکی مهاباد، کۆمـەڵەی ژیانی کورد، دورست دەکـەن. ئـەوانەی ئەو کۆمەڵەیان دورست کرد، ئـەوانەبوون: ڕەحمانی زەبیحی ، محەممەدی شـەڕەفی ، قاسم قادری ، ئـەحمـەد عیلمی ، قادر مودەریسی ، حوسێن فرۆهـەر ، عـەزیز زەندی و محەممەد یاهو.

وا وێدەچێ ئـەو حیزبـه لە هەوەڵەوە ئەو کۆمـەڵـەی ژینـەوەی کورد بوو بێت: واتە (کمیتـەی تجدید حیات کورد )، کە بـە هۆی مەحموود جـەودەت لە سلـێمانی دورست ببوو.

لـە دواییدا خـەباتی ئـەو حێزبـە بە هۆی میر حاج و هێندێک لە ئـەفسـەرە ئازادیخوازەکانی کورد درێژەی پێدرا. هـەر جوور بوو بێت لە بەینی هیـوا و کۆمەڵە دا پەیـوەندی هـەبووە.

لـە مارسی ۱۹٤٤ی زاینی محەممەدی شەڕەفی بۆ دیتنی ئـەفسـەرە کوردەکانی حیزبی هیـوا: ئـەمین ڕەواندزی ، عـەبدالعـەزیز گیلانی ، عیزەت عـەبدوالعـەزیز و مستـەفا خۆشناو، دەچێتـە کـەرکوک. چـەند مانگێک دواتر هـەمزە عـەبدوالله چـەند سـەفەرێک بۆ مهاباد دەکات. هـەروا قـەدری بـەگ نـەوەی جـەمیل پاشای دیاربـەکر لە سووریـیەڕا و مـەلا وەهاب لـە تورکییـەڕا، دێنـە مهاباد

لـە ساڵی ۱۹٤۳ خـەڵکی مهاباد هێرشیان کردەسەر شارەبانی و حـەوت پۆلیسیی ئازەریان کوشت. ئەوانی تریشیان دەر کردن و هێز و دەسەلاتی ئێرانییان لەوێ دوایی پێ هێنا.

لـە ئوکتۆبری ساڵی ۱۹٤٤ی زاینی قازی محەممەد چوە نێـو کۆمـەڵە.(واتە حیزبی کۆمەڵە ). قازی محەممەد ئەگەر چی بە ئەندامی کۆمەڵەش هەڵ نەبژێردرا بوو، بـەلام بـە زوویی دەسەلاتی ئـەو حیزبـەی خستـە ژێر دەستی خۆی.

لـە دەست پێکردنی ئوکتۆبری ساڵی ۱۹٤٤ی زاینی قازی محەممەد لەسەر داوای سـەرۆک وەزیر، چوە تاران. قازی محەممەد لەگەڵ سـەر لـەشکر ئـەرفـەع: ڕەئیسی ستادی ئەرتەشی ئێران، گوفتو گۆی کرد. قازی محەممەد بە ئاشکرایی باسی دەرد و ئێشی کۆنی خـەڵکی کورد دەکات. هـەروا باسی ڕفتاری ناباشی کاربەدەستانی دەوڵـەتی لەگەڵ خـەڵک، دەکات. ئومێدەواری خۆی بۆ دانانی کاربەدەستانی کورد، لـە ناوچـە کورد نشینـەکان دەر دەبڕێت. بـەلام باسی خودموختاری یا سـەربـەخۆیی ناکات.

لـە یەکێک لە دانیشتنـەکانی کۆمـە ڵـە لە ۲٥ ی گەلاوێژی ساڵی ۱۳۲٤ ی خورشیدی واتە: لـە ۱٦ ی ئاگوستی ساڵی ۱۹٤٥، قازی محەممەد داوای ئاشکرا کردنی کۆمـەڵە و گۆڕینی ئەو حیزبـەی، بە نێـوی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەکات. حیزبی دیموکراتی کوردستان بـەرنامـەی خۆی، ئـەوا بلاو دەکاتـەوە: خودموختاری بۆ

کوردستان. خوێندن بە زمانی کوردی. هەڵبژاردنی کارمەندانی کورد. دانانی یاسایەک بۆ خاوەن زەوی و جوتێر. هاوکاری لەگەڵ هەستانەوەی ئازربایجان.

## سەفەری دووهەمی قازی بۆ باکۆ سپتامبری ١٩٤٥.

لە سەفەری دووهەمی قازی محەممەد بۆ باکۆ، هەموو شتێک روون دەبێتەوە. سەفەری دووهەم ئیدی سەفەرێکی فەرهەنگی نەبوو. بەڵکوو سەفەرێکی سیاسی بوو. نوێنەرانی کورد یاد داشتێکیان ئامادە کردبوو، کە هەرچی لە شۆڕەوییان چاوەڕوان دەکرد، دەو یادداشتەدا بە وردی روون کرابۆوە. دەو یاد داشتەدا: پشتیوانی لە پێک هێنانی وڵاتێکی سەربەخۆ داوا کرابوو. هەروا کۆمەگی ماڵی و وەرگرتنی چەکیش، داخوازی کرابوو. بە وتەی ویلیام ئیگلتن: نووسەری کۆماری کوردستان (Kurdish Republic of 1946)، باقرئۆف لە هەوەڵەوە گوتی هیچ هۆیەک نییە بۆ پەلە کردنی کوردەکان، بۆ دورست کردنی وڵاتێکی سەربەخۆ. باقرئۆف باوەڕی وا بوو ئازادی کوردستان گرێدراوی پیرۆزی و سەرکەوتنی جەبهەکانی تری مردمی و خەلکییە. نە تەنها لە ئێران، بەڵکوو لە تورکییە و ئێراقیش. هەر وا چاوی لەوەی بوو: کوردەکان هەتا پێک هاتنی یەکیەتی هەموو گەلی کورد، بە بەشێک لە ئازربایجان بمێننەوە. بەڵام قازی محەممەد و نوێنەرەکانی تر، نەیان دەتوانی بەوە ملبدەن: کە سەر بە فەرمانی ئازربایجان بن و لە قسەی باقر ئۆف دڵناخۆش بوون. ئەو دڵناخۆشی و ئیعتیڕازە، سەرکەوتوانە بوو. چونکە باقرئۆف لە حاڵێکدا مستی لە مێز دەدا، بەوانی گوت: هەتا یەکیەتی شۆرەوی هەیە کوردەکان لە سەربەخۆیی خۆیان کەڵک وەردەگرن. لە پاشان باقرئۆف بە نوێنەرانی کوردی بەڵێن دا: ئەسلەحە و حارەبەی شەر و تۆپ و تیرباریان بداتێ. هەروا بەڵێنیشی دا: چەند جێگای دانشجۆیی لە خوێندنگاکانی باکۆ بۆ قوتابیانی کورد، دەست نیشان بکات. هەتا ئەوەی بەڵێنی هێندێک کۆمەگی ماڵیشی پێ دان. هێندێک کەرستەی چاپ بۆ رۆژنامە و کتێبی کوردیشی دانێ.

## راگەیاندنی کۆماری کوردستان ٢٢ی ژانویەی ١٩٤٦.

لە ٢٠ ی نوامبری ساڵی ١٩٤٥ جەعفەری پیشەوەری خودموختاری ئازربایجانی راگەیاند بوو و لە قازیشی داوا کردبوو، ٥ نوێنەری کورد بنێرێتە مەجلیس.

لە ١٧ ی دسامبری ساڵی ١٩٤٥ ی زایینی دوای رێ پێوانێک لە لایەن خەڵکێکی زۆری شاری مهاباد بۆ لای دادگوستەری شار، کە ئاخیرین جێ بوو، دەسەڵاتی دەوڵەتی ئێرانی تێدا مابوو، ئالای کوردستان بە ٣ رەنگی: سەوز و سپی و سوور، بە نەخشی رۆژ بە رەنگی زەرد لە نێو دوو گوڵە گەنم دا، لەسەر ئیدارەکانی دەوڵەتی: لە مهاباد و نەغەدە و شنۆ هەڵدرا.

لە٢ ی ڕێبەندانی١٣٢٥ ی خورشیدی  واتە: ٢٢ ی ژانویەی ساڵی ١٩٤٦ ی زاینی لە کۆبوونەوەیەک دا: لە چوار چرای مهاباد لە کاتێکدا کە مەلا مستەفا بارزانیش لە پشت سەری قازی محەممەد ڕاوەستا بوو، کۆماری کوردستان ڕاگەیاندرا. چەند ڕۆژ دواتر ڕۆژنامەی کوردستان: ژمارەی ١١ ی فیبروەری ساڵی ١٩٤٦، نێوی وەزیرەکانی بەو جۆرە ڕاگەیاند : سەرۆک وەزیر: حاجی باباشیخ.

وەزیری جەنگ: سەیفی قازی.

پەروەردە و فێر کردن: مەنافی کەریمی.

کیشوەر: محەممەد ئەمینی موعینی: بازرگان.

بێهداری: محەممەدی ئەیوبیان: دارو فرۆش.

ڕاوێژکار (مشاویر): عەبدوالرەحمانی ئیلخانی زادە: مالیک.

ڕێگا: ئیسماعیلیئیلخانی زادە: مالیک.

ئابووری: ئەحمەدی ئیلاهی.

پۆست: کەریم ئەحمەدەین.

بازرگانی: مستەفا داودی: بازرگان.

کەشاوەرزی: مەحموودی وەلی زادە: بازرگان.

تەبلیغات: سیدیقی حەیدەری.

لەو دەوڵەتەدا زۆربەی ئەندامەکانی بازرگان و مالیک بوون.

## ئەرتەشی کوردستان.

قازی محەممەد بۆ بە هێز کردنی دەوڵەتەکەی و بۆ ئەوەی وابەستە بە هێزی مالیکەکان نەبێت، بۆ پێک هێنانی ئەرتەشێکی میللی، کۆششی دەست پێکرد و ئەرتەشی پێک هێنا. ژمارەی ئەو ئەرتەشە بە زوویی، گەیشتە

١٢٠٠ سەرباز و ٤٠ دەرەجەدار و ٧٠ ئەفسەر. ئەوانە لە خەڵکی مهاباد و دەورو بەری، بۆ خزمەت لە ئەرتەشدا وەرگیرابوون.

باقرئۆف بەڵێنی کۆمەگی نیزامی شۆرەوی بە قازی محەممەد دابوو، بەڵام هەموو کۆمەگەکەی ١٠ هەزار تفەنگ و دەمانچە و تیربار بوو، کە لە ٢٠ کامیون دا بۆی نێردرابوو.

بۆ دەورە و فێر کردنی نیزامیش، باقرئۆف سەروان سەلاحەددین کازم ئۆڤی نارد بووە مەهاباد، هەتا لەگەڵ ئەو ئەفسەرە کوردانەی لە گەڵ مەلا مستەفا هاتبوون، فێر کردن وسازماندانی ئەرتەشی ئەنجام بدەن. ئەگەر چی قازی زۆری داوای یارمەتی لە شۆڕەوی کرد، بەڵام هەموو یارمەتییەکەی شۆرەوی هەر ئەوەبوو باسی لێکرا.

## ناکۆکی بەینی ئازربایجان و کوردستان.

لە فیبروەری ساڵی ١٩٤٦ قازی محەممەد بۆ تەورێز بانگ کرا. بانگ کردنی وی بۆ ئەوەی بو: ڕوون بکاتەوە، لە حاڵێکدا تازە ئازربایجان خود موختاری ڕاگەیاندوە، قازی محەممەد بۆچی دەوڵەتێکی سەربەخۆی دورست کردوە. قازی محەممەد لە جوابدا دەڵێ: پێش هەنگاو هەڵێنان بۆ ئەو کارە، بە یرماکۆڤی (Yermakov) ئەفسەری سیاسی شۆرەوی لە تەورێزی گوتوە. هەتا ئەوەی: خودی یرماکۆڤ لە ڕێو ڕەسمی ڕاگەیاندنی کۆمارییدا، بەشداری کردوە. بێجگە لەو ناکۆکیەی ڕاگەیاندنی کۆمار، ناکۆکی دیکەش لە بەینی ئازربایجان و کوردستاندا هەبوون. شایەکانی ئێرانی بۆ پێشگیری لە نفوزی کوردەکان کە کورد و سنی مەزهەب بوون، تورکی شیعە مەزهەبیان لە نیو شارەکانی کوردستان بە هێز کردبوو. بەو هۆیە تورکیان دەشارەکانی ورمێ و شاپوور و میاندواو خزاندبوو. هەر وەک لە کەرکوکیش عەرەب و تورکیان تێخزاندوە. بەو هۆیە ئازربایجانییە کان، ئەو سێ شارەی کوردستانیان بە ئێخۆیان دەزانی و کوردەکانیش بە کوردستان و شاری کوردیان دەزانی. کوردەکان و ئازربایجانییەکان بۆ لابردنی ناکۆکی بەینیان، ڕوویان کردە شۆڕەویە کان. لە دیداری نوێنەرانی کوردەکان لە گەڵ هاشم ئۆڤ، زێرۆبەک لە حزووری هاشم ئۆڤ سەندەڵیەک هەڵ دەگرێت و لە نێوەڕاستی وەتاخەکە دا دا دەنیشت و دەڵێ: ئەو وەتاخە دەبێتە ئیمن؟ هاشم ئۆڤ دەڵێ نا. زێرۆ بەگ دەڵێ: کە وابێ ئەو شارانەش نابنە شاری تورکی ئازەری. لە ئاخرەکەیدا بە میانجی گەری شۆڕەویە کان، پەیمانێکی دۆستی و یەکیەتی ٢٠ ساڵە ئیمزا دەکەن. لەو پەیمانە دا بڕیار درا ئەو جێگایانەی زۆربەیان ئازەرین کاربەدەستی ئازەری لێ دابندرێت و ئەوجێیانەی زۆربەیان کوردن کاربەدەستی کوردیان لێ دابندرێت. پەیمانە کە چەند خاڵی تریشی تێدا بوو.

دوای ئەو پەیمانە نیگەرانی ئێران و بریتانیا زیاد بوو. لەندەن ئەو پەیمانەی مەحکوم کرد. ئێرانیش دەستی کرد بە گوفتو گۆ کردن لەگەڵ پێشەوەری و پێشەوەر لەگەڵ دەستەیەک لە نوێنەران، دەچێتە تاران. بەڵام لەو

گوفتو گۆیـەدا پێک نایـەن. پێشـەوەری بۆ سـەر نەکەوتنی گوفتو گۆیەکە وەزیری ئێران گوناح بار دەکات و دەڵی: وەزیری ئێران دەیەوێ ئازربایجان بێ قـەید و شـەرت تـەسلیم ببیت. مانگێک دواتر جارێکی دیکـەش، گوفتو گۆ دەست پێدەکەنـەوە. لـەو گوفتو گۆیـە دا پێشـەوەری، مانـەوەی ئازربایجان وەک بـەشێک لـە خاکی ئێران، پەسند دەکات.

ڕێبـەرانی کورد لـەو گوفتو گۆیەی پێشـەوەری لەگەڵ ئێران نا ڕازی دەبن و ئـەو گوفتو گۆیـە کە بێ ئاگا داری وان دەکرێت، بـە دژی پـەیمانـەکەی دەزانن. لـەو گوفتو گۆیـە دا، ئێران ئوستانداریێک بۆ ئازربایجان دا دەنێت. سـەیفی قازیش بـە فـەرمانداری مهاباد دا دەنێت. قازی محەممەدیش بە ڕێبـەری سادەی حیزب واتـە پێشـەوای حیزبی دیموکرات دادەنێت و بـەس. بـەڵام کوردەکان هیچ گرنگی بـەو پـەیمانـەی پێشـەوەری و ئێران نا دەن. هـەر وەک ئـەوەی هیچ شتێک نە گوترابیت. دوای چـەند شـەری سـەرکەوتوانـەی کوردەکان بـە دژی هێزەکانی دەوڵەت، سـەر لـەشکر ڕەزمارا، لە گـەڵ کوردەکانیش گوفتوگۆ دەست پێدەکات. ڕەزمارا لـە ٣ ی مـەی ساڵی ١٩٤٦ ئاگر بـەسی لەگەڵ کورد و ئازربایجانییـە کان ئیمزا کرد. بـە پێی ئەو ئاگربەسە، کوردەکان بۆ چـەند کیلومیتری شیمالی جادەی سـەقز سـەردەشت پاشـەکشـە دەکەن.

لـە ١٠ ی مـەی ساڵی ١٩٤٦ ی زاینی، چۆل کردنی ئێران لە لایـەن شۆڕەویـە کان دەستی پێکرد. ئـەو چۆل کردنـە وەک ئیمزای مـەرگی کۆمار بوو.

قازی محەممەد لـە ئاخیرین گوفتو گۆ لە گەڵ قـەوام السـەلتـەنـە، داوای ئوستانێکی کوردستانی کرد، کە لە مـەرزی شۆڕەوی ڕا هـەتا بـەینی شاری سنـە و کرماشانی دەگرتـەوە. گۆیا قـەوام السـەلتـەنـە، ئـەو پێشنیارەی پـەسند کردبوو، بـەڵام شۆڕەویـەکان قبووڵیان نە کردبوو.

لـە نیـوەی نوامبری ساڵی ١٩٤٦ محەممەد ڕەزا شا بۆ هێرش کردن بۆ سـەر کۆمارەکانی ئازربایجان وکوردستان، لەگەڵ سـەرۆک وەزیر: قـەوام السـەلتـەنـە و وەزیری جـەنگ: سـەر لـەشکر حـەسـەن ئـەرفـەع تـەگبیری کرد.

لـە ٢٣ ی نوامبری ١٩٤٦ لـەشکری ٣ ی ئازربایجان، چووە زنجانێ. محەممەد ڕەزا شا بۆ سازمان دانی هێزەکانی، بۆ خۆی چووە زنجان. هێزەکانی ئێرانی کە بە تێکرایی ٢٠ هـەزار سـەرباز بوون، بـە دژی ئەو دوو کۆمارە دەستیان بـە چالاکی کرد. ڕێژیمی پێشـەوەری بێ بـەربـەرەکانی تێک چوو و ڕێبـەرەکانیشی هـەڵاتن بۆ شۆڕەوی.

ئـەرتـەشی ئێران بـە فـەرماندەیی سـەرتیپ هاشمی، لـە ١٣ ی دسامبری ساڵی ١٩٤٦ بێ بەربەرەکانی چووە شاری تـەورێز. لـە گەڵ ئەوەی هیچ بەربەرەکانیشیان نە کرد ٥٠٠ کـەسیشیان لێکوشتن. هێزەکانی ئازربایجانی تەنها لە شاهیندژ لە کوردستان، ٧ هـەتا ١١ ی دسامبر بەربەرەکانیان کرد. کـە بە کۆمەگی بارزانییـەکان هێزەکانی ئێرانی شکستیان خوارد. دوای ئەو شـەڕە ئازربایجانییـەکان هیچ شـەڕی دیکـەیان نـەکرد. بارزانییـە کان و هێزەکانی تری کورد کە گەڕانەوە بۆ مهاباد، ئـەرتـەشی ئێران لە ١٣ ی دسامبر ١٩٤٦ میاندواوی گرت.

لـە ٥ ی دسامبری ١٩٤٦ قازی محەممەد لە شورای جـەنگ بە بـەشداری ١٠ کـەس لە ڕێبـەرانی سیاسی و نیزامی و بـە حزووری برایـەکەی سـەدری قازی کە نوێنـەری مـەجلیس بوو و نـەخشی بژیوانی دەگێڕا، توانی بۆ چوونی خۆی: لەسەر پێـویستی بەربەرەکانی چـەکدارانە بـە بەشدارانی ئەو شوڕایە بسـەلمێنیت. سبـەینـەکەی سـەنەدی بریار لەسەر دراو لە مزگەوتی هـەباس ئاغا، بۆ خـەڵک خوێندراوە. لـە ١٥ ی دسامبر ١٩٤٦ نوێنـەری بارزگانی شۆڕەوی، مهابادی بەجێ هێشت و چووە شاری ورمێ. سـەرانی مهابادیش کە زانیان شۆرەوی ئەوانیانی بـە جێ هێشتوە ویستیان تـەسلیم بن.

لـە ١٦ ی دسامبری ١٩٤٦ قازی محەممەد وسـەیفی قازی و حاجی بابا شێخ و هێندێکی دیکـە لەسەرانی مهاباد، چوونـە میاندواو، هـەتا خۆیان تـەسلیمی سـەر لـەشکر هۆمایـونی بکـەن. دوای گوفتو گۆ لەگەڵ سـەر لـەشکر هۆمایـونی، قازی محەممەد ڕێی درا بگـەڕێتـەوە بۆ مهاباد.

مـەلا مستـەفا بارزانی بۆ دوایین جار لە مهاباد، قازی محەممەدی دیت. بارزانی پێی گوت لەگەڵ وی بچێت، بـەڵام قازی محەممەد ساغ ببۆوە لەسەر ئەوەی بۆ پارێزگاری خـەڵکە کـەی، لـە مهاباد بمێنێتـەوە. لـە ١٧ی دسامبری ساڵی ١٩٤٦ ی زاینی شاری مهاباد گیراوە.

## دادگایی قازی محه ممه د.

لـە ڕۆژەکانی هـەوەڵی ژانویـەی ساڵی ١٩٤٧ ی زاینی قازی محەممەد لەگەڵ برایـەکەی: سـەدری قازی و کوڕی مامی: سـەیفی قازی، لـە دادگایـەکی نیزامیدا بە سـەرۆکایەتی سـەرهـەنگ پارس تـەبار و داد ستان: سـەرهـەنگ فیـوزی و ڕەئیسی ستاد: سـەرلەشکر هۆمایـونی، دادگایی کران. دادگا لـە ڕۆژی ٢٣ ی ژانویـەی ساڵی ١٩٤٧ واتـە دورست یەک ساڵ و یـەک ڕۆژ دوای ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، بریاری مـەرگی لەسەر ئـەو سێیانـە دا. ئـەو سێیانـە لە بەیانی ڕۆژی ١٠-١-١٣٢٤ -٣١-٣-١٩٤٧، لە مـەیدانی چوار چرای مهاباد لـە سێـدارەدران. جـەنازەی هەرسێکیان لە تەواوی ڕۆژەکە، بۆ ترساندنی خـەڵک، بـە دارەوە مانـەوە. لەو کاتەی ئەرتەشی ئێران مهابادی گرتبۆوە، بـە ماوەی چـەند ڕۆژ شوێنـەواری کۆمار لـە هـەموو جێیـەکانی مهاباد لە بـەین بردرابوو . بـەڵگـە و سـەنـەد و ئاڵا و ڕۆژنامـە و نووسراوەکانی کوردی هـەموو سوتێندرابوون.

## کورته ی پوخته ی بـه سه ر هاتـه کـه .

لە کۆتایی شەری دووهەمی جیهانیدا گەلی کورد لە رۆژ هەلاتی کوردستان هەلێکی باشی بۆ هەل کەوت. بە پێی ئەو هەلە توانی کۆماری کوردستان پێک بێنێت. بە داخەوە ئەو کۆمارە تەمەنی لە١١ مانگ و چەندرۆژێک تێنەپەری. لەو کاتیدا رێژیمی ئێران بە هۆی فشاری ولاتە یەکگرتوەکان (متحیدین )ی ئەو کاتی، کز ببوو. رەزا شا لەسەر تەختی شایەتی لابرا بوو. گەلی کورد ئەوەی بە هەلێکی باش زانی و بۆ رزگاری لە ژێر دەسەلاتی ئێران خۆی هەلمالی:

قازی محەممەد حیزبی ژ ک ( ژیانەوەی کورد ) کە لە ٢٥ ی گەلاوێژی سالی ١٩٤٢ ی زاینی خەباتی رزگاری خوازی دەست پێکرد بوو، لە ٢٥ ی گەلاوێژی سالی ١٣٢٤ -١٦-٨- ١٩٤٥ ی زاینی لە کۆبوونەوێکی گەورەدا، بە نێوی حیزبی دیموکراتی کوردستانی گۆری. لە ٢ ی رێبەندانی سالی ١٣٢٤ : ٢٢ ی ژانویەی سالی ١٩٤٦ ی زاینی لە چوار چرای مەهاباد کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتی بە رێز قازی محەممەد راگەیاندرا. زۆر لە کوردەکانی بەشەکانی تری کوردستان لەو کۆمارەدا بەشداریان کرد. لە هەموو پارچەکانی کوردستانرا شەخسیەت و رەوشەنبیرانی کورد خۆیان گەیاندە کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد. مەلا مستەفا بارزانی یەکێک بوو لەو کەسانەی کە لە کۆماری کوردستان بەشداری کرد و وەک شەخسیەتێکی پایە بەرزی کوردستان، بەرپرسایەتی پێدرا. کۆماری ئازربایجان کە هاو پەیمانی کۆماری کوردستان بوو، لە ١٣ ی دسامبری سالی ١٩٤٦ ی زاینی بێ بەربەرەکانی تەسلیم بوو. ئەرتەشی ئێران شاری تەورێز و شارەکانی تری ئازربایجانی گرتەوە.

لە ١٠ ی مەی سالی ١٩٤٦ ی زاینی، چۆل کردنی ئێران لە لایەن هێزەکانی شۆرەوییەوە دەستی پێکرد. دەولەتی ئێران هێزێکی زۆری نیزامی بۆ هێرش کردنە سەر کوردستانیش ئامادەکرد بوو. ئەمریکا و بەریتانیاش پشتیوانیان لە ئێران دەکرد و دژی جیا بوونەوەی کوردستان بوون. لە ئاخیرەکەی رێبەرانی کۆماری کوردستان ناچار بە تەسلیم، بوون. لە ١٧ ی دسامبری سالی ١٩٤٦ زاینی قازی محەممەد خۆی تەسلیمی هێزەکانی ئێرانی کرد و شاری ئازاد کراوی مهاباد و شارەکانی تری ئازادکراوی کوردستان، جارێکی تر کەوتنەوە ژێر دەسەلاتی داگیر کەران و هەوری سختی بێ بەختی، غەوری زەختی ژێر دەستی بە سەر دا کێشاوە. ئاسمانی روونی رەزگاری لە ژێر تەمو دومانی داگیر کەرانی کوردستان، تیر وتار بوو و دلی دانیشتوانی بێ پشتیوانی گەلی کورد، ناخۆش و غەمبار بوو.

## بارزانی و هاو رێیەکانی.

مەلا مستەفا بارزانی کە لە سالی ١٩٤٥ ی زاینی لە شەر دەکەل دەولەتی عێراق شکستی خوارد بوو، لە رۆژی ١١ ی ئۆکتۆبری سالی ١٩٤٥ ی زابینی بە زیاتر لە ١٠ هەزار کەسەوە لە رێگای کێلە شینیەوە هاتبووە

ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لـە مانگی ١١ ی ساڵی ١٩٤٦ ی زاینی کـە کۆماری کوردستان ڕووخا و قازی محـەممـەد گیرا، مـەلا مستـەفا چـەکی دانـەنا و لەگەڵ هۆزەکەی خۆی و پێشمـەرگە کانی، بـەرەو سۆفیـەت وەرێ کـەوت.

مـەلا مستـەفا بارزانی کاتی وەدەر کەتنی لـە مهاباد ٣ هـەزار تفـەنگ و ١٢٠ تیربار و دوو قـەبزەتۆپی لـە قۆرخانەی کۆمار هـەڵ گرت و دەگەڵ خۆی برد. لـە ٢٠ ی دسامبری ساڵی ١٩٤٦ بارزانی بۆ دیداری سـەر لـەشکر هۆمایـونی چۆوە مهاباد و پێی گوت، ئامادەیە بگـەڕێتەوە بۆ ئێراق، ئـەگـەر سـەفارەتی بریتانیا پارێزگاری وی زەمانـەت بکات. لـە پاشان مـەلا مستـەفا بۆ گوفتو گۆ سەبارەت بـە سـەرنویشتی خۆی و هاوڕێـەکانی لەگەڵ ئێرانییـەکان و دیپلۆماتـەکانی سـەفارەتی بریتانیا لە ئێران، چووە شاری تاران. بارزانی ماوەی مانگێک لەوێ ماوە. پێش گـەڕانـەوەی لە ٢٩ ی ژانویـەی ساڵی ١٩٤٧، لەگەڵ شای ئێران و دیپلۆماتـەکانی بریتانی و ئـەمریکایی دیدەنی کرد. ئینگلیسـەکان زەمانەتیان نـە کرد. بـەڵام پێشنیاری ئێرانییـەکانی بۆ بە جێ کردنی ١٠ هـەزار کـەس لە عـەشیرەتـەکەی، لە ناوچـەی ئـەلوەند : لـە نزیکی هـەمـەدان، قبووڵ کرد. مـەلا مستـەفا کـە گـەڕاوە بۆ نـەغەدە، شێخ ئـەحمـەدی برای، ئەو نـەخشـەی قبووڵ نـەکرد.

لـە ١٩ ی فیبروەری ملا مستـەفا و شێخ ئـەحمـەد بـە سـەر لـەشکر هۆمایـونیان گوت، دەیانـەوێ بگـەڕێنـەوە بۆ ئێراق. دەوڵـەتی ئێران لەسەرما و سـەختی زستاندا، لـەشکرێکی زۆری بـە هاوکاری دەرەبەگو فوئۆداڵـە خ□ فرۆش و خـەیانـەت پیشـەکانی ئێـرانی، نارده سـەریان. هاوڕێیانی بارزانی کە چـەند هـەزار ژنو منداڵ و پیر و پـەک کەوتویان دەگەڵ بوون و لـە ژێر سـەرمای سـەختی زستانی و هێرشی هێزەکانی ئێرانی و بۆمبارانی بێ پسانـەوەی هێزی هـەوای ئـەو وڵاتـە، سـەخت کەوتبوونـە ژێر زەخت و فشار و ئازار، بـە نا چار شێخ ئـەحمـەد داوای ئـەمانـەتی لـە دەوڵەتی ئێراق کرد. شێخ ئـەحمـەد دوای ئـەوەی ئەمانـەتی درایـە، لە ١٣ ی ئاوریلی ١٩٤٧ ی میلادی، لەگەڵ گروهێکی چـەند سـەد کـەسی گەڕاوە بۆ ئێراق و خۆی تـەسلیمی ئێراق کردەوە. دوای گـەڕانـەوەی شێخ ئـەحمـەد، چوار ئـەفسـەری هاوڕێی: مستـەفا خۆشناو، خـەیرواللـە، محەممەد مەحموود و عزەت عـەزیز، بـە دارەوە کران و ڕێژیمی ئێراق ئیعدامی کردن. بۆ مـەلا مستـەفاش هیچ ڕێیـەک نـەمابوو بێجگـە لـەوەی خۆ بگـەیەنێتـە یـەکیـەتی سۆفیـەت.

مـەلا مستـەفا و هاوڕێیـە کانی کۆڵیان نـەدا. دوای چـەندین شـەری قارەمانانـە و چـەندین جار تێک شکاندنی هێزەکانی ئێرانی و سـەختییـەکی زۆر، خۆیان گـەیاندە یـەکیـەتی سۆفیـەت و بوونـە پـەنابـەری وێ.

لـە سالی ١٩٥٨ ی زاینی کاتی هاتنـە سـەر کاری عـەبدولکـەریم قاسم مـەلا مستـەفا گـەڕاوە بۆ باشوری کوردستان.

لـە ١٩٦١/٨/١٦ ی زاینی شـەڕ لـە باشوری کوردستان بـە ڕێبـەری مـەلا مستـەفا جارێکی دیکـەش دەستی پێکردەوە. لـە ١٩٦٣/١١/١٦ ی زاینی لـە گـەڵ عـەبدوسسلام عارف گوفتوگۆی ئاشتی دەست پێکرد.

له ڕۆژی ۱۸-۱۱-۱۹٦۳ عەیدوالسلام عارف دەسلاتی عێراقی خستە دەست و خۆی بە سەرۆکێ کۆمار ڕاگەیاند.

له ۱۰-۲-۱۹٦٤ بارزانی بە هۆی ئاگادارییەک، ڕاگرتنی شەڕی ڕاگەیاند. ئەو شەڕ ڕاگرتنە بووە هۆی ناکۆکی نێوانی پارتی و مەلا مستەفا بارزانی. لـە ۱۹-٤-۱۹٦٤ سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستانی ئـەو کاتی، ئیبراهیم ئـەحمـەد، ڕاگـەیاندنێکی بڵاو کردەوە و گوتی بارزانی کوردستانی فرۆشتوە. لـە بـەیانـەکـەدا مـەلا مستـەفای لەسەرۆکایـەتی پارتی دەرکرد. لـەو کاتیدا شای ئێران بۆ گوشار خستنـە سـەر ڕێژیمی عێراق و وەرگرتنـەوەی ئـەو جێگایانـەی لـە پـەیمانـە کانی پێشووی بەینی ئێڕاق و ئێران لـە دەستی دابوو، شۆرشی بارزانی کردبووە ئـەبزاریک بۆ گوشار و لێدان لـە ڕێژیمی عێراق.

دوای تێوان ناخۆشی بەینیان و شکست خواردنیان لە شەڕ کردن دژ بە بارزانی، برایم ئـەحمـەد و جـەلال تاڵـەبانی و چـەکدارەکانیان، هـەڵاتن بۆ ئێران و بوونـە پـەنابـەری وێ. جـەلال و دار و دەستـەکەی پـەنایان هـەر بۆ ئـەو ڕێژیمـە برد کـە مـەلا مستـەفایان بـە هۆی یارمـەتی وەرگرتن لە وی بـە خـەراب دەزانی.

لـە مانگی ژانویـەی ساڵی ۱۹٦٥ ی زاینی جـەلاڵ تاڵـەبانی، لـە گەڵ مـەلا مستـەفا تێکـەڵ بۆوە.

لـە ۱۹٦٦/۱/۱ ی زاینی جـەلال تاڵەبانی جارێکی دیکـەش لـە گـەڵ بارزانی تێکێ چوو. ئـەوجار ڕووی دەلایـەکـەی دیکـەی داگیر کەر کرد. واتـە خۆی تـەحویلی عێراق داوە. و چۆوە ژێر سێبەری ئـەو ڕێژیمـەی هـەزاران هاوڕێیانی هـەر دووک لایانی کوشتبوو. ئەو ڕێژیمەی هەردووک لایان جـەنگی دژی داگیر کـەریان بە دژ کردبوو.

لەسەرەتای ساڵی ۱۹۷۵ ی زاینی و پێش پـەیمانـەکـەی ئـەلجـەزایر و هـەڵوەشانی شورش، مام جـەلال و چـەکدارەکانی جارێکی تر گـەڕانـەوە بۆ پاڵ شۆرشی بارزانی. ئـەو خۆ دەباوەشی داگیرکەرانی کوردستان هاویشتن و هەڵە کردن و کورد بە دەستی کورد گوژتنەی ڕێبـەرانی کورد لە باشوری کوردستان، ئێستاش کە ۱۷ ئوکتۆبری ساڵی ۱۹۹٦ ی زاینییـە، هـەر درێژەی هـەیە و هـەر یـەکەی بـە کۆمـەگی یەکێک لـە داگیر کـەران، جارجار شـەری قورس و گران لـە گەڵ ئەویتر دەکات و خـەڵکی هـەژاری کورد بـە هۆی شـەری بـەینی وان بێهودە لـەبەین دەچن. ئێستاش دایکان و بابان ئاخی لـە دەست چوانیان هەڵدەکێشن، کە چۆن کەس و کاریان بە دەستی کوردی هاو رەکەز و هاو زمانیان دەگوژرێن. ئێستاش ئەو دووحیزبانە واتە پارتی و یەکیەتی، لـە بەرابەر یەکتر. ئازاو قارەمانن، بـەڵام لە بەرابەر داگیر کەران، بێ هێز و بێ قسـە و بێ ئیمانن. ئێستاش شەڕ لەسەر گومرگی برایم خەلیل دەکەن، بەڵام باسی نەفتی کەرکوک و شارەکانی تری داگیرکراوی کوردستان ناکەن.

# بـه شی نۆهه م

## ڕاپه ڕینه کانی هاوده م.

### حیزبی دیموکراتی کوردستانی ژێرده سه ڵاتی ئێران و شۆرشی بـارزانی.

وکێ لـه پێشدا باس کرا: لـه ساڵی ١٩٦١ ی زاینی، شورشی بارزانی لـه باشوری کوردستان (کوردستانی ژێردەسەڵاتی عێراق) ، بـەرێبـەری بـەڕێز مـەلا مستـەفا دەستی پێکرا. ئـەو شۆرشـە کـە لـە هـەوەڵەوە زۆرتر بـە پشتیـوانی گەل بوو، ڕێز و هێزی باشتر بو و بـە قیبلـەی ئازادی و ڕوگـەی دژی بێدادی دەناسرا. ئـەو شۆرشـە گوڵی دڵی گـەلی کوردی لـە هـەموو پارچـەکانی کوردستان پێ پشکوت و وورەی کوردی پی بزووت. هیـوای ڕزگاری تینی گەلی دەدا، بۆ هاوکاری.

بـە کورتی گـەلی کورد لـە هـەموو پارچـەکان بـە هێزو توانیان، بـە ماڵ بـە زمانیان بـە ژن و پیاویان، بـە پیر و لاویان، بـە گـەورەو وردیلـە، هـەریـەکەی بـە جۆرێک دەستـەچیلـەی ئاگری خـەباتیان کۆ دەکردەوە و تین و گوڕی گڕی ئاگری شۆرشیان بـە تین و بـە تینتر دەکرد. یارمـەتیان دەکرد. هاوکاریان دەکرد و لـە شـەر دژ بە دوژمنانیان هەرکەسە بە جۆرێک بـەشداریان دەکرد. ئـەو هاو کاری و هاو یاریـە هـەر درێژەی هـەبوو، هـەتا ئـەو کاتـەی دوژمنانی گـەلی کورد بـە تایبـەت ڕێژیمی ئێران، بـە درۆ و فریـو دان خۆی بـە دڵسۆزی کوردان نیشان دا و شۆرشی لـە ڕێ لادا. باشوری کوردستان بوو بـە جاسوس خانـە و هێلانەی ساواک و ئـەمنی ئێرانی. ئـەو جار شۆرش کـەوتـە تەڵەی شا و هـەڵـەی پێ کرا. دۆستایـەتی دوژمنی کرد و دژایـەتی دۆست. ئـەو جار پێشمـەرگەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان: هاوسـەنگەرانی شـەرگەکانی هـەندرێن و جۆزێ و پێنجوین و دەیان جێگای تر، کـەوتنـە بـەر هێرشی شۆرش و بـە ویستی شای ئێران داویان بۆ دادەندراوە و ڕاویان دەکردن. ناوچـە ئازاد کراوەکان ببوونـە جـەهـەننـەمی پێشمـەرگە ئێرانییەکان. ئـەمنی ئێرانی و ئەفرادی شۆرشی بارزانی، دەستیان کرد بـە گرتنیان بـە کوشتنیان بـە دانەویان بـە ئێران. ئـەوانـەی دەشگوژران، کـەلاکیان بـە مردویی دەدرانـەوە بـە ئێران. بـەو جۆرە شۆرشی بارزانی لە ڕێی ڕاست لایدا و خۆشەویستی گەلی لـە دەستدا.

گۆیا لـە بـەهاری ساڵی ١٣٤٧ ـ ١٩٦٨ ی زاینی ئیدریس بارزانی بـە بێسیم دەستوور بـە عـەلی شـەعبان بارزانی دەدات کـە فـەرماندەی ناوچـەی بیتوێن بوو، بچێتـە سـەر یـەکێک لەبنکـەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لـە دێرێ. کـە سولـەیمانی موعینی (ئـەندامی کومـەیتـەی مەرکەزی) و هاواڵـەکانی لـە وێ دەبن. بـەڵام ئـەوان لـە پێشتردا بـە هۆی دۆستێکـەوە ئاگادار دەکرێن. سولـەیمان موعینی و هاواڵانی لـە وێ، ڕا دەکەن و دەگەڕێنـەوە بۆ

ئیران. هێزێکی بارزانی بەدوایان دا دەچنـە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ماوەیـەک لـەلای سـەردەشت و بانە لێیان دەگەڕێن. بـەو هۆیە پێشمـەرگەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەکـەونە ژێر گوشاری هـەردووک لا: هێزەکانی ئێرانی و پێشمەرگەکانی بارزانی. بـە ناچار توشی شـەر لەگەڵ دەوڵـەتی ئێران دەبن. کـە خۆیان بۆ ئامادە نـەکردبوو.

کاک سولـەیمان وهاوالانی دوای گـەڕانـەوەشیان بۆ پاراستنی شۆرشی بارزانی، خۆیان لـە دەرگیری و شـەڕ دەپاراست و زۆرتر بـەرگریان لـە خۆ دەکرد. وەک ئـەو شـەڕەی لـە پانـەسـەر کرا، کـە زۆر ژاندرمـەیان گرتن بەڵام دوای سوێندانیان بـە مـەرجی ئـەوەی خـەڵکـەکـە ئـەزیـەت نـەکـەن، ئازادیان کردن و چـەکـە گیراوەکانیشیان دانـەوە. یا وەک لـە دەرگیری سپی سـەنگ، ئـەوانـەی گرتبوویانن ئازادیان کردن. ئـەوانە نموونـەی کـەمن لـە خۆ پاراستنی وان لـە شـەڕ بـە خاتری مـەسلـەحـەتی شۆرشی بارزانی.

بەڵام پێش گەڕانەوەی سولەیمان موعینی و هاوڕێەکانی، مراد شیرێژ و سولـەیمان کـەرقـەشان و عـەلی گوێرەش و حـەسـەنی هـەمزەریتالی و هاوالانی وان، لـە ناوچـەکانی مـەهاباد، سـەردەشت، لاجان، مـەنگور، بـەری مێرگان پیرانان و زۆر جێی‌تر، ئازایانە شەڕیان دەکرد و ترسێکی وایان خستبووە دڵی ژاندرمـە و جاشـەکان کـە زانیباشیان لـە کوێن، نـەیان دەوێرا ڕاستەوخۆ تخونیان ببن. قیافـەی ترسناک و خـەتـەرناکیان لـە مراد شیرێژ باس دەکرد. ڕێژیمی ئێران کە نەیدەتوانی هیچیان دەگەڵ بکات، ویستی بە هۆی شۆرشی بارزانییەوە مەیدانیان لێ تەنگ بکات و لای باشوریان لێ بگریت و ئەگر بشتوانیت ڕاستەو خۆ یا ناڕاستەو خۆ بیان خاتە تەنگانە و گوشار.

دەکرێ بە هۆی ئەو چالاکیە بێ وێنانەی مراد شیرێژیش بووبێت، کە ئێران هەستی بە مەترسیەکی زۆر گەورە کردبێت و گوشاری خستبێتە سەر شۆرشی بارزانی و شۆرشیش هێندێک لە ئەندامانی کومیتەی مەرکەزی حیزبی دیموکراتی کوردستانی بەوە قانع کردبێ: کە قادر. شـەریف و مراد شیرێژ و سولـەیمان کەرقەشان و هاوالانیان بگرن. شایەد هەر بەو هۆیەش بوو بێت، کە پێش ئەوەی سولەیمان موعینی وپێشمەرگەکانی هاو ڕێی بکەونە بەر هێرشی شۆرشی بارزانی و لە شۆرش قاچاغ ببن، فەرمانیان پێدرابوو، قادر شەریف و مراد شیرێژ و هاوالانیان بگرن. بەڵام بە پێچـەوانەوە کاک سولەیمان موعینی، نەک ئەوەی نەکردو بەس بەڵکوو پـەیـوەندیشیان پێکەوە گرت و بـەڵێنی هاوکاریشیان بـە یەکتر دا. دوای ئەو کاتە بوو کە کاک سولەیمان موعینی گەڕاوە بۆ باشوری کوردستان، لە لایەن شۆرشەوە فەرمانی گیرانی لەسەر درا. دوای ئـەوەی کاک سولـەیمان موعینی و مراد شیرێژ و هاوالانیان پێکـەوە پـەیـوەندیان گرت و هاوکاری یەکتریان کرد، شۆرشەکەیان بـە هێزتر بوو. بـە داخـەوە ئـەو بزووتنـەوە دوای گەڕانەوەی سولـەیمان موعینی و هاوالانی تەنها ١٨ مانگی خۆڕاگرت. لـە لایـەک کـەوتبووە ژێر گوشاری دەوڵـەتی ئێران و لـە لایـەکی تر کـەوتبووە ژێر هێرشی شۆرشی بارزانی.

لـەو سـەرو بـەندیشدا مراد شیرێژ کـە شـەڕکـەرێکی ئازا و بـەغیرەت بوو و پارتیزانێکی لێزان و بـە بلیمـەت بوو، بـە هۆی خـەیانـەتی کـەسێکی خۆفرۆش کەوتـە کـەمینی جاش و ژاندارمی (جاش:کوردی خۆفرۆش) ئێرانی و دوای

شەڕێکی قارەمانانە لە گەڵ چەند هاواڵی شەهید کرا. شەهید بوونی کاک مراد، ورەی ئەرتەش و خۆفرۆشەکانی ئێرانی بەرز کردەوە.

لە لایەکی تر کاک سولەیمان موعینی کە بە نەهێنی چووبووە شاری سلێمانی بۆ ئەوەی: هەم هەواڵی ژنەکەی بزانیت و هەوڵی ئازادکردنی بدات کە لە گەڵ دوو منداڵی بچووکی لە لایەن حەسۆ میرخان دەست بەسەر کرابوو و هەم هەوڵی پەیدا کردنی چەک بدات، سەدیق ئەفەندی بەرپرسی لکی ٤ ی پارتی پێدەزانێت و لە ڕێی گەڕانەوەی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کەمینی بۆ دادەنێتەوە و لەگەڵ خەلیل شەوباشی هاواڵی دەگرێن و بەرێ دەکرێن بۆ لای مەلا مستەفا کە لە حاجی ئۆمەران بوو. مەلا مستەفا فەرمانی کوشتنیان دەدات ودەکوژرێن و تەرمە کانیان دەدەرێنەوە بە ئێران. ئێرانیش تەرمەکانیانی شار بە شار گێرا.

لە هاوینی ئەوساڵیشدا غەزالی میرخانی بارزانی و ئەحمەد حاجی سەعید مەسیفی، دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان گەمارۆ دەدەن. هێندێکیان دەگوژن و هێندێکیان دەگرن و دەیاندەنەوە بەئێران. هەروا عەبدولوەهاب ئەتروشیش چەند پێشمەرگەی داوە بەئێران کە ٤ کەسیان خەڵکی هەورامان و جوانرۆ بوون.

لە ساڵی١٣٤٧ ـ ١٩٦٨ ی زاینی دەستەیەک لەپێشمەرگەکان بە بەرپرسی سولەیمان کەر قەشان دوای شەڕێکی قورس و گران بە دژی دەوڵەتی ئێران، بۆ پشودان دەچنە مەرزە دەستکردەکەی باشوری کوردستان. حەسۆ میرخان خەبەر دەزانیت و دەچێتە لایان. بە شەرەفی بارزانی سوێندیان بۆ دەخوا کە نایان گرێت و کاریشی پێیان نابێت. ئەوانیش باوەری پێ دەکەن. هێندێکیان کە دەچنە لای، چەکدارەکانی دەورەیان دەگرن و ١١ کەس لە ئازا و قارەمان ترین پێشمەرگە کان و ئاخیرین فەرماندە و ڕێبەری ئەو دەستەیە بە نێوی سولەیمان کەر قەشان، دەگرن و دەیان دەنەوە بە ئێران. لەو ١١ پێشمەرگەیە، سولەیمان کەرقەشان و حەمەدەمین شیرێژ و سالح لاجانی و عەوڵای بایزەقنجە و چەند کەسیتریشیان ئیعدام کردن. ئەو چەند کەسە لە زیندانی تۆپخانەی ورمێ، دەکەڵ ٩ کەسی دیکە کە زۆریان لەهۆنی بوون بردیانن بۆ ئیعدام کردن.

لە پیش ئەوەی بیان بەن بۆ ئیعدام، لە زۆربەی شارەکانرا ئوستاندار و ژەنەڕاڵەکان و فەرماندەکانی ئەرتەشی ئێران، دەستە دەستە دەهاتن بۆ تەماشا کردنی سولەیمان کەرقەشان و حەمەدەمین شیرێژ و هاواڵانیان. ئەوکاتی لەگەل ئێمە لە یەک بەندا زیندانی بوون. لەپاشان ئەوانیان بردنە دیوی تاقەکەسی.

کاک سولەیمان ئینسانێکی ڕووخۆش و جوان چاک بوو، بەڵام لە بەرابەر دوژمنان قیافەیەکی ترسناک و ختەرناکی نیشان دەدا.

سولەیمان زۆر جار دەی گوت ئەمن ئەوەندەی بەوە نارەحەتم: کە نا پیاوان منیان گرتوە و داویانمەوە بەبێگانەی ترسەنۆک، ئەوەندە بە ئیعدام کردنەکەم نارەحەت نیم. کاک سولەیمان هەر وەک کاتی

پێشمەرگایەتی، کە لە پشت بەردەکان لەسەر زکێ ڕادەکشا و قامکی لەسەر پەلان پیتکەی تفەنگەکەی لا نەدەبرد، خەو و شەری بەو جوورە، ببوو بە خوو و عادەت، لە زیندانیش لەسەر تەختەکەی زیندان لەسەر زکێ ڕادەکشا ! هەر وەک ئەوەی لەحاڵی شەردایە و سێرەی لە سینگی دوژمنی داگیرکەری کوردستان گرتوە. ئەو جووره ڕاکشانە و قیافەی وی بۆ ئەو تەماشاچییە ئەرتەشیانە، زۆر سرنج ڕاکێشەر بوو و دیانگوت وای این خیلی خترناکە: ئەوە زۆر ترسەناکە. کاک سولەیمان کەرقەشان زۆری قسە نە دەکرد. بەڵام زۆری ئاە هەڵدەکیشا و ئەو قسەی چەندپات دەکردەوە و دەیگوت: ئەگەر بە سوێندی بارزانییەکانم باوەر نەکردبا هەموو هێزی بارزانیم وەسەر گەرابا، نەیان دەتوانی بمگرن. حەمەدەمین شیرێژ زۆری قسە لەگەڵ دەکردین. شۆخی دەکرد. زۆر جاریش دلخۆشی دەداینەوە و هێزی خۆڕاگری وەبەر دەهێناین.

ئەو کاتەی کاک سولەیمان کەرقەشان و هاولانی و دەستەی لەهۆنییەکانیان بۆ ئیعدام کردن لە بەندە: یەک کەسیەکەی زیندان هێنانەدەر و ئیجازەیان دان، بێنە نێومان و وەسیەت یا خودا حافیزی بکەن، هەموو زیندانییەکان لە دەورەیان کۆ بوونەوە و دەستیان کرد بەگریان. ئەوانیش بێجگە لە سێیان، هەموویان زۆر زۆر شێوابون و ڕەنگو ڕوویان گۆڕابوو. زیندانییەکان لە نێوەڕاستی سالۆنەکەی زیندان دوو تەختیان لەسەر یەک دانا. لە پێشدا کاک سولەیمان چووە سەر تەختەکان و هێندێکی قسە کرد و لە دوایی قسەکانیدا گوتی: برایان هەوالان شانازی دەکەم کە لە ڕێی ئازادی و خزمەت بە نەتەوەکەم گیانم فیدا دەکەم. داواو لێدەکەم ڕێگای ڕزگاری بەر نەدەن. ئێمە لە بیر نەکەن. تۆڵەی خوێنمان بستێننەوە. لە پاشان گوتی بژی کوردستان بمرێ شای ئێران. ئەوجار خوداحافیزی لێکردین و بۆ هەمیشە بەجێی هێشتین و لەبەر چاومان ون بوو.

حەمەدەمین شیرێژ دوای کاک سولەیمان چووە ئەو جێگایەی: کاک سولەیمان قسەی لێکرد. کاک حەمەدەمین زەردەخەندەی لەسەر لێو بوو نە شێوا بوو. بە ئارامی لەسەر تەختێک ڕاوەستا و دەستی کرد بە قسە کردن. هەر وەک ئەوەی لە شاخە کان لە نێو پێشمەرگەکان ڕاوەستاوە و چۆنیەتی وڵات و شیوەی خەبات و داهاتووی لەرزانی نزیک لە ڕووخانی ڕێژیمی ئێران باس دەکات. زۆری قسەکرد. قسەکانی زۆری شوێن لەسەر دڵی گیراوەکان دانا. ئەویش لە دوایی قسەکانیدا گوتی: بژی ئازادی و سەربەخۆیی. بژی کوردستان بمرێ شای ئێران. لەپاشان ئەویش خوداحافیزی لێکردین.حەمەدەمین لەزیندانێش زۆری شۆخی دەکرد. وەک ئێستالەبەر چاومە لەکاتی بەڕێکردنیان لی پێش دەرکەکەی زیندان دەستە بەستراوەکەی ڕاوەشاند و جارێکی دیکەش خوداحافیزی لێکردین و بە شۆخی گوتی ئەمن دەستم بەستراوە ناتوانم تاقە چاوەکەی بایزەکوێر دەرێنم ئێوە لەباتی منی دەرهێنن. دوایە گوتی بایز خوداحافیز. بایز تەواوی ئەو ڕۆژی بەکەس ژێر نەدەبۆوە. بایزەکوێر هاواڵێکی وان بوو و پێش وان گیرابوو و بە زۆر ئیعتیراڤیان پێکردبوو وکوژرانی سەدان ژاندارمو جاشیخستبووە سەر سولەیمان و حەمەدەمین شیرێژ.

سالح لاجانی پێش ئـەوی بیبەن بۆ ئیعدام زۆر جار دەی گوت: ئـەمن دەزانم ئـەو ڕێژیمـە لـە بـەین دچی خـەڵکی نارازی لێی ڕاست دەبنـەوە. بـەڵام بـە داخـەوە ئێمـە زووتر ئیعدام دەکرێن. بەڵام لە کاتی بردن بۆ تیرەباران و ئیعدام، قسەی نەکرد.

سێیەمین کەس لەوانەی لە کاتی بردن بۆ ئیعدام قسەی کرد، موعەلیمێک بوو بە نێوی **فولادتەن** کە لەگەڵ لەهۆنییەکان، لە لای کرماشان و یا لە لای هەورامانڕا هێنا بوویان. فولادتەن نەک نەدەترسا و بەس، بەڵکوو بەرنامە و شیوەی خەباتی داهاتووشی بۆ گەلی کورد نووسیبۆوە و بۆئێمەی خوێندەوە. فولاد تەن کاتی بردنی بۆ ئیعدام، نزیک لە نیو کاتژمێر قسەی کرد.

فولادتەن هەر لە هەوەڵی گیرانی و هێنانی بۆ زیندانی جەڵدیان لە دوایە بۆ زیندانی تۆپخانە و بردنی بۆ ئیعدام، هەر نەترسانە و ئازایانە  بەربەرەکانی کرد. هەتا ئەوەی لە زیندانی جەڵدیان لە یەکێک لەو ئەفسەرانەی دا، کە لە لایەن سازمانی ئەمنیەتەوە هاتبوو بۆ پرسیار و دەیویست بە زۆر ڕاستی پێ بڵێت. شایەد هەر بەو هۆیەش حوکمی ئیعدامی درایە و ئیعدام کرا.

دەتوانم  شەڕی دێی قورەمەدودێی نزیک دێی لگبن، کە لە باغچێکی چکۆڵەی چەند سەد میتری ڕوویدا، بکەم بە نموونەی، یەک لـە سـەدان شـەڕی قارەمانـەی کاک سولەیمان کەرقەشان و حەمەدەمین شیرێژ و هاوالانیان. کە شەڕەکە بەو جوورە بوو:

کاک سولەیمان و حەمەدەمین شیرێژ سبەینێکی زوو دوو کەسی، دەچنە ئەو باغچە چکۆلەیە بۆ حەسانەوە. بە هۆی خۆ فرۆشێکەوە خەبەریان لێدەدرێت و لە نەکاو بە هۆی زیاتر لە ٣٠٠ ژاندارم و سەربازی دەوڵەتی کە بە هەلیکۆپیتەڕ و هەموو نەوعە چەکێک چەکدار بوون،  دەوریان لێدەگیرێت و بە ماوەی ١٧ کات ژمێر دوو کەسی شەڕیان کرد و لە دواییشدا ئازایانە توانیان ئاڵقەی گەمارۆ بشکێنن و خۆیان ڕەها بکەن و لە مەیدانی شـەڕیش دوور کەونـەوە. لـەوەش سرنج ڕاکێشـەرتر ئـەوە بوو: لـە تـەواوی شـەڕەکـە، تـەواوی قاوغی خاڵی ئەو گوللانـەی هاویشتبوویان، هـەموویان بـە تـەرتیب لەسەر یـەک دادەنێن بێ ئـەوەی بترسێن یا بخـەجڵێن.

لـەو شـەڕەدا زۆربـەی هـەرەزۆری دارەکانی ئـەو باغچـەیـە بـە هۆی تۆپ و خومپارە و چـەکە کانی تر، کوتو لـەت ببوون.

حـەیف ئـەو قارەمانانـەی باسیان کرا و زۆر قارەمانی وەکو وان بـە دەستی هاو ڕەگەزی کوردیان، درانـەوە بـە دەوڵەتی ئێران و ئیعدام کران.

لـە ساڵی ١٣٤٨ ـ ١٩٦٩ ی زاینی عـەبدولوەهاب ئـەتروشی لـە شاری سلـێمانی لـە مزگەوتێک،  قادر شـەریف (هاشمی ئـەقـەلوتتلاب ) کـە تێکۆشـەرێکی زۆر بـە نرخ وکادرێکی پایـە بـەرز بوو، ترۆر دەکات  و دەی گوژێت.

گۆیا کاتێک هاو وڵاتێک گلەیی لە ئەتروشی دەکات، بۆچی قادر شەریفت کوشتوە؟ لە جوابدا دەڵێ: ئەوە نامەی بارزانییە من بە ئەمری وی کوشتومە.

لە ساڵی ١٩٧١ ی زاینی فەتاح ئاغا: فەرماندەی هێزی خەبات لە ڕایەت، یکێک لە ئەفرادی حیزبی دێموکرات دەگرێت و دەیدا بە سەعید مەسیفی و ئەویش دەیداتەوە بە دەوڵەتی ئێران و ئێرانیش ئیعدامی دەکات. ئەوانە بەشێکی کەمن لەو کەسانەی گیران و دراونەوە بە ئێران و ئیعدام کران. بەشێک لەو بەسەرهاتانەم لە رادیو ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەرگرتوە و وتارەکەم زەبت کردوە و ئێستاش کاسێتەکەم ماوە.

لەگەڵ ئەوەی شۆرشی بارزانی زۆربەی کوردستانیشی ئازاد کردبوو و دەیان هەزار چەکداریشی لە ژێر دەسەڵاتی‌دا هەبوو، بە هۆی پەیمانی ئەلجەزایر و بە گوشاری شای ئێران، لە ساڵی ١٩٧٥ ی زاینی هەڵوەشا و ئاش بە تاڵی پێکرا و شۆرشی ١٤ ساڵەی بارزانی بێ بەرهەم بە سودی ئێران تەواو بوو. شۆرشگێرەکانیش بە کۆمەڵ ڕوویان کردە ڕۆژ هەلاتی کوردستان و ئاوارە بووون. خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستانیش لە گەڵ ئەوەی بە هۆی شۆرشی بارزانیەوە، زۆر قارەمانی ئەو گەلەشیان لەدەستچوبوون: گرتبوویانن یا کوشتبوویانن و دابوویاننەوە بە ئێران، ڕێزیان هەر لێ گرتن و لە تەنگانەدا بەجێیان نە هیشتن و بە فریایان هاتن و یارمەتیشیان پێ کردن. هەتا ئەوەی لە زۆربەی شارە مەرزیەکانی کوردستان، کەم ماڵ هەبوون، ماڵێک یا دوو ماڵی لەو کوردە ئاوارانەی شۆرشی بارزانی لە ماڵێ دا نە بووبێت.

## حیزبی دیموکراتی کوردستانی ژێر دەسەلاتی ئێران.

دوای تێکچوونی کۆماری کوردستان و ئیعدامی قازی محەممەد و هاوالانی و گیرانی هێندێک لە ڕێبەرانی کومەیتەی مەرکەزی حیزبی دیموکرات کوردستان و هەلاتنی زۆر لە ئەندامانی ئەوحێزبە، بزاوی میللی لە کوردستان نەما و خەباتی ئەو حیزبەش وەستا.

لە ساڵی ١٩٤٨ ک ک ک واتە کومەیتەی کمونیستی کوردستان بە ڕێبەری ڕەحیمی سوڵتانیان پێک هات و حیزبی دیموکراتی کوردستانیش وەک لکێکی ئەو حیزبەی لێهات. ئەندامە کانی حیزبی دیموکرات دەکرا، ئەندامی حیزبی تودەش بن و ئەندامانی حیزبی تودەش دەکرا، ئەندامی حیزبی دێموکرات بن.

لە ساڵی ١٩٤٨ عەزیزی یوسفی و هێندیکی دی لە ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات، گیران. عەزیزی یوسفی لە ساڵی ١٩٤٨ هەتا ساڵی ١٩٥٢ گیرا. عەزیزی یوسفی جارێکی دیکەش گیرا و هەتا ساڵی ١٩٧٧ لە زیندان دا ماوە و لەساڵی ١٩٧٨ لە تارانێ مرد.

لە ساڵی ١٩٥١ کە دوکتۆر موسەدیق بە دەسەڵات گەیشت، حیزبی دێموکرات بە ڕێبەری عەزیزی یوسفی و غەنی بلوریان بە کەڵک وەرگرتن لە هێندێک ئازادی، جارێکی دیکەش دەستی بە خەبات کردەوە

## ڕاپەڕینی موسەدیق.

لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی موسەدیق سەرۆک وەزیر بوو، دەوڵەتەکەی وی پشتیوانی باشی لە تەبەقەی فەقیرو هەژار دەکرد. هەرشکایت و هەقخوازییەک، جوابی دەدراوە و بۆ خاوەن ماف هەق وەر دەگیردراوە. جوتێران کە لە مێژ بوو ڕەنج و ئازاری نا هەقی و زۆرداری فئودال و دەربەگانیان دەکێشا، لە زۆربەی دێیەکانی کوردستان، بەدژی فئۆدالەکان دەستیان کرد بەچالاکی و خۆ نیشان دان و ڕابەرینێکی گەورەیان پێک هێنا. لە زۆربەی دێیەکان ئەنجومەن و کۆمەڵ دورست دەکران. هەتا لە شارەکانیش جار جار خۆ نیشان دان ئەنجام دەدران. جوتێرانی دێیەکانی دەوروبەری شنۆ ، نەغەدە ، مەهاباد و بۆکان و دێیەکانی لاجان کە من ئاگاداریم بەسەریاندا هەبوو، بە دژی دەرەبەگەکان، چالاکی و هەستانەوێکی بێ وێنەیان کرد. لەو دەورانیدا ڕێگا بۆ خەباتی حیزبی دیموکرات ئاواڵە بوو.

لە ساڵی ١٩٥٢ سادق وەزیری کە ئەندامێکی حیزبی دیموکرات بوو، بە نوێنەری مەجلیسی شورای میللی ئێران هەڵ بژێردرا، بەڵام شا ئیجازەی چوونی بۆ مەجلیس نەدا.

لە ١٦ ی ئاگوستی ١٩٥٣ کە شا هەڵات، خۆ پێشاندانێکی گەورە لە شاری مەهاباد بە پشتیوانی لە موسەدیق پێک هات. لەو ڕۆژیدا زۆربەی خەڵکی مهاباد ڕژانە شەقامە کانی شار و بە دژی شا شوعاریان دەدا. لە مەیدانی ئاسنگەران و مەیدانی مەنگوران و لە چوار چرا ڕا هەتا مزگەوتی هەباسا ئاغا، خەڵک ڕاوەستا بوون و شوعاری دژی شایان دەدا. بەغدا نیوەی ڕێی بێ، یەکێک لە شوعارەکانیان بوو.

لە ١٩ ی ئاگوستی ساڵی ١٩٥٣ بەسەر هاتە گۆڕا و شا دوای ئەوەی هەڵات بوو، بە هۆی دژ کودتایەک کە لە ژێر چاوەدێری ئەمریکا پێک هاتبوو، کودتای موسەدیق، شکستی خوارد و جارێکی دیکەش محەممەد ڕەزا شا شایەتی کەوتەوە دەست.

لە ڕۆژی ٢٠ ی ئاگوستی ساڵی ١٩٥٣ واتە ڕۆژێک دواتر، لە بەرەوەی تەربیەت بەدەنی واتە لە پشتی فەلەکەی پەیکەری بابی شا لە مهاباد، خۆ نیشاندانێک لە لایەن دەوڵەتەوە پێک هات. لەو خۆ نیشاندانە دا نزیکەی سی یا چل کەس لە کارمەندان و کاربەدەستانی دەوڵەتی کۆ ببوونەوە و شوعاریان دەدا و دەیان گوت: جاوید شا. ئەو مەیدان و خەیابانانەی سێ ڕۆژ پێشتر پر لە خەڵک بوون، کەسیان لێ نەدەدیترا و هەموو کوچە و دالانە کانی شار چۆڵ بوون.

دوای گەڕانەوەی شا، لە لایەک کاربەدەستانی شاپەرست کەوتنە گیانی خەڵک و دەستیان کرد بە گرتن و ڕاو نانی خەڵک، لە لایەکی تر فئودال و دەربەگە کان بە تایبەت لە کوردستان، دەستیان کرد بە تاڵان و ڕاونان و

دەر کردنی جوتێرانی فـەقیر و هـەژاری کورد. لـە حـەمامیان و باقی ناوچـەکانی بۆکان، فئۆداله کان ئەوپەڕی بێ بەزەییان نیشاندا و له کوشتن و  تاڵ کردن و بـە کۆمـەڵ دەر کردنی جوتێرەکان دەستیان نه گێڕاوە.

## چۆنیـە تی ژیانی وەرزێران( جوتێران )

پێش ئـەوەی لـە لایەن شای ئێرانـەوە بـەشکردنی زەوی: واتـە تـەقسیمی ئـەرازی دەست پێ بکات، جوتێران له ژێر زوڵم و زەختی سـەختی فئۆداڵ و دەرەبەگە کان دەرد و ئازاریان دەکێشا.  ژیانێکی پڕ له بێ بـەختیان دەبردەسـەر. ژیانی جوتێرانی کوردستان لـە ژیانی جوتێرانی هـەموو ئێران خـەراب تر بوو. هـەزاران قوڵـە شا: واتـە فئۆداڵ دەربەگی فـەرمان ڕەوا بـە سـەر ئـەو چینـە هـەژارەدا فـەرمانیان دەدا. ڕاگرتن ، دەرکردن ، جێگا ، ڕێگا ، یاسا و سـزا، هەر لـە دەستی خاوەن زەویدا بوو. جوتێران خاوەن ماف نـە بوون. خاوەن ئاخ نـە بوون. بـە تـەواوی خاوەن ماڵ نـە بوون. خاوەن پاتاڵ نـە بوون. جوتێران بـە گـەنجی بـەرهـەمی ڕەنجی خۆیان، ژیانی وەکـ شایان بۆ ئاغایان پێکـ دەهێنا. مالیکـ بـە سودی خۆی یاسای ئاغا و ڕەعیـەتی و شـەرت وشـەڕایت و خـەرج وباج و مڵکانـە و جوتانـەی دادەنا.  زەمین کار و جوتێر، خاوەن ملکـ و زەمین نـە بوون. جوتێر وەکـ کۆچـەری و پـەنا هندەی ناخۆولاتی، دەچوە لای ماڵیکـ و داوای دامـەزران و دانی خانوو و مـەزرای دەکرد. خاوەن زەوی خـەرج و باجی بۆ جوتێر دادەنا. هێندێکـ له خـەرج و باجی جوتێران، ئـەوانـە بوون: جوتانـە، مڵکانـە، **مـەڕانـە**، مریشکانـە، جێژنانـە، و دەیی دوو لـە بـەرهـەمی ساڵیانـە، بۆ جوتێری زکات بدە.  نیـوەی بـەرهـەمی ساڵانـەش، بۆ نیـوەکار.

**سـەردان.**

سەردان لەو باجانه جیا بوو. سەردان ئەوەبوو: مانگێ جارێکـ یا بـە دوو مانگێ جارێکـ جوتێر دەچووە ماڵی خاوەن زەوی و لـە قـەدەر توانای خۆی شتێکی بۆ دەبرد

**پیوە چوون.**

پیـوەچوونیش لـە خـەرج و باج جیا بوو. پیـوەچوون ئـەوە بوو: ئـەگەر خاوەن زەوی میـوانی زۆری هاتبایـە ماڵێ یا دژواریەکی بۆ پەیدا ببا، جوتێر یا مەڕدار، دەبوو پییـەوە بچیت واتە: بچێتە ماڵی خاوەن زەوی و شتێکی بۆ بـەریت و جێگای خەرج و بەخت کردنەکەی خاوەن زەویەکە، پڕ بکاتەوە..

**شینانـە** و **جێژنانـەش** هـەر بـەو چـەشنـە بوون. **بێگاری**. بێگاری واتـە کار کردنی بـە خۆرایی و بێ بەها، لـە هـەموو جێیـەکـ و له هـەموو دییـەکـ هـەبوو. زۆربـەی ڕۆژەکان جوتێرەکان، خۆیان یا بـە جوت و گا و یا بـە کـەر و گوریسـەوە دەبوو چوبان بۆ بێگار: کاری بێ بـەهای مالیکـ.

**هەرەوەز.** واتە کاری بە کۆمەڵ، ساڵێ چەند جارێك بۆ خاوەن زەوی دەکردرا. هەرەوەزیش کاری بێ بەهایە. لە نێو جوتێرانیشدا جارجار هەرەوەز دەکردرا. جوتێران بۆ ئەو ماڵانەی کەم دەست واتە کەم کار کەر، بە هەرەوەز کاریان دەکرد و لەو ڕێیەیەوە یارمەتیان بە یکتر دەکرد.

**نافەرمانی.** نافەرمانی کردنی جوتێران بێ درەنگ سزای هەبوو. سزای نا فەرمانی: لێدان یا جەریمە ( گوناحانە ) و چەند بەرابەر کردنی جەریمە و لە کۆڵەکە بەستن و دەر کردن بوو.

### خاکە لێوەی کوردستان لە دێیەکان.

هەر ساڵێك کە نەورۆز دەهات، ئەو جوتێرانەی: خاوەن زەویەکان دەریان دەکردن یا ئەوانەی زوڵمی زیاتریان لێدەکرا و یا ئەوانەی جێی باشیان نە بوو، کۆچ بەری دێیەکانی تر ویا ناوچەکانی تر دەبوون و جێی خۆیان دەگوێزتەوە. کەم کەس دەی توانی چەند ساڵێك لە جێیەك یا لە دێیەك بمێنیتەوە. بەو هۆیە لە مانگی خاکەلێوە، زۆربەی ڕێیەکانی دێیە کان شلوق دەبوون و پر لە کاروان و کۆچباری جوتێرانی کوردستان دەبوون. دەستە دەستەی زاوەماك و مەڕ و ماڵ و پاتاڵ، دەکەوتنە دەشت و سەحرا. دەبووە کارو کورو هاتوو هەرا. کۆچەرانی ڕەشو ڕووت و لەش بە تۆز و خۆڵ. ژنانی زارۆك بە کۆڵ. پیاوانی چادر و بار کەوتە ـ لە خر و دۆڵ. یا ژنان و کچانی ئاوردوو و پوشکە بە کۆڵ، خرو چرو چیا و چۆڵیان دادەگرت و هەر دەستەی بەرەو لایەك بۆ دیتنەوەی ڕوناکایەك ڕوویان دە جێگایەك دەکرد، کە کەمێك کەمتر بە دەستی مالیك بچەوسچینەوە و بە هۆی هێندیك بەرهەمی زیاتر و زوڵمی کەمتر، ژیانێکی باشتر بەرنەسەر و کەمێك بحەسێنەوە. لە حاستی ئەو زوڵم و زۆرەی لە ڕەنجبەرانی بێ پشت و پەنا دەکردرا، کێ هەبوو توانیبای دەنگی کردبا و لە چەوسێنەر ڕەخنەی کردبا، کێ هەبوو تاری بێ بەختی تاراندنی وانی براندبا. کێ هەبوو توانیبای زنجیری زوڵم و زۆرداری سەر وانی پساندبا. کێ هەبوو بە هاواری ئەو چینە هەژارەوە هاتبا. کێ هەبوو هاو دەردی لە گەڵ ئەو گەلە کردبا. کێ هەبوو فرمێسکی بۆ ئەو خەڵکە هەڵ وەراندبا. کێ هەبوو گڕی بە گوڕی ئاگری دڵ داگری جوتیاری هەژاری کورد، بگوژێنیتەوە و برینی دڵیان ببرژێنیتەوە. مەگەر هەورەکانی ئاسمان باڵیان بەسەر دا کشاندبان و نم نمی بارنیان بەسەر دا باراندبان و دڵی گەرم و پر لە ئازار و ئێشیانی پێ سارد بباوە و بەس.

بە داخە وە ئێستاش بیری یەکسانی لە نێو هێندێك لە نەسلە کانی ئینسانی، بە هاسانی وەر ناگیرێت. ئێستاش تەبعیز و خۆ بە زۆر زانی و خەڵك بە کەم زانی هەست دەکرێت. ئێستاش فەرق و جیایی دوایی پێنەهاتووە و ئێستاش زۆر کەسایەتی و کەمایەتی بە دەستی زۆرکەران و داگیرکەران، هەر دەچەوسێنەوە.

## جیا بوونەوەی حیزبی دیموکرات و حیزبی تودە.

حیزبی تودەی ئێران کە لە نێو خەڵکی ئێران بە پلەی بەرزی هێز و نفووز گەیشتبوو و لە نێو ئەرتەششیشدا ڕخنەی کرد بوو، لە سپتامبری ساڵی ١٩٥٣ بەڵێنی دەست پێکردنی شەڕی چەکدارانەی بە دژی ڕێژیمی شا دا بوو. حیزبی دیموکراتی کوردستانیش چاوەڕوانی دەست پێکردنی شەڕی دەکرد. لەپاشان حیزبی تودەبە دژی شەڕی چەکدارانە ڕەئیی دا. ئەو ڕەئیەی حیزبی تودە، بوو بە هۆی نا هۆمێدی زۆر لە ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان.

حیزبی دیموکڕات کە لە ساڵی ١٩٥٥ لە حیزبی توودە جیا بۆوە. لەو کاتی بە دواوە خەباتی حیزبی دیموکرات لە زۆربەی کوردستان پتەو تر بوو. زۆر کومەیتەی شارستان وناوچە پێک هاتن. بەڵام لە نێو ئەو حیزبەشدا، شەڕی دەسەڵات و بەربەرەکانی چەپو ڕاست کەم یا زۆر، هەر هەبوو.

## کاریگەری حیزبی تودە لەسەر حیزبی دیموکرات.

دوای جیا بوونەوەی حیزبی دیموکراتیش لە حێزبی تودەی ئێران، بیر و باوەڕی مارکیسیست لینینیستی لە نێو حیزبی دیموکرات دوایی نەهات و زۆربەی کادرەکانی حێزبی: ئەو بیر و باوەرەیان تەبلیغ دەکرد. هەر بە هۆی ئەو کاریگەریەش بوو، گرنگیزۆر بە بیری نەتەوایەتی بۆ گەلی کورد نەدرا و لە جێیشوعاری سەربەخۆیی خود موختاری هەڵبژێردرا.

بیر و باوەری مارکیسیست لینینیستیش بۆ زۆربەی هەرە زۆری هەوا داران و ئەندامانی حێزبی دیموکرات، هەم لێحاڵی بوونی زەحمەت بوو هەم بۆ هێندێکیان پەسند کردنی گران بوو.

## کۆنگرەی دووی حیزبی دیموکراتی کوردستان.

حیزبی دیموکڕاتی کوردستان کە لە پێشدا مایل بە چەپ بوو، لە ژێر کاریگەری ئەحمەد تەوفیق لە ساڵی ١٩٦٠ بەرەو ڕاستگەرایی و میللی گەرایی گەڕاوە. ئەحمەد تەوفیق لە ساڵی ١٩٦٤ داوای بەستنی کۆنگرەی دووی کرد. کۆنگرە لە دێی سونێ لە نزیکی قەڵادزێ پێک هات. ئەگەر چی کۆنگرە ڕوو بەڕووی ناکۆکییەکی زۆریش بوو، بەڵام هەر بەسترا.

لە ساڵی ١٩٦٩ ی زاینی ئەحمەد تەفیق: سکرتێری حیزبی دێموکڕات، لە حێزب دەرکرا و لە ساڵی ١٩٧١ عەبدوالرەحمانی قاسملو بە سکرتێری حیزبی دیموکرات هەڵبژێردرا. ئەگەر قاسملو بوو بە سکرتێری حیزب، بەرنامەی حیزب گۆڕا و دیموکڕاسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان وەک ئامانجی دوا ڕۆژ لە بەرنامەی حیزبیدا گونجێندرا. لە زەمانی ئەحمەد تەوفییقی بەدواوە هەتا هاتنەدی ئینقیلابی ئێران ، کومەیتەی مەرکەزی حیزب زیاتر لەو جێیانە دەماوە: کە ڕێژیمی ئێراق دەسەلاتی بەسەریان دا هەبو و ئەو ڕیژیمە زۆربەی پێویستییەکانی ، تاپۆ دەکرد. لەو سالانەی دواییشدا جارێکی تریش ڕۆژهەلاتی کوردستانی بەجێهێشتەوە و ناچار بە ئاوارەیی بۆتەوە و ئێستا لە باشوری کوردستانی ئازادیش، ئازاد نییە.

## لاوازبوونی حیزب دوای لێک جیا بوونەوە.

هەر لەو دەورانەی شۆرشی بارزانی دا بوو کە لە نێو ئەندامانی کومەیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ناکۆکی و دووبەرەکی پەیدا بوو. دوای ئەو ناکۆکییە بەشێکی زۆری ئەندامانی کومەیتەی مەرکەزی لێک جیا بوونەوە و ئەحمەد تەوفیق لە سکرتێرایەتی حیزب وەلا نرا. زۆر لەوانەی جیا ببوونەوە گەڕانەوە بوو ئێران و هەستانەوەکەی ساڵەکانی ٤٦ ـ٤٧ ـ ١٩٦٧ ١٩٦٨ ی زاینی پێکهات، کە لەو هەستانەوەیەدا زۆربەی خەباتگێرانی کارامە و کاریگەری حیزب، شەهید بوون.

ئەحمەد تەوفیقیش هەر لە باشوری کوردستان لە نێو شۆرشی بارزانیدا ماوە، هەتا ئەو کاتەی: خەبەری بێشوێن بوونی هات و لەپاشان وا زاندرا کە ڕێژیمی ئێراق گرتویەتی. لە دواییدا بە هۆی شکنجەی ئەو ڕێژیمە شەهید بوو. شایەد گیرانی وی بەهۆی خەراب لەسەر باسکردنی هاوال یا هاوالانی حیزبی خۆشی بووبێت، کە بەربەرەکانی دەسەلاتیان لەگەڵ یەکتر دەکرد. ئەو دەم باسێکی وا هەبوو. بەلام هیچ بەلگەیەک لەسەر ڕاست و درۆیی ئەو وتەیە نییە.

بە داخەوە حیزبی دێموکراتیش هەتا ئێستا سەبارەت بە ئەحمەد تەوفیق و ئەو هەموو خزمەتەی کە لە دەورانی ژیانیدا بە حیزب و گەلەکەی کرد، نە ڕوون کردنەوێکی بەرچاو و نە قەدرزانییەکی شیاوی کردوە.

حیزبی دێموکڕات دوای تێکشکانی ڕاپەڕینی ١٩٦٧-١٩٦٨ ، ئەگەر چی بەزاهیر کومەیتەی مەرکەزیشی لە دەرەوەی ولات هەر مابوو، بەلام خەباتێکی توندو تیژ و بەرچاوی لە ژورەوەی کوردستان نەما و تەشکیلاتی حیزب بەرەو لاوازی ڕۆیشت. بە تایبەت گیرانی بەکۆمەلی ئەندامانی حیزب لە ساڵی ١٣٤٧ ـ ١٩٦٨ ی زاینی، تەشکیلاتی حیزبی لە نێو خۆ، هەتا ڕادەیەکی زۆر لاواز کرد. لە کوردستان چالاکی تەشکیلاتی نەما یا زۆر کەم بوو. زۆربەی ئەندامان و بەرپرسانی شانە و کومەیتەکانی نێو خۆی، گیران و خرانە زیندان.

## گیــرانــی لیستەی نێوی ئـە ندامانی حیزب.

کاتێک سولـەیمان موعینی لـە ساڵی ١٣٤٧ ـ ١٩٦٨ لـە لایەن شۆرشی بارزانییـەوە گیرا و کوژرا و تەرمەکەی دراوە بـە ئێران، دەفتـەرێکی پێ دەبێت کە نێـوی بەرپرسان و زۆر لە ئەندامانی شانە و کومەیتـەکانی حیزبی تێدا نووسرابوو و وەگیر دەولەتی ئێران کەوتبوو. خودی ئەرتەشبود ئووەیسی لەپادگانی جـەڵدیان لە کاتی بازجویی و پرسیار، بە منی گوت: ئـەوە مەداریکێکن کـە لەگیفانی سولەیمان موعینی دا بوونە و بە خەتی وی نووسراون. دیارە ئەوە راست بوو کـە نووسراوەکان بـە خـەتی کاک سولەیمان نووسرابوون و نێـوی زۆربـەی کومیتـەکانی کارامـە و فـەعالانی حیزبی تێدابوو و نێـوی کومەیتەی شاروێران و چۆمی مەجیدخان و نێوی ئەندامەکانی ئەو کومەیتانەش، کە ئەمن دەم ناسین دە دوو لاپـەڕەی: یەک و دوودا نوسرابوو.

لـە لاپەرەی ٣ ی دا، نێـوی کومەیتـەی قەڵات[10] و هـەر ٩ کەس لە ئەندامـەکانی بەرێوەبەری ئـەو کومـەیتـە و نێـوی منیش وەک بەرپرسی کومەیتـەکە بە خەتی کاک سولەیمانی موعینی، تێدا نووسرابوو. ئـەگەر چی لەپادگانی جـەڵدیان لـە کاتی بازجۆیی حاشام لەوەی کرد: کە ئـەمن سولەیمانی موعینیم دیبێت یا ناسیبێت و یا پـەیـوەندیم لەگەڵی هـەبووبێت، بـەڵام نووسراوەکەی بـەخەتی کاک سولەیمانیان لەبەر چاوم ڕاگرت و بـە زۆر پێیان تـەماشا کردم. منیش گوتم نە خوێندەواریم هەیە و نە دەزانم چ نووسراوە و نە دەزانم سـەبارەت بـە چییـە. نە لەسەر خۆم، هیچم گوت و نە لەسەر کـەسی تر. ماوەی ئەو ٣ ساڵـەی کە لە زیندان دا بووم کـەس لە هاوکارانی من دەزینداندا نـەماوە و هـەموو هاوکارەکانم ئازاد کران. ئـەمن لە گـەڵ باقی گیراوەکانی ئـەفرادی کومـەیتـەکانی تر مامـەوە. بەڵام زۆر لە ئەندامەکانی کومەیتەکانیتر لە سەر یەکتریان شت دەگوت و بە زنجیرە هەر یەکەی یەک یا چەند کەسی تری دەهێنا.

دەشکرێ ئەو مـەداریکانەی کە گیرابوون، سولـەیمان موعینی دابنی بە عـەبدوڵڵای برای و دوای شەهید بوونی وەگیر دەولـەت کەوتبن.

هـەروا بە هۆی کوژرانی زۆر لـە کادرەکانی حیزب، مـەداریک و ئاگاداری زیاتریشیان پـەیدا کردبوو. بەو هۆیە، ڕێژیم توانی زۆربەی ئەندام وکادر و بەرپرسانی کومەیتە و شانەکان بگرێت.

## پادگانی جـە ڵدیان و گیرانی بـە کۆمـە ڵ.

لـە ڕۆژی ٢٧ ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٤٧ ـ ١٩٦٨ ڕێژیمی شایەتی لە ئێران بـە نا خافڵ و لە ماوەی ٣ ڕۆژ، لەسەرتاسەری کوردستان، دەستی بـە گرتنی ئـەندامان و لایەنگرانی حیزب کرد. وەک لە پێشدا گوترا زۆربەی بەر

[10] کومەیتەی قەڵات: نێوی نەهێنی کومەیتەی ناوچەکانی سەر شاخان و منگور و هێندێک لەو دێیانەی شارو ێران ولاجان بوون کە نزیک لە ناوچەکان بوون و خرابونە ژێر چاوەدێری تەشکیلاتی کومەیتەی قەڵات .

پرسانی کومەیتەو شانە و ئەندامانی چالاکی حیزبی دیموکرات، گیران و بردرانە پادگانی جەڵدیان. زیاتر لە ١١٠٠ کەسیان تەنها لە ماوەی ٣ رۆژدا بۆ پادگانی جەلدیان هێنا و بۆ بازجۆیی و پرسیار، ئامادەیان کردن. دادگایەکی سەحراییان بۆ دانان. ئەمنیش یەکێک لەو گیراوانە بووم.

لە ماوەی ١٧ رۆژی هەوەڵیدا، ئەوانەی لەو ٣ رۆژی پێشیدا نەهێندرابوون و وەبەر دەستیان نە کەوتبوون، ئەوانیشیان گرتن و هینایاننە پادگانی جەڵدیان. لە دواتریش زۆر کەسی ئیعتیراف لەسەر کراوی دیکەشیان هێنان.

دیارەئەو 17 رۆژەبە ئاسایی پرسیار و شکنجە دەستی پێ نەکرا بوو، بەڵام گیراوەکانیش ئاسودە نەبوون. هەر کەسە تاقە پەتوێکی پر لە ئەسپێی درابۆیە و دەبوو لەسەر ئەرزی سمیتکراو و تەر، هەم ڕایبخات و هەم بە خۆی دابدات. لە هەوەڵی بەیانیشەوە هەتا وەختی نوستن، دەبوو هەمووماں یا چوارمێردەکی ویا لەسەر ئەژنو دانیشتباین. هەقمان نە بوو لاق ڕابکێشین. هەر کەسێک لاقی ڕاکێشابایە، سەربازێک بە نێوی سەرباز شموسی کە بە سەر گیراوەکان ڕادەگەیشت، بە دار لە ئەژنۆی دەدا و دەبوو بە سەعات و یا بە سەعاتان لەسەر یەک لاق ڕاوەستابایە. هیچ کەس لە شەو ورۆژدا لە یەک جار زیاتر، مافی چوون بۆ تەوالێتی پێ نە دەدرا. ئەمن لەوێ ئێوام دیوە: لە نێو گیراوەکان لە خۆی میزتووە و لە خەجالەتیانیش گریاوە.

دوای ئەو ١٧ رۆژە، شکنجەزانانی سازمانی ئەمنیەت، کە بۆ بازجۆیی و شکنجە دان لە شارەکانرا هاتبوونە پادگان، دەستە بە دەستە گیراوەکانیان بۆ پرسیار دەبردن. هەرکەسێکی ئەوانی ڕازی نەکردبا و هیچی نە گوتبا، دەیان هێناوە بۆ پێش سالۆنەکەی زیندان و هەر یەکەی بە جۆرێک لەبەر چاوی گیراوەکانی دیکە، شکنجە دەکرا. هێندێک لێیان دەدرا هێندێک بە دیواریەوە دەبەستران هێندێک بە میلە ئاسنانەوە هەڵداوەسران و هێندێک دەبوو بە دەست بەستراوی لەسەر تختەی بزمارکراو لەسەر ئەژنۆ دانیشتبان و... پرسیار و شکنجە بە سەعاتان و بە ڕۆژان بێ پسانەوە درێژەی هەبوو. زۆر لە شکنجە دراوەکان بەبێ هۆشی و بەنیوەگیانی دەهێندرانەوە بۆ زیندان و لە وێ فرێدەدران. نە دوکتوریان دەهێنانەسەر نە دەرمانیشیان دەکردن. لە نێو ئەو گیراوانەدا زۆر ئازا و نەترس و خۆڕاگریشیان تێدا هەبوو. ئەو خۆراگریەش بەرهەمی ئەو بەرێوەبەریە رێکو پێکەی تەشکیلاتی حیزب بوو لە دەورانی ئەحمەد تەوفیق، کە کادرە بە ئیمانەکانی ئەو دەم دەرسی ئیقرار نەکردن و خۆ ڕاگریان لە نێو تەشکیلاتەکاندا، بەئەندامەکان دەگوت. ئەودەم لە نێو تەشکیلاتی حیزبیدا، خۆ ڕاگری و بەربەرەکانی و نەهێنی پارێزی، بۆ ئەندامانی حیزب زۆر گرنگ بوون. دیارە ئی واش هەبوون وەک گوترا: لەبەرابەر شکنجەی بێ ڕوحمانەی ڕێژیم، خۆیان ڕانەدەگرت: ئەوەی کردبوویان ئاشکرایان دەکرد و زۆر کەسیشیان بەدوای خۆیاندا دەهێنا. بەو نموونەی بەرەوە لەسەر شکنجەی بێڕوحمانەی ڕێژیمی شایەتی، دوایی بەو بەشەی: گیرانی بە کۆمەڵ لە زیندانی جەڵدیان، دەهێنم:

ڕۆژێک کوێخا ڕەحیمی نمونجەیان بۆ شکنجە برد. کوێخا ڕەحیم دەبوو بە پێخواسی لە دەوری حەسارێکدا غار بدات، کە بە ماشینان وردە تیژە بەردیان بۆ شکنجە لەوێ ڕۆ کردبوو. دوای ماوەیەک غاردان بە سەر

تیژەبەردانددا، بەری پێی زوێڵ زوێڵ چەرمی لێدەبێتەوە و ئێشێکی وا ناخۆش و ترسناك لەشی دا دەگریت، کە ناچار دەبێت شتێك بڵێت کە شکنجە گەران رازی بکات. دەڵێ لێم گەڕێن راستی دەڵێم. لەبەر ئەوەی حیزبایەتی نەکردبوو و یا کردبووی بەڵام لەبەر ترسی زۆر نێوی کەسی لەبیر نەمابوو، هەرچی فکر دەکاتەوە نێوێکی بە راست یا بە درۆی نایەتە بیر. شکنجە گەرەکانیش هەر لێی دەدەن و بە سەر بەردانددا غاری پێدەدەن و دەڵێن راستی بڵێ. لەئاخیرەکەی تەنها نێوی برایەکەی خۆی: مەلا کریمی نمونجەیی دێتە بیر، کە ئەو رۆژی قەرار بوو ئازاد بێت. بیر دەکاتەوە و دەڵێ با نێوی برایەکەم بڵێم و خۆم نەجات دەم. کە نێوی برایەکەی گوت خۆی و برایەکەشیان راگرت. برایەکەی واتە مەلا کەریم، ماوەیەکی تر لە زیندان دا ماوە و دوای ماوەیەکی دیکە ئازاد بوو. بەڵام کوێخا رەحیم دوو ساڵی تەواوی زیندان کێشا و دوای ئەو ٢ ساڵ زیندانە ئازاد کرا.

## چلۆنایەتی گەلی کورد لەزەمانی محەممەد رەزا شادا

دیارە هەر سەرهەڵدان و شەڕ و لێکدانێك هۆ و ئەگەرێکی هەیە. زۆر کەم هەڵدەکەوێت لە بەینی دوو کەس یا دوو چین و گروە، لە خۆڕا شەڕ دەرکەوێت. ئەگەر زۆر لێکراو و زۆرکەرێك نەبێت. تێکدەر و شەڕ پێکەرێك نەبێت، نە ناڕازی پەیدا دەبێت و نە شەڕ و شەڕ خوازی دورست دەبێت. ئەگەر داگیرکەرانی کوردستان سەروەت و سامانی کوردان بە خۆڕایی نەخۆن. ئەگەر رفتاری بە برایەتی و مافی نەتەوایەتیان بپارێزن و کرداری وەحشیگەری و رفتاری زوڵم لێکەریان دەکەڵ کوردان نەبێت، کورد بۆ ناڕازی دەبێت و بۆ داواکاری هەق خوازی دەبێت و بۆ ناچار بە شەڕ دەبێت و گیان فیدا دەکات یا ئاوارە و کۆچبەری ئەو وڵات و ئەو وڵات و ئەو جێگا و ئەو جێگا دەبێت و. . . .

لە زەمانی محەمەد رەزاشاش بێجگە لەسەرمایەدار و فئۆدال و دەرەبەگ، باقی چینەکانی خەڵك لە ژێر فشار و غەدری رێژیمدا، دەچەوسانەوە و زوڵم و زۆرێکی زۆریان لەسەر بوو. سەروەتو سامانی گەلانی ئێران، تەنها لە دەستی بنەماڵەی شا و داروودەستەکەی وی و تەبەقێکی کەمی سەرمایەدار و فئۆدال و دەرەبەگدا بوو و بەس. زۆربەی هەرە زۆری گەلانی ئێران فەقیر و هەژار و دەستکورت بوون. ئابووری وڵات لاواز بوو. قیمەتەکان زۆر زوو دەگۆڕان و بەرز دەبوونەوە و کۆمەڵ بەرەو زۆر بوون دەچوو. سەرمایە دارەکان دەوڵەمەند تر و فەقیرەکانیش فەقیرتر دەبوون. بەو هۆیە نا رەزایەتی چینی کەم دەرئامەد زیاتر دەبوو. لە کاتێکدا وەزعی خەڵکی ئێران بەو جۆرەبوو، گەلی کورد لە ئێران کە چەند بەرابەر دەچەوساوە، دەبێ زۆر خەرابتر بووبێت.

لە کوردستان باری ژیانی خەڵك خەرابتر بوو. رێژیمی ئێران خەڵکی کوردستانی وەك گەلێکی جیاواز و بێگانە چاو لێدەکرد. لەوێ سەرمایە گوزاری نەدەکرا و سەروەت و سامانی کوردان بۆ کوردستان خەرج نەدەکرا و هەنگاوێکی باش بۆ گەشە و رەفاهی کۆمەڵ، هەڵنەدەهێندرا. دەردی بێکاری و هەژاری خەڵك، چارە نەدەکرا. هەژاری رۆژبەرۆژ زیاتر و ژیانی خەڵکیش تاڵتر دە بوو. بێجگە لەوەش گەلی کورد لەژێر دوو چینی خاوەن

دەسەڵاتی: ڕێژیم لەلایەک و فئۆدال و دەرەبەگ لەلایەکی تر، بێروحمانە دەچەوساوە. لە شاردا سازمانی ئەمنیەت، خان و خاوەن دەسەڵات بوو. لە دێش ژاندرمە خاوەن دەسەڵات و فەرمان بوو. ئەوانە هەرچی ویستبایان دەیان کرد و هەرچی کردبایان بێ پرسینەوە دەڕۆیشت و کەس نەیدەتوانی بڵێ بۆ وادەکەن. خەڵک ناچار بوون گەنجی دەسترەنجی خۆیان کردیایە بەرتیل و ڕیشوەت و دابایانە وان. نە خەڵک لە ئەماندابوو. نە ژیان و بەڕیوەچوونیش ئاسان بوو. هەرچەندی ددانیان بەجەرگی خۆیاندا داگرتبا و هیچیشیان نەگوتبا، بەهانەیان پێدەگرتن و ئازاریان دەدان و پوڵیان لێدەستاندن. نموونەیەک بۆ چەوساندنەوەی بێ بەزەیانەی ڕێژیم: لە ساڵی ١٩٧٣ ژاندرمەکانی دەوڵەتی بە نێوی چەک کردن دەستیان بە فشار و ئازاری خەڵکی کوردستان کرد. لە هەموو دێیەکان خەڵکیان کۆ دەکردەوە و داوای ماڵەی چەکێک یا دوو چەکیان لێدەکردن. کەس نەیدەتوانی بڵێ نیمە. یا دەبوو پوڵیان دابایە یا دەبووچەکیان بۆ کڕیبانایە. ئەگینا ڕاو ڕاوێنیان پێدەکردن و ئازاریان دەدان.

گورهانێک ژاندارم بۆ چەککردن، دەچنە دێیەکی دۆڵێ شێخان بە نێوی سەرتان و داوا لە یەکێک لە خەڵکی وێدەکەن، چەکیان بداتێ. کابرا کە نە چەکی دەبێ بیان داتێ و نە پوڵ، پەتکی دەگونی دەخەن و هەتا دێی مێرگەرۆیە، بەدوای خۆیانیدا ڕادەکێشن. حاجی حەسەنی خەڵکی مێرگەرۆیە، پوڵی دەداتە ژاندرمەکان و کابرای نەجات دەدات. ئەوەیەکێکە لە هەزاران نموونەی دڵڕەقی داگیر کەرانی کوردستان.

حاجی حەسەنی مێرگەرۆیە پیاوێکی مەردار و دەوڵەمەند و کورد دوست و بەڕوحم بوو و زۆری یارمەتی بە خەڵک دەکرد. لە مانگی ئاداری ساڵی ١٩٦٧ لە ماڵی ئەو حاجی حەسەنە بوو، کە کۆبوونەوێکی گەورەی ناوچەیی لە ئەندامان و بەرپرسانی حیزبی دیموکڕاتی کوردستان بە ماوەی سێ ڕۆژ بە حزووری کاک سولەیمان موعینی و هاوالانی پێک هات و بە پێی هەڵبژاردن، کومەیتەی قەڵات دورستکرا

## تینووی سه ر هه ڵدان

وەک لە پێشدا گوترا، گەلی کورد لە زەمانی ڕێژیمی شادا لەو پەڕی سەختی و بێبەختی و زڵم و ژێردەستیدا دەژیا. جا لە هەلو مەرجێکی ئاوا دژوار و لە چەوسانەوێکی ئاوا نا لەباردا، بێگومان، گەل تینووی سەرهەڵدان و ئازادییە. گەلێکی ئاوا بەشخوراو و لە هەموو مافێکی ئینسانی بێ بەشکراو، ناکرێ هەستی سەرهەڵدان و ڕاپەرینی نەبێت. بەڵام کێ ڕێبەری بکات؟ چۆن و بە چ تیۆریەک، بە ئاواتی سەربەخۆیی و نەجاتی یەکجاری، دڵداری بکرێت و ڕێگای هیوا و ئاواتی بۆ ڕوون و خۆیا بکرێت؟ ئەوە ئەرکی ڕێبەرانی زانا و دڵسۆزی کوردە کە بە دەرکی بیری جوان، ئەرکی ڕزگاری نیشتمان بخەنە سەر شانی خۆیان و بە پێی هەل و مەرجی زەمان لە هەستی گەل بۆ گەل و لە هێزی گەل بۆ گەل کەڵک وەربگرن.

## بیری نەتەوایەتی

بۆ پتەو کردنی خەبات و وەڕێ خستنی هەموو چینەکانی گەل بەرەو ئامانجی ڕزگاری و نەجات، پێویستە ڕێبەرانی کورد لەسەر گرنگترین و بنەڕەتی ترین خاڵەکانی خەباتی ڕزگاری خوازی میللی: کە بیری نەتەوایەتییە، سوور بن. چونکە هەموو کۆر و کۆمەلانی کورد دەکرێ لەسەر بیری نەتەوایەتی کۆ ببنەوە و بۆ گەیشتنی گەل بە رزگاری و سەربەخۆیی، هاو بیر و هاوکار بن. ئەگەر خەباتی ڕزگاری خوازی بە بیری نەتەوایەتی نەکرێت، ناکرێ چاوە ڕوانی ئازادی ڕاستەقینەشی لێبکرێت. ناکرێ چاوەڕوانی بەرهەمی ئازادی لەو خەباتە بە نێو ئازادیخوازیانەی هاودەم بکرێت، کە بۆ خودموختاری یا حوکمی زاتی دەچوارچێوەی دەسەڵاتی ناوەندی لاوەکیدا کۆشش دەکەن. ناکرێ خۆت بە خاوەن دەسەڵاتی وڵات بژمێری، ئەگەر دەسڵاتدارێکی دی خاوەن فەرمان و خاوەن دەسەڵاتی توو و وڵاتت بێت. ئەگەر خۆت خاوەن دەسەڵاتی وڵاتی خۆت نەبی، ناتوانی بەرنامەکانی جوانت بۆ دهاتووی نیشتمانت پیادە بکەی

بە پێی مێژوو زۆربەی ئەو تیۆریانەی بۆ ڕزگاری کەڵکیان لێ وەرگیراون و نەتەوەکانیان پێ ئازاد کراون، خاڵی لە بیری نەتەوایەتی نەبوونە. زۆربەی وڵاتانی ئازاد و سەربەخۆ، بە بیری نەتەوایەتی ئازاد بوونە. لە زۆربەی شۆرشەکانی ئێمەی کوردیشدا، بیری نەتەوایەتی کاریگەری سەرەکی هەبووە. قازی محەممەدیش هەر لەسەر ئەو بیرە نەتەوایەتییە بوو، کۆماری کوردستانی دامزراند. ئەگەر لەسەر ئەو بیرە نەبایە ئەو کۆمارەیان بە کۆماری خودموختار نێو دەبرد و یا لانی کەم ئێرانیان پێوە دەچەسپاند و دەیان گوت کۆماری کوردستانی ئێران. وەک ئێستا کە حیزبی دێموکرات بە خۆی دەڵێت حیزبی دێموکڕاتی ئێران.

دەکرێ بڵێین هەر کاریگەری ئەو بیرە نەتەوایەتییە بوو، کە حیزبی دیموکڕات وەک لەپێشدا گوترا: لە حیزبی تودە جیا بۆوە.

دیارە ڕێبەرانی حیزبەکانی تودە و شیوعی: ئێرانی و ئێڕاقی، لە کوردەکان زیرەکتر بوون. ئەوان تەنها حیزبی تودە یا حیزبی شیوعی خۆیان بە حیزبێکی ڕاست و دورست و شایستە بۆ ئێران و ئێڕاق دەزانی و بەس. ئەوان تەنها حیزبی خۆیان و دەسەڵاتی خۆیانیان بەسەر نەژادەکاندا بە پێویست دەزانی. بیر و ڕای تەبعیز خوازی و کورت کردنەوەی دەسەڵاتی تەنها، لە دەستی فارس و تورک و عەرەبیان، بە کوردەکانیش دەسەلماند. تێۆری غەڵەتیان، بەخەڵک دەگوت و داوای مافی ڕەوای گەلی کوردیشیان بە ئێرتیجاع و دەسیسەی ئیستعمار و ئیمپریالیسم حیساب دەکرد. کادرەکانی ڕێبەری کوردەکانیش ئەگەر چی بە زاهیر کادری ڕێبەری حیزب و پارتییە کوردییەکانیش بوون، بەڵام بە دڵ لەوان جیا نە ببوونەوە و لە خەتی وان ملیان لار نەدەکردەوە. هەر ئەوەش بوو بە هۆی لادانی حیزب و پارتەکانی هاودەم لە ڕێبازی ڕاستەقینە: واتە لەباتی داوای سەربەخۆیی، خودموختاری و حوکمی زاتیان کردە ئامانجی دواڕۆژ و بۆ پاراستنی بەرژەوەندی فارس و عەرەب و یا بە هۆی

دودڵی و ترس له سەرکەوتن، لـە داوای سـەربـەخۆی چاویان پوشیـوه و حاکمیـەتی حکومـەتی داگیرکەریان لەسـەر نیشتمانی بەڕێزی کوردان بـە ڕەوا ناسیـوه.

## ئایا داگیر کەران بەو دڵ نەرمییەی ئێمە مافێکیان بەمە ڕەوا دیوە؟

ئـەگـەر بڵێین ئێمـە کوردین و کوردیش وەک نەتەوەیەک مافی ژیانی بەسەربـەستی هـەیـە، پێمان دەڵێن مـەگەر ئێـوە نـە ئێرانین یا ئێراقین؟ باشـە ئەگەر ئێمـە بە ئێرانی یا ئێراقی دادەنێن بۆچی حاکمیـەت و دەسەڵات و هەموو مافێک دەبی هـەر لـە ژێر دەسـەڵاتی یـەک نـەتـەوەی فارس یا عـەرەبدا ببێت و بـەس.

ئـەگـەر بێتـە سەر باسی مافی ئینسانی و ژیانی بـە یەکسانی، ئێمـە بـە کورد و لاوەکی و بێ ماف دادەنێن. جا ئەگەر داگیرکەرانی کوردستان هیچ مافێک بەمە ڕەوا نەبینن، بۆ ئێمە نیشتگە و لاتی خۆمان بەوان ڕەوا ببینین. ئەگەر زوڵمیشمان لێبکردرێت و وڵاتیشمان لێداگیر بکردرێت، با ئەوان بە خاوەن مافی ئاخمان نەزانین. با بەداگیرکەر هەر بڵێین داگیرکەر ئەگەر پێشی نەوەستین.

ئـەگەر دوژمنانی گەلی کورد خود موختاری کـە ئازادییـەکی ڕاستە قینەی بۆ نـەتـەوەی کورد تێدا نییـە قبووڵی نـەکـەن، ئێمـە بۆ بـە خۆڕایی، ڕەوایی حاکمیـەتی داگیرکەر: کە خودموختاری دەی گەیەنیت، قبووڵ بکـەین؟

باشتر ئـەوەیە: ئەگەر خوێنی پاکی ئازادیخوازانی فیداکار و چالاکی گـەل بڕژێت، لـە ڕێگای ڕزگاری یـەکجاری و سـەربەخۆییدا بڕژێت؟

ئـەوە دوژمنانی گەلی کوردن ناماف (بێ ماف) بـە ماف بـە کورد دەسەلمێنن و ئـەویشی پێ ڕەوا نابینن واتە خودموختاری یا حوکمی زاتی کـە ماف و ئاواتی گەلی کورد نایەننـە دی، بـە کوردیان سـەلماندوە و ئـەویشی نادەنێ. بـە کورتی لـە هیچ کـەمتر کـە هیچە، ئـەویشی پێ ڕەوا نابینن.

دیارە حیزب و سازمانـە کوردییـەکان بـە نێـو، خـەباتی ڕزگاری خوازی دەکەن. جا ئەوەی خودموختاری دەوێ و ڕەوایی دەسەلاتی داگیرکەر قبووڵ دەکات، دەکرێ پێی بڵێی ڕەزگای‌خوازە؟

ئەوە ئاشکرایە: خـەباتی ڕزگاری خوازی بۆ ئازادییـە. ئازادیش دژی ژێردەستییـە. لـەبـەینی ئازادی و نا ئازادیدا، شتێکی سێیـەم نییـە.

ئـەوەش ئاشکرایە: خـەباتی ئازادیخوازی کاتێک سـەر دەکـەویت، کـە ڕێگایـەکی ڕوون و ئاشکرا بپێویت و بەرنامەیەکی ڕاست و دورست و دوور لە سـەفسـەتـە، بگرێتـە پێش.

## دیموكڕاسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ كوردستان.

ڕێبەرانی حیزبی دیمۆكرات لە لایەك خۆیان بە ئێرانی و لە ئێرانیش ئێرانیتر دەزانن و لە لایەكی تر لەو شوعارەیاندا، خۆیان جیا دەكەنەوە و دیموكڕاسی بۆ ئێران دەخوازن و خودموختاریش بۆ كوردستان. ئێمە دوو ڕێگامان لەپێشە و بەس. یا وڵاتمان داگیر كراوە و ئێمە بۆ ڕزگاری خەبات دەكەین یا وڵاتمان داگیر نەكراوە و پێویست نییە خەبات بكەین. دیارە هیچ شك دەوەیدا نییە: وڵاتمان داگیر كراوە و پێویستە بە هێز و توانمان بۆ نەجات و ڕزگاری و سەربەستی نیشتمانمان خەباتی بێوچان بكەین. بەڵام خەبات بۆ هێنانەدی دیموكڕاسی بۆ ئێران، ئەركی سەرشانی ئێمە نییە. با ئەو خەڵكەی ئێران بۆخۆیان بۆ هێنانە دی دیموكراسی بۆ وڵاتیان، خەباتیان بكەن.

ئەگەر ئێمە ڕەوایی دەسەڵاتی حكومەتی مەركەزی، واتە حكومەتی داگیركەر بسەلمێنین، چۆن دەكرێ بە خۆمان بڵێین خود موختار. بێجگە لەوەش ئەوە بە مانای ئەوەیە: ئێمە نیشتمانی خۆمان بە ئێخۆمان نازانین.

وەك گوترا: قبووڵ كردنی ڕەوایی حاكمیەتی مەركەزی كە خودموختاری لە چوار چێوەی دەسەڵاتی دەوڵەتی مەركەزی دەی گەیەنێت، بە هەر مانایەكی بیری لێ بكەیەوە، ئیعتیراف كردنە بە ڕەوایی دەسەڵاتی داگیر كەر. ئەوش ئەوە دەگەیەنێت: كوردستان نیشتمانی فارس و عەرەب و توركە و ئی كورد نییە. ئیعتیراف بە هەقانیەتی داگیركەریش گوناحێكی گەورەیە و قابیلی بەخشین نییە. ئەگەر دەسەڵاتی دەوڵەتێكی نەژاد جیا و لاوەكی لەسەر نیشتمان و نیشتگەی خۆمان و باب و باپیران و باپیرانی باپیرانی. . . . باپیرانمان ڕەوایە، خەبات و تێكۆشان و شەڕ و لێكدان بە چ مانایەو و بۆچییە؟

## ڕاپەڕینی خەڵكی ئێران و هەل و مەرجی كوردان.

لە نوامبری ساڵی ١٩٧١ ی زاینی یەك ڕۆژ پێش ئەوەی هێزەكانی بریتانی لە ئەماراتی خەلیج وەدەر بكەون، هێزەكانی شای ئێران جەزیرەكانی لای ڕۆژ ئاوای هۆرمز: تونبی بزركَ و تونبی كووچكیان گرت.

لە ساڵی ١٩٧٢ شای ئێران لە شەڕی نێو خۆیی عوممان، بە دژی زوففار دەخالەتی كرد. لەو شەڕەدا سوتمان و كوشتارێكی زۆر بێڕوحمانە لەو خەڵكە كردرا و زۆر دێش وێران كران. پیاو گوژەكانی ساواكی ئێرانی كەوتنە گیانی خەڵكی زوففار و زۆریان ڕفاندن و زۆریان كوشتن و زۆریشیان بێشوێن كردن و بەربەرەكانی زوفارییەكانیان تێكشكاند.

لـه ساڵی ١٩٧٤ کـه دەوڵەتی ئێران بۆ وەرگرتنی ئیمتیاز له ئێراق به دژی ئەو وڵاته یارمەتی شۆڕشی بارزانی دەکرد، کاتێک دەوڵەتی ئێراق لـه لایەن مـەسکـەوەوە گاڕانتی کرا، واشنگتۆن ئیجازەی ئێرانی نـه دا، هاوکاری شۆڕشی بارزانی بکات و شەڕی نا ڕاستەو خۆ دژی ئێراق درێژە پێ بدات. ئـەمریکا مـەترسی دەخالەتی شۆڕەوی بـه قازانجی ئێراقی هـەبوو. کارتێر سەرەک کۆماری ئـەمریکای ئـەو کاتی دەترسا، ئـەو دەخالەتەی شای ئێران، بـه زەرەری وی تـەواو ببێت. هـەر بـەو هۆیـەش بوو، شا کـەوتـه فکری ئـەوەی میانجیـەک بۆ ئاشتی کردن دەگەڵ ئێراق پەیدا بکات. بوونی بوومیدیەن به بژیوان لەبەینی ئێراق و ئێران له ساڵی ١٩٧٥ ی زاینی و ترسی ئەمریکا له دەخالەتی ڕووسەکان، بوونه هۆی دەست کێشانـەوەی شای ئێران لـه یارمـەتی کردنی شۆڕشی بارزانی و شکانی ئـەو شۆڕشـە. دیاره یارمەتی شا به شۆڕش به خاتری کوردان نەبوو بەڵکوو بۆ وەر گرتنی ئیمتیاز له ئێراق بوو.

## چوونی خومه نی بۆ ئێراق

هـەر لـەو سـەر و بـەندی ناکۆکی بەینی ئێران و ئێراق بوو، که حاجی سـەید ڕووح اللـه موسـەوی خومـەینی، دژ بـه ڕێژیمی ئێران دەستی بـه خـەبات کرد. خومـەینی هەڵات بۆ ئێراق و چـەند مانگێک لـه وێ ماوه. ئێراقیش وەک ئێران، دژبـەرەکانی ئێرانی لـه لای خۆی ڕا دەگرتن.

خومـەینی بـه کاریگـەری محەممەد نـەوابی سـەفەوی، لـه حیزبی ئیخوان الموسلیمین (اخوان المسلمین) واتـه برایانی موسڵمان دا، بـەشداری کرد. خومـەینی لەو کاتیدا دژ بـه ڕێژیمی ئێران، ڕۆڵێکی گرنگی نـەبوو. لـه ئاخیرەکەشی بۆ لاچوونی شاش، کلیلێکی سـەرەکی نـەبوو.

لـه ساڵـەکانی ١٩٦٣ هـەتا ساڵی ١٩٦٨ ئـەو بیر و باوەڕەی لـه دواییدا خومـەینی پیادەی کرد، لـه وڵاتدا لـه دەستی ئایـەت اللـه مورتـەزا موتـەهـەریدا بوو. (مرتضی مطهری)

ئایـەتوللـه موتـەهـەری لـه ساڵەکانی ٧٠ و دواتر زۆر گروهی ئیسلامی لـه ئێران پێک هێنان و چـەندین ئاخوندی کردنـه هاوبیری خۆی، کـه ئایـەتوللـه محەممەد حوسێنی بـەهیشتی و ئایـەتوللـه خامـەنـەیی و ڕەفسنجانیش لـەو هاو بیرانـەی وی بوون. لـه ساڵی ١٩٧٧ نزیکـەی ٨٥٠٠٠ پـەیڕەوی پـەیدا کرد.

له ٦ ی ئوکتۆبری ساڵی ١٩٧٨ دەوڵەتی ئێراق، خومـەینی لـه ئێراق دەرکرد و خومـەینی چووه پاریس. لـه ١٨ ی ئەپریل له تێکهەڵچوونێکدا له شاری تەورێز، سـەدان کـەس کوژران.

لـه ئابادان سینـەمایـەک ئاوری تێبـەردرا، کـه ٤٠٠ کـەسی تێدا سوتان. ئاخوندەکان، ڕێژیمی ئێرانیان بـەو کاره نا ئینسانیـه تاوان بار دەکرد و دەوڵەتی ئێرانیش نەیارەکانی تاوانبار دەکرد. له خوزستانیش خۆ نیشاندانی گـەوره، دەستی پێکرد.

ئـەفرادی ڕیژیمی ئێران لە تاران، لەسەرکوت کردنی خۆ نیشاندەران لـە جومعـەی ڕەشدا، ٧٠٠ کـەسیان کوشت. شا حاڵەتی ئامادەباش و نا ئاسایی( هەڵ ئاواردە: استثناء) ی ڕاگەیاند. بـەڵام ئـەوەش کۆمـەگی بە ئارام کردنـەوەی خـەڵک نـەکرد. خۆ نیشاندانەکان زیاتر بوون و سـەدان هـەزار کـەس بـە تورەیی کـەوتنـە خیابانان. شا حکومـەتی نیزامی ڕاگەیاند و شاپووری بـەختیاری کردە سـەرۆک وەزیر. ئاخیرەکەی شا نەیتوانی خۆی ڕابگریت و لـە ١٦ ی ژانویـەی ساڵی ١٩٧٩ زاینی هـەڵات و ئێرانی بۆ هـەمیشـە بەجێهێشت. خـەڵک دەستی کرد بـە تاڵان و ڕفاندنی شتی دەوڵەتی.

لـە یـەکی فیبرواری ١٩٧٩ ئایـەت اللـە خومـەینی گەڕاوە بۆ ئێران و لـە فروودگای تاران دابـەزی. شاپووری بـەختیار کـە لە جێی شا مابۆوە، ویستی لەگەڵ خومـەینی وتوویژ بکات، بـەڵام خومـەینی قبووڵی نـەکرد و گوتی خودا فـەرمانی لاچوونی وانی داوە.

خومـەینی لـە جێگای شاپووری بـەختیار، مـەهدی بازرگانی بـە سـەرۆک وەزیر دانا. چـەند ڕۆژێک ئێران دوو دەوڵەتی هـەبوو.

لـە ١١ ی فورییە(فیبروەری) خـەڵک هێرشیان کردە پادگانـەکان و جێگا سـەربازییـەکانی دەوڵەتی. شاپووری بـەختیار و زۆر لە ژەنەڕاڵەکان هـەڵاتن. بـەلام زۆر ئـەفسـەر و دەرەجەدار و کـەسانی پایـە بـەرزیش نـەیان توانی هـەڵێن و کـەوتنـە بـەر غـەزەبی خومـەینی و بێ بـەزەیانـە ئیعدام کران. لـەو شـەڕ و تێکهـەڵچوونانـەدا گۆیا ٦٠ هـەزار کـەس کوژران. لـەو ئاڵوگۆڕەدا خـەڵکێکی زۆری لاتو لوت و دەورەی سـەربازی نـەدیتو، بـەنێـوی سوپای پاسداران لـە ژێر ڕێبـەرایـەتی خومـەینی، دەسەڵاتیان کـەوتـە دەست.

دوای ڕۆیشتنی شا و هاتنـە سـەر حوکمی خومـەینی، کـەمایەتییـەکان کـە هـەتا ئـەو دەم لـە ژێر فشاری ڕیژیمـەکانی ئێرانیدا دەچەوسانـەوە، بـە هاتنـەسـەرحوکمی ڕیژیمی شیعـەی توند و تیژی خومـەینی نیگـەرانتریش بوون. ئـەو کـەمایـەتیـانـە ئەگەرچی بۆ لاچوونی ریژیمی شا خۆنیشاندان و کۆشش و خـەباتێکی بـەرچاویشیان هـەبوو، بـەڵام بـە داهاتووی خۆیان لە ژێر دەسەڵاتی ڕیژیمی خومـەینی خۆشبین نـەبوون. هـەر ئـەوەش بوو بـە هۆی ئـەوەی: ئـەو کەمایەتییەیانە بۆ ئازادی و ڕەهایی لـە ژێر دەسەڵاتی ڕیژیمی جمهوری ئیسلامی، کۆشش بکەن.

کوردەکان لـە کوردستان و عـەڕەبەکان لـە خوزستان و تورکمانـەکان لـە تورکمان سـەحڕای، بـە دژی ڕیژیمی جمهوری ئیسلامی بۆ وەدەست خستنی کۆنترۆڵێ نیشتمانـەکـەیان دەستیان بـە خـەبات کرد.

کوردەکان پێش ئەوەی لە لایەن حیزب و سازمانەکانەوە ڕێبەری بکرین، چالاکانەتر لە کەمایەتییەکانی دیکە، دەستیان بە ئازاد کردن و چەک کردنی پاسگایەکان و دەرکردنی ژاندارم و هێزەکانی دەوڵەتی کرد و شۆرشێکی گەورەیان لە کوردستان پێک هێنا. بە ماوەیەکی زۆر کەم زۆربەی کوردستان گیرا و زۆربەی خەڵکیش چەکدار بوون.

حیزبی دیموکرات ئەگەر چی ماوەیەکی زۆر بوو، چالاکییەکی سیاسی بەر چاوی نەبوو و ڕێبەری حیزب هەتا ئەو دەم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەبوو، بەڵام ئەو خۆشەویستییەی کە لە قازی محەممەدەوە بۆی بە خەڵات بەجێمابوو. هەروا خۆشەویستی ئەحمەد تەو فیق و کاک سولەیمانیش کە دەدڵی خەڵکدا هەرمابوو، بون بە هۆی ئەوەی: بەگەرانەوەی هێندێک لە ئەندامەکانی کومەیتەی ناوندی، خەڵکێکی زۆر ئامادەی هاوکاری بن و لە دەوری حیزب کۆببنەوە. لەو سەروبەندیدا زۆر حیزب و سازمانی فرسەت خواز، کە هەتا ئەو دەم لە کوردستان بە قەدەر دەنکە نۆکێکیشیان تۆوی سیاسەت نەچاندبوو، هاتبوونە مەیدان.

بە داخەوە زۆرلەو ڕێبەرانەی حیزبی دیموکڕاتیش ئەوە نەوبوون کە چاوەڕوانیان لێدەکرا. وا نەبوون کە دەبوو ببان و وا زانا نەبوون کە لە دەستیان بێت بە پەلە هێزەکان وا پوختە بکەن: بیانگەیەننە پلەی بەربەرەکانییەکی کاریگەر لە دژ نەیاری داگیرکەر. بێجگە لەوەش ڕێبەری لەسەر بیری نەتەوایەتی نەبوو و نەمانی دەسەڵاتی داگیر کەر بۆ هەمیشە، دە بەرنامەکانی حیزبیدا نە گونجابوو و مێشکی خەڵکیشیان بە خودموختاری ئاو دابوو. باوەڕ بە خۆیی و بیری سەربەخۆیی نەبوو. نەدەترسان داوای دیموکڕاسی بۆ ئێران بکەن، بەڵام دەترسان داوای سەربەخۆیی بۆ کوردستان بکەن. هەروا دەورەی سەربازی بە مانای ڕاستی خۆی بە پێشمەرگە نەدیترا و هەنگاوێکی باش بۆ دورستکردنی ئەرتەشێکی کوردستانی هەڵ نەهێندرا. جا بەو هۆیانە حیزبی دیموکرات نەگەیشتە ئەوپلەی: باش خۆی ڕێکبخات و ئازادی و سەربەخۆیی وڵات وەدەست بخات. بەڵام لەبەرابەردا ڕێژیمی‌خومەینی هەر کە دەسەڵاتی خستە دەست، سوپای پاستارانی لە نەبوو دورست کرد و خۆی بەسەر خەڵکدا دا سپاند و هەموو هێزەکانی نەیاری پێ تێکشکاند. ئەرتەشیشی هێنایە ژێر دەسەڵاتی خۆی.

ئەگەر کۆشش و دڵسۆزیەکی باش کرابایە حیزبی دیموکڕاتیش، زۆر زیاتر لەوەی کە کردی دەی توانی کردبای. بۆ حیزبی دیموکڕاتیش بێجگە لەوەی خوازیاری چەک هەڵگرتن زۆر بوون و هەموو جۆرە چەکو چۆڵێکیش کەوتبوونە دەستی کوردان، زۆر پایە بەرزی ئەرتەشیش هەبوون کە ویستبای دەیتوانی زیاتریش کەڵکی لێوەرگرتبان. دڵسۆزی ئەرتەشی وەک سەرگورد عەباسی و سەرگورد عەلیار و سەروان جاوید فەڕ و دەیان ئەفسەر و خاوەن پلەی دیکەی دڵسۆزی ئەرتەشی لە ڕیزی حیزب بوون. ئەگەر زانستی زیاتر هەبایە و پەلەی زیاتر و چالاکی زیاتر کردرابایە، دەکرا ئەرتەشێکی بە هێزی کوردستانی بە هۆی ئەو ئەفسەرە بەنرخانەی نێو حیزب دورست کردرابایە.

دیارە کۆمەڵەش لە کوردستان لەسەر ئەوەیرا: سازمانێکی تازە پێکهاتوو بوو، باشی گەشە کرد. بەڵام ئەویش ئەوەی دەبوو ببا نەبوو و توشی غەڵەتێکی گەورەی: بوون بە حیزبێکی ئێرانی بوو. ئەگەر چی زۆربەی ئەندامەکانی کورد بوون، بەڵام بۆئازادی ئێران، خەباتی دەکرد.

حیزبی دیموکڕات ئەگەرچی وەک گوترا کەم کاری و ناڕەساییشی زۆر بو، بڵام بە هۆی خەبات و تێکۆشانی دڵسۆزانی کورد، توانی هێزێکی‌چەکدار بەڵام نا پوختە کۆ بکاتوە و لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان جێگیر ببێت و خەباتی سیاسی و نیزامی خۆی دەست پێبکات و خۆی بۆ بەڕیوەبەری کوردستان ئامادە بکات.

لـه مانگی مـەی ساڵی ١٩٧٩ عـەرەبەکانی خوزسستان بۆ پێک هێنانی دەوڵەتێکی عـەرەبیخوزستانی، دەستیان بە شـەڕ بـە دژی ڕێژیم کرد. ئـەو عـەرەبانـە لـە زەمانی بـەنی کابـەکاندا سـەربـەخۆ بوون.

لـه شـەڕەکانی خورڕەم شاردا، هێزەکانی دەوڵەتی، هێرشیان کردەسـەرعەرەبە خوزستانییەکان و بـەربـەرەکانی وانیان تێکشکاند و سەدان کەسیان لێکوشتن.

تورکومانـەکانیش نـەیان توانی زۆر خۆ ڕاگرن و شکستیان خوارد. بـەڵام لـە کوردستان گـەلی کورد وەک عادەتی هـەمیشـەیی خۆی، ئازایانـە بـەربـەرەکانی کرد. دەتوانم بڵێم ئەو ئازایەتییەی کوردان بە دژی ڕێژیمی ئێران کردیان، لە شەڕی ویێتنام نەدیتراوە و نەکردراوە.

کۆماری ئیسلامی لە ٣٠ مارس بۆ هـەڵبژاردنی سیستمی حکومەتەکەی، ڕەئیی گیری کرد و ڕای گـەیاند: ٩٨ لـە سـەدی خـەڵک ڕەئیان داوە.

لـە ٣٠ ی سیپتەمبر خومـەینی بـە هۆی ڕیفرێندۆمێک، یاسای وڵاتی لەسەر پایەی ئایـەت و حـەدیس دانا و ١٧٥ خاڵی نوێ لـە قانونی ئەساسی وڵات پـەسند کران و بۆ بـەدەسەڵات گەیاندنی دیکتاتۆری شیعـەی تـەعـەسوبگـەڕا و توند و تیژ، سیستمی دەوڵەتی لەسەر بناخـەی ویلایـەتی فـەقیە، دامزراند و ڕێگای گـەیشتن بـە پلـەی بـەرزی دەسەڵاتی، لـە سوننی و کـەمایـەتییـەکانی تری ئێرانی گرت.

ویلایـەتی فەقیە تەنها شیعـەکان باوەڕیان پێیـە و تەنها موجتەهیدی شیعـە ئـەو پلـەیان پێدەدرێت. دەسەڵاتی ویلایـەتی فـەقیە هـەر لـە شیعـەدا دێتـە دی و تەنها لەدەستی یـەک کـەس دا دەبێت و بـەس.

خومـەینی چـەند پۆستێکی دەوڵەتی لـە ژێر دەسەڵاتی دەست نیشاندەکانی خۆی دانا. وەک بـەرپرسی شوڕای بـەرزی قـەزایی، وەزارەتی بازرگانی، وەزارەتی بەرگری و کیشوەر و غـەیرە. بـەرزترین دەسەڵات خرایـە ژێر دەسەڵاتی وەزارەتی بەرگری و گـەورەترین خالیش، امربمعروف و نهی از منکر بوو واتە: فەرمان بە باش و نا لە ناباش.

خومـەینی سیستمی سوپای پاسدارانیشی دورست کرد و پشتی بـەو سوپایـەوە بـەست. هێزەکانی سوپای پاسداران بۆ ڕاگرتنی هێمنی دڵخوای ڕێژیم، لە شارەکان بڵاو بوونەوە و گـەشت و گەڕانی سوپای پاسداران بـە تایبـەت لـە نێـو شارەکانی کوردستان کە دەسەڵاتیان بەسەریاندا هەبوو، بێژومار کرا.

لە ١٨ مارسی ساڵی ١٩٧٩ عەبدوالرەحمانی قاسملو سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران داوای بە ڕێوەبەری[11] کوردستانی، بە دەستی گەلی کورد کرد.

ڕێبەرانی کورد بۆ چارە کردنی پرسی کوردی بە ئاشتی زۆریان کوشش کرد و نوێنەریان ناردە تاران، کە عەبدوالرەحمانی قاسملوش یەکێک بوو لەو نوێنەرانەی بۆ چارە سەری پرسی کوردی چووبونە لای خومەینی. بەڵام ڕێژیمی خومەینی جوابی کوردەکانیشی بە دەکار کردنی هێزی نیزامی داوە و لە ١- ١ -١٣٥٨ - ٢٢-٣-١٩٧٩ هێرشی کردە سەر شاری سنە و شەڕ دەستی پێکرد. بەو هۆیە هەوەڵین نەورۆزی خوێناوی لە شاری سنە لە کوردستان دەستی پێکرد.

هەروا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ پیادەکردنی نەخشەی شومی خۆی، شەڕی نەغەدەشی بەو جۆرە ساز کرد:

لە کاتێکدا حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ کردنەوەی کومەیتەیەکی حیزبی لە نەغەدە کۆبوونەوێکی پێکهێنابوو، لە لایەن تورکەکانی نەغەدەوە لەو کۆمەڵە خەڵکەی کە لە مەیدانێکی چوار دیوار بە دەورەدا کێشراو کۆ ببوونەوە، تەقەیان کرد و شەڕیان دەست پێکرد و کۆبوونوەکەش تێکچو.

کوردەکان بۆ شەڕێکی ئاوا چاوەروان نەکراو، ئامادە نەبوون و زۆربەی هەرە زۆری خەڵکەکەش بێچەکً بوون. لەگەڵ ئەوەش دەستیان کردەوە. لەگەڵ ئەوەی زۆرلە کوردەکان کوژران، تورکەکانیش، زۆریان لێکوژران. بەڵام ڕێژیمی ئیسلامی کە لە پێشدا نەخشەی بۆ ئەو شەڕە هەبوو، خۆی بۆ ئامادە کرد بوو، زوو بە کۆمەگی تورکانەوە هات. بەو جۆرە لە نەغەدە و دەوروبەری مەهابادیش شەڕ دەستی پێکرد.

دوای تەقە لێکردنی تورکەکان لە کوردەکان و دەستپێکردنی شەڕ لە نەغەدە، سەید ڕەسوڵی بابی گەورە، چەکدارەکانی کوردی کۆکردنەوە و ڕێکوپێکی کردن و باشتر بەرەنگاری تورکەکان و هێزەکانی دەوڵەتی بوون. لەو شەڕەدا زۆر خەڵکی بێگوناحیش لە هەردووکً لا کوژران.

کۆماری ئیسلامی کە نەخشەی داگیر کردنەوەی کوردستانی کێشابوو، لە زۆربەی کوردستان شەڕی هەڵگیرساند و شەڕێکی سەرتاسەری دەستی پێکرد.

دوای ئەوەی هێزەکانی دەوڵەتی لە کوردستان، لەبەرابەر ئازایەتی و قارەمانەتی و لەخۆبوردووی هێزەکانی پێشمەرگە، شکستی گەورەیان خوارد و زەرەر و زیانی زۆریان وێکەوت، خومەینی بۆ قەرەبووی ئەو شکان و دامانە بە ناچار لە ٢٨-٥-١٣٥٨- ١٩٧٩ فەرمانی جیهادی بە دژی گەلی کورد ڕاگەیاند و لە سەرتاسەری کوردستان شەڕی دەست پێکرد. ئەو شەڕە سەرتاسەرییە بە شەڕی سێ مانگە نێو بانگی دەرکرد. بەڵام ئازایەتی

[11] لە ڕۆژنامێکی هولەندی بەو شێوە نوسراوە و بەوجورم بە کوردی وەرگێڕاوە. بەڵام بەڕێز قاسملو کە داوای سەربەخۆیی کوردستانی نەدەکرد، وا وێدەچێت داوای بەڕێوە چونی کوردستان بە دەستی کورد بە شێوەی خودموختاری کردبێت.

وقارەمانیەتی هێزەکانی پێشمەرگە، خومەینیان وادار بە چاو پێداخشاندنەوەی دوو بارەی فەرمانەکەی کرد. خومەینی لە ٢٦-٨-١٣٥٨ -١٩٧٩ پەیامی ڕاگرتنی شەڕ و چارە سەر کردنی پرسی کوردی بە ئاشتی ڕاگەیاند. بەداخەوە ئاشتی سەری نەگرت و ڕێژیم هێزی نیزامی خۆی ڕێک وپێک کرد و نەخشەی شومی خۆی درێژە پێدا.

لە کاتێکدا هێزەکانی ڕێژیمی خومەینی لە بەرابەری هێزەکانی پێشمەرگە دامابوون و باوەڕیان بەوە نەبوو بە دەستی خۆیان و بە هێزی خۆیان هێزی گەلی کورد لە پێش ڕێیان لابەرن، ئەوجار نەخشەی شومی شەڕی کورد لەگەڵ کوردیان دورست کرد و بە نەهێنی دەستیان کرد بە کۆ کردنەوەی ئەفرادی پارتی دیموکراتی ئێراق ( قیادەی موقەت ) بە ڕێبەری ئیدریس بارزانی و بە نەهێنیدەورەیەکی کورتی ڕاهێنانی شەڕیان لە هەمەدان پێ دان

هێزەکانی بارزانی بە هاوکاری هێزەکانی ئێرانی و شان بە شانیوان بە ناخافڵ لە سەرتاسەری شیمالی کوردستان، هێرشیان کردە سەر مەقەڕەکان و کومیتەکان و پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکڕات و هەموو جێیەکان و هێزەکان و پێشمەرگەکانیان بە شەو گەمارۆدان و بە بێڕوحمانەترین شیوە لێیان دان.

ئەو هێرشە ئەوەندە غافڵگیرانە بوو: کە بە ماوەیەکی کەم زۆربەی شیمالی کوردستانیان گرتەوە و دوو دەستەگی پێشکێشی ڕێژیمیان کرد. ئەو هێرشە بێڕوحمانەی قیادەی موقت بە ڕێبەری ئیدریس بارزانی، لە زۆر جێگای تری کوردستانیش دەستی پێکرا. وەک لە لای دزڵی و پاوە و مەریوان و زۆر جێگای تر.

لەو شەڕەدا، نەک هەر زۆر لە پێشمەرگەی ئازاو قارەمانیحیزبی دیموکڕات شەهید بوون و بەس، بەڵکوو زۆر جێگای ئازاد کراویش گیرانەوە و کەوتەنەوە ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی داگیر کەر. ئەو هاو کارییە بە ماوەیەکی زۆر، هەردرێژەی هەبوو هەتا ئەو کاتەی زۆربەی کوردستان گیراوە و زۆربەی جێگا ستراتیژیکییەکان پایەگایان لێداندران و ڕێژیمی ئیسلامیش پێویستی پێیان نەما.

ئەگەرچی شەڕ بە شیوەی پارتیزانی چەند ساڵێک درێژەی هەبوو، بەڵام ساڵ بە ساڵ کزتر و کەمتر بوو.

دوای ئەوەی ڕێبەری حیزبیش جارێکی تر کوردستانی بەجێهێشت، شەڕ لەوەی هەبوو کەمتریش بوو. هەتا ئەوەی ئەوساڵانەی دوایی بە کردەوە شەڕ نەماوە. بەڵام کۆماری ئیسلامی، ئیستاش دەستی لە ترۆری کەسان و شەخسیەتەکانی کورد هەڵ نەگرتوە و ئیستاش نەیارانی خۆی ترۆر دەکات.

لە ١٦ ی ژۆئیەی ساڵی ١٩٨٩ پیاو کوژە ترۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی بە پێی نەخشەیەکی نا ئینسانانە لە کۆبوونەوەیەکی بە نێو بۆ ئاشتی، دوکتۆر عەبدوالرحمانی قاسملو و عەبدوالڵەی قادری و دوکتور فازیلیان لە شاری ویەن پێتەختی ئوتریش، ترۆر کرد و هەر سێکیان شەهید کردن.

لە ١٧ سێپتیمبری ساڵی ١٩٩٢ دوکتۆر سەعیدی شەرەفکەندی: سکرتێری حیزبی دیموکراتی ئێرانیان لەکەڵ فەتتاحی عەبدولی ئەندامی کومەیتەی مەرکەزی و ٣ کەسی تر لە چاییخانەی میکۆنوس لە شاری بێرلەن لە

ئاڵمان، تڕۆر كرد و شەهیدیان كردن. بە پێی وتەی دژبەرەكان لە وەتا هاتنە سەر دەسەڵاتی ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی هەتا ئێستا ، سەدان كەس بە هۆی ترۆریستەكانی ئەوڕێژیمە، تڕۆر كراون.

لـە مانگی ژوئەنی ساڵی ١٩٨٠ ئـەبوالحسـەنی بـنی سـەدر كـە خومـەینی كاندیدی كردبوو، بـە ڕەئیس جومهور هـەڵبژێردرا. بنی سـەدر عـەڕەبەكانی خوزستانی خسـتـە ژێر فشار و فـەرمانی بـە سـەربازەكانی دا، قـەیتانی پۆتینـەكانیان نـەكـەنـەوە هـەتا كوردستانیش داگیر نـەكەنـەوە. بـەڵام ئاواتی بنی سـەدر نـەگەیشتـە دی و خۆی هـەڵات بۆ دەرەوەی وڵات و عـەبای ڕەئیس جمهوریشی لێی ئـەستێندراوە.

ڕێژیمی خومـەینی هـەر لـەساڵی هـەوەڵی بـە دەسەڵات گـەیشتنی، زیاتر لە هـەزار ئێرانی ئیعدام كرد.

## بەگرەو گرتنی ئەمریكایەكان.

جمهوری ئیسلامی ئێران لـە زستانی ١٩٧٩ ٥٠ كـەسی لـە ئـەفرادی سـەفارەتی ئـەمریكا لە تاران گرتن و زیندانی كردن. ڕێژیمی خومـەینی زۆر كـەسی لـە كـەمایـەتییـە دینییـەكان بـە تایبـەت لـە بـەهاییـەكان، ئیعدام كردن و زۆریشی زیندانی كردن.

## شەڕی ئێران و ئێراق.

كەنداوی فارس (خەلیجی فارس) بۆتە بناخەی خوێناوی ترین ناكۆكییەكانی بەینیئێران و ئێراق لە مێژووی هەردووك وڵاتدا. گرنگترین جێگاش لەو كەنداوە ئەو باریكە گوزەرگایە نەوپایەیە، كە ئێراق و ئێران بە وێدا دەتوانن هاتووچۆ بكەن و پەیوەندی لەگەڵ یەكتر بگرن. ئەو كەنداوە لە لایەن ئێرانەوە بە خەلیجی فارس نێو دەبرێت و لە لایەن ئێراقیشەوە بە خەلیج العرب نێو دەبرێت. ئەو خەلیجە بە هەر نێوێك بێت، ڕێگایەكی بازرگانییە و بۆ هەردووك لایان گرنگە.

لە ساڵە كانی ٦١ ڕا هەتا ٧٥ كە شەڕی كوردەكانی ژێر دەسەڵاتی ئێراق بە ڕێبەری مەلا مستەفا بارزانی درێژەی هەبوو، شای ئێران بە دژی ئێراق یارمەتی بەو شۆرشە كرد. دەوڵەتی ئێراق كە بە هۆی ئەو شەڕە لاواز ببوو، ملی دا هێندێك جێگای گرنگ بۆ ئێران بەجێ بێڵێت، بە بەهای پشت كردنی ئێران لە شۆڕشی بارزانی و تێكدانی. وا بوو پەیمانی ئەلجەزایر لەسەر ئەو بناخەیە بەسترا و شۆڕشەكەش هەڵوەشاندرا.

لە ساڵی ١٩٧٩ کە شۆرشی ئێران سەرکەوت و ڕێژیمی شایەتی لە ئێران هەڵکەندرا و ڕێژیمی ئاخوندی هاتە سەر کار، لە لایەکێ سەدام تەمای گرتنەوەی کەنداوی کەوتە سەر و لە لایەکی تر ئاخوندەکان نەخشەی بەڕێکردنی ئیسلام بۆ دونیا و نەخشەی کردنەوەی ڕێگای قودسیان دەکێشا. ولاتەکانی هاوسێش ترسێکی زۆریان کەوتە بەر.

لە ٧ ی ئەپریلی ساڵی ١٩٨٠ کە بەنی سەدر، سەرەکێ کۆماری ئێران بوو، قوتب زادە: وەزیری دەرەوەی ئێران گوتی: بەغدا و عەدەن ئیی ئیمەیە. لە ڕۆژی دواتر هەر ئەو قوتب زادە گوتی: دەوڵەتی ئیمە ساغ بۆتەوە لەسەر ئەوەی ڕێژیمی ئێراق لابەرێت. بەو جۆرە پەیمانی ئەلجەزایری بەینی ئێران و ئێراق، هەڵوەشا.

لە ٤-٩-١٩٨٠ ی زاینی هێزەکانی ئێرانی شارەکانی کورد نشینی خانەقین و مەندەلی و زورباتییە یان بە توندی تۆپباران کرد. بۆ شەوەکەی هێزەکانی ئێرانی لە لای قەسری شیرین و نەسراباد و کەلانتەرییەڕا، چوونە نێو خاکی ئێراق

لە ٩ سێپتیمبری ساڵی ١٩٨٠ ی زاینی ئێراقیش هێرشێکی گەورەی کردەوە سەر ئێران و زۆرجێگای ئێرانی گرت. بەو جۆرە بە ماوەی ٨ ساڵ بە توندترین شیوە، شەری بەینی ئێران و ئێراق درێژەی پەیدا کرد و نزیکەی ٢ میلیۆن کوشتەو بریندار و بێشوێنیان دا و زەرەر و زیانێکی زۆری ماڵیش وە هەردووکێ لا کەوت. لەو شەرە بێ ئاکامەی هەردووکێ لادا زیاتر زیانی ماڵی و گیانی وە گەلی کورد کەوت. چونکە شەڕەکە بە زۆری لە سەر خاکی کوردستان کرا.

لە مانگی ئاگوستی ساڵی١٩٨٥ چەند تێکهەڵچوونێکی سەخت لە مەرزی ئێران و ئێراق لە نزیکی بیارە و سلێمانی ڕوویاندا کە کوردەکانیش تێیاندا بەشدار بوون.

## شەڕی حەڵەبجە و بۆمبارانی شیمیایی.

چەند ڕۆژ پێش نەورۆزی ساڵی١٣٦٧ -١٩٨٨ هێزەکانی ئێرانی بە هاوکاری هێزەکانی یەکیەتی نیشتمانی، هێرشیان کردە سەر ئەرتەشی ئێراق لە شاری حەڵەبجە و ئەو شارەیان گرت. دوای گرتنی شاریحەڵەبجە لە مانگی ١٦ی ١٢ ی١٣٦٧ - مارسی ١٩٨٨ فرۆکە جەنگییەکانی ئێراق بە بۆمبی شیمیایی، ئەو شارەیان بۆمباران کرد. بە هۆی ئەو کارە وەحشیانەی سەدامی خوێن خۆر، زیاتر لە ٥ هەزار کەسی بێکوناح لە ژن و منداڵ و پیاو جوان و پیر و لاو، کوژران و زۆریش بریندار بوون.

بە تاوێکێ هەزاران لەش لە ژیان بێ بەش کران. هەزاران دڵ لە لێدان وەستێندران. سەدان دایکانی کۆرپە بە دەست سەدان بابانیمناڵ بە باوەش، بەسەریەکدا خران و کوچەو شەقامەکان بە لەشی کوژراوەکان داپۆشران.

ئەوە بەشێکی کەمە لە سەدان و هەزاران جینایەت و خەیانەت وەحشیگەری و زوڵم کەری داگیرکەرانی کوردستان. ڕۆژ نییە گوڵی دڵی بەشێک لە گەلی کورد بە دەستی داگیرکەران پەرپەڕ نەکرێت. ڕۆژ نییە چوزەی بە بزەی نەونەمامان: لاوانی بێ تاوانی کورد لە باوەشی هیوای گەشی دایک و بابان، سەربڕ نەکرێت.

بە کورتی لە هەر کات وزەمان دوژمنان: واتە داگیرکەرانی نیشتمان، بەرە بە بەرە، برپرەی بەرەی کورد دەبڕنەوە و باش و نباش، وردوخاش دەکەن و دەیانەوێ: شوێنەواری گەلی کورد لەسەر نیشتمانی بابو باپیرانمان نەهێڵن و وونی کەن و بیبڕنەوە.

بۆمبارانی شیمیایی بە هۆی ڕێژیمی ئیراق لە سەردەشت و چەند جێگای تری کوردستانیش کران و زۆر لە کوردی بێگوناحیتریش کوژران.

## داگیر کردنی کویت و دازت ستۆڕمی ئه مریکا و هاو په یمانان.

### شه ڕی کویت

سەددام حوسێن کاتێک لە داگیر کردنی ئێران نا ئومێد بوو، ئەو جار بیری گرتنی وڵاتی خاوەن نەفتی کەوتە مێشک و هێرشی کردە سەر کوێت و گرتی. شای کوێت هەڵات بۆ دەرەوەی وڵات و داوای یارمەتی لە ئەمریکا کرد. ئەمریکاش بە تەمای نەفتی زۆری کوێت، سازمانی نەتەوە یەکگرتوەکان و وڵاتانی ئوروپا و زۆر لە وڵاتانی عەرەب و وڵاتانی تری دونیای، مل کەچ بە هاوکاری کرد و بە شیوەیەکی قانوونی هێرشیان کردە سەر هێزەکانی ئێراق لە کوێت و لە بەشێک لە ئێراق. لەو شەڕەدا، ئەمریکا و هاو پەیمانان، مودێرنترین چەکیان دەکار کرد و زۆربەی چەکەکانیتازە دورستکراویان لە سەر ئەرتەشی ئێراق ئازمایش کرد. ئەرتەشی ئێراق بە ماوەیەکی زۆر کەم تێکشکا و کوێت گیراوە و شای دەوڵەمەندی کوێتیشی بۆ کوێت گەڕاوە.

## ڕا په ڕینی کورد ه کانی باشوری کوردستان.

دوای شکستی ئەرتەشی عیراق لە بەرابەر ئەمریکا و هاو پەیمانانی لە شەڕی کوێت، کوردەکانی ژێر دەسەڵاتی ئێراق کە دیتیان هێزی لەشکری ئێراق لاوازە و هێزەکانی بڵاو بوونە، لە فرسەت کەڵکیان وەرگرت و لە سەر تاسەری باشوری کوردستان هێرشیان کردە سەر هێزەکانی دەوڵەتی و بە ماوەیەکی کەم زۆربەی هەرە زۆری کوردستانیان ئازاد کرد. لەو کاتی ئەمریکاش کوردەکانی بۆ شەڕ دژ بە سەددام، هان دەدا. ئەو شۆڕشە خەڵکی و جەماوەرییە لە ٥-٣-١٩٩١ ی زاینی لە شاری ڕانیە دەستی پێکرد و بە ماوەیەکی زۆر کەم، هەموو کوردستانی داگرت و زۆربەی شارەکان ئازاد کران.

له‌ جنووبی ئێراقیش عه‌ڕه‌به‌كان هه‌ستانه‌وه‌ و زۆر جێگایان ئازاد كرد.

## گیرانه‌وه‌ی باشوری كوردستان

## و ئاواره‌ بوونی ٢ میلیۆن كورد.

دوای گیرانه‌وه‌ی كویت، ئه‌مریكا و هاوپه‌یمانان له‌ پێشڕه‌وی بۆ گرتنی به‌غدا و یا تێكشكاندنی پاشماوه‌ی هێزه‌كانی ئێراقی، ده‌ستیان هه‌ڵ گرت. ڕێژیمی ئێراق دوای سازماندان و ڕێكوپێك كردنی پاشماوه‌كانی ئه‌رته‌شه‌كه‌ی، هێرشی كرده‌ سه‌ر عه‌ڕه‌به‌كان له‌ جنووبی ئێراق. له‌ ٢٩ و ٣٠ مارسی ساڵی ١٩٩١ زاینی، عه‌ڕه‌به‌كان شكستیان خوارد.

له‌ ٣٠ و٣١ مارسیش كه‌ ئێراق هێرشی كرده‌سه‌ر هێزه‌كانی كورد له‌ كه‌ركوك، كورده‌كانیش شكستیان خوارد. ڕۆژنامه‌ی دی تـــلگراف له‌ ژوماره‌ی ٤ شه‌مۆی ٢ ی ئه‌پریلی ساڵی ١٩٩١ زاینی به‌و جووره‌ی نووسیوه‌:

دوای شكانی كورده‌كان له‌ كه‌ركوك سه‌دان هه‌زار كه‌س هه‌ڵاتونه‌ و ئاواره‌ بوونه‌. هه‌روا ده‌ڵێ كورده‌كان له‌ هه‌ولێر و ده‌هۆكیش ده‌بێ خۆ بكیشننه‌وه‌. ده‌ڵێ خه‌به‌ر هه‌یه‌ كه‌ زاخۆش گیرابیته‌وه‌ به‌ڵام كورده‌كان گوتویانه‌ له‌وێ شه‌ڕی سه‌خت هه‌یه‌ و شاری زاخۆ نه‌گیراوه‌ته‌وه‌.

BBC له‌ ڕۆژنامه‌كه‌ی خۆیدا ده‌ڵێ: له‌ شاری هه‌ولێر كه‌ سه‌دان هه‌زار كه‌س له‌ حاڵی هه‌ڵاتن و به‌ جێهێشتنی ماڵیان، هه‌ر كه‌سه‌ له‌گه‌ڵ فامیلی خۆی، ئه‌وه‌ی بۆیان هه‌ڵبگیرێت هه‌ڵی ده‌گرین و شار به‌جێ دێڵن.

ده‌ڵێ: ئه‌وانه‌ ده‌ڕۆن به‌ره‌و ئارامگایه‌ك به‌ره‌و جێگایه‌ك هه‌تا له‌ هێزه‌كانی سه‌ددام بپارێزرێن. ئه‌و جێگایه‌ش شاخه‌ سه‌خته‌كانن كه‌ داپۆشراو له‌ به‌فرن و ده‌بێ له‌ شه‌وه‌ سارده‌كان بێ ئیمكان له‌سه‌ر ئه‌و به‌فرانه‌ بمێننه‌وه‌، بێ ئه‌وه‌ی بزانن داهاتوویان چییه‌ و چۆن ده‌بێت و چیان به‌سه‌ر دێت. ده‌ڵێ ژنو منداڵه‌كان هێندێك له‌ ڕێدان هێندێك له‌ سه‌ره‌خۆ ده‌ڕۆن. هێندێك له‌ كه‌ناری ڕێگا له‌ به‌فردا گیرساون. هێندێك له‌سه‌ر ڕێگا ڕاوه‌ستاون. ڕێگایه‌كانی مه‌رزی سوورییه‌ و ئێرانیش له‌ لایه‌ن گاردی مه‌رزییه‌وه‌ به‌ستراون. قسه‌ كه‌ری ئێران ده‌ڵێ هه‌تا ئێستا ٧٠٠ هه‌زار كه‌س

هاتوونەتە ئێران و لەوەی زیاتریان پێ ناحاوینەوە. ڕۆژنامە نووس دەڵێ هێشتا ۲۵۰ هەزار ئاوارەی دیکە لە درێژایی ٨ کیلۆ میتر لە شاخە سەختەکانی مەرزی ئێران و عێرق لەنزیکی ڕەواندووز، بێ یارمەتی ماونەتەوە. ئەوانە لە نێو بەفر و سارد و سەرمای سەختی زستان لە کێوە سەخت و بڵێندەکان، لە حاڵێکی زۆر دژوار دا ماونەتەوە. بەشێکی زۆریش لە ئاوارەکان بە هۆی مینە چاندراوەکانی ئێران و ئێراق لە مەرزەکان دە گوژرێن.

لە ١٣-٤-١٩٩١ ی زاینی ڕۆژنامە نووسێک وێنێکی دڵ تەزێنی کێشاوە، کە ئەوە نیشان دەدات: ئاوارەکان دەستیان بەرەو ئاسمان بڵیند کردوە و دەڵێن یارمەتیمان پێ بکەن لە برسان مردین. هەروا دەڵێن بۆ کوێت ئازاد دەکەن بۆ کوردستان ئازاد ناکەن خۆ ئێمەش نەفتمان هەیە. ئاوارێک دەڵێ: پێمان بڵێن چ  جیاوازییەکمان هەیە لەگەڵ کوێت . بۆ ئێمە جارێک دەکەوینە بەر هێرشی ڕێژیمی خوێن ڕێژی ئێران و جارێک دەکەوینە بەر شاڵاوی فاشیستی تورک و جارێک دەکەوینە بەر بۆمبای شیمیایی ئێراق و جارێکیتریش دەبێ لەبەر هێرشی سەدامیدیکتاتۆر، ئاوارەی شاخ و کێوان بین.

ڕۆژنامە نووسێکی دی دەڵێ ئێمە لێرە ئاوارەیەکی زۆر دەبینین، کە هەریەکەی کوتە پەلاستیکێک یا لێفێکی بەسەر خۆدا کێشاوە. گوێمان لە گریانی منداڵاان دەبێت. چاومان بە خۆدارنینی ژنان دەکەوێت. قولله کێوەکان بە بەفر سپین بە هەور داپۆشراون. کۆمەڵێک لە پێشدا هاتوون کۆمەڵێک تازە دێن و هەنگاو بە هەنگاو بەرەو بڵیندایی دەڕۆن. یەک لەدوو یەک دێن و کێو لەدوو کێو تێدەپەڕینن. ئەوانە شاهیدی خەونێکن: خەونی بەسەر هاتێکی تاڵ بەسەرهاتێکی چاوەروان نەکراو.  بەڵام زمانی نا ئاشنا هیچ ئاشکرا ناکات. ئەوە بەشێک بوو لە خەبر و دەردی دڵی ڕۆژنامە نووسەکان سەبارەت بە ئاوارە کوردەکان. ئەگەرچی ڕۆژنامە نووس گوتویەتی زمانی نا ئاشنا هیچ ئاشکرا ناکات، بەڵام ئەوان هەستیان بە دەرد و ئێشی ئەو خەڵکە کردوە. لەگەڵ ئەوەی لە وتەی وان، هیچیان فام نەکردوە.

ئەو ڕۆژنامە نووسانە ئەگەر چی بێگانەش بوونە، بە ناڕەحەتی ئەو خەڵکە ناڕەحەت بوون.  بەڵام ڕێبەرانی کوردی باشور ئێستاش دڵیان پێیان ناسوتێ و لە سەر خوێنی وان لەگەڵ بێگانەکان موعامەلە دەکەن و بۆ بەرژەوەندی داگیرکەران کەڵکیان لێوەر دەگرن و شەڕی کوردی دژی کوردیان پێدەکەن و بە یەکتر  بەگوژیان دەدەن.

### سەرکەوتنی ڕێژیمی سەددام.

لە شەڕی کوردەکان بە دژی ڕێژیمی ئێراق، کوردەکان کوشتەی زۆریان دا و کوردستانیش گیراوە. کوردەکان دەڵێن لەو شەڕانە دا، هەزاران کەسیان لێکوژراوە و ڕێژیم لە مودێرنترین چەک کەڵکی وەرگرتوە و بۆمبی فۆسفۆری و ناپاڵمیشی دەکار کردوە.

کوردەکان بۆ پێشگیری لە هێرشی سەدام، داوایان لە ئەمریکا و وڵاتەکانی ئوروپایی کرد: یارمەتیان پێ بکەن. جۆرج بووش: سەرۆکی کۆماری ئەمریکا گوتی: شەڕی کورد و شیعە لە ئێراق پرسێکی نێو خۆیی ئێراقییە. بەڵام زۆر لە وڵاتەکانی ئوروپایی پشتیوانیان لە چارەسەر کردنی ئاوارە کوردەکان کرد.

## یارمەتی کردنی ئاوارەکان.

ڕۆژنامەی دی تێلگرافی هۆلەندی لە ژمارەی یەکی شەمۆی ٩ ی ئەپریلی ساڵی ١٩٩١ دەڵێ: ٦ فڕۆکەی باری بە نێوی هیرکولیس کە بە هۆی فڕۆکە شەرکەرەکانەوە پارێزگاریان لێدەکرا، دەستیان کرد بە فڕێدانە خوارەوەی ناچاری ئاو و خواردەمەنی بۆ کوردە هەڵاتوەکان.

هەروا فەرانسیەکان و بەریتانیایەکانیش خواردەمەنی و چادر و پۆشاکیان پێگەیاندن. وێژەرێکی ئەمریکی گوتی : یارمەتییەکان درێژەیان دەبێت هەتا سازمانە خێرییەکان پێیان ڕادەگەن.

بە کورتی بە هۆی هێرشی سەدامی خۆین ڕێژ نزیکەی ٢ میلیۆن کەس پەرێوەی شاخە بلیندەکان و کوێستانە سەخت و بەفراویەکان بوون.

## خەبەری ئاوارەکان لە میدیاکانی وڵاتەکان

نووچەوان و وێنەگەرانی وڵاتەکان کات بەکات و ڕۆژ بە ڕۆژ، باسی چۆنیتی ئاوارەکانیان دەنووسی و بەسەرهاتی تاڵی وانیان بە جیهان ڕادەگەیاند. دیتنی وێنە دڵتەزێنەکان لە تەلەفیزیۆنەکانی وڵاتەکان و بڵاو بوونەوەی ئەو هەموو خەڵکە زۆرەی ئاوارە لەسەر ڕێگا و کێو و چیا بەفراویەکان کە زۆر پێخواس و کەم پۆشاکیشیان دەگەڵ بوون، سرنجی ڕای جیهانیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشا.

لەو بەینەدا خەڵکەکانی وڵاتەکانی ئوروپایی گوشاریان خستە سەر دەوڵەتەکانیان، بۆ چارە سەر کردنی دژواری ئاوارەکان. وا بوو هێندێک لە وڵاتەکانی ئوروپایی ویستیان کوردەکان لە هێرشی ڕێژیمی سەدام بپارێزرێن.

## هێڵی ٣٦ .

ئەمریکا و وڵاتەکانی هاو پەیمان، پشتێندەی پاراستن، واتە: هێڵی ٣٦ یان بۆ کوردەکان دانا، کە نە دەبوو هێزەکانی ئێراقی لەو خەتە دەر بچن و بێنە بەشێکی زۆر لە کوردستان. ئەو بەشەی پشتێندەی پاراستن، بەهۆی فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمریکا ئاگاداری لێدەکرا. بەو جۆرە کوردە ئاوارەکان، گەڕانەوە بۆ ماڵەکانیان.

## مردنی ئاوارەکان.

کوردەکان کە بە هۆی هێرشی سەدام ئەوار ببوون، لەو کاتیدا زەرەر و زیانێکی زۆری گیانی و ماڵیان وێکەوت. ڕۆژانە چەندین کەسیان لێ دەمرد. بە تایبەت زۆر لە منداڵەکان بە هۆی سارد و سەرما و نەبوونی شیر و خواردەمەنی دەمردن. نەبوونی خواردەمەنی، کاریگەریەکی زۆری لەسەر ژنە منداڵەبەران کرد بوو. زۆر لە دایکەکان شیری مەمکیان ئیشکی کردبوو و منداڵە شیرە خۆرەکانیان پێ تێر نەدەکران و زۆریان دەمردن.

## گەڕانەوەی پارتەکان و هەڵبژاردنی پارلەمان.

دوای گەڕانەوەی ئاوارەکان، حیزب و پارتەکان کە مەیدانیان بۆ چۆل کرابوو و دوژمن لە ئارادا نەمابوو، گەڕانەوە بۆ کوردستان و دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ئەو گەلەدا داسپاند، گەلێک کە بە لە خۆبوردوویی خوی، ڕای دونیای بۆ لای خۆی ڕاکێشا بوو.

پاش ماوەیەک هەڵبژاردن بۆ پێک هێنانی پارلەمانێکی کوردی لەو هەرێمەی کوردستان، دەستی پێکرا. لەو هەڵبژاردنەدا پارتی دیموکرات، بە سەرۆکایەتی مەسعوودبارزانی و یەکیەتی نیشتمانی کوردستان، بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی، زۆرینەی ڕەئیان هێناوە. ئەگەرچی پارتی ڕەئیی لە یەکیەتیش زۆرتر بوو، بەڵام بە دابەش کردنی دەسەڵاتی وەک یەک، ڕازی بوو. بەو جۆرە دوو پارتی سەرەکی بە فیفتی فیفتی واتە: ٥٠ بە ٥٠ ، دەسەڵاتیان لە بەینی خۆیاندا دابەش کرد.

## هە لی گە لی کورد.

ئەو هەلەی بۆ ئەو گەلەی باشوری کوردستان هەڵکەوت، گەورەترین دەستکەوت و گەورەترین هەڵکەوت و باشترین فرست بوو، کە لە مێژووێ گەلی کورد هەڵ کەوتبوو. بە داخەوە پارتی و یەکیەتی نەیان زانی ویا نەیان ویست، کەڵکی لێ وەرگرن. ئەگەر چی ڕەئیی زۆربەی گەلانی جیهانیان لە گەڵ بوو، بەڵام بۆ ڕزگاری یەکجاری ئەو بەشەی کوردستان کۆششیان نە کرد و زیاتر بەرژەوەندی داگیرکەرانیان پاراست.

ئەو دوو پارتییە لە هەوەڵەو هەرچی ویستبایان و پییان لەسەر داگرتبا، بۆیان دەچووە سەر و لێیان قبووڵ دەکرا. لەو کاتی ئەگەر داوای سەربەخۆییشیان کردبا، وڵاتەکانی هاو پەیمان، کوردەکانیان بەرەڵا نەدەکرد و نەیان دەهێشت بکەونەوە بەر هێرشی سەدام. بە داخەوە نەیان زانی چ بکەن.

## هێرشی سێ قۆڵی بۆ سەر PKK [12]١٢

نەزانین و نا لایقی ئەو دوو پارتییە، بووە هۆی ئەوەی داگیر کەرانی کوردستان بتوانن زۆر زوو، نفوز و کاریگەری خۆیان بەسەر ئەودوو حیزبە و پارلەمانەکەشیاندا، بسەپێنن و لە ڕێڕەوی دوروست و ڕاستی خۆیان لایان بدەن. بەو جۆرە لە ساڵی ١٩٩٢ ی زاینی، دوو پارتی و پارلەمانەکیان بە دژی PKK ڕەئیان دا و بە بەرژەوەندی تورکییە، شەڕی سێ قۆڵیان دژ بە PKK ساز کرد واتە: ئەرتەشی تورکییە و پارتی و یەکیەتی هێرشیان کردەسەر گریلایەکانی PKK لە مەرزە دەستکردەکانی ئێراق و تورکییە و بە ویستی تورکییە شەڕێکی خوێناوی دەستی پێکرد و زۆر کورد، بە دەستی کوردی تر، کوژران.

## حکومەت و پارلەمانی بێ ئەرتەش.

دوو ڕێبەری خاوەن دەسەڵاتی باشوری کوردستان: پارتی ویەکیەتی لە ماوەی چەند ساڵی حکومەتی هەرێمیاندا، هیچ کۆششێکی کاریگەریان بۆ دورست کردنی ئەرتەشێکی بەهێزی کوردستانی، نەکرد و بیری ژێردەستایەتیان: واتە ویستی حوکمی زاتی لە چوار چێوەی ئێراقیان، لە مێشکی خۆیان وەدەر نەخست و بە هەڕەشەیەکی چکۆڵەی داگیر کەران، حاشیان لە داوخوازی: پێک هێنانی کوردستانێکی سەر بەخۆ کرد.

## گوفتو گۆ لەگەڵ سەدام.

هەر بەو بیرەی مانەوە لە ژێر دەسەڵاتی سەدامدا بوو، سەرۆکی هەردووک پارتی: واتە مەسعوود بارزانی و جەلال تاڵەبانی بۆ گوفتو گۆ چوونە لای سەدام حوسێن. جەلال تاڵەبانی یا هەردوکیان سەدامیان ماچ کرد، بێ ئەوەی لە پێشدا بریارێک درابێت و یا مافێک بۆ کورد وەبەر چاو خرابێت. لە سەر ئەو دڵ سافی و دڵپاکییەی ئەو دوو ڕێبەرەشرا، سەدام حوسێن هیچ مافێکی بە کوردان ڕەوا نەدیت.

## شەڕی نێو خۆیی.

---

: پارتی کرێکارانی کوردستان.

داگیر کەرانی کوردستان بۆ تێکدانی ئەوەندە دەستکەوتەش کە بۆ کوردەکان پێک هاتبوو و ڕوخسابوو، دەستیان لە پیلان و نەخشەی تێکدەرانە هەڵ نەگرت. ئەو جار ئەو دوو پارتییە: واتە پارتی و یەکیەتیشیان پێکەوە بەشەڕدان:

لە ١ ی گوڵان واتە لە مانگی مەی ساڵی ١٩٩٤ زاینی لە قەڵادزێ لە بەینی لایەنگرانی پارتی و یەکیەتی، شەڕی کورد لەگەڵ کورد دەستی پێکرد و بە ماوەیەکی کەم شەڕ بڵاو بۆوە. ئەمریکا بۆئاشتی بەینی پارتی و یەکیەتی هەوڵی دا و ئاور بەستی پێ کردن.

## گیرانی شاری هەولێر بە هاوکاری ئێراق.

دوای ئەوەی یەکیەتی لە هێرشێکدا پایتەختی حکومەتی هەرێمی کوردستان: واتە هەولێری گرت و پارتی لێ دەرکرد و خۆی تەنها، دەسەلاتی بەسەریدا داسپاند، پارتیداوای هاوکاری لە ڕێژیمی ئێراق کرد و بە هاوکاری ئەرتەشی ئێراق، لە ٣١ ی ئوتی ساڵی ١٩٩٦ ی زاینی، هێرشی کردە سەر یەکیەتی و هەولێر و سلێمانی و باقی شارەکانی تری باشوری کوردستانی گرت و هێزەکانی یەکیەتی تێکشکان و هەڵاتن بۆ مەرزەکانی ئێران. گۆیا ئەوجار یەکیەتیش پەنای بۆ ئێران برد و بە هاوکاری ئێران، سلێمانی و ڕانیە و کۆی سنجەقی گرتەوە. بەڵام نەی توانی شاری هەولێر بگریتەوە. لە دواییدا بە کۆششی ئەمریکا دوو پارتی جارێکی دیکەش شەڕیان ڕاگرت.

## زەرەر و زیانی ئەو شەڕانە.

لەو شەڕانەدا دەیان هەزار کەس لە هەردووک لایان کوژران و بریندار بوون و هەزاران ماڵ ئاوارە بوون و هەزاران تاوان و جینایەتی نا دیار لە لایەن ئەودوو پارتییەوە ئەنجام دران.

هەردووک لایەن: واتە پارتی و یەکیەتی بەو پەڕی بێ بەزەییەوە لەگەڵ هەوادارانی یەکتر رفتاری دزێو وناباشیان دەکرد. کوشتنی یەخسیر و ئیعدامی بێ دادگا، بەو پەڕی بێ بەزەییەوە ئەنجام دەدران. هیچ لایەکیان مافی مرۆڤیان وەبەر چاو نەدەگرت، هەتا ئەوەی سازمانەکانی مافی مرۆڤ ئیعتیرازیان لێگرتن. ئەو دوو ڕێبەرە خەڵکی باشووریان توشی فەقیری و هەژاریەکی وا کرد، کە زۆربەی خەڵکەکە ڕوت و برسی ماونەوە و بۆ نانێک موحتاجن.

## شەڕی تورک و پارتی بە دژی PKK .

له ١٤ گوڵانی ساڵی ١٩٩٧ ی زاینی پارتی دیموکرات به سەرۆکایەتی مەسعوود بارزانی به وتەی دەوڵەتی تورکیه، داوای لەو ڕێژیمەکردوه، له شەر کردن به دژی PKK هاوکاری بکات. دەوڵەتی تورکیش به دەیان هەزار سەرباز و هەزاران جاشەوه، هاته نێو خاکی باشوری کوردستان و به هاوکاری هەزاران چەکداری پارتی، هێرشیان کرده سەر هێزەکانی PKK و ناوەندەکانی ڕێبەری ئەو پارتییه له زاپ و کێوەکانی بەینی باشور و باکور. گریلایەکانی PKK ئەوپەری ئازایەتی و فیداکاریان نواند و به شیوەی پارتی زانی ئازایانه درێژەیان به شەڕ و بەربەرەکانی دا.

تورکەکان پێیان وابوو ئەوجار دەتوانن پرسی کوردی به هۆی نابوود کردنی PKK دوایی پێ بێنن. ئەگەرچی تورکەکان و هاوپەیمانی وان: له هەوەڵەوه توانیان هێندێک جێگای ستراتیژیکی وەک دەرڕەی زاپ له کێوه سەختکانی ئەراڕات بگرن، بەڵام له بەرابەر هێرشی PKK ، نەیان توانی خۆیان ڕابگرن. گریلایەکان دەرڕەی زاپ و زۆربەی جێگا ستراتیژییەکانیان گرتنەوه. لەو شەرانه دا به کردەوه هێزەکانی تورک و کوردی هاوکاریان شکستیان خوارد. هەروا لەو شەڕانەدا بۆ هەوەڵین جار له مێژووی گەلی کورد دا PKK، کەڵکی له مووشەکی سام حەوتی دژی فرۆکه وەرگرت و ٤ هەلیکۆپتێریان بەردانەوه. دوای بەردانەوەی ئەو هەلیکۆپتێرانه، تورکەکان هێندێک لەو هەلیکۆپتێرانەی که بۆ عەمەلیاتەکان لەوێ بوون، بۆ گۆڕینی سیستمی دژ به سام، بردیانن بۆ ئەزمیر هەتا لەوێ کارناسانی ئیسرائیلی سیستەمی مودێرن و تازەی دژ به سام له نێو هەلیکۆپیتەرەکاندا دابمەزرێنن.

هەتا ئەو کاتەی که ئەو باسه دەنووسم، که ٢٥ ی سێپتامبری ساڵی ١٩٩٧ ی زاینییه، شەڕی ئەرتەشی تورک و پارتی دیموکرات، به دژی PKK به توندی هەر درێژەی هەیه.

له ٢٣ و ٢٤ سێپتامبری ١٩٩٧ ی زاینی ڕێژیمی تورک به وتەی تورکەکان لەسەر داوای بارزانی، جارێکی تر به دەیان هەزار سەرباز و هەزاران کوردی خۆفرۆشی باکوری کوردستان، هێرشێکی دیکەشی به دژی PKK بۆ سەر هێزەکانی ئەو پارتییه له کێوەکانی بەینی باشور و باکور، دەست پێکردۆتەوه و ئێستا چاوەڕوانی خەبەری چۆنیەتی شەڕەکان دەکەم.

PKK نەک هەر له باشور به دژی تورک و پارتی شەڕ دەکات و بەس، بەڵکوو له باکوریش به دژی هێزەکانی تورک دەشەڕێکی سەخت و نابرابەردایه.

پارتی و یەکیەتی نیشتمانی، زۆر جار به دژی هەوادرانی یەکتر، بێ بەزەیانه ڕفتار دەکەن و مافی مرۆڤیش پێشێل دەکەن. ئەو دوو پارتییه نەک هەر به دژی یەکتر ڕفتاری ناباشیان هەبووه و بەس، بەڵکوو جاری وا بووه ڕفتاری دزێویان به دژی ئەو حیزب و سازمانانەش کردوه که دژی یەکێک له ڕێژیمه داگیرکەرەکان بووبن و له باشوری کوردستان نیشته جێ بووبن. بۆ نموونه:

له کاتی گرتنەوەی هەولێر له لایەن پارتییەوه، دژبەرەکانی ڕێژیمی سەددام له لایەن پارتییەوه ده کوژران و یا له کاتی هێرشەکه له لایەن ڕێژیمی ئێراقەوه گیراون و کوژراون. جا هەر جۆرێک بوو بێت گوناهی ئەو کوشتاره له

ئەستۆی هەردووک لای هێرش کەرە: واتە هێزیکانی پارتی و هێزەکانی ئێراقی. هەروا لە کاتی دەستپێکردنی شەری تورک و پارتی بە دژی PKK لە هەولێر، لایەنگران و ئەفرادی نەخۆش و بریندار بێ چەکی PKK و چەند حیزبی تر لە لایەن پارتییەوە بێ بەزەیانە کوژران. هەتا ئەوەی ژنە گریلای(پێشمەرگە) بریندار PKK کە لە هەولێر لە هەیوا سوورا کورستان بوون و هەتا ئەو دەم ئازاد بوون، وەک PKK دەڵێ: دوای ئیعدام کردن، وەپاشی پانزێرانیان خستبوون و بە نێو شاری هەولێردا ڕایان کێشابوون.ئەگەر ئەوە ڕاست بێت، ئەوە کارێکی زۆر ناحەزە.

لە ٢٦ ی ژۆئییەی ساڵی ١٩٩٦ ی زاینی یەکیەتی نیشتمانیش لە بەرابەر هێرشی هێزکانی ئێرانی بێدەنگ بوو و یا هاوکاری کرد بۆ گرتنی بنکەکانی حیزبی دیموکراتی ئێران و کامپی ئاوارەکانی کوردی ڕۆژهەڵات لە کۆی سنجەق، کە هێزێکی گەورەی پاستارانی ئێرانی بە هەموو جۆرە چەکی سووک و سەنگین هێرشیان کردە سەر ئەو حیزبە و کامپی کوردە ئاوارەکان و لەو شوێنانەی لـێی بوون دەریان کردن.

لەوەتا یەکیەتی لەسەر بەشێک لە باشوری کوردستان دەسەڵاتی هەیە، دەیان جار ترۆریستەکانی ئێرانی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ویدا، ئەندامان و هەوا دارانی حیزبی دیموکراتیان ترۆر کردوە و کوشتوە، بێ ئەوەی یەکیەتی لە بەرابەر ئەو ترۆر و کردەوانەی کۆماری ئیسلامی لەو هەرێمەی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا، دژ کردوەیەکی هەبوو‌بێت. ئەوەش ئەوە دەگەیەنیت: یەکیەتی ترۆرەکانی کۆماری ئیسلامی ڕەد ناکاتەوە.

### پارتییە کانی باکووری کوردستان.

دوای سەرکوت کردنی بێ بەزەیانەی شۆرشی درسیم، چەندین ساڵ بێ دەنگی، گەلی کوردی باکوری داگرت و خەباتێکی بەرچاو لەو بەشەی کوردستان نەما، هەتا ساڵی ١٩٥٨ کە مووسا عەنتەر و یولدروم لە خوێنکارەکانی دیاربەکر، گوڤارێکی حەوتوانەیان بە نێوی ییللەری یورت، دەرکرد، کە باسی چۆنیەتی هەرێمی کوردستانی تێدا باس دەکرا. ئەو گوڤارەش دوای چەند ژمارەیەک بەربەند کرا. لەو سەرو بەندیدا خوێنکارەکانی کورد لە نێو سازمانەکانی فەرهەنگیدا پەیوەندیان پێکەوە دەگرت.

لە ساڵی ١٩٥٩ دەوڵەتی تورک ٤٩ خوێنکاری کوردی بە تاوانی جیاوازی خوازی گرت و بە زیندانی درێژ خایەن، سزا دران و لە ئەنقەرە زیندانی کران. ئەو گیراوانە، دوای کۆدتای نیزامی: ٢٧ ی مەی ساڵی ١٩٦٠ ئازاد کران.

ژەنەڕاڵ گۆڕسل سەرەک کۆماری تازە کە دەی ویست لەگەڵ کوردەکان بە توند وتیژی ڕفتار بکات، لە بەرابەر ڕۆژنامە نووسێکی سوئێدی گوتی: ئەگەر ئەو کێویانە ئارام نەبن، ئەرتەش، شار و دێیەکانیان بۆمباران دەکات و حەمامی خوێن دورست دەکات.

لە ساڵی ١٩٦٣ ، سێ حیزبی سیاسی کە گرنگترینی وان حیزبی دیموکراتی تورکییە و حیزبی کار کەرانی تورکییە بوو، خوێنکار و نەتەوە پەرستەکانی کوردیان لە دەوری خۆیان کۆ کردنەوە.

دانەری حیزبی دیموکڕات، فایق بوجاک بوو، کە خەڵکی عورفە و نوێنەری مەجلیسی تورکییە بوو. ئەو حیزبە، حیزبێکی میللی و نەتەوەیی بوو، کە زۆربەی چینەکای خەڵکی لە دەوری خۆی کۆ کردبۆوە. لەو کاتیدا حیزبی تورکییەی نوێ، زۆربەی سەرمایە دار و مالیکە گەورەکانی لە دەوری خۆی کۆ کردبوونەوە. ڕێبەری ئەو حیزبە عەزیز ئۆغڵو نوێنەری دیاربەکر بوو، کە لە ساڵی ١٩٦٣ بووە وەزیری تەندورستی.

## حیزبی کارکە رانی تورکییە.

لە نێو حیزبی کارگەرانی تورکییەدا، کار کەر و خوێنکارە کوردەکانیش خەباتیان دەکرد.

حیزبی کارکەرانی تورکییە لە هەوەڵەوە، پرسی کوردی وەبەرچاو نەدەخست. هەتا ئەوەی لە ساڵی ١٩٦٧ بەرپرسی حیزبی کارکەرانی تورکییە گوتبووی: لە تورکییەدا پرسی کوردی نییە. لە ساڵی ١٩٦٦ کوردەکان هاتنەسەر ئەوەی یا لە نێو حیزبی کارکەرانی تورکییەدا دەسەلاتیان زیاتر بیت یا جیا ببنەوە. لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٦٥ چوار کەس لەو حیزبە بە ئەندامی پارلەمان هەڵبژێر درابوون و چووبوونە پارلەمانی تورکییە.دوکتۆر ئەکینجی نوێنەری دیاربەکر یەکێک بوو لەو چوارکەسە، کە لەساڵەکانی ١٩٦٨-١٩٦٩ بووە دەبیر کوللی حیزبی کارکەرانی تورکییە.

لە ساڵی ١٩٦٩ کوردێکی دیاربەکر بە نێوی محەممەد ئەسلان، بە ڕێبەری ئەو حیزبە هەڵبژێردرا. محەممەد ئەسلان گوڤارێکی مانگانەی بە نێوی ینی ئاکوج بە دوو زمانی کوردی و تورکی دەرکرد، کە دوای چوار ٤ ژومارە دەوڵەتی تورک بەربەندی کرد.

لە ساڵی ١٩٦٧ سولەیمان دیمیرێل هەموو نووسراوەیەکی کوردی بەر بەند کرد. هەتا ئەوەی نەواری گۆرانی و مووسیقای کوردیشی بەربەند کردن.

## گۆڤاری ئوتوکن.

لە ئاوریلی ساڵی ١٩٦٧ لە گۆڤاری پان تورانی ئوتوکن( Otuken ) وتارێک بە دژی کوردان دەنووسرێتەوە، کە نووسەر هێرش دەکاتە سەر ئازادی خوازانی کورد و دەڵێ: ئەوانە ئەگەر دەیانەوێ بە زمانە سەرەتایەکەی خۆیان

که چوار یا پێنج هەزار وشه زیاتر نییه، قسه بکەن و بیانەوێ وڵاتێکی بۆ خۆیان دورست بکەن با بچنه جێیەکی دیکه. نووسەر له دوایی نووسراوەکەی دەڵێ: ئەگەر ڕۆژێک بۆ جودا کردنەوەی تورکییه شۆرش بکەن، دەبینن که ئەمه چین و چوو لێدەکەین؟

له زۆر شاری باکوری کوردستان دژ به نووسەری ئوتوکن خۆ پێ نیشاندان دەکرێت. دوای ئەو خۆ پێ نیشاندانه، ڕێژیمی تورک دەست دەکات به سەرکوت کردنی کوردان. فایق بوجاک که نوێنەری شاری ئورفه و دورستکەری حیزبی دیموکراتی تورکییه بوو، به دەستی کۆنترگریلای تورک دەکوژرێت. له ساڵی ١٩٦٨ ڕێبەرانی حیزبی دیموکرات دەگیرێن

له ساڵی ١٩٦٩ حیزبی دیموکراتی کوردستانی تورکییه لێک جیا دەبێتەوه و حیزب دەبێته دوو بەش. ڕێبەری بەشێکیان سەعید ئەلجی دەبێ، که له دواییدا به نەهێنی دەکوژرێت. ڕیبەری بەشەکەی تریش دوکتۆر شوان دەبێت.

حیزبی دیموکراتی تورکییه به ڕێبەری دوکتۆر شوان لەگەڵ دوو حیزبی تر واته پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکییه و کۆمەڵا ئازادی، یەک دەگرن.

دوکتۆر شوانیش به هۆی پێشمەرگەی مەلا مستەفا بارزانی دەگیرێت و له دادگاییەکدا به سەرۆکایەتی حەبیب کەریم: دبیر کوللی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراق، موحاکەمه و ئیعدام دەکرێت.

له بەینی ساڵەکانی ١٩٦٨ و ١٩٦٩ ی زاینی که خۆنیشاندان به دژی تورکییه له باکوری کوردستان، هەر درێژەی هەبوو، ئەو خوێندکارانەی که هەتا ئەو دەمی له حیزبی کارکەرانی تورکییه دا خەباتیان دەکرد، لەبەر وەبەر چاو نه گرتنی پرسی کوردی له لایەن ئەو حیزبەوه، لەو حیزبه دوور کەوتن و فیدڕاسیۆنێکیان به نێوی: دەورینجی دوگو کولتور ئوجاک لەری: د.د.ک.ئو، پێک دێنن و زۆر له خوێندکارانی کورد له دەوری کۆ دەبنەوه.

له ١١ ی مارسی ساڵی ١٩٧٠ که دەوڵەتی ئێراق بەڵێنی خودموختاری به کوردەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی: له باشوری کوردستان دا، ڕێژیمی تورک ترسی لێ پەیدابوو و بۆ ترساندنی کوردەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی، دەست دەکا به هێرشێکی کوماندوویی به دژی شار و دێیەکانی کوردستان.

له ١٨ ی ئاوریڵی ساڵی ١٩٧٠ ی زاینی هێزێکی ئەرتەشی تورک پێک هاتوو له ٢ هەزار کوماندۆی تایبەتی و ژاندنارم، به ٢٠٠ کامیۆن و ٦ هەلی کۆپتێر به شەو شاری سیلوانا گەمارۆدەدەن و بەیانەکەی دەچنه نێو شار و ماڵەکان تاڵان دەکەن و ٣١٤٤ کەس له خەڵکی شارەکه له دەرەوەی شار کۆ دەکەنەوه و لێیان دەدەن و ئازار و ئەزیەتیان دەدەن. له زۆر شارەکانی تری کوردستانیش بەو جۆره کرا. له ئوکتۆبری ساڵی ١٩٧٠ تورکەکان نزیکەی ٣٠ کەسیان له خوێندکارانی کورد گرت. له نێو واندا دوکتور تاریق ئەکینجی ، جانب یولدروم ، مووسا عەنتەر و محەممەدئەمین بوزئەڕسەلانیش هەبوون.

دوای کودتای ١٢ ی مارسی ساڵی ١٩٧١ ی زاینی، نیزامیانی تورک تەواوی حیزب و سازمانە چەپییەکان هەڵ دەوەشێننەوە و خەباتی وان قەدەغە دەکەن. بەڵام هێندێک لە سازمانە کان بە نەهێنی درێژە بە خەباتی خۆیان دەدەن. لەو بەینەدا سەدان کەس لە هەوادار و ئەندامانی ئەو حیزبانە دەگیرێن. ئەوە کورتەیەک بوو لە نووسینی کریس کۆچەر و وەرگێڕاوی وی بۆ فارسی بە قەڵەمی برایمی یونسی سەبارەت بە شۆڕشەکانی باکوری کوردستان و پارتەکانی تورکییە.

## ڕاپەڕینی PKK ( پارتی کرێکارانی کوردستان ).

دوایی‌ترین ڕاپەڕینی کورد لە باکوری کوردستان، ئەو ڕاپەڕینەیە: کە ئێستا بە هۆی پارتی کرێکارانی کوردستان ( PKK ) بە ڕێبەری بەڕێز عەبدوللە ئۆجەلان، ڕێبەری دەکرێت. ئەو پارتییە لە ساڵی ١٩٨٤ زاینی بۆ هەوەڵین جار شەڕی چەکدارانەی بە فەرماندەی مەعسوم گۆخمس بە نێوبانگَ بە عەگید، بە دژی ئەرتەشی تورک دەست پێکرد. هێزی چەکداری ئەو پارتییە لە کاتی دەست کردن بەشەڕەکە، لە دەستەیەکی چووک پێک هاتبوو، کە زۆر پێ نەچوو هێندێکیان گیران و هێندێکیشیان شەهید کران. عەگیدیش یەکێک لەو شەهیدانەبوو. بەڵام ڕێبوارانی عەگید نەیان هێشت ئاگرێک کە عەگید و هەواڵانیان هەڵیان کردبوو بگوژێتەوە و خۆیان ڕێکوپێک کردەوە و درێژەیان بە شۆڕشدا.

پارتی کرێکارانی کوردستان بە شیوەیەکی زانایانە خەباتی خۆی بەرەو پێش برد و ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو پێشتر چوو و بە ڕێزتر و بە هێز تر بوو. کۆششی بێ ئەمان و خەباتی بێ وچانی ڕێبەران و ئەندامانی ئەو پارتییە، مەیدانی خەباتیان بەرین کردەوە و ئەو پارتییە دە دڵی زۆربەی گەلی کورددا جێی خۆێ کردەوە. ئێستا ئەو پارتییە لە بەرابەر پیسترین و فاشیست ترین و خوێن ڕێژ ترین ڕێژیمەکانی جیهان: واتە ڕێژیمی تورک، شەڕ دەکات و لەبەرابەر درندانەترین و وەحشیانە ترین هێرەشەکانی ئەو ڕێژیمە خۆی ڕاگرتوە. ڕێژیمی تورک نەک نەی توانیوە ئەو پارتییە لەبەین بەریت و بەس، بەڵکوو ئەو پارتییە ڕۆژ بە ڕۆژ ڕێک و پێکتر دەبیت و زیاتر دەبیتە جێگای هیوای داهاتووی گەلی کورد.

## پارلەمانی کورد لە دەرەوەی وڵات.

لە ١٢ ی نیسانی ساڵی ١٩٩٥ی زاینی لە کونفرانسێکدا کە لە شاری لاهەی هۆڵەند پێک هات، پارلەمانێک بە نێوی پارلەمانی کورد لە دەرەوەی وڵات دورست کرا. ئەو پارلەمانە بە زوویی دەستی بە خەباتی سیاسی کرد و بۆ ناساندنی گەلی کورد چالاکی بێوینەی دەستپێکرد. ئەو پارلەمانە ئەگەر چی پارلەمانێکی کاتییە و تەنها پارتی

کرێکارانی کوردستان یارمەتی و پشتیوانی لێدەکات و لە لایەن پارتییەکانی تری کوردستانی بە تەواوی پشتیوانی لێنەکراوە و لە لایەن دەوڵەتەکانی دەرەوەش بە رەسمی نە ناسراوە، بەڵام وەک ئەوەی وایە: ئەرکی بەڕێوەربەری وڵاتێکی سەربەخۆی بە ئە ئەستوی خۆیەوە گرتبێت، بە تەواوی هێزوتوان خەبات دەکات و زۆربەی کارەکانی پێویست بۆ وڵاتێک ئەنجام دەدات.

Med TV

**و شۆرشی میدیایی.**

گەورەترین شۆرش لە مێژوی گەلی کورددا، ئەو شۆرشە کولتوری و تەبلیغاتی و سیاسیەیە کە بە هۆی تەلفیزیۆنی مەدەوە ئەنجام دەدرێت. تەلفیزیۆنی کوردی بە نێوی Med Tv ، لە ٣٠ ی مارسی ساڵی ١٩٩٥ دەستی بە وەشانی ئاسایی بەرنامەکانی کوردی و تورکی کرد. بەڕێوە بەرانی ئەو تەلفیزیۆنە بە لێهاتوویی و کۆششی بێ راوستانیان نیشانیان دا، کورد دەتوانن باشتر لە خەڵکەکانی تری وڵاتانی جیهان لەباری میدیاوە بەرەو پێش برۆن و هەنگاوی بە نرخ بەرەو پێشکەوتن هەڵێنن. تەلفیزیۆنی مەد جارلەدواجار رێکوپێکتر کرا و بەرنامەکانی باشترکران و کاتەکانی درێژتر کران. ئیستا زۆربەی گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان، دەتوانن تەماشای بکەن. هەروا کوردەکانی ئاوارە لە ئوروپا و ئاسیا و بەشێکی ئەفریقاش سەیری دەکەن. ئەو تەلفیزیۆنە لە بەرابەر ئەو هەموو ئاستەنگیانەی رێژیمی تورک، خۆی راگرتوە. تورکەکان نەیان توانیوە و ناتوانن ئەو مووسیقایانە لە وەشان بوەستێنن، کە دڵی کوردیان پێ دەبوژێنەوە. ئەو بەرنامانە رابگرن، کە منداڵانی کوردیان پێ دەحاوێنەوە. ئەو ستران و گۆرانیانە بەربەند بکەن، کە کوڵی دڵی غەمباری کوردیان پێ سارد دەکرێتەوە. هەروا ناتوانن ئەو باس و لێکدانەوە مێژووییانە بوەستێن، کە رابردووی گەلی کوردیان پێ وەبیر دێندرێنەوە

دوایـــــــی.

تەلەفۆن: ٠٠٣١(٠)-٣٦-٥٣٤٢٧٧٧

M .Mazneh

Almere Holland

06-04-1998